حکومەتی هەرێمی کوردستان/ عێراق
وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی
سەرۆکایەتیی زانکۆی سلێمانی
کۆلێجی زمان
بەشی کوردی

# هێماگەری لە دەقە واڵاکانی شێرکۆ بێکەسدا

نامەیەکە

**هەژار فەقێ سلێمان حسێن**

پێشکەشی کۆلێجی زمانی زانکۆی سلێمانیی کردووە و بەشێکە لە پێداویستییەکانی
بەدەستهێنانی پلەی دکتۆرا لە ئەدەبی کوردیدا.

سەرپەرشت:

پ.د.مەریوان عومەر حەسەن

(٢٧٢٢)ی کوردی
(٢٠٢٢)ی زاینی

**هاتووم "با" فێرمکات**

**چۆن ڕووبار ڕاژەنم؟**

**هاتووم بەرد فێرمکات**

**لەسەر ئەو چۆن بڕوێم؟**

**هاتووم ڕەگ فێرمکات**

**لەکوێوە بگەمە دڵی خاك؟**

**هاتووم گوڵ فێرمکات**

**شیعر چۆن جوان ئەبێ؟**

**هاتووم مەل فێرمکات**

**تەماشام چۆن بفڕێ؟**

**من هاتووم بۆ ئەوەی ئەم ئاگرە گەورەیەی ئەوینی نیشتمان تێم بەربێ.**

(دەربەندی پەپوولە، شێرکۆ بێکەس)

ئەم تێزە بە ناونیشانی (هێماگەری لە دەقە والاکانی شێرکۆ بێکەسدا) بە چاودێریی من لە زانکۆی سلێمانی ئامادە کراوە و بەشێکە لە پێداویستیەکانی پلەی دکتۆرا لە ئەدەبی کوردیدا.

سەرپەرشت

پ. د. مەریوان عومەر حەسەن

ڕۆژ: / / ٢٠٢٢

هەواڵنامەی کتێب

بەپێی ئەو پێشنیازە، ئەم تێزە پێشکەش بە لیژنەی هەڵسەنگاندن ئەکەم.

ناو: پ. ی. د. محمد عمر عول

سەرۆکی بەشی زمانی کوردی

ڕۆژ: / / ٢٠٢٢

ئێمە ئەندامانی لیژنەی گفتوگۆ و هەڵسەنگاندن، نامەی (هێماگەری لە دەقە والاکانی شێرکۆ بێکەسدا)مان خوێندەوە و پاش گفتوگۆ و تاوتوێکردنی نامەکە لەگەڵ خوێندکار (هەژار فەقێ سلێمان حسێن)دا، لەبارەی ناوەڕۆک و لایەنەکانی ترەوە، بڕیارماندا شایەنی ئەوەیە بە پلەی

( ) بڕوانامەی دکتۆرای لە ئەدەبی کوردیدا پێ بدرێت.

سەرۆکی لیژنە

پ.د. ئەنوەر قادر محەمەد

ڕۆژی: / / ٢٠٢٢

ئەندام

پ.د. پەخشان سابیر حەمەد

ڕۆژ: / / ٢٠٢٢

ئەندام

پ.د. عەلی تاهیر حسێن بەرزنجی

ڕۆژ: / / ٢٠٢٢

ئەندام

پ.د. ئیبراهیم عەبدولڕەحمان مەحموود

ڕۆژ: / / ٢٠٢٢

ئەندام

پ.ی.د. موحسین ئەحمەد عومەر

ڕۆژ: / / ٢٠٢٢

ئەندام و سەرپەرشت

پ. د. مەریوان عومەر حەسەن

ڕۆژ: / / ٢٠٢٢

لەلایەن ئەنجومەنی کۆلێجی زمان زمانەوە پەسەند کرا.

ڕاگر: پ.د.شاخەوان جلال حاجی فرج

ڕۆژ: / / ٢٠٢٢

هەواڵنامەی کتێب

## پێشکەشە بە:

هاوڕێی زێدە ئازیزم (**سەیوان محەمەد**)ی وەرگێڕ، وەرگێڕێک هەڵگری هەمان ئازار و خەمی شێرکۆ بێکەس. بە وەرگێڕانەکانی لەبارەی ئەدەبیاتی جینۆساید و تراجیدیا گەورەکانی جیهانەوە، دەیەوێت لە جینۆساید و تراجیدیا یەک لەدوای یەکەکانی کورد، تێبگەین.

هەواڵنامەی کتێب

## سوپاس و پێزانین:

سوپاسی بێپایانم بۆ:

- بەڕێز (پ.د.مەریوان عومەر حەسەن دەوڵەت)، کە سەرپەرشتیی تێزەکەی گرتە ئەستۆ، پێبەپێی لێکۆڵینەوەکە، دڵسۆزانە و هاوڕێیانە ڕێنماییی زانستی کردووم و لەگەڵم ماندوو بوو، پڕبەدڵ سوپاسی متمانە و ئەرککێشانی دەکەم.

- هاوڕێ و برایانی خۆشەویست و لەدڵابووم (م. بەختیار عەلی محەمەد، م. سوورێن ئیبراهیم)، کە لە وەرگێڕانی سەرچاوەکاندا هاوکارییان کردووم.

- هاوژینی ئازیزم (دڵسۆز محەمەد) و جگەرگۆشەکانم (ڕۆڤار) و (ڕێگا)، کە لە کات و پێکەوەبوونی ئەوانم بە نووسینی ئەم تێزەیە داوە، سوپاسی پشوودرێژییان دەکەم.

- مامۆستایانی قۆناغەکانی خوێندنم، خانەوادە خۆشەویستەکەم، هاوڕێیانم و هەموو ئەوانەی بەردەوام پاڵپشتم بوونە و هاندانی مەعنەوییان پێ بەخشیوم.

- سەرۆکایەتی بەشی کوردی و ڕاگرایەتیی کۆلێجی زمانی زانکۆی سلێمانی، کە دڵسۆزانە و خۆنەویستانە هاوکارمان بوون.

هەولاتامەی کتێب

# پێڕست


| بابەت | لاپەڕە |
|---|---|
| **پێشەکی** | ١ |
| **بەشی یەکەم: زاراوە و چەمکی هێما و هێماگەری** | ٦ |
| تەوەری یەکەم: زاراوە و چەمکی هێما و هێما لە ئەدەب و زمان و دەروونناسیدا | ٦ |
| یەکەم: زاراوە و چەمکی هێما | ٦ |
| دووەم: هێما لە ئەدەبدا | ١٥ |
| سێیەم: هێما لە زماندا | ٢٠ |
| چوارەم: هێما لە دەروونناسیدا | ٢٦ |
| تەوەری دووەم: قوتابخانەی هێماگەری (سیمبۆلیزم) | ٣٠ |
| یەکەم: ١-قوتابخانەی هێماگەری و هێماگەری لە ئەورووپا | ٣٠ |
| ٢- ئەدگار و تایبەتمەندییەکانی قوتابخەنەی هێماگەری (سیمبۆلیزم) | ٣٧ |
| دووەم: ١- هێماگەری لە شیعری عەرەبیدا | ٤٢ |
| ٢-هۆکارەکانی هێما لە شیعری عەرەبیدا | ٤٣ |
| سێیەم: هێماگەری لە شیعری کوردیدا | ٤٤ |
| تەوەری سێیەم: هۆکارەکانی بەکارهێنانی هێما و پرۆسەی بەهێمابوون لە شیعردا | ٥١ |
| یەکەم: هۆکارەکانی بەکارهێنانی هێما | ٥١ |
| ١-هۆکاری رامیاری | ٥١ |
| ٢-هۆکاری کۆمەڵایەتی و کولتووری | ٥٢ |
| ٣-هۆکاری رۆشنبیری | ٥٢ |
| ٤-هۆکاری دەروونی | ٥٣ |
| ٥-هۆکاری ئیستاتیکی | ٥٤ |
| دووەم: پرۆسەی بەهێمابوون لە شیعردا | ٥٤ |

| | |
|---|---|
| تەوەری چوارەم: یەکەم: ڕۆڵی وێنەی هێمایی و زمانی هێمائامێز لە پرۆسەی (شیعرییەت)دا | ٥٧ |
| دووەم: هێما وەک شێوازێکی ئەدەبی | ٦٢ |
| سێیەم: پەیوەندی و دژێتی نێوان هێما و هونەرەکانی ڕەوانبێژی | ٦٣ |
| **بەشی دووەم: (تەکنیک) و (مەبەستەکانی هێما و هێماگەری) و (هێما و واقیع) لە دەقەواڵاکانی شێرکۆ بێکەسدا** | ٦٧ |
| تەوەری یەکەم: تەکنیکی هێمایی لە دەقەواڵاکانی شێرکۆ بێکەسدا | ٦٧ |
| یەکەم: وێنەی هێمایی لە دەقە واڵاکانی شاعیردا | ٦٧ |
| دووەم: ڕەمزییەتی زمان (زمانی هێمادار) لە دەقەواڵاکانی شاعیردا | ٧٨ |
| سێیەم: هێمای ناونیشان لە دەقەواڵاکانی شاعیردا | ٨٤ |
| تەوەری دووەم: پەیوەندی نێوان هێما و واقیع لە دەقەواڵاکانی شێرکۆ بێکەسدا | ١٠٣ |
| تەوەری سێیەم: مەبەستەکانی بەکاربردنی هێما لە دەقەواڵاکانی شێرکۆ بێکەسدا | ١١١ |
| یەکەم: مەبەستی ئایدۆلۆجی و سیاسی | ١١١ |
| دووەم: مەبەستی ئیستاتیکی | ١١٣ |
| سێیەم: مەبەستی کۆمەڵایەتی و جڤاکی | ١١٦ |
| چوارم: مەبەستی ڕۆشنبیری و کۆزانیاری | ١١٧ |
| پێنجەم: مەبەستی دەروونی | ١٢٠ |
| **بەشی سێیەم: جۆرەکانی هێما لە دەقەواڵاکانی شێرکۆ بێکەسدا** | ١٢٥ |
| یەکەم: هێمای ئەفسانەیی | ١٢٥ |
| دووەم: هێمای داستانی | ١٣٢ |
| سێیەم: هێمای نەتەوەیی | ١٣٥ |
| چوارەم: هێمای سیاسی و ئایدۆلۆجی | ١٤٠ |
| پێنجەم: هێمای ئاینی | ١٤٤ |

| | |
|---|---|
| شەشەم: هێمای مێژوویی | ١٤٨ |
| حەوتەم: هێمای کۆمەڵایەتی | ١٥١ |
| هەشتەم: هێمای دەروونی | ١٥٥ |
| نۆیەم: هێمای فۆلکلۆری | ١٥٩ |
| دەیەم: هێمای زمانی | ١٦٣ |
| یازدەیەم: هێمای ئیستاتیکی | ١٦٧ |
| دوازدەیەم: هێمای ئیرۆتیکی | ١٧٠ |
| سیازدەیەم: هێمای مرۆڤایەتی | ١٧٣ |
| چواردەیەم: هێمای گشتی | ١٧٥ |
| پازدەیەم: هێمای خودی | ١٧٨ |
| شازدەیەم: هێمای سرووشتی | ١٨٢ |
| حەڤدەیەم: هێمای کەسێتییە ئەدەبی و هونەرییەکانی جیهان و کورد | ١٨٥ |
| هەژدەیەم: هێمای باڵندە | ١٩٢ |
| نۆزدەیەم: هێمای گیاندارانی دی | ١٩٦ |
| بیستەم: هێمای بێگیانەکان (شتەکان) | ٢٠١ |
| بیست و یەکەم: هێمای شوێن | ٢٠٣ |
| بیست و دووەم: هێمای کات | ٢٠٥ |
| بیست و سێیەم: هێمای ژمارە | ٢٠٧ |
| **ئەنجام** | ٢١٢ |
| **سەرچاوەکان** | ٢١٦ |
| **پوختەی توێژینەوەکە بە زمانی عەرەبی** | ٢٢٩ |
| **پوختەی توێژینەوەکە بە زمانی ئینگلیزی** | ٢٣٠ |


هەواڵنامەی کتێب

# پێشەکی

ئەدەب بۆ دوو مەبەست پەنای وەبەر هێما برد، شاردنەوە و ئاشکراکردن. شاردنەوە بە ئامانجی دەربڕینی ناڕاستەوخۆ، گەیاندنی ئایدیایەک لە ڕێگەی شتێک، یان گیاندارێک، یان کەسێک یان ئایدیایەکی دیکەوە. ئاشکراکردنیش، بەو مەبەستەی تاوەکوو زیاتر ئەو هەست و نەست و خەیاڵ و بیرەی، کە هەیەتی، لە بیچمی هێمادا، ڕوونتر دەرببڕێت و وێنای بکات.

لەم سۆنگەیەشەوە، هێما بوو بە پێویستییەکی سەرەکیی نێو ئەدەب و ژانرەکانی. ئەدەبی کوردییش، وەک هەر ئەدەبێکی دیکەی دنیا، هێما لە ئەدەبی کۆن و نوێیدا بە گشتی و لە ئەدەبی هاوچەرخیدا بەتایبەتی، ئامادەیی گەورەی هەیە. بەهۆی ئەو بارودۆخانەی ئەم ئەدەبەی دوایی تێدا بەرهەم هات، هێما و قوتابخانەی هێماگەری (سیمبولیزم) بوونە مۆتیڤ و پرەنسیپێکی سەرەکیی بنەما و داڕشتنی بنیاتی شیعری و هونەریی و ناوەڕۆکی دەق، هاوکاتیش شاردنەوەی مانا و نیشانە سەرەکییەکانی دەق و سەرچاوەکانی بیر و دەروون لە بەرگی میتازمان و هێمادا.

لێرەوە هێما پێگەیەکی ئەدەبی و مەعریفی و ئیستاتیکی و دەروونی لە نێو دەقدا پەیدا کرد. ناساندن و خستنەڕووی تەکنیک و جۆر و مەبەستەکان و هۆکارەکانیشی، بوونە کلیل و کۆدێکی گرنگ بۆ کردنەوە و چوونە ژوورەوە و لێکدانەوەی ئەو مانایانەی، کە ئەم هێمایانە دەیانگەیەنن (هێمابۆکراو).

## -ناونیشانی توێژینەوەکە

ئەم توێژینەوەیە، ناونیشانی (هێماگەری لە دەقە واڵاکانی شێرکۆ بێکەسدا)یە، کاری لەسەر (هێما و ڕێگاکانی هێماچێکردن، وێنەی هێمایی، پرۆسەی بەهێمابوون، بنەما و تەکنیکە نوێیەکانی قوتابخانەی هێماگەری، هێما وەک بەشێکی گرنگی شێوازی شیعری. هەروەها ناونیشانە هێمادارەکان، هۆکار و مەبەستە جۆراوجۆرەکانی هێما، پێوەندی هێما و واقیع و دیارترین جۆرەکانی هێما لە دەقە واڵاکانی شاعیری دیاری هاوچەرخی کوردیی (شێرکۆ بێکەس)دا*، کردووە.

* شێرکۆ بێکەس، دیارترین و پڕبەرهەمترین شاعیری هاوچەرخی کوردە، کوڕی فایەق بێکەسی شاعیرە. لە ٢٠-٠٥-١٩٤٠ز، لە گەڕەکی گۆیژەی شاری سلێمانی لە دایک بووە. منداڵی و لاوێتیی شێرکۆ بێکەس پڕ بووە لە ئازار و ژانی بێکەسی و نالەباریی ڕەوشی ئابووری. لە تەمەنی شازدە ساڵیدا یەکەمین بەرهەمی چیرۆک و شیعری لە گۆڤاری هەتاو و ڕۆژنامەی (ژین)دا بڵاو کردووەتەوە. ساڵی ١٩٦٥ز دەبێت بە پێشمەرگە. ساڵی ١٩٦٨ز یەکەمین کۆمەڵەشیعری خۆی بە ناوی (تریفەی هەڵبەست)، بڵاو دەکاتەوە. لەگەڵ سێ هاوڕێی تری ئەدیب و نووسەریدا، حوسێن عارف، جەلالی میرزا کەریم و کاکەمەم بۆتانی، لە مانگی چواری ١٩٧٠ز بەیانی (ڕوانگە) لە پێناوی نوێکردنەوەی ئەدەب و نووسینی کوردیدا بڵاو دەکەنەوە. ساڵی ١٩٧٤ز دووبارە دەبێتەوە بە پێشمەرگە. پاش تێکچوونی شۆڕش بەرەو خواروی عێراق،



هەواڵنامەی کتێب

## -هۆی هەڵبژاردنی توێژینەوەکە

١-کەمیی کارکردن لە سەر هێما، لەچاو فراوانی و هێز و کاریگەرییەکەیدا لە شیعردا، بەتایبەتیتر قوتابخانەی هێماگەری (سیمبولیزم)، ناساندن و ڕەنگدانەوەی ئەم قوتابخانەیە و مەزراندن (تەوزیف)ی بنەماکانی لە ئەدەبی کوردیدا.

٢-پێویستی و ڕۆڵ و پێگەی هێما و هێماگەری لە شیعری هاوچەرخی کوردیدا، بە تایبەتی لە دەقە والآکانی (شێرکۆ بێکەس)دا.

٣-ناساندن و دەرخستنی هێماکان لەشیعری هاوچەرخ و بەراوردکردنی لەگەڵ شیعری کۆن و نوێی کوردیدا.

٤-چۆنیەتی و میکانیزمی بەکاربردنە جۆراوجۆرەکانی هێما لە دەقە والآکانی شێرکۆ بێکەسدا.

## -گرنگیی توێژینەوەکە

١ -دەستنیشانکردنی ڕۆڵ و گرنگی هێما لە بنیاتنانی دەقی شیعری لە ئەدەبی کوردیدا، بەتایبەتی ڕۆڵی هێما لە بنیاتی وێنەی شیعرییدا.

٢-مەزراندن و تەوزیفی بنەما و ئەدگارەکانی قوتابخانەی هێماگەری لە شیعری کوردیدا، بەشێوەیەکی بەرفراوان و چڕوپڕ.

٣-ئاشکراکردنی ئەو مانا و شاراوانەی، کە هێماکان لەخۆیاندا حەشاریان داون، بەرباسدانی ئەو ڕێگایانەش کە شاعیرانی کورد گرتوویانەتە بەر، بە تایبەتییش لای شێرکۆ بێکەس.

٤-دەرخستنی ئاست و توانست و پاشخانی ئەدەبی و مەعریفی شێرکۆ بێکەسی شاعیر لە بەکارهێنانی هێما جۆراوجۆرەکاندا و ناساندنی هۆکار و مەبەست و جۆرەکانی لە دەقە والآکانیدا.

---

شاری ڕومادی، دوور دەخرێتەوە. ساڵی ١٩٧٩ز دەگەڕێتەوە سلێمانی. ساڵی ١٩٨٤ز بۆ پشتگیریی شۆڕش و هێزی پێشمەرگە جارێکی تر ڕوو لە چیاکانی کوردستان دەکاتەوە و دەبێت بە پێشمەرگە. ساڵی ١٩٨٧ز لە سوید خەڵاتی (تۆخۆلسکی) وەردەگرێت. خەڵاتەکەی لەلایەن سەرۆکوەزیرانی ئەودەمی سوید (ئیگڤار کالرسۆن)ەوە پێشکەش دەکرێت. ساڵی ١٩٩٢ز لە یەکەمین کابینەی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا دەبێت بە وەزیری ڕۆشنبیری. ساڵی ١٩٩٨ز لەگەڵ کۆمەڵێ هاوڕێی نووسەر و ڕۆشنبیریدا دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم دادەمەزرێنن و دەبێت بە سەرۆکی ئەو دەزگایە. ساڵی ٢٠٠٩ز سەرجەمی بەرهەمەکانی لە هەشت هەزار لاپەڕەدا چاپ کرد. شێرکۆ بێکەس خاوەنی دەیان کۆمەڵە شیعرە و خاوەنی چەندین ئەزموونی جۆراوجۆرە لە نووسینی شیعردا. ئەو بە شیعر (شانۆنامە، پۆستەرەشیعر، دەقی والا، ڕۆمانەشیعر، چیرۆکەشیعر و گەلێک بەرهەمی تر)ی ئەدەبیی نووسیوە، هەروەها کاری وەرگێڕانیشی کردووە. شیعری شێرکۆ بێکەس بۆ زۆر زمانی وەکو ئینگلیزی، فەرەنسی، ئەڵمانی، ئیتاڵی، سویدی، عەرەبی، تورکی، فارسی و زمانانی تر، وەرگێڕدراون. ڕۆژی ٠٤-٠٨-٢٠١٣ لە وڵاتی سوید و لە ئەنجامی نەخۆشیدا لە تەمەنی ٧٣ساڵیدا کۆچی دوایی دەکات. لەسەر وەسیەتی خۆی لە پارکی ئازادی و لە تەنیشت مۆنۆمێنتی شەهیدانی ١٩٦٣، لە شاری سلێمانی بە خاک دەسپێردرێت. (بۆ نووسینی ئەم بایۆگرافییەی شاعیر، سوود لە وتاری (هەندێک لە وێستگەکانی ژیانی شێرکۆ بێکەس بەقەڵەمی خۆی)، لە ئامادەکردنی: ئازاد عەبدولواحید، گۆڤاری ڕامان، ژمارە ٢٠٩، ساڵی ٢٠١٤، وەرگیراوە).

هەواڵنامەی کتێب

٥-پیشاندانی بەکاربردنی فراوانی و پانتایی هێما لەدەقی شیعریدا، ئاشکرایە تایبەتمەندییەکی دیاری شیعریش چڕی و لێڵی و تەمومژی و شاردنەوەیە، کە خۆی لە پرۆسەی هێما و هێماچێکردندا دەبینێتەوە.

٦-دەرخستنی بەها زمانی، ئیستاتیکی، دەروونی، ڕۆشنبیری، ئایدۆلۆژی و کۆمەڵایەتییەکانی شیعر لە ڕێگەی هێماوە.

٧- خستنەبەرباسی پێوەندی و دژیتی نێوان هێما و چەمکگەلێکی وەک، نیشانە و ئایکۆن و ئیندێکس و هونەرەکانی ڕەوانبێژی وەک (خوازە و خواستن و درکە و چواندن).

## -سنووری کاری توێژینەوەکە

بەو پێیەی شێرکۆ بێکەس، یەکێکە لە شاعیرە دیارەکانی شیعری هاوچەرخ لە ئەدەبی کوردیدا، لە هەمانکاتیشدا یەکێکە لە ڕابەرانی بەکارهێنانی هێما و بەهێماکردن لە ئەدەبی کوردیدا، لەبەر زۆریی بەرهەمی، تەنها ئەو دەقانەی کە لانکەی ئەم کارەیان لەخۆگرتووە، هەڵمان بژاردوون. ئەم جۆرە لە دەق، ئەو دەقانەیە، کە لە ئەزموونی دواتریدا نووسیونی. خودی شاعیر خۆی ناودێری کردوون بە دەقی والا** (تێکستی والا- هەمەڕەنگ- ئاوێتە- فرەژانر)، بۆ ئەمەش لە پێشەکی (کتێبی ملوانکە)دا، شاعیر دەڵێت: ((مەبەستم لە تێکستی والا چییە؟ لە سادەترین پێناسەکردنیدا، ماڵێکە نە یەک بابەت و نە یەک فۆرمی دیاریکراوی تێدا ناژی، هیچ کام لە شیعر و چیرۆک و پەخشان و پەخشانەشیعر و شانۆنامە خاوەنی هەموو ماڵەکە نین، بەڵام لە هەمانکاتدا ماڵی هەموویانە...)) لە سەبتایتڵی دەقی والای (کورسی)شدا وای نووسیوە: (لە یەک تێکستی والادا: شیعر، چیرۆک، پەخشان، شانۆنامە)، هەروەها لە چلەی چلچرایەکیشدا نووسیویەتی دەقێکی ئاوێتەیە (پەخشان، شیعر، وتە). (ئازاد بەرزنجی)ی نووسەر وەرگێڕیش لە پێشەکی کتێبی (زمانی زەین و ڕووداو)دا، لە بارەی دەقی والاوە لای (شێرکۆ بێکەس)، دەڵێت: (دەقی والا بە لای شێرکۆ بێکەسەوە، دەقێک بوو ئاوێتە لە کۆمەڵێک ژانری ئەدەبی، بۆ نموونە وەک: گفتوگۆ و توخمی درامایی و گۆرانی و وتووێژی ڕۆژانە و گێڕانەوەی چیرۆکئاسا و... هتد. ئەو لەو باوەڕەدا بوو کە لەدەقێکی والادا، ڕووبەری دەربڕین لەبەردەمی شاعیردا فراوانتر دەبێت و دەتوانێت زیاتر جڵەوی زمان بکات و نەفەسی دەقەکە درێژتر بێت، تا جێی هەموو دیمەنەکان و ژان و ئازار و وێناکانی تیاببێتەوە). ئەو دەقانەش بریتین لە دەقە والاکانی (خاچ و مار و ڕۆژژمێری شاعیرێک، دەربەندی

** شایەنی ئاماژەپێکردنە، بۆ ئەوەی لای خوێنەر، تەمومژی و لێڵی و پرسیار درووست نەبێت، ئەم (دەقی والا- تێکستی والا)یانەی لای شێرکۆ بێکەس هەیە، مەبەست لێ (بەیەکداچوونی ژانرەکان)ە لە یەک دەقدا و سنووری کاری تێزەکەمانە، کە پێناسی چەند دەق و بەرهەمییەتی، بە عەرەبی (النصوص المتنوعة)مان بۆ داناوە، نەک ئەو (دەقی کراوە- النصوص المفتوح)ەی لای فەیلەسووف و نووسەری ئیتالی (ئێمبەرتۆ ئیکۆ- ١٩٣٢-٢٠١٦) هەیە، کە دەقێکە زیاتر لە مانا و ڕاڤە و خوێندنەوەیەک هەڵدەگرێت و خۆی داناخات.

پەپوولە، چراکانی سەر هەڵەمووت، تەون، ڕەنگدان، گۆڕستانی چراکان، کورسی، سروودە بەردینەکان، کتێبی ملوانکە، بۆننامە، ئێوە بە خۆشەویستیم ئەسپێرن، ئەسپێک لە پەڕەی گوڵاڵە، ئێستا کچێک نیشتمانمە، یادەوەری پاسکیلێکی کەرکووکی).

## -میتۆدی توێژینەوەکە

توێژینەوەکە، بە میتۆدەکانی (وەسفیی شیکاری، بونیادگەری) کاری کردووە، جگە لە لێکدانەوە و ڕاڤەکردنی هێماکان و هەڵهێنجانی واتای نوێ و جۆراوجۆر لێیان و بەستنەوەیان بە دەرەوەی دەقەوە، کە ناسەرەوەکانی (میتۆدی وەسفیی شیکاری)ن، هاوکات بونیادگەرانە کاری لەسەر دەوروبەری زمانی و نیشانە و یەکەکانی چواردەوری هێماکانیش کردووە. بەم پێیە (میتۆدی تەواوکاری- گشتگیری) (المنهج التكاملي) بەکار هاتووە، کە لە یەک میتۆد زیاترە، تا پەی بە ناوەڕۆک و لایەنی هونەری هێماکان لە دەقەکاندا ببرێت.

## -گرفتی توێژینەوەکە

کارکردن بە دوو میتۆدی جیاواز، لە ئاستی فۆرم و ناوەڕۆکدا، کەمی پێشینەی کارکردن و نەبوونی بەرچاوڕوونی لەو ڕووەوە. هەروەها پراکتیککردنی هەردوو بابەتی هێما و بنەماکانی هێماگەری پێکەوە، لە شیعرەکانی شێرکۆ بێکەسدا، ئەو ئاستەنگ و گرفتانە بوون کە هاتنە بەردەم توێژینەوەکە.

## -پێکهاتەی توێژینەوەکە

توێژینەوەکە، جگە لە پێشەکییەک، لە سێ بەش پێکهاتووە:

**بەشی یەکەم**، کە بەشی تیۆریی توێژینەوەکەیە بە ناونیشانی (زاراوە و چەمکی هێما و هێماگەری)، پێکهاتووە لە چوار تەوەر:

لە تەوەری یەکەمدا، زاراوە و چەمکی هێما و هێما لە زانستەکانی ئەدەب و زمان و دەروونناسیدا، خراونەتە ڕوو.

لە تەوەری دووەمدا، قوتابخانەی هێماگەری، ئەدگار و تایبەتمەندییەکانی قوتابخانەکە، هێماگەری لە شیعری عەرەبی و هۆکارەکانی، هاوکات هێماگەری لە شیعری کۆن و نوێی کوردیدا، باس کراون.

تەوەری سێیەمیش تایبەت کراوە بە هۆکارەکانی بەکارهێنانی هێما لە شیعردا، کە خۆی لە هۆکارە سیاسی و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری و دەروونی و ئیستاتیکییەکاندا، دەبینێتەوە. هەروەها پرۆسەی بەهێمابوون لە شیعریشدا بەرباس دراوە.

تەوەری چوارەم، کە کۆتا تەوەری بەشی یەکەمە، ئەم باسانەی لە خۆگرتووە، ڕۆڵی وێنەی هێمایی و زمانی هێمائامێز لە پرۆسەی شیعرییەتدا، هێما وەک شێوازێکی ئەدەبی، پەیوەندی و دژێتی نێوان هێما و هونەرەکانی ڕەوانبێژی.

**بەشی دووەم**، بەشێکی پراکتیکییە، بەناونیشانی (تەکنیک و مەبەستەکانی هێما و هێما و واقیع لە دەقە والآکانی شێرکۆ بێکەسدا)، لە سێ تەوەر پێک هاتووە:

تەوەری یەکەم، تەکنیکی هێمایی لە دەقە والآکانی شێرکۆ بێکەسدا، کە تێیدا ئەم ناونیشانەی لە خۆ گرتووە، وێنەی هێمایی، ڕەمزییەتی زمان (زمانی هێمادار)، هێمای ناونیشان لە دەقە والآکانی شاعیردا.

لە تەوەری دووەمدا، باس لە پەیوەندی نێوان هێما و واقیع کراوە لە دەقە والآکانی شێرکۆ بێکەسدا.

تەوەری سێیەمیش، مەبەستەکانی بەکاربردنی هێما، کە پێکهاتوون لە مەبەستی ئایدۆلۆجی و سیاسی، ئیستاتیکی، کۆمەڵایەتی و جڤاکی، ڕۆشنبیری و کۆزانیاری و مەبەستی دەروونی لە دەقە والآکانی شێرکۆ بێکەسدا و بە نموونەی شیعرییەوە خراونەتە ڕوو و لێکدراونەتەوە.

**بەشی سێیەم**، کۆتا بەشی توێژینەوەکەیە، وەک بەشی دووەم بەشێکی پراکتیکییە، بە ناونیشانی (جۆرەکانی هێما لە دەقە والآکانی شێرکۆ بێکەسدا)، لەم بەشەدا جۆرەکانی هێما لە دەقە والآکانی شاعیردا دەستنیشان کراون و بەنموونەی شیعرییەوە ڕاڤەکراون، ئەوانیش بریتین لە جۆرەکانی هێمای (ئەفسانەیی، داستانی، نەتەوەیی، سیاسی و ئایدۆلۆجی، ئاینی، مێژوویی، کۆمەڵایەتی، دەروونی، فۆلکلۆری، زمانی، ئیستاتیکی، ئیرۆتیکی، مرۆڤایەتی، گشتی، خودی، سرووشتی، کەسێتیە ئەدەبی و هونەرییەکان، باڵندە، گیاندارانی دی، بێگیانەکان(شتەکان)، شوێن، کات، ژمارە).

لە کۆتاییشدا ئەو ئەنجامانەی، کە توێژینەوەکە پێی گەیشتووە، لەگەڵ لیستی سەرچاوەکان و پوختەی توێژینەوەکە بە زمانەکانی عەرەبی و ئینگلیزی، دەبینرێن.

# بەشی یەکەم

## زاراوە و چەمکی هێما و هێماگەری

### تەوەری یەکەم: زاراوە و چەمکی هێما و هێما لە زانستەکانی ئەدەب و زمان و دەروونناسیدا

#### یەکەم: زاراوە و چەمکی هێما

هێما و هێماگەری، ڕیشەیەکی دێرینیان لە نێو زانستە مرۆیی و سرووشتییەکاندا هەیە. ئەم زاراوە و چەمکانە لە ئەدەبیشدا لە وێنەی زانستێکی دیار و بەرچاوی زانستی مرۆیی، نەک بەدەر نەبووە لێیان، بەڵکوو بوونەتە هەوێنی پێدانی چێوەیەکی ئەدەبیی تۆختر و مۆتیڤی ڕەنگاندنی وێنەگەلێکی هونەریی باڵاتر و پێدانی شیعرییەت و کێشهێنانەوەی زمان، چون ئەدەب لە بنەڕەتدا دیاردە و کیانێکی زمانییە. ئەدەب بۆیە دیاردەیەکی زمانەوانییە، چونکە بەپێی سەیرووەری مێژوویی گەشەی مرۆڤ و فرچککرتنی زمان لای مرۆڤ پێ بە پێی هەر سێ قۆناغە (ئەفسانەیی، ئاینی، زانستی)یەکە، گەشەی کردووە و ڕسکاوە.

لە دووتوێی خستنەڕووی چەمک و زاراوەی هێمادا، دەبینین لە لای هەر نەتەوەیەک، بە گەلێک شێوە و واتای هەمەجۆر خراوەتە ڕوو، بۆ نموونە لە زمانی ئینگلیزیدا ((هێما بەرانبەر (symbol) بەکار براوە، زاراوەی هێما (symbol) لە بنەڕەتدا لە کاری (symballein)ی یۆنانییەوە وەرگیراوە، کە بە مانای ( کۆکردنەوە و پێکەوەنان و تێکەڵاوکردنی بەپەلە) یان (پێکەوەهاویشتن) دێت، واتاکەی(symbolon) ە، بە واتای نیشانە و درووشم و ئاماژە، یان هێما دێت، جا زیندوو بێت، یان نازیندوو)) (Cuddon ۱۹۹۹: ۸۸۵).

لە زمانی عەرەبیدا (الرمز)ی بۆ بەکارهێنراوە، لە قورئانی پیرۆزیشدا و لە ئایەتی چلویەکی سوورەتی (ئالی عیمران)دا ئاماژەی پێ کراوە **((قال رب اجعل لی ایة قال ایتك الا تكلم الناس ثلاثه أيام إلا رمزا))**، لێرەدا (رمز) لەجیاتی و لە شوێنی ئاخاوتن هاتووە. لە زۆرێک لە فەرهەنگە عەرەبییەکاندا بە گشتی و فەرهەنگە ئەدەبییەکانیش بە تایبەتی، بەو ڕەنگە ناسێنراوە کە لە فەرهەنگی (لسان العرب)دا هاتووە، ئەویش ((جووڵەیەکی بێدەنگی زمانە، لە وێنەی چپە، بە بزاوتی لێو، بێ هیچ دەنگێک، دەڵێن هێما ئاماژەیەکە لە ڕێی لێو و چاو و برۆ و دەمەوە)) (الافریقی ۱۹۹۷: ۳۵٦).

لە زمانی فارسییشدا زاراوەکانی وەک (نماد) و (سمبل) و (رمز)یان بۆ هێما داناوە. لە فەرهەنگی (لغتنامە دهخدا)شدا بە هەمان شێوەی (لسان العرب) هاتووە، کە ((هێما ئاماژەدانێکە بە لێو، یان بە برۆ و چاو)) (دهخدا ١٣٤١: ١٨٣٧).

لە زمانی کوردییشدا بە گشتی (هێما) و (ڕەمز) بەکار هاتووە و هەندێجاریش (سیمبوڵ-سیمبۆڵ) بەکار براوە، هاوکات بە (جەڤەنگ-جەفەنگ)یش ئاماژەی پێ دراوە. مامۆستا (عەلادین سەجادی) لە کتێبی (نرخشناسی)دا جگە لە (ڕەمز و جەفەنگ) وشەیەکی تر سەربار دەخات کە (گۆشە)یە و دەڵێت: ((گۆشە لە کوردیدا بە دوو واتا هاتووە، یەکێ بە واتای سووچ، یەکێ بە واتای ڕەمز، بۆ نموونە ئەڵێن (بە گۆشەوە پێی ئەڵێ). هەروەها لەزمانی کوردیدا وشەی (جەفەنگ)مان هەر بۆ ڕەمز بەکار هێناوە)) (سەجادی ١٣٩٦: ٢١٤).

زاراوەی هێما لە کۆندا زاراوەیەکی فەلسەفی و لاهووتی بووە، زیاتر لەوەی ئەدەبی بێت، ڕەنگە لە هەمووی زیاتر ئاینی بێت، کە تێیدا بە واتای مەزەندە و هەڵهێنانی شتێک هاتووە. کردارەکەیشی، کە (Sumbol) بووە، لێکچوونی نێوان هێما و هێمابۆکراو دەگەیەنێت، کە بنەمایەکی بنەڕەتییە لە دروستبوونی هێمادا، واتا شتێک واتای شتێکی تر بگەیەنێت و بێپشتگوێخستنی واتا ڕاستییەکەی خۆی (سالار ٢٠٠١، ٥٢ ).

(ئەرستۆ) کۆنترین کەسە، لە ئاستی زماندا لە هێما دواوە و دەڵێت: (وشەکان هێمان بۆ واتای شتەکان، وشە وتراوەکان هێمان بۆ دۆخی دەروون، وشە نووسراوەکانیش هێمان بۆ وشە وتراوەکان، بەم جۆرە زمان لای ئەرستۆ هێمایە بۆ هزر، هەروەها سێ ئاستی بۆ هێما داناوە:

١- هێمای تیۆری یاخود لۆژیکی، ئەمە لە سۆنگەی پەیوەندییەکی هێمایی بەرەو زانیاری دەچێت، کە ئاستە لۆژیکییەکەیە.

٢- هێمای کارەکی، کە بە واتای کردار دێت و لایەنی ئاکار و هەڵسوکەوت دەگرێتەوە.

٣.-هێمای شیعری یا ئیستاتیکی، کە بە واتای دۆخێکی دەروونیی ئاڵۆز و هەڵوێستێکی ویژدانی دێت و بۆ لایەنی هونەری دەگەڕێتەوە) (تودوروف ٢٠١٢: ٢٠). ئەم سێ ئاستە لای ئەرستۆ یارا و توانا و پاشان توانستی مرۆڤ دەردەخەن، وەک بوونەوەرێکی هێماداڕێژ، کە زمانی وەک هێمایەک بۆ بیر داناوە و وردتریش هێمای بۆ کۆی وشەکان داڕشتووە بۆ گەیشتن بە واتا. هێمای شیعریشی، وەک دوائاستی بەکاربردنی هێما داناوە، کە هێمای دۆخە دەروونی و ویژدانییەکان دەکات.

هێنری پەیرێ (Henri peyre) (١٩٠١-١٩٨٨) زماناس و توێژەری ئەدەبی فەرەنسی، لە کتێبی (what is symbolism)دا، بەم شێوەیە چەمکی هێما دەناسێنێت، دەڵێت (هێما بۆ ئەوە بەکار

هات، کە خۆی لە واتای بنچینەیی لادا. نیشانە و دەلالەتی خەڵەتاندنی هەڵگرتبوو، بۆ ئەوەی دەیەوێت خۆی لێ لابدات، ڕاستییەکیش بۆ ئەوکەسەی دەیەوێت چەشەی ڕاستەقینەی بکات. کەواتە دوو واتا لە بۆتەی هێمادا هەن، یەکەمیان واتای کۆنکرێتی(ڕووکەش) و ئەوی تر واتای قووڵ)( peyre۱۹۸۰: ۸). بە دیدی (پەیر) هێما هەڵگری دەلالەتی خۆلادانە لای هێماداڕێژ، ڕێ دەدات بە دوو باردا بخوێنرێتەوە، واتایەکی ڕووکەش، کە فریودان و هەڵخەڵەتاندنە بە هەر مەبەستێک بێت، هاوکاتیش دەیەوێت واتا قووڵ و درووستەکەش، کە لای خۆی و ئەوانەی خۆی مەبەستێتی پێیان بگات، بگەیەنێت.

(د.جەمیل صەلیبا) لە کتێبی (فەرهەنگی فەلسەفی)دا نووسیویەتی ((هێما شتێکە، ئاماژە بۆ شتێکی تر دەکات و دوو جۆرە، هێمایەکی هەستەکی، کە دەرخەری شتێکی هەستەکی ترە، وەک هێمای ژمارەکان بۆ شتەکان، یان هێمایەکی هەستەکی، کە دەرخەری بابەتێکی مەعنەوییە، وەک ڕێوی هێمای فێڵ و تەڵەکەبازیی و سەگیش هێمای وەفایە)) (صليبا ۱۹۸۲: ٦٢۰). ئەم پێناسەیەی (د.صەلیبا) گشتیترین پێناسەی هێمایە، کە شتێکە (هێما)، ئاماژە بۆ شتێکی تر (هێمابۆکراو) دەکات، یان هەردوولاکەی هەستین، یاخود یەکەم هەستییە و دووەم واتایی (مەعنەوی).

(مەجدی وەهبە) لە فەرهەنگی سێینەی ئینگلیزی، فەرەنسی، عەرەبی (معجم مصطلحات الادب)دا نووسیویەتی: هێما بە سێ واتا هاتووە، هەڵبەت لە کۆندا، ئەوانیش:

(۱- کورتەی ئەو بنەمایانەیە وا باوەڕدارانی مەسیحی پێوەی پەیوەستن، کە ئەمەش مانای کۆنیی ئەو زاراوەیەیە، (واتا بنەما و سرووت و ڕوکنەکانی ئاینی مەسیحی). لە یۆنانی کۆنیشدا بۆ ناونانی ئەندامی هەندێک گرووپی نهێنیش بەکار هاتووە.

۲- درووشم: ئەوەی ڕێبازێک و کەس و خێزان و گەلێک لەوی تر هەڵدەبوێرێ، بە وتراوێکی کورت بێت، یان بە وێنەیەک.

۳-ئەو شتەیە وا شوێنی شتێکی تر دەگرێتەوە، نەک وەکیەکیی تەواو، بەڵکوو بە ئیحایەک یان بوونی پەیوەندییەکی لە خۆوە و ناسراوی نێوانیان) (وهبە۱۹۷٤: ٥٥۲). خاڵی سێیەم بووەتە بنەمایەکی سەرەکی و گشتگیر بۆ ناساندنی هێما بە گشتی و لە دەقی ئەدەبیشدا بە تایبەتی، کە شوێنگرتنەوە و لەجێدانانە، لە سۆنگەی پەیوەندییەکی ناسراوەوە، ناسینەوەکەشی گرێدراوی توانای دەرککردن و پاشخانی خوێنەرە.

مێژووی هێما مێژوویەکی دووردرێژە، بنەوانەکەشی بۆ زانستی لاهووت (theology) دەگەڕێتەوە لەگەڵ (creed)دەستوور و باوەڕی مەسیحییەت، هەر بەو واتایە لە سەرەتاوە بە

گشتی لە درووشمی ئاینی و هونەرە جوانەکان و بە تایبەتیش لە شیعردا بەکار هاتووە. تا ئیستاش لە پانتاییی واتاسازی و بیرکاری و لۆژیکدا، هێما بەها و نرخی خۆی هەیە (مەحمود ٢٠٠٩: ١٨٨).

لای (کارڵ گۆستاف یۆنگ) (Carl Gustav Jung)(١٨٧٥-١٩٦١)، دەروونشیکاری ناوداری سویسری، ((هێما بریتییە لە زاراوەیەک، یان ناوێک و بگرە ئەکرێ ئەو وێنەیە بێ، وا لەوانەیە نوێنەری شتێک یان شتێکی ژیانی ڕۆژانە بێت، جگە لە مانای ئاشکرا و ئاسایی خۆی، مانایەکی ژێرەوانکیی تایبەتیشی هەیە)) (یونگ ١٣٩٣: ٣٣). بە دیدی (یۆنگ) هێما زاراوەیەکی باو و ئاشکرا و بەکارهاتووی نێو کۆمەڵە، (یۆنگ) ئەم هێمایانەی بۆ دوو دەستەی غەریزەیی و فەرهەنگی دەسەبەش کردووە، هەڵبەتە لای (یۆنگ) هێما غەریزەییەکان بۆ یادەوەریی کەونار و ڕەمەک و بۆهێڵی ئاژەڵێنی مرۆ دەگەڕێنەوە و فەرهەنگییەکانیش پاش شارستانییەت و شارسازی و ژیاری لە بیچمی ئارکیتایپە (شاهێما) نەتەوەیی و ئاینی و سیاسییەکاندا بیچمیان گرتووە. هەر بۆیە مرۆ هێما دادەپچڕێ و بە شێوەی نەستی تاک، یان کۆنەست و نوێنەرایەتی واتایەکی نوێ و شاراوە دەکات.

کەواتە هێما چەمکێکی دووپەژمە، یەکەمیان شتێکە و لە بری شتێکی تر، یاخود ئیحای بۆ شتێکی ترە، دووەمیشیان بەیەکداچوونی دووشتە، یەکێکیان ئاشکراو ئەوی تریان شاراوە، هاوکات دوو واتا دەبەخشێت ((یەکێکیان ڕاستەوخۆ یەکسەر وشەکان دەیبەخشن و خوێنەری شارەزا و نەشارەزا وەری دەگرێ، دووەمیان ناڕاستەوخۆیە، وشەکان ئاماژەی بۆ دەکەن و ڕستەکانیش سرووشتی دەدەنێ، پەیبردن بەو مانایە پێویستی بە شارەزابوون و باری ڕۆشنبیریی مرۆڤ هەیە)) (محمد ٢٠١١: ١٣٢). پێناسەیەکی تری ئەم چەمکە ئەوەیە ((هەر نیشانەیەک کە واتایەکمان دابێتێ، یان خەڵکی واتایەکی دابێتێ، ئەوا دەبێ بە هێما، بۆ نموونە (خۆر) کاتێک دەبێت بە هێما، کە واتایەکی وەک (خۆشی، ئازادی، ڕووناکی) وەرگرێ، هێمادانان لە ژێر دەسەڵاتی کۆمەڵە، مەرجیش نییە هەموو کۆمەڵەکە لە سەرجەمی هەمان واتا ڕێک بکەون)) (خۆشناو ٢٠١٠: ٣٢).

هەر هێمایەکیش پێویستی بە سێ ڕەگەز هەیە:

١- دال: ئەوەیە وا شوێنی شتێکی تر دەگرێتەوە، واتا خودی هێماکەیە.

٢- مەدلوول: ئەو شتەیە وا دال شوێنی دەگرێتەوە، واتا هێمابۆکراو.

٣.-دەلالەت: ئەمەش پەیوەندیی نێوان (دال و مەدلوول) دەگرێتەوە، پەیوەندییەک کە پێویستە هەستی پێ بکرێت و شی بکرێتەوە (حەمەد ٢٠١٢: ١٧). سێینەی پرۆسەی هێما نەگۆڕ و جێگیرە، یەکەمیان جێگرە و داهێنراوە، دەوڵەمەندی و نەبڕاوەیی دالمان بۆ دەنوێنێت لە پرۆسەکەدا، دووەمیان ئەوەیە وا ئاماژە و هێمای بۆکراوە، بنچینەییە و دەشێت لە شوێن و کات و کۆنتێکستی تردا دالی تری

سەربار بخرێت، سێیەمیان دەرخەری بوونی ئەو پەیوەندییە ئاشکرایە دەکات وا لە نێوان دال و مەدلوولدا لە گۆڕێیە، گەر لەخۆوە بێت یان نا، ڕێکەوتنێکی گەرەک، یان بۆ نموونە لە دەقی ئەدەبیدا پاساو و ڕەوایەتی بەو پەیوەندییە دەدرێت. هەندێ جار لە هێمادا (دال و مەدلوول لێک ناچن، چونکە پەیوەندییەکە لە بنچینەدا لەخۆوەیە و پێویستە نیشانەکە جێگیر بکرێت و فێری ببین، یانیش بریتییە لە گەڕانەوە بۆ شتێک لەسەر بنەمای یاسایەک) (ڕەئوف ٢٠١٦: ٢٤٥). بۆ نموونە گەر هەمان هێمای (خۆر) لای گەلی کورد وەربگرین، بە هۆی دۆخی کۆمەڵایەتی و جوگرافی و ڕۆڵی لە ژیانە کشتوکاڵییەکەیدا، بە پرۆسەیەکی هێماسازی و پیرۆزدا گوزەری کردووە و لە درێژەی سەیرووره مێژووییەکەیدا ڕۆڵی لە سازاندنی باوەڕمەندی و ئاین و ژیانی کۆمەڵایەتی و سیاسیدا گێڕاوە و لە ڕێی کۆنەستی گەلەوە بووە بە جۆرێک لە ئارکیتایپ و سۆزی هاوبەش.

بە بیروڕای توێژەری ئەڵمانی (کاهلیر) دوو چەشن هێما هەن، (هەڵس) و (کەوت)، ((هێمای (کەوت) لە خودی خۆی دەست پێ دەکات و لە واقیعێکی دیاریکراوی پێشووەوە واتامان بۆ دەکەوێنێت، دواتر ئێمە بەهای هێمایی لێ وەردەگرین بۆ لێکدانەوەی ڕاستییەکی مێژوویی، یان ئەفسانەیی. هێمای (هەڵس) پێچەوانەی ئەمەیە، لە بیری هونەرمەندی داهێنەرەوە سەر هەڵ دەدات و بێ ئەوەی هیچ ڕێچکەیەکی پێشووتری هەبووبێت)) (دزەیی ٢٠١٥: ٢٧)، لە هێمای (هەڵس)دا ئەو ڕاستییە ڕوون دەبێتەوە، کە داهێنەری ئەدەبی لەمەڕ بیر و دەروونی خۆی دەرگای بەهێماکردنی بۆ ئاوەڵا دەکاتەوە، بۆ چنینی تانوپۆی هێمای نوێ و لەپێشینەنەچوودا.

(د.محەمەد مەعرووف فەتاح) چەند ئەدگارێکی گرنگ و تایبەتی بۆ هێما لای مرۆڤ لە بەکاربردندا، داناوە (فەتاح٢٠١٠: ١١٣ و ١١٤)، ئەوانیش:

١- مرۆڤ هەموو کاتێک توانای ئەوەی هەیە بەها (نرخ)، یان هێما بۆ سەرپاکی شتەکانی دەوروبەری خۆی دابنێت و بیانداتە پاڵ هەر شتێک، کە بیەوێت.

٢- هێمادانان، بەندە بە پێکهاتن و ڕێکەوتنی کۆمەڵە خەڵکێکەوە، بە واتایەکی تر بە بڕیاری کۆمەڵ دێتە گۆڕێ، مانەوەشی بەندە بە بڕیاری کۆمەڵەوە.

٣- پەیوەندییەکی ئەوتۆ لە نێوان هێماکە و ئەو شتەی وا هێماکەی بۆ دانراوە، نییە.

٤- لەسەرەتای دانان و بەکارهێنانی هێمادا، هەندێ جار هەست بەوە دەکرێت نامۆ و نالەبارە، بە تێپەڕینی کات و بەکاربردنی ئەم نامۆیی و نالەبارییەی دەڕەوێتەوە.

٥- مرۆڤ نەک هەر دەتوانێت هێما بداتە پاڵ شتەکان، بەڵکوو لە توانایدایە هێما بۆ هێمای تر دابنێت.

٦- بەهادانان و هێمادانان و ڕێککەوتن لەسەر هێمای شتەکان لە کۆمەڵێکەوە بۆ کۆمەڵێکی تر و لە چینێکەوە بۆ چینێکی تر دەگۆڕێت و جیاواز دەبێت. لەم خاڵانەدا سەرەوە ئەوەمان دەستگیر دەبێت، کە مرۆڤ توانایەکی دوانەهاتووی هەیە لە هێمادا. ڕۆڵی کۆمەڵ ڕۆڵێکی بەرچاوە، دیارە کۆی کولتوور و ئاین و زمانی هەر کۆمەڵێک جیاوازی لە دانان و ناسینەوەی هێمادا دەکات. پەیوەندییەکی وا لە نێوان هێما و هێمابۆکراودا نییە، وەک لە نیشانەدا هەیە. هەر هێمایەک سەرەتا ئاشنا نییە، وردەوردە جێی خۆی دەگرێت لە زمان و ئاخاوتندا. تایبەتمەندییەکی گرنگ لە هێمادا ئەوەیە، کە گۆڕاوە و خۆی داناخات، دەشێت هێمای تری سەربار بخرێت، بۆ نموونە (لۆگۆ)یەک کە پشووتر هێما بووە بۆ شتێک لە نێو کۆمەڵدا، دەشێت کۆمپانیایەکی جیهانی یان تیپێکی وەرزشی هێمای خۆی سەربار بخات لە دنیای نوێدا، ئەمەی دوایی زیاتر بڕوات و بەربڵاوتر بێت. یاخود هەر هێمایەکی تر، بۆ نموونە لە ئەدەبدا (باران) دەشێت هێمای پاکبوونەوە بێت لە دەقێکداو لە دەقێکی دیکەدا هێمای گریان بێت.

پرۆسەی هێمادانان و هاتنەئارای هێما لە خۆوە نییە و چەند مەرج و تایبەتمەندییەکی هەیە، وەک:

أ-تایبەتمەندیی شێوەیی بۆچوون: بارێکە بە ئاراستەی ئاماژەبۆکراو، واتە دەبێت (ئاماژەبۆکراو)ی هەبێت.

ب- توانای وەرگرتن: بوونێکی نموونەیی نەبینراو هەبێت لە پشت هەست و هێماکە بکاتە بابەت، واتە شتێکی نادیار بگۆڕێت بۆ شتێکی دیار و ئاشکرا.

پ- توانایەکی تایبەتی هەیە، کە هێما لە خودی خۆیەوە هەڵدەقوڵێت و ئەو تایبەتمەندییە لە نیشانەدا نییە.

ت- وەرگرتنی وەک هێما: هێما ڕەگێکی قووڵی کۆمەڵایەتی و مرۆڤایەتی هەیە و پرۆسەی گۆڕینی شت بۆ هێما وەرگرتنی یەک پرۆسەیە و دابەش ناکرێت بۆ قۆناغ بە قۆناغ (دزەیی ٢٠١٥: ٢٧). دەبینین مەرجی دوو جەمسەری، مەرجێکی گرنگی هێمایە، هەروەها پێویستە مەرجی بوونی پاشخانی هەبێت، بۆ نموونە زۆرجار ڕووداوێک لەپشت بوون بە هێمای هەر شتێکی هەستەکییەوە هەیە تا بگۆڕێت بۆ شتێکی واتایی و لە هێما هەستییەکەدا خۆی جێ بکاتەوە. یاخود کاتێک شتێک هێما بۆ شتێکی تر دەکات، مەرجە هێما هەڵگری تایبەتمەندییەک یان زیاتر بێت کە نزیک بێت لە تایبەتمەندییەکانی هێمابۆکراوەوە، بۆ نموونە یەکێک لە هێماکانی (وەرزی بەهار) هێمای لەدایکبوون و قۆناغی منداڵییە، دەبینین لە هەردووکیاندا (بەهار و لەدایکبوون(منداڵ))، مانای هاتنەبەرهەم و گەشە و هاتنەئارای بوونێکی نوێ هەیە.

هێما چەند تایبەتمەندییەکی گرنگی تری  هەیە، کە وای لێ کرد ببێتە بابەتێکی دیار و بەرچاو و جێی تێڕامان و لێوردبوونەوە و کارلەسەرکردن، نەک بە تەنها ئاماژەیەکی دەلالەتدار، کە جیاکەرەوەیەکی سەرەکی بوو، بەڵکوو چەند تایبەتمەندییەکی تر، کە هەمیشە ئامادەگییان هەیە لە هێمادا (بن سليمان و دليله ٢٠١٧: ٢٧– ٣١)، لەوانەش:

یەکەم: ناڕوونی یان لێڵی (الغموض)

لێڵی و ناڕوونی و سرکی، تایبەتمەندییەکی دیاری هێمایە و ڕاستەخۆ خۆی بەدەستەوە نادات، هێماگەرەکان ناڕوونی لە شیعردا بە بابەتێکی لە ناکاو هەژمار ناکەن، بەڵکوو پەیوەست و لە هەناویدایە، چونکە پێیان وابوو دروونی لێڵ و ئەزمونی لێڵ بە ڕوونی دەرنابڕدرێت. لە پڕۆسەی شیتەڵکردنی هێمادا، هێما و خوێنەر بە تەنها پێکەوە لە بەرانبەر یەکتردا دەوەستن، ئاماژەیەکی کەم دەدرێت لەسەر شتی هێمابۆکراو.

دووەم: ئیحا

لە نێوان هێما و هێمابۆکراودا دابڕانی تەواوەتی نییە، خوێنەر وێنەی هێمابۆکراوەکە لە دوورەوە دەبینێت و هەنگاو بە هەنگاو لێی نزیک دەبێتەوە و هەستی پێ دەکات، ئەمەش بەهۆی ئەو ئیحایەی وا هێماکە بەخشیویێتی، لە هێمادا جگە لە ئیحا، ئامرازی هونەریی تری وەک (تەلیمح)یش هەیە، لەبری ڕاستەوخۆ و ئاشکرایی.

سێیەم: کورتی (کورتبڕی) (الايجاز)

لە تایبەتمەندییەکانی هێما کورتی و کورتبڕییە لە دەربڕاوەکاندا، ئەوەی هێما پشتی پێ دەبەستێت واتایە، نەک خودی دەربڕاو. واتای زۆریش لە دەربڕینی کورتدا ئامانجی سەرەکی هێمایە، هاوکات ئامانجێکی بەرچاوی شیعریشە.

چوارەم: فراوانی (الاتساع)

ئەو دەربڕاوەیە وا ڕاڤە یان دەربڕینی هێمایی لێ فراوانتر دەبێتەوە. لە هێمادا ئەگەر هەیە، بەهۆی ئەگەرەکانیشەوەیە، کە ڕاڤەکان فراوانتر دەبنەوە و بیروڕاکان جیاواز دەرئەکەون. کەڵەکەبوونی ڕاڤەکان ئەم تایبەتمەندییە دەبەخشنە هێماکان.

هەروەها (ئیبن ڕەشیق) لەم بارەیەوە دەڵێت: ئەوەی وا شاعیر دێڕێک بڵێت، ڕاڤە هەڵبگرێت، تەنها بە هۆی دەربڕاوەکانەوەن، کە ئەم فراوانییە لە ڕاڤەدا ڕوو دەدات. بەم هۆیەوە هێما درککردنیشمان فراوانتر دەکاتەوە و سۆزمان دەوڵەمەند دەکات، وامان لێ دەکات تێڕوانینی ڕووڵەتیی تێ بپەڕێنین.

هەواڵنامەی کتێب

پێنجەم: سیاقگەرایی (السیاقیة)

هێما گرنگیی نابێت، گەر لە چوارچێوەی سیاقێکدا نەبێت، چون دەکرێت دیاردەیەک دەلالەتگەلێکی بێکۆتایی و بێسنوور لە ڕێی هێمایەکەوە بەرهەم بهێنێت. لێرەوە لەسیاقدابوون یەکێکە لە تایبەتمەندییەکانی هێما. سیاق وەک بابەتی نیشانەناسیی لێک دەدرێتەوە، کە نیشانەکان لە سیاقدا لێک دەدرێنەوە.

شەشەم: هەستگۆڕکێ (تبادل الحواس)

لە هێمادا هەستی نوێ دەورووژێنرێت، بۆ نموونە لە هێمادا هەستێکی باو دەگوێزرێتەوە بۆ هەستێکی تر. هێما وێنەیەکی بەرجەستەکراوی هەستە، شاعیر هەوڵ دەدات لە شێوەی وێنەدا، هەستگەلێک پێشکەش بکات و بیگۆڕێت. لە بری گۆڕینی هەستەکە بۆ وێنەیەکی ژیری.

حەوتەم: هەڵچوون (الانفعالیة)

هێمای ئەدەبی و هونەری فاکتەری هەڵچوونن، نەک وتن، بەوەش جیاوازە لە هێما ئاینی و لۆژیکی و زانستییە پەتییەکان، کە هەندێجار فاکتەری مەعریفەپێدان و فێرکردن و کورتبڕین، لە هێمای ئەدەبی و هونەریدا مەبەست لە ئاشکراکردنی هەڵچوونەکانە و ئەزموونێک دەردەبڕن. بەم پێیە تایبەتمەندییەکانی هێما شێوازگەلێکن، کە هەر نووسینێکی هێمادار لەسەری وەستاوە، بەهایەکی هونەریی بەرز دەخەنە سەر دەق، کە تێیدا هێما لە باشترین ئاستەکانی جوانیدا دەردەکەوێت.

وەک ئاماژەی پێ درا یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی ئاوەزی مرۆڤ بوونی توانایە لە داهێنانی هێماکاندا، ئەویش ((بە زیادکردنی واتاگەلێک و بارکردنی واتا لەسەر شت و بیرۆکەکان، تەنها مرۆڤە لە ڕێی زمانەوە لەگەڵ ئەوانی تردا بەردەوام دەبێت، هەر ئەویشە کە یاساکان دادەڕێژێتەوە و ڕەچاوی بنەماکانی ڕەفتاری گشتی دەکات و سرووتگەلێکی دیاریکراو ئەنجام دەدات، لە کاتی منالبوون و هاوسەرگیریی و مردندا، کە ئەمانە پڕن لە هێما و دەلالەت و واتا، ڕەفتاری مرۆڤ لە بنەڕەتدا ڕەفتارێکی هێماییە)) (حسن ٢٠١٠: ١٩).

بەکارهێنانی هێما لە لایەن مرۆڤەوە شتێکی نوێ نییە، بەڵکوو دەگەڕێتەوە بۆ قووڵایی سەردەمە کۆنەکان، چونکە مرۆڤ هێمای وەک ئامرازێک بۆ پێوەندی لەگەڵ ئەوی تردا بەکار هێنا و پەنای بردە بەر هێما بۆ شیکردنەوەی دیاردە سرووشتییەکان، یان بۆ دەرخستنی سۆز و هەستەکان بە درێژایی مێژوو، واتە: پێش سەرهەڵدانی ئەوەی پێی دەوترێت ڕێبازی هێماگەری (Symbolism) بە هەزاران ساڵ. بیروباوەڕە ئاینی و ئەفسانەییەکان لە کۆمەڵگە سەرەتاییەکاندا ژمارەیەکی زۆری هێمایان بەکار بردووە، کە مرۆڤی سەرەتایی دروووستی کردوون، یان بەکاری هێناون بۆ دەربڕینی

بیروبۆچوونە جیاوازەکانی دەربارەی ژیان بە چەمکە گشتییەکەی، دەربارەی چەندین دیاردە لە دیاردە سرووشتییەکانی وەک با و باران و هەور و برووسکە و گڕکان و زەویلەرزەکان، کە مرۆڤی سەرەتایی بێدەسەڵات بوو لە دۆزینەوەی شیکارگەلێکی زانستی بۆیان. (سەرچاوەی پێشوو: ٢٠). هەڵبەت ئەو زمانە سیمبولێکەی مرۆڤ بۆ سەرەتای ئاستی زمان و بیرکردنەوە و ئەزموونەکانی مرۆڤی سەرەتایی دەگەڕێتەوە، سا بەهۆی پەیوەندیی ڕەگاژۆی ئەم مرۆڤە بە دیاردەکانی سرووشتەوە یەکەم بیروباوەڕی (گیانگەرایی- ئانیمیسم: هەموو شتێک لە سرووشتدا خاوەنی گیان و ڕۆحە) سەری هەڵداوە، کە وەک باوەڕییەکی ئاینی و فەرهەنگی پشت بە زمانێکی ڕەمزی دەبەستێت بۆ پاساودانی هەبوونی دەریا و گیا و درەخت و پیرۆزی دیارە سرووشتییەکانی با و باران و ئاژەڵ و هتد. کە فەیلەسووف و زماناناس و ئەفسانەناسێکی ئەڵمانیی وەک (ماکس مۆلەر ١٨٢٣-١٩٠٠) ئەمەی بە (نەخۆشیی زمانی) زانیوە، ئەم زمانە، کە زمانێکی هێماییشە، باڵاترین ئاستی گەشە و هۆشیاری مرۆڤی ئەوێ ڕۆژگاران بووە، دەربارەی ئاستی تێگەشتنی ئەو لە گەردوون، ئەم زمانە هاوکات زمانێکی شیعریشە، چون مرۆڤ پەروەردەی دەست هەمان سرووشتە و شتەکان بەپێی نەستی لێکی داوەتەوە لەو کاتەدا، هێشتا نەگەشیتبووەتە ئاستی هەست و ئەقڵ، بۆیە نەستیش ڕووباری هێما و باوەڕمەندیی ئاینی و شیعری و ئەفسانەییە. تەنانەت ((یۆنگ لە ڕوانگەی ڕێبازە دەروونشیکارییەکەیەوە ئەمەی بۆ ئەوە گەڕاندووەتەوە، کە زهنییەتی پشتبەستوو بە ڕەمەکی مرۆی سەرەتایی هێشتان لە ئاژەڵەوە نزیک بووە و هەر لەم بارەشەوە هێما بە پێدراوێک دەزانێت، کە هەواری وا لە جێیەکی قوڵتر و دوورتری مرۆڤ، ئەویش نەستە)) (یونگ ١٣٩٨: ١٦).

پرۆسەی هێمادانان گرێدراوی مرۆڤ و چالاکییەکانییەتی، کۆنتێکستی تایبەتی و دیاریکراوی خۆی هەیە، هێمادانانیش ((بریتییە لەو کارەی کە مرۆڤەکان بە ئارەزوو و خواست و ویستی خۆیان دەتوانن لە ناو خۆیاندا پێکی بێنن، شتێک دانێن بە هێما بۆ شتێکی تر، ئەم هەلومەرجی پێکهاتنەش لەو کاتەدا دێتە کایەوە، کە دوو مرۆڤ یان زیاتر بە یەکتر دەگەن و دەیانەوێت ژیانی خۆیان ڕێک بخەن)) (فتاح ٢٠١١: ٤٢)، کەواتە یەک لەوانەی وا لە پرۆسەی هێماداناندا بەرجەستە دەبێت، ڕێککەوتن و پێکهاتنە، ئەمەش وا دەکات هێماکان سنوورێکی دیاریکراو و کات و شوێنی دیاریکراویان هەبێت، هەر ئەمەشە وا دەکات سەربەستی و ئازادی و نەبڕاوەیی هێماکان پرۆسەیەکی بەردەوام بێت.

بەگشتی دەگەینە ئەو دەرئەنجامەی، هێما لای گەلانی دنیا جێی بایەخ و قسەلەسەرکردن بووە، لەسەرەتادا لە جیاتی ئاخاوتن بەکار هاتووە. هێما شتێکە(هێماکە)، ئاماژە بە شتێکی تر(هێمابۆکراو) دەکات، پەیوەندییەکی ئەوتۆ لە نێوان هێما و هێمابۆکراودا نییە و ئینتیباعییە. لەمێژە لە ژیانی

مرۆڤدا ئامادەیی هەیە و ڕیشەیەکی دێرینی هەیە لە نێو میللەتاندا، مرۆڤ زیاتر لەگیاندارانی تر بەهۆی زمانەوە توانای چێکردنی هێمای زۆری هەیە، پرۆسەی هێمادانانیش مەرجگەلێکی تایبەتی هەیە و لە کۆنتێکستێکەوە بۆ یەکێکی تر جیاوازە و دەگۆڕێت.

### دووەم: هێما لە ئەدەبدا

چەمکی هێما، هەر لە زووەوە لە ئەدەبیاتی جیهانیدا ڕیشەی داکوتاوە، وەک ئاماژەی پێ درا، هێما لەو کاتەوە سەری هەڵدا، کە مرۆڤ لە شێوەی پەرەستن و پیرۆزکردنی دیاردە سرووشتییەکانی وەک با و باران و درەخت و گیا و پاشان ئاژەڵ و خواوەندەکاندا، پرۆسەی هێماسازیی کرد بە بەشێک لە سرووتی ڕۆژانەی ژیانی ئاینی و ئەفسانەیی و پاشان ئەدەبی و زمانەوانیی خۆی.

دەربارەی هێما لە ئەدەبدا، شاعیر و نووسەری مەزنی ئەڵمانیا (گۆتە) یەکەم کەس بووە، بە ڕێگایەکی ئەدەبیی مۆدێرن، باسی هێمای کردووە و بە ئاوێتەبوونی خودی و بابەتی لە شیعردا لە قەڵەمداوە. هەر لەم ڕووەوە (کۆلێردج)یش بیرۆکەی خۆی دەربارەی هێما لەسەر جیاوازی نێوان (خەیاڵ) ئەندێشە و وەهم دادەڕێژێت و خەیاڵ بە ئامرازی درووستکردنی هێما لە قەڵەم دەدات، چونکە خەیاڵ بەو هێزە دادەنێت، کە مادده دەتوێنێتەوە و بە سیستمێکی نوێ دایدەڕێژێتەوە، ئەمەش لە هێمادا بەرجەستە دەبێت (سالار ٢٠١٠: ٥٣). بابەتیبوونی هێما لای (گۆتە) پێدانی دەرفەتی شیکردنەوەی هێمایە، کە ئەوەندە ئاڵۆز نەبێت، شی نەکرێتەوە. خودیبوونیشی پێدانی ئەو وێنا تایبەتییەی شاعیرە بە هەر هێمایەک، کە خەیاڵ و نەست و بیری خۆی تێ دەترنجێنێت. لای (کۆلێردج)یش، هێما بەرهەمی خەیاڵە، خەیاڵ (ئەندێشە)ش ڕەگەزێکی گرنگی ئەدەبییە، کە تییدا یان هێما یان وێنەی شیعری یان هەردووکیان دەکەونەوە.

دەبینین، لە کۆندا ئەفسانەکان کەرەستەی ئەدەب و زانست بوون، بەڵام ئیمڕۆ هێما و وێنەی شیعری و سەرچاوەکانی وێنە و تاقیکردنەوەی خودی و بابەتی شاعیران و ئەدیبان شوێنی ئەفسانەکانی گرتووەتەوە لە ئەدەبدا. لەم ڕووەوە (ماتیو تینداڵ (Matthew Tindall) (١٦٥٧-١٧٣٣) دەڵێت: وێنەی شیعری لە بنچینەدا جۆرێکە لە هێما، چونکە بیر و هەست بەرجەستە دەکات و شاعیر گوزارشتی بێسنووری پێ دەکات. فەرهەنگی وێبستەر (Webster) یش چەمکی هێما دەستنیشان دەکات و دەڵێت: هێما ئەوەیە کە ئاماژە بە شتێکی تر، یان مانایەکی تر دەکات لە ڕێگای بوونی پەیوەندییەک لە نێوانیاندا. هێما دیاردەیەکی جێگیرە، چ لە شیعر و چیرۆک و بەرهەمە هونەرییەکاندا، لویس ئاوریک (Louis Hourticq)(١٨٧٥-١٩٤٤)یش دەڵێت: شیعرێک نییە کە تۆزێک هێمای تێدا نەبێت) (مەعروف٢٠٠٤: ١٣٦).

دەگمەن دەبینین زاراوەی هێما وەک هەر زاراوەیەکی ئەدەبی و شیعری و تیۆریی تر، یەک پێناسەی بۆ هەڵگۆزرا بێت، دەبینین هێما نیشانەیەکە شتێکی تر وێنا دەکات، چونکە (قسەکەر کاتێک هێما بەکار دەهێنێت، گەر بیەوێت شتێک لە خەڵکی بشارێتەوە، بۆیە لە بری ئەو وشەیەی وا دەیەوێت بیشارێتەوە ناوێک دادەنێت، ناوی ئاژەڵ یان باڵندە یان هەر شتێکی تر بێت) (مطلوب ١٩٨٩: ٢٢)، ئەم ناساندنەی (د.ئەحمەد مەطلوب) یەکێک لە مەبەستەکانی بەکاربردنی هێمامان بۆ دەستنیشان دەکات، کە ئەویش شاردنەوە و ناڕاستەوخۆییە، ئەمانەش هۆکارگەلێکی هەن، وەک: هۆکاری سانسۆری سیاسی و دەروونی و ئیستاتیکی و هونەری.

(جبوور عەبدولنوور) لە (المعجم الادبی)دا، لە بارەی هێماوە وەک زاراوەیەکی ئەدەبی، دەڵێت: ((هێما ئاماژەکردنە بۆ وشەیەک کە دەلالەتە لەسەر هەستپێکراوێک یان هەست پێنەکراوێک، بۆ واتایەکی سنووردارنەکراو بە وردی و جیاواز بەگوێرەی خەیاڵی ئەدیب، لای خوێنەرانیش بە پێی رۆشنبیری و هەست و ناسکییان، دەکەوێتەوە، هەندێکیان لایەنێکی دەبینن، هەندێکی تر لایەنێکی تر، یاخود بە ئاشکرایی دەردەکەوێت و رۆشنبیر بە ئاسانی تێی دەگات)) (عبدالنور ١٩٨٤: ١٢٤)، بەم چەشنە جوانی و زیندوویێتی و دانەخراویی دەقی هێمادار، تایبەتمەندییەکی ئەدەبی و چێژدارە، کە خوێنەران بە توانست و پاشخانی ئەدەبی و مەعریفییان لێکی دەدەنەوە. تایبەتمەندییەکی تری هێما لە دەقی ئەدەبیدا ئەوەیە، وا ئەکات ئەو هەستە بەهێزە زیاتر بخرۆشێ، کە پەیوەندیی بەو چەمکانەوە هەیە وا پێشکەشیان دەکات، بۆ نموونە (نیشتیمانپەروەری، هەستێکە پەیوەندیدارە بە نیشتیمان یان بە کۆمەڵێک کەسەوە لە جوگرافیایەکی دیاریکراودا، کەسێک بە بینینی پارچەیەک لە نیشتیمانەکەی ئەو هەستەی نابزوێ، بەقەدەر ئەو هەستەی بۆ ئاڵا یان مارشی نیشتیمانەکەی دەی جووڵێ) (ڕەزا ٢٠٠٧: ١١١).

هێما لەنێو دەقدا گرنگییەکی تایبەتی هەیە و بریتییە (لە وشەیەک یان دەربڕینێک، کە واتای فەرهەنگیی خۆی دەبەزێنێت و بۆ واتایەکی تر بەکار دێت- ئەگەرچی هەموو هێماکان وەک خواستن یان درکەن و شوێنی شتەکانی دی دەگرنەوە-، بەڵام بەوە لێیان جیا دەکرێتەوە، کە لە هێمادا کۆمەڵگە و دەروبەر لەسەر ئەو واتایە ڕێک کەوتوون و واتاکە نزیکییەکی فەرهەنگیی نییە، بەڵکوو جۆری داپۆشین و پەیوەندیی پێکهاتەیی نێو دەق و بونیادی دەربڕینەکە و بوونی ئیحایەکی کاریگەر، هێماکە پتەوتر دەکەن) (خۆشناو ٢٠١٠: ٣٠٥). کە ئەمەش دەوڵەمەندیی فەرهەنگی ئاوەزیی شیعریی هەر شاعیرێک دەسەلمێنێت لە بەکاربردنیدا.

(بۆدلێر)، کە بە یەکێک لە ڕابەرانی ڕێبازی هێماگەری دادەنرێت، پێی وایە: ((دنیا بێشەیەکی لێوانلێوی هێما و ئاماژەیە، هەقیقەت لە خەڵکی ئاسایی شاراوە و پەنهانە، تەنیا شاعیر، بە زەبری ئەو ئیدراکەی هەیەتی، لە ڕێگەی تەفسیر و ڕاڤە و شرۆڤەی ئەو هێما و ئاماژانەوە، هەستی پێ

دەكات، ئەو جیهانە جیاوازانەی وا كار لە هەست و حەواسی ئێمە دەكەن، پەیوەندیی وردیان لە نێواندا هەیە و شاعیر دەبێ كەشفیان بكات، بیاندۆزێتەوە و بۆ نیشاندانی مەبەستەكانی خۆی بە زمانێكی تر سوودیان لێ وەربگرێت)) (حسەینی ٢٠١٨: ١٧٣)، لای (بۆدلێر) هێما هەیمەنەدار و سەرتاپاگیرە و خودی ژیان وەک هێمایەک دەبینێت، بە پلەی یەک ئەركی شیتەڵكردن و لێكدانەوە بە شاعیران دەسپێرێت، شاعیرانیش زمان تاكە ئامرازی دەربڕینیانە، ئەو پەنهانی و شاراوەییەی ژیان جارێكی تر لە ڕێگەی شیعری هێمادارەوە پاچڤە دەكرێت و وەردەگێڕدرێت، تاوەكوو پەی بەو لێڵی و تەمومژەی ژیان ببرێت.

(د.فەرهاد نازرزادەی كرمانی) لە كتێبی (هێماگەریی لە ئەدەبیاتی شانۆییدا) دەڵێت: ((هێما تەنیا ئاماژەیەک نییە بۆ مانا و سیفاتی دیارییكراو، بەڵكە دەسەڵاتێكی نادیارە بۆ بەخشینی مانای جۆراوجۆر، هەروەها پانتاییەكیشە بۆ بەرهەمهێنانی دەسەڵات، بۆ نموونە شەڕ هێمایەكە بۆ وێرانكاریی و خوێن و مەرگ، هەروەها هێمایەكیشە بۆ ئازایەتی و جوامێری، بە هەمان شێوە هێمایەكیشە بۆ دەسەڵات. بە دیوێكی دیكەدا، واتە هێما پێكهاتەیەكی كاریگەر و وزەبەخشی نائاگایی مرۆڤەكانە و بە ئاراستەیەكی نادیاریكراودا دەڕواو گەردوونێكی شووشەییە و وێنەكان تیایدا پێچەوانە و چەندجارە دەبنەوە)) (كرمانی ٢٠٠٠: ٥). ئەم ڕایەی (د.كرمانی) جەخت لە بوونی دەسەڵاتێكی نادیار دەكاتەوە بۆ پێدانی مانای جۆراوجۆر، دەسەڵاتی نادیار بەو مانایەی مرۆڤ توانای لە زمانەوە تێدەپەڕێت بۆ میتازمان (میتازمان ئەو فۆرمەی زمانە، كە دەتوانێ زمانێكی تر لە زمانی ئاسایی دەربهێنێت، سا بە مانای جۆراوجۆر و ڕاڤەی جۆراوجۆری تریش). لێرەدا زمان وەک بوونەوەرێک كاژ فڕێ دەدات و بەرگی خۆی نوێ دەكاتەوە و خۆی لە مانا باوەكانی ڕادەپسكێنێت. هاوكات مەبەستێتی بڵێت هێما دەسەڵاتێكی كاریگەری تری مرۆڤە، كە وێنە و وشەكان وێنە و وشەی تری لێ دەبێتەوە، یان هەڵدەگیرێن و لە كات و شوێنی تردا دێنە سەرەوە، بەو مانایەی توانستی دانانی(هایپەرلینک)ی بۆ وشەكان و وێنەكان و دەستەواژەكان هەیە (لێرەدا هێمامان بە هایپەرلینک چواندووە، هایپەرلینک زاراوەیەكی تەكنۆلۆژییە، كە توانامان پێ دەدات دۆكیومێنتێک هەڵبگرین و لە كات و شوێنی تردا بە كرتەیەک بیهێنینەوە). (د.كرمانی) زمانی وەک دەسەڵاتێک چواندووە، ئەمە پێناسەكەی ئەوی لە پێناسەی ڕێبازە فەلسەفییە مۆدێرنەكان بۆ زمان نزیک كردووەتەوە، چون زمان و هێما بوونەوەرێكی بێجووڵە و بێگوناهـ نین، بەڵكوو سەرشارن لە نەرمەهێزی هەموو جۆرە دەسەڵاتێكی سیاسی و فەرهەنگی و ئاینی و ئەدەبی. زمان وەک پێدراوێكی هێمایی بە شێوەیەكی بازنەیی نەبڕاوە، هەمیشە لە پرۆسەی مراندن و داتاشینی هێمادایە، سا دەتوانین ئەمە ناو بنێین شۆڕشێكی بەردەوامی زهنییەتی هێماسازی مرۆڤ دژی هێما كۆنەكانی خۆی.

(جان کۆهین- Jean Kohn (١٩١٩-١٩٩٤)، توێژەری فەرەنسی لە کتێبە ناودارەکەیدا (بنیاتی زمانی شیعری)، سەبارەت بە دەلالەتی هێمایی دواوە، لە پاڵ دەلالەتی (گونجان یان هاویەکیی یان جووتکردن)ەوە، کە وەک دوو جۆر لە چەمکی واتا دایاندەنێت، ڕای وایە دەلالەتی هێمایی ئاماژە بە کاردانەوەیەکی سۆزەکیی دەدات و دەڵێت هەر بۆیە ئەرکی شیعر هێمایە، لە بەرانبەردا دەلالەتی (گونجان) کاردانەوەیەکی ئەقڵیی یان ژیرییە، کە ئەرکی پەخشانە (کۆهین ٢٠٠٨: ١٥١). بە پەشتبەستن بەو پەیوەندییەی نێوان هێما و سۆز، هێما وەک کاردانەوەیەکی سۆزەکیی مرۆڤ. هەر خودی (جان کۆهین) پێی وایە ((وشە بەپێی سەرچاوە هزرییەکانی دیاری دەکرێت، بۆ نموونە سیفەتە عاتفییەکان مانای خوازەیی دەبەخشن، دەتوانرێت گریمانەی فەرهەنگێکی هێمایی وشەکان لە سەر بنەمای پێوەرە سۆزدارییەکان بخرێتە زەینەوە، بۆ نموونە وشەی سوور، هێمای توورەیی و توندوتیژی و هەڵچوون دەبەخشێت، لە کاتێکدا وشەی شین هێمای هێمنی و لەسەرخۆیی دەبەخشێت)) (سەرچاوەی پێشوو: ١٥٦).

پەیوەست بە بەکارهێنانی هێما لای شاعیران، پێویستە ئەوە بخەینە ڕوو، کە مەرج نییە ئەو هێمایەی لای شاعیرێک، بۆ گەیاندنی واتایەک بەکار دێت، لای شاعیرێکی تریش هەمان واتا بگەیەنێت، (دەشێ شاعیرێک بۆ گەیاندنی دوو واتای جیاواز هێمایەک بەکار بهێنێت، لەبەرئەوەی هێما خاوەنی سرووشتی فرەڕەهەندیی واتایی و نەبوونی قەوارە و ڕەنگێکی دیاریکراوە، هەربۆیە گەلێک لێکدانەوە و تێگەیشتنی جیاوازیش لای خوێنەرانی درووست دەکات، لەم کارەشدا ئەزموونە شیعری و دەروونییەکانی شاعیر ڕۆڵ دەبینن، بە تایبەت لەو هێمایانەی وا داهێنراوی خودی شاعیرن، چونکە لەم جۆرەدا داهێنەر ئازادییەکی زۆری لە گەشەدان بە واتاکان هەیە، وێڕای ئەوەش خاوەنی کۆمەڵە کلیلێکی تایبەتییە، کە بەهۆیانەوە خوێنەران دەباتە نێو جیهانەکانی خۆیەوە) (کەریم ٢٠٠٩: ١٥٧).

ئەرکی سەرەکیی هێما لە ئەدەبیاتدا ((زیادکردنی بەهایەکی نوێیە بۆ شتێک، یان کارێک، بێ ئەوەی لە بەها مێژوویی و ئێستاییەکەی کەم بکاتەوە)) (Cirlot ١٩٧١: ٢٠)، ئەمە ئەو ئازادیی بەکاربردنە بۆ شاعیران دەستەبەر دەکات، کە خۆی بە هێما باو و مێژووییەکانەوە نەبەستێتەوە، بەڵکوو برستی ئەوەی پێ دەدا لە سیاقی دەقەکەیدا خۆشی مەدلوولی نوێی بۆ سەربار بخات. بەها و ئەرکی هێمای ئەدەبیش لە ناو خودی هێماکەدایە، نەک لە دەرەوەی، ((چونکە زمانی شیعر زمانی ئاماژەیە، لە کاتێکدا زمانی ئاسایی زمانی ئاشکرایە، شیعریش وای لە زمان کردووە ڕێگەت پێ بدات شتێک بڵێیت کە لە ڕێگەی خۆیەوە نەبێت، دەرنابڕدرێت)) (ادونیس ١٩٧٠: ١٢٦)، بەو هۆیەی لە ئەدەبیاتی نوێ و ئێستادا شیعر گرێدراوی دەروونێکی هەزارلۆ و توێتوێ و پێچاوپێچی شاعیرە، بە

دیدی ئەدۆنیس بۆ ئەوەی وێنای ئەو دەروونە بکات و ئیقاعداری بکات، پەنا دەباتە بەر زمانی شیعر، باشترین تەکنیکیش بۆ ئەمە، هێمایە، چون هێما ئەو هارمۆنییەت و پارسەنگییە دەپارێزێت.

کەم کاری ئەدەبی دەبینرێت سەرشار نەبێت لە هێما، تا هێماکان زۆرتر بن، زیاتر زمانی دەقەکە بەرەو زمانی شیعری دەڕوات. شاعیر هێما بەکار دەبات، تاوەکوو لە بیرە پەتییەکان (ئەبستراکت) نزیک بێتەوە، بیرە پەتییەکانیش ئەو بیرانەن یان ئەو حەز و ئاواتانەن ئاشکرا نابن و بە بەرجەستەیی ناکەونە بەر چاوان، ((ئەمەش بەهۆی ترسەوە بێت، وەک ترسی سیاسی و کۆمەڵایەتی و کەلتووری و ئاینییەوە یان لەبەر فەوتانی ئەو پیرۆزییەی وا لە تەجریدبوونی تەواوەتیی بیرۆکەکاندا هەیە، بە جۆرێک کە ئەگەر بەرجەستە ببن، ئیتر پیرۆزیی و چێژی ئەدەبیات نامێنێت. سرووشتێکی کاری ئەدەبیش ئەوەیە، کە پڕە لە حەزی کامڵنەبوو و لە بیری ناکام، لێرەوە هێماش نوێنەری هەموو ئەو ئارەزوو و بیرانەیە، کە نایانەوێت ئاشکرا بن)) (ئیبراهیم ٢٠١٢: ١٢٨).

دەرکەوتووترین ڕێسای شیعری بە بڕوای (بۆدلێر) بوونی ئاڵۆزیی و شاراوەیی و پەنهانییە، کە لەڕێگەی هێماوە دەبێت، لە شیعردا کە بە عەرەبی ناسراوە بە (الغموض-شاراوەیی) لەگەڵ ئەوەشدا (نوێکاری-حداثە)ی تێدایە. بە بڕوای (بۆدلێر) شیعری نوێ ئەو شیعرەیە، کە تێدەپەڕێ و دەرباز دەبێت، بە شێوازێکی تر (بۆدلێر) دەیەوێت چوارچێوە کۆنەکان تێک بشکێنێت و شێوازە ناسراوەکان تێک بدات، ئەو دەڵێت هەڵبەستی نوێ لەگەڵ جیهاندا دەپەیڤێت، لێرەدا دەیەوێت پەیوەندییەکی چڕ لە نێوان هەڵبەستی نوێکاری و جیهاندا پەیوەست بکات، ئەو جیهانەی پڕە لە ئازار و خەم هەڵبەستێکی دەوێت، کە پەیوەست نەبێت بە کۆمەڵگەیەک یان گەلێک یان نەتەوەیەک. لێرەوە هەڵبەستەکە و جیهان یەکدی دەگرنە ئامێز و هەموو جیهان دەبێتە هەڵبەستێک، وەک ئەوەی ئێمە خودی خۆمان و کەسێتیی کەسانی تر لە ڕێگەی هەڵبەستەوە ببینین (تاوریریت ٢٠١١: ٥٨).

(هێماییەکان) نادیاریی شیعر بە مەرجێکی گرنگی شیعر هەژمار دەکەن، هەر خودی (بۆدلێر)یش ئاماژە بۆ بنیاتێکی گرنگی دیکەی شیعر دەکات و دەڵێت: ((دوو شت پێویستن بۆ شیعر: بڕێک لە ڕێکخستن و دانان و شتێکی ئەوتۆی ڕۆحیی ئاماژەیی یان نادیاری، وەک ئەوەی ڕێڕەوێکی شاراوە بەکار بهێنێت بۆ بیرۆکەیەکی نادیار. بە واتایەکی تر شیعرییەت وەک (بۆدلێر) بڕوای پێ دەهێنێت پەیوەندیی بە سەردەمەوە نییە و لە سەر بنەمای شۆڕش دژ بە نەریتەکان و دابە کۆنەکان دەکرێت، شیعرییەتی هێمایی یاخیبوونێکە دژ بە بنەماکانی شیعرییەتی پێشوو)) (سەرچاوەی پێشوو: ٥٩).

دەبینین (د.عزەدین ئیسماعیل)یش لای خۆیەوە لەبارەی هێما لە ناو دەقدا دەڵێت: ((خودی هێمای زمانی، هێمایەکی زاراوەییە، تێیدا وشە ئاماژەیەکی ڕاستەوخۆ بۆ بابەتێکی دیاریکراو دەکات،

هەواڵنامەی کتێب

هەروەها وشەکە ئاماژە بۆ ئەو شتە دەکات کە بەم وشەیە ئاماژەی بۆ کراوە، بەڵام بێ ئەوەی پەیوەندییەکی ناوکۆیی (علاقە التداخل) و تێکەڵبوونێک هەبێت کە لە نێوان هێمای شیعری و بابەتەکەیدا، لە نێوان هێما و هێمابۆکراودا)) (اسماعیل ١٩٨٤: ١٩١)، واتا هەموو کات مەرج نییە هێما و هێمابۆکراو پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆ لە نێوانیاندا هەبێت، دەشێت پەیوەندییەکە دووراودوور و لە تێکەڵبوونی تایبەتمەندییەکی لقیی هەر یەکەیانەوە هاتبێت. ئەم ڕاوبۆچوونەی (د.عزەدین ئیسماعیل)، پێشینەی هەیە، بەوەی کە پەیوەندییەکی دووراودووری لقی، چ هەستی بێت یان دەروونی لە نێوان هێما و هێما بۆکراودا هەبێت. بۆ نموونە (بەشداربووانی کۆبوونەوەی کۆمەڵەی فەلسەفەی فەرەنسی، کە لە مارتی (١٩١٨)دا بەسترا، هاوڕابوون لەسەر ئەوەی کە هێما شتێکی هەستییە، وەکو ئاماژە دادەنرێت بۆ شتێکی واتایی، کە هەستەکان نایپێکن و ئەمەش لەسەر بوونی لێکچوونی نێوان دووشتدا بنیات دەنرێت، هەر ئەو کۆبوونەوەیە واتای وردی هێمای بەم شێوەیە شیکردەوە: هێما پێویستی بە دوو ئاست هەیە، ئاستی وێنە هەستییەکان، کە دەبن بە بۆتەی هێماکە و ئاستی بارە واتاییە هێمابۆکراوەکان. کاتێک ئەم دوو ئاستە بە پرۆسەیەکی داهێنان لە یەکدەدرێن هێما درووست دەبێت، هەروەها پێویستە پەیوەندییەکی لێکچوون لە نێوانیاندا هەبێت و ئەو لێکچوونەش لە لایەنە دەروونییەکانەوە بێت، نەک لێکچوونێکی هەستیی دیار) (سالار ٢٠٠١: ٥٣).

لە کۆی گشتیی و گوشراوی ئەو ناساندنانەی هێما وەک زاراوە و چەمک و هاوکات هێما لە نێو ئەدەبیاتدا، دەگەینە ئەوەی هێما زاراوەیەکی کۆن و چالاک و بەردەوامبەکاربراوی نێو میللەتانە، لە کورترین پێناسەیدا بەکاربردنی شتێکە (وشە یان وێنە یان نیشانەیەکی نازمانی) لەبری شتێکی تر، کە پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆ یان لەخۆوە لە نێوانیاندا هەیە، پرۆسەی هێما خۆی لە خودی هێماکە و هێمابۆکراودا دەبینێتەوە، سیاق و ڕێکەوتن ڕۆڵی هەیە لە درووستکرنی هێمادا، هێما لە زەمینەی فراوانکرنی واتای نوێدا بەشدارە. هێما لە ئەدەبیاتیشدا بەرجەستەکەر و وەرگێڕی هەست و نەستی شاعیرانە، لە ڕێگەی هێماوە دەقی ئەدەبی کورت و چڕ دەبێتەوە، شیعر لە ڕاستەوخۆیی و ڕاشکاویی دوور دەخاتەوە، شاعیران بەردەوام پەنایان بۆ بردووە، بۆ هەر مەبەستێک بێت، وەک مەبەستی ئیستاتیکی و دەروونی و سیاسی و ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتی و... هتد، کە لە بەشەکانی تردا بەدرێژی لێیان دەدوێین.

## سێیەم: هێما لە زماندا

زمان کۆمەڵە هێمایەکی دەنگییە، هەریەک لەو هێمایانە هەڵگری واتاگەلێکن، ئەرکی مێشک گۆڕینی ئەو هێما دەنگییانەیە بۆ واتاکان. ئاشکراشە هێما بابەتێکی دیاری نێو زانستی زمانە (زمانەوانی). (زمانەوانی بریتییە لە لێکدانەوەیەکی زانیارییانەی مرۆڤ، لەو لایەنانە دەکۆڵێتەوە کە دەکەونە سەر سنووری زانستەکانی وەک کۆمەڵناسی و دەروونناسی و مێژوو و ئەدەب، هاوکاتیش

کەڵک لە زانیارییەکانی بایۆلۆژی و دەمارناسی و ماتماتیک و لۆژیک و هێمالۆژی وەردەگرێت. ئەم زانستەی دوایی هێمالۆژی پەیوەندییەکی پتەوی لەگەڵ زمانەوانیدا هەیە، چونکە هەردووکیان پشت بە هێما دەبەستن، بریتین لە لێکدانەوەی فۆرم و واتا، تاکە جیاوازییان لەوەدایە هێمالۆجی خەریکی لێکدانەوەی هەموو جۆرە پەیڕەوێکی هێماییە و دەیەوێت پەیوەندیی نێوان فۆرم و واتای هەموو هێمایەک ئاشکرا بکات و بزانێت پەیوەندییەکە ڕێکە یان نارێکە، ڕاستەوخۆیە یان ناڕاستەوخۆیە، هەرچی زمانەوانیشە خەریکی لێکدانەوەی جۆرێکی تایبەتی هێمایە کە بە هێما زمانییەکان ناودەبرێت) (فتاح ٢٠١١: ٤٠).

(د. محەمەدی مەحویی) سەبارەت بەم زانستەی دوایی دەڵێت: ((زانستی هێما یان (هێمالۆژیی) پێناسەی جۆراوجۆری بۆ کراوە، پەیکاڵ لەگەڵیاندا بە (لێکۆڵینەوە و پشکنینی زانستیی هێماکان)، بە هەڵسوکەوتە ڕەمزییەکان(symbolic conduct) و بە (پێڕەوەکانی کردەی گفتوگۆکردن و لەیەکگەیشتن و گەیاندن (communication systems)دانراوە و وەک ئەوانە سەیر کراوە. زانستی هێما بە شێوەیەکی سەرەکیی پەیوەندیی و مامەڵەی لەگەڵ پێڕەوەکانی گفتوگۆکردن و لەیەکگەیشتن (گەیاندن)دا هەیە و تێیدا گفتوگۆ و مشتومڕ لەسەر جیاوازیەکانی نێوان (نیشانە (sign) و ڕەمز(symbol) و برووسکە/ ئیشارە(signal ) کراوە)) (مەحویی ٢٠٠٩: ٢٨). بەپێی ئەو ناساندنەی (د.مەحویی)، هێمالۆژی وەک زانستێکی دیار لە ناو زانستی زماندا کاردەکات، هەر بۆیە هێما و کردە و هەڵسووکەوتە هێمادارەکان، ڕۆڵیان هەیە لە پرۆسەی تێگەشتن و خێراگەیاندندا. هەر لەو کتێبەدا د. مەحویی سێ چەشن لە هێمای لە زماندا جیاکردووەتەوە (سەرچاوەی پێشوو: ٣٩-٤٠):

١ -هێمای سرووشتیی: لەم هێمایانەدا یەکێک لە دیوەکانی هێماکە لە ئەنجامی دیوەکەی دیکەوە دێتە کایەوە. ئەم چەشنە بە مرۆڤ درووست ناکرێت، پەیوەندیی نێوان هەور و باران، یان ئەوەی نێوان سەرما و نزمبوونەوەی پلەی گەرمادا نموونەی دیوەکانی ئەم ڕەمزەن.

٢ -هێمای وێنەیی: ئەوانەن، کە تیایاندا فۆرم و واتا لەیەک دەچن. بە واتا پەیوەندیی لێکچوون لە نێوان دەنگ و واتادا هەیە. دەشێت لەیەکچوونەکە بە ڕاستیی/ لە ڕاستەقینەدا (واقیعدا) هەبێت و پێش دەچێت وەها بەبیردا بێت، کە لێکچوونەکە هەیە. بۆ نموونە ڕەنگی سوور لە پێڕەوی هاتوچۆدا بە واتای مەترسیی و وەستان دێت، چونکە ڕەنگەکە ڕەنگی خوێن و مەترسییە. ئەم چەشنە هێمایە (بەزۆری) دەستکردی مرۆڤ خۆیەتی.

٣ -هێمای دەستووربەدەر و لەخۆوە: لێرەدا نە لەیەکچوون لە فۆرم و واتادا هەیە و نە پەیوەندییەک دەیانبەستێت بە یەکەوە. بۆ نموونە، هۆیەک بۆ ئەوە نییە، بۆچی مرۆڤ هێمای(√)ی بۆ

"ڕەگ" و هێمای(دایک)ی بۆ "دایک" داناوە. زمانی مرۆڤ بە شێوەیەکی گشتیی و سەرەکیی تەنها هێمای دەستووربەدەر و لەخۆوە بەکار دەهێنێت، لەمەوە تێ دەگەین، کە هێما لە چەند پێڕەوێکی جیاوازدا هەیە و لەکاردایە و ڕێژەی ئاڵۆزیی پێڕەوەکانیش جیاوازن و وەکیەک نین. ئەم سێ جۆرەی هێما، ئەوەمان پێدەڵێت، کە مرۆڤ لە دروستکردنی هێمادا، لە سادەوە بۆ ئاڵۆز ڕۆیشتووە، قۆناغ بە قۆناغ توانست و توانای زیادی کردووە، لە یەکەمیاندا کە هێمای سرووشتییە، هێما و هێمابۆکراو زۆر دوور نین لەیەکەوە و پێوەندی تۆکمەیەیان پێکەوە هەیە. لە دووەمیشاندا، هێمای وێنەیی، پێوەندییەکە وردتر دەبێت و لە نێوان دەنگ و واتادایە. لە سێیەمیاندا، هێمای دەستووربەدەر و لەخۆوە، ناوەکەی بەخۆیەتی، بەهۆی بەرەوپێشچوونی توانای مرۆڤ لە بوارەکاندا، پێڕەوی هێمادانانیش ئاڵۆزتر بووە.

(میشێل هالیدای)(Michael Halliday )(١٩٢٥-١٩١٨)، گەورە زمانناسی بەریتانی، چەند ئەرکێکی سەرەکیی زمان دیاری دەکات، یەک لەوە ئەرکانە، ئەرکی هێماییە، دەڵێت: (ئەم ئەرکە زۆر گرنگە بۆ تۆمارکردن و پاراستن و گەیاندنی ئاین و ئەدەب و کولتوور و نەریت و بەها و میرات، کە بەزارەکی بنیات دەنرێت و لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی تر بە هێمادانان، کە نووسینە، دەپارێزرێت) (حسەین، ٢٠١٤: ٨٧)، بە دیدی (هالیدای) ئەو وشانەی دەبنە هێما جیا لە هەر وشەیەکی تر، تەمەنیان درێژە و زیاتر بڕ دەکەن، چون بارگاوین بە کولتوور و دین و بەهاو و نەریتەکان، هێمای وەک قاسەیەکی زمانی بینیوە و تایبەتمەندی هەڵگرتنی درێژمەودای هەیە.

هێما نوێنەری کەس و شت و ڕووداوە، بێ ئەوەی شتەکە لەو کاتەدا ئامادە بێت یان نا، بەم پێیە وشە دەچێتە خانەی هێماوە، چونکە ((وشە نوێنەرایەتیی شتێک دەکات خۆی نییە، ئەمەش وا ڕوون دەکاتەوە لێکچوون لە نێوان فۆرم و واتادا نییە، ئەو پەیوەندییەی لە نێوان فۆرم و واتادا هەیە ڕێکەوتنێکی کۆمەڵایەتییە، ئەگەر ڕێکەوتنی نەبا، ئەوا لە هەموو زمانەکانی جیهاندا یەک فۆرم بەرانبەر یەک واتا دەبوو، بەڵام هەروەک دەبینین لە هەر زمانێک فۆرمێک دانراوە، بۆ نموونە تەنێکی وەک: دار لە زمانی کوردییدا (دار) دانراوە و لە زمانی عەرەبیی (شجرە) دانراوە، کە پێک هاتووە لە فۆنیمەکانی (ش+ە+ ج+ە+ ر+ە) لە زمانی ئینگلیزیی (Tree) دانراوە، کە پێک هاتووە لە فۆنیمەکانی (T+r+ee) بەم پێیە پەیوەندیی نێوان فۆرم و واتا پەیوەندییەکی لەخۆوەیە)) (صالح ٢٠١٩: ٩٠). فۆرم و واتا بە هەردووکیان هێما پێک دێنن و پەیوەندییەکی بەهێز بەیەکەوەیان دەبەستێتەوە بە جۆرێک باس لە هەریەکەیان بکەین ئەوەی تریان ڕادەکێشێت، فۆرم بە تەنها نرخی نییە، ئەگەر واتای نەبێت گوزارشتی لێ بکات.

(فێردیناند دی سۆسێر)(١٨٥٧-١٩١٣) زمانناسی بەناوبانگی سوویسری، پێی وایە ئەو پەیوەندییەی لە نێوان فۆرم و واتادا هەیە، وەکوو دوو ڕووی دراون و ناتوانن لەیەک جیا بکرێنەوە،

هەر بۆیەش ئەم دوو زاراوەیە لەیەک جیا نابنەوە و بە جیابوونەوەیان هێماکە نرخەکەی ون دەکات (سەرچاوەی پێشوو: ٩١).

وەک ئاماژەی پێ درا، زمان تایبەتتر سەروکاری لەگەڵ هێمای زمانییدا هەیە، هێمای زمانییش (بریتییە لە ڕۆنانێک کە دوو دیو یان دوو ڕووی هەیە، دیوێکی پێک هاتووە لە ڕیزە دەنگێک کە بەر گوێ دەکەوێت (دەبیسترێت) و دیوەکەی تری بریتییە لە بیرێک کە بەرانبەر ڕیزە دەنگەکە دێت و لە مێشکی مرۆڤدا هەڵگیراوە، هەردوو دیوی هێماکە، دەنگ و بیر بەهۆی کاری تێکەڵکردنەوە بە یەکترەوە لکاون) (فتاح ٢٠١١: ٤٤).

تایبەتمەندییەکانی هێمای زمانی بریتین لە:

١ -پێویستی بە قسەکەر و گوێگرە کە پەیام و مەبەستێکی هەڵگرتووە.

٢ -پەیوەندیی نێوان فۆرم و هێما لەم جۆرە هێمایەدا پەیوەندییەکی لە خۆوەیە (Arbitrary) و لێکچوون لە نێوانیاندا نییە.

٣ -هێمای زمانی هەڵگری مەبەستێکە و ئاخێوەر بەکاری دەهێنێت بۆ گەیاندنی مەرام و ئامانجی خۆی.

٤ -ئەو شتە نانوێنێت کە نوێنەرایەتی دەکات، چونکە شتێکە خۆی نییە، هەر بۆیەش پێویستی بە لێکدانەوە هەیە (صالح ٢٠١٩: ٩٢).

وتراوە زمان هێمایە، زمانێکی پڕ هەست، کە دەمانەوێ لە ناخمانەوە هەڵقوڵێت و پیشانی بدەین، کە گوزارشت لە بیر و دەروونمان دەکات، تیایدا بۆ بیروباوەڕەکانمان کەڵکمان لێ وەرگرتووە، دەشمانەوێت لە ڕێگەیەوە ئەوە دەربخەین، کە پەیوەندییەک هەیە لە نێوان هێما و هێمابۆکراو هەیە، (بۆ نموونە خاچ (Cross) کە هێمایەکی گرنگە لە مەسیحییەتدا و لە ڕێگایەوە دەناسرێن، لە ڕێگایەوە دەربڕینی هەست و نهێنیی بیروباوەڕیان دەردەبڕێت، هەروەک مانگ (Crescent)لە ئیسلامدا، ئەستێرەی شەشلا (star of David) لای جوولەکەکان، هەروەک چەکوش و داس (Hammer & Sickle) لە شیوعییەتدا، ڕەنگی سوور بۆ ئیشتراکییەت و شۆڕش، هەروەها گەلێ هێمای تر کە دەربڕینە بۆ بیروباوەڕی ئایدۆلۆجیای فکری و فەلسەفی و... هتد) (صبری ٢٠١٥: ٩).

نیشانە، کە جۆرێکی هێمای نازمانییە، نزیکایەتی لەگەڵ هێمادا هەیە، لە نیشانەدا ڕاستەخۆ پەیوەندیی لێکچوون لە نێوان فۆرم و واتادا هەیە، وەک پەیوەندیی نێوان (هەور) و (باران)، (سپیبوونی پرچ) و (پیری)، واتا و نیشانە پەیوەندییان بە بڕیاری کۆمەڵگەوە هەیە، ئەم بڕیارە

زۆری و کەمی هەیە (صالح ٢٠١٩: ٩٢)، بەڵام لە هێمادا مەرج نییە ئەو پەیوەندییە لێکچوونە باوە هەبێت، گەر هەشبێت ئەوە تێدەپەڕێنێت و واتای زیاتری لێ دەکەوێتەوە، بۆ نموونە (هەور و ڕەنگەکانی) وەک هێما وەربگرین، هەوری ڕەش هێمایە بۆ بەختی خراپ و شەڕ و ئاژاوە، هەوری سپی هێمایە بۆ ئاسوودەیی و پاکێتی.

هەر لەم ڕووەوەوە، هێما لای زانا نوێیەکانی زمان تایبەتمەندە بە صەلاحییەتی بەکارهێنان لە مەبەستە جیاوازەکاندا، بەڵام نیشانە تەنها یەک دەلالەتی هەیە، فرەیی قبووڵ ناکات و ناکرێت جیاواز بێت لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی دی، چوون کۆمەڵگا ڕێک کەوتووە لەسەر دەلالەتەکەی (عشری٢٠٠٢: ١١٣)، وەک ئاماژەکانی هاتوچۆ کە سێ ڕەنگەکەی هەمان مەدلولی هەیە لە هەر شوێنێکدا. لە پەیوەندیی نێوان نیشانە و هێمادا (سۆسێر) دەڵێت: ((وشەی هێما بۆ نیشانەی زمانی یان بە شێوەیەکی وردتر بۆ ئاماژەدان بەوەی کە ئێمە فۆرمی پێ دەڵێین، بەکار هێنراوە، بەڵام بۆ قبووڵکردنی ئەم زاراوەیە هەندێ ئاریشە لەئارادان، یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی هێما ئەوەیە کە هیچ کاتێک بە تەواوەتی هەڵبژاردنی نییە، بەڵکوو تێیدا جۆرە پەیوەندییەکی سرووشتیی، هەرچەنە کەمیش بێت، لە نێوان فۆرم و واتادا هەیە، بۆ نموونە ناتوانین گالیسکەیەک لە جیاتی تەرازوو، کە هێمایە بۆ دادوەری، دابنێین)) (مشەختی ٢٠١١: ٧٩).

(ئێرنست کاسیرەر)یش جیاوازیی نێوانیانی بەوە کرد (ئاماژە بەشێکە جیهانی بوونی مادی، بەڵام هێما بەشێکە لە واتای مرۆڤایەتی، ئاماژەیەکی هەستپێکراوە و ئاماژە بۆ یەک شتی دیاریکراو دەکات، هێما گشتییە... جووڵاو و گوازراو و جۆراوجۆرە) (حمدان ١٩٨١: ٢٦). هەموو ئەوانە بەڵگەن کە هەر یەک لە هێما و ئاماژە توانای تێپەڕاندنی دەربڕینی شتێکی تریان هەیە، جگە لە خودی شتەکە، بەڵام (نیشانە یان ئاماژە هەر چییەک بێت بەستراوەتەوە بە مەدلوولەکەی بە ڕاستەوخۆیی، بۆ نموونە تیشکی خۆر نیشانەی ئەوەیە کە خۆر دەرچووە) (مندور ١٩٧٤: ١٧٧)، بەڵام وشەی (خۆر) هێمای شتێکی ناونراوە.

توێژەران گرنگیان دا بە پۆلێنکردنی جۆرەکانی نیشانە و ئاماژە بۆ جیاکردنەوەی لە هێما، زۆربەی زانایان پێیان وایە کە (هێما سەر بە چەمک و وێنا و بیرۆکەگەلێکە، لە کاتێکدا نیشانە دەلالەت لە بابەت و شتگەلێکی هەستپێکراو دەکات، ئەم جیاکارییە شۆڕ دەبێتەوە بۆ درکپێکردن، درکپێکردنی ئەوەی هێما مەبەستێتی درکپێکردنی ئەو بیرۆکەیە دەخوازێت کە هێمای بۆ دەکات، بەڵام نیشانە تەنها درکپێکردنی ئەو شتەیە کە هەستەکان (الحواس) دەلالەتی لە سەر دەکەن) (الخاقانی ٢٠٠٦: ٢٠).

(چارلس ساندرێس پێرس) ( Charles Sanders Peirce) (١٨٣٩-١٩١٤) فەیلەسووفی ئەمریکی، کە دامەزرێنەر و پێشەنگی فەلسەفەی پراگماتیزمە، هاوکات یەکێکە لە پێشەنگان و توێژەرانی هێما و تیۆری هێمایی، کە پەیوەندیی پتەوی لەگەڵ واتادا لە پراگماتیزمدا، هەیە. تیۆرێکی هێمایی دانا، وەک ئەوەی دی سۆسێر، تەنها زمانەوانی نەبوو، بەڵکوو بۆ بنیاتنانی سیستەمێکی نوێی زانین بوو، کە هەریەکە لە فەلسەفە و فینۆمینۆلۆژی و لۆژیک و سیمیۆتیکی لەخۆ گرتبوو، چونکە بە بڕوای پێرس ئێمە تەنها لە هێمادا بیر دەکەینەوە و هەروەها بۆ (پێرس) سەرجەمی هزر لەسەر هێما وەستاوە، هەروەها هەموو هزر لە هێمادایە. بە پێچەوانەی (سۆسێر)، هێما لای پێرس بچووکترین یەکە نییە، بەڵکوو سادە و ئاڵۆزە. هەر بابەت و شتێک، هەرچەندە ئاڵۆزیش بێت، دەشێ وەک هێما دابنرێت لەو ساتەوەی کە دەخزێتە نێو پرۆسەی سیمیۆتیکەوە، کە پرۆسەیەکی سێپاژیی نێوان نواندن و بابەت و ڕاڤەیە (صابر ٢٠١٦: ٦٠٥). بەم پێیە هێما لای پێرس فراوانتر و گشتگیرترە، ئەوەی کە سۆسێر تەنها لە زماندا ئاماژەی پێداوە، بەڵام پێرس وەک بابەتێکی پەیوەند بە نزیککردنەوەی کولتوورە جیاوازەکان لێی ڕوانیی، هەڵبەت لە چوارچێوەی فەلسەفە و دیاردەناسییدا (تێگەیشتنی مرۆڤ لە جیهان) لای میللەتان جێی کردەوە.

(پێرس) هەر سێ زاراوەی ئایکۆن و ئیندێکس و سیمبۆڵ ڕوون دەکاتەوە و دەیانناسێنێت (سەرچاوەی پێشوو، ٦٠٩-٦١١):

١-ئایکۆن لە سیمیۆتیکی پێرسدا، هێمایەکە ڕووکەشی بابەتەکە دەنوێنێت و وەک قاوغێک دەبینرێت، لەم دۆخەدا هاویەکی و هاوشێوەیی لە شت و هێماکەیدا دەرەکییانەیە. ئەم جۆرە لە پەیوەندیی بریتییە لە هاوپەیوەندیی ئاکتەکی، وەک دەنگ و شێوە و کاریگەرییەکانی، فۆتۆ و تابلۆ و پۆرترێتەکان. لێرەدا، دەشێت وەک کانت بڵێین کە "شت بۆ ئێمەیە"، وەک ئەوەی کە فینۆمێنێکی بەرهەستییە، شیاوی ئەوەیە لە ئایکۆندا بە هێما بکرێ.

پۆرترێتی کەسێک وەک تاکەهێمایەکی تایبەتمەند دەناسرێت و دەبێتە ئایکۆنی کەسەکە، بوونی تابلۆی کەوچک و چنگاڵ هێمای هەبوونی خواردنگەیە لەو دەوروبەرە.

هێما بابەتێکە کە هێمایاندوویەتی، بۆ نموونە پۆرترێتێک هێمایە، چونکە وێنەی بابەتێک دەداتەوە، یان نەخشەی خانوویەک بریتییە لە ئایکۆنی خانووەکە. ئایکۆن کارەکتەر و هێماکارە، بە کورتی هێمایە بۆ شتێک و هاویەک و هاوبەشییەکی لەگەڵدا هەیە.

٢ -ئیندێکس(ئاماژە): لای پێرس بریتییە لە هێمایەک کە فیزیکییانە لە پەیوەندیدایە لەگەڵ بابەتێک و نیشاندەرەکەی یان هۆکارەکەی، کە پەیوەندیەکی هۆیی نێوان هێما و هێمابۆکراو دەردەخات. بۆ نموونە تەقەی دەرگا ئاماژە و هێما بۆ بوونی کەسێک دەکات، بوونی دووکەڵ ئاماژە و هێمای

ئاگرکەوتنەوەیەو... هتد. کەواتە ئیندێکس بریتییە لە پەرچەکرداری ڕیالییانە(واقیعیانە) لەگەڵ شتێکدا، چونکە هێما دڵنیامان دەکاتەوە کە ئاماژەی بۆ بابەتێکی هەبووی نێو ڕیاڵ(واقیع) کردووە، بەڵام هێما زۆرجار هیچ پەیوەندیی و هاویەکییەکی لەگەڵ بابەت و شتەکەدا نییە.

٣-سیمبۆڵ: سیمبۆڵ دەبێتە نیشانە، ئەگەر ئاماژەی بۆ بابەتەکە کرد بە فەزیلەتی نەریت و یاسا و ڕێککەوتن، ڕێساکانی نیشانە دەشێت پێشینەیی (پێش ئەزموونی) و پاشینەیی (پاش ئەزموونی) بن. هەرچی هێماشە دەکەوێتە سەر چۆنێتیی ڕاڤەکردن و تێگەیشتن، وەک لە ڕەفتار و نەریت و واتاکانیان. هەروەها، دەشێ سرووشتی یان کەلتووری، ئەبستراکت یان لۆژیکی بن. زۆر هێما هەن کە کەلتوورییانە و کۆمەڵایەتییانە لەسەریان ڕێک دەکەوین، بەمەش هێما دەبێتە یاسایەک بۆ تێگەیشتنی هاوبەش، هەروەک "ئەسپ" کاتێک بە هێمای هێز و توانا و "کۆتر" هێمای ئاشتی و "خۆر" بە هێمای ئازادیی دەناسرێن. یان وەک هونەری کلاسیکی و گریکی و میسری کە "هیگڵ" وەک هونەری هێمایی وێنای کردووە. هاوکات، بڕیاری لۆژیکیی، کە دەربڕینێکی زمانیی تایبەتە، بریتییە لە هێما کاتێک هزری لۆژیکیی فەیلەسوف دەردەبڕێت، وەک لای فریگە و ڕەسڵ و ڤیتگنشتاین دەبینرێتەوە.

لەم بابەتەوە دەگەینە ئەو دەرئەنجامەی، کە زمان جگە لەوەی ئەرکی تێگەیشتن و گواستنەوەیە، هاوکات لە ڕێگەی هێماوە ئەرکێکی جیاوازتری کەوتووەتە سەر، کە دەربڕینە بە فۆرمێکی دیکە و واتایەکی بارکراوی دیکە (واتای ڕووکەش و قووڵ)، لە پێناوی شاردنەوە و ئاشکراکردندا. هەروەها جیاوازی و نزیکایەتی هەیە لە نێوان هێما و زاراوەگەلێکی زمانی تر. بەناوهێنان و باسکردنی تایبەتمەندی هەر یەک لەو زاراوە زمانییانە (نیشانە و ئیندێکس و ئایکۆن)، هێماش بیردەکەوێتەوە و بەرباس دەدرێت.

## چوارەم: هێما لە دەروونناسیدا

بەو هۆیەی هێما نوێنەرایەتی هەستێک، یان ئایدیایەک یان وێنەیەک دەکات، هێماش لە نێو بیر و دەرووندا لێک دەدرێتەوە و کاریگەری جێ دەهێڵێت، لێرەوە دەروونناسان لایان لەم زاراوەیە کردووەتەوە و بووەتە جێی بایەخیان، بەتایبەتی لای هەردوو گەورە دەروونشیکاری جیهانی (سیگمۆند فرۆید)(Sigmund Freud)(١٨٥٦-١٩٣٩ز) و (کارڵ گۆستاڤ یۆنگ)( Carl Gustav Jung) (١٨٧٥-١٩٦١ز).

جێی باسە لەسەر بنەمای کارەکانی (فرۆید) میتۆدێکی نوێ هاتە کایەوە، کە ڕێبازی دەروونناسیی ئەدەب بوو، فرۆید هەوڵەکانی خۆی لە سەر ئەفسانە و چیرۆک و بەسەرهاتە کۆنەکان تۆخ کردەوە بۆ دۆزینەوەی ڕەگەزی دەروونی لەو ڕووداوانەدا، وەک لێکۆڵینەوە لە

ئەفسانەی ئۆدیبی (سۆفۆکلیس)ی یۆنانی. ئەم هەوڵەی (فرۆید)، کە ئاوڕی دایەوە لە ئەفسانە و بەشێکی ئەدەبی گەلانی کۆن، خۆی لە خۆیدا بە سەرەتاکانی مێژووی سەرهەڵدانی دەروونزانیی ئەدەبی لەقەڵەم دەدرێت، چونکە (فرۆید) لەم کارەیدا دەرگای لە سەر ئاوێزانبوون و ئاوێتەبوونی ئەدەب و دەروونناسی لەگەڵ یەکتردا کردەوە. بەم کارەشی بەردی بناغەی دەروونشیکاریی ئەدەبی دانا و ڕێگەخۆشکەر بوو بۆ لێکۆڵەران و توێژەرانی دوای خۆی، کە ئەم هەنگاوە بە جیا و سەربەخۆ لە ڕێبازەکانی لێکۆڵینەوەی ئەدەبیدا وەربگرن و وەک قوتابخانەیەک ناوزەندی بکەن. تەنانەت ئەو باوەڕە گرنگەش درووست بوو، کە هونەر و ئەدەب بە گشتی (دیاردەیەکی دەروونین وەک ئەعساب و خەونبینن، بەو مانایەی کاری ئەدەبی کایە و مەیدانێکە بۆ هونەرمەند و ئەدیب تا باری دەروونیی خۆیان لەو کایەیەدا دابڕێژن و دەری بخەن، چونکە هونەرمەند جیهانێک دەخوڵقێنێ لە ناو هونەرەکەیدا تا بتوانێت ئارەزووە بەستراوەکانی خۆی تێدا دابنێت، بەم شێوازە دەروونزانی و ئەدەب وەک دوو ڕووباری گەورە تێکەڵ بە یەکتر بوون. (فرۆید) لەگەڵ هەر لێکۆڵینەوەیەکیدا لەسەر کارە نەستییەکانی مرۆڤ، دواتر هات ئەم لێکۆڵینەوەیەی لە ئەدەبدا درێژ دەکردەوە، بۆ دڵنیایی و زیاتر دۆزینەوەی لایەنە شاراوەکانی نەستی مرۆڤ بە گشتیی وەک (لێکدانەوەی خەونەکان ١٩٠٠، دەروونشیکاریی نەخۆشیی ژیانی ڕۆژانەم ١٩٠١، سێ نامە سەبارەت بە تیۆرەی سێکس ١٩٠٥) (عەبدولا ٢٠١١: ١٥).

هێما لای (فروید) (خاوەن دەلالەتگەلێکی سێکسییە و لە نەستەوە دەردەچێت، وەک دەربڕینێک لەسەر نەزعە چەپێنراوەکان، کە زۆر جار لە خەوندا دەردەکەون و زۆربەی هێماکان لە خەوندا هێماگەلێکی سێکسین. وا دەردەکەوێت کە هێماکان بەدیلگەلێکن لە بری وتە و کردارە نەستییەکان) (گردی ٢٠٠٨: ٩). هێما لای (فرۆید) ئەم تایبەتمەندیانەی هەیە:

١-هێماکان لە شیکردنەوەی خەوندا وەک ڕەگەزگەلێکی لاڵ دەردەکەون، هیچ کەسێک ناتوانێت لێکەوتەی تەواوەتییان بدۆزێتەوە.

٢-جەوهەری هێما لە پەیوەندییەکی جێگیردایە لە نێوان ڕەگەزێکی ئاشکرا و ڕەگەزێکی نائاشکرادا.

٣-ئەم پەیوەندییە جێگیرە لە بنەڕەتدا لەسەر لێکچوون لە شێوە یان قەبارە یان ئەرکدا وەستاوە (حسن ٢٠١٠: ٥٠).

هەر (فرۆید) ڕای وایە نووسەر و شاعیر بە سوودوەرگرتن لە هەندێک میکانیزمی وەک (جێگۆڕکێ و هێمادارکردن)، باری چەپێنراوی خۆی دەخاتە ناو بەرگێکی ئەدەبی و لە ڕێگەی دەقی ئەدەبییەوە گوزارشت لە خۆیان دەکەن (بۆ سەلماندنی ئەمەش فرۆید بە پشتبەستن بە تەکنیک و داهێنراوەکانی خۆی، هەڵسا بە لێکدانەوە و شیکردنەوەی هەندێک بەرهەمی ئەدەبی و هونەرییە جیهانییەکان و کەسایەتی ناو ئەو بەرهەمانی خستە ژێر تیشکی لێکۆڵینەوە، وەک شانۆنامەی

ئۆدیپپاشای (سۆفۆکلیس) و تابلۆی مۆنالیزای (لیۆناردۆ داڤنشی) و هاملێتی (شکسپیر) و ڕۆمانی برایانی کارامازۆفی (فیودۆر دۆستۆیفسکی) و ڕۆمانەکانی (مارکیز دی ساد)) (مەلازادە ٢٠٢١: ٢٥٣).

هێماکان بەوە دەناسرێن، کە هێزێکی دەروونییان هەیە، زیاتر لەوەی خاوەن واتای ڕاستەخۆ بن، ڕۆمانتیکییەکانیش هانایان بۆ خەون بردووە، بەڵام بە شێوەیەکی ڕووکەشانە، بە پێچەوانەی هێماگەرەکان کە لە ژێر کاریگەریی (فرۆید)دا بوون و بە قووڵی وەریان گرتووە. خەونی هێمایی دوو لایەن لەخۆ دەگرێت، یەکەمیان جۆرێکە لە پێڕەوی سۆفییانە، دووەمیشیان کانگەی ئەندێشەی شیعرییە، ئەم دوو لایەنە لەیەک جیا ناکرێتەوە، بە تایبەتیی کە دەزانین شیعری هێمایی لە جەوهەردا جۆرێکە لە وەرزشی میتافیزیکییانە. هەر بۆیە (بۆدلێر) هانای بۆ مادە سڕکەرەکان بردووە تا لە نێو جیهانێکی میتافیزیکییانەی خەونئامێزدا بژی (حەمەد ٢٠١٢: ٦٣).

لای (یۆنگ)یش، وەک دیارترین زانای دەروونناسی، گرنگییەکی گەورەی بە هێما دا و کتێبێکیشی بە ناوی (مرۆڤ و هێماکانی)یەوە نووسی، (یۆنگ) سەرەتا گرنگی بە توێژینەوەی زانستی ئەفسانە و ئاینەکان و هێما کۆنەکان و سرووتەکان و نەریتی گەلە سەرەتاییەکان و خەونەکان و نەخۆشییە دەمارییەکان و وڕێنەی نەخۆشە دەروونییەکان دا، گەیشتە ئەو ئەنجامەی تێیدا (کەسێتیی تاکی بە بەرهەمێک و دەوریەک هەژمار کرد مێژووی پێشینەی تێدایە، چونکە ئەفسانە و دابونەریتەکان لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی تر دەگوازرێنەوە، چۆن ڕەنگی قژ و چاوەکانی بۆ دەمێنێتەوە (بۆماوەیی)، ئاواش بیرۆکە پەتییەکان و هێماکانی بۆ دەمێنێتەوە، ئەمەشە کە یونگ زاراوەی (نەستی کۆمەڵ)ی لێ دەنێت، کە بە گەنجینەی بیرەوەرییە شاراوەکان هەژماری دەکات کە مرۆڤ بۆی ماوەتەوە لە ڕابردووی پێشینانی) (حسن ٢٠١٠: ٥٢).

کۆنەست لای (یۆنگ) جیاوازە لە لایەنە بۆماوەییەکانی (فرۆید)، چون (فرۆید) ئەم بۆماوانە یان هەمان شت کە بە (بقای قدیم- نۆستالۆجی) لای فرۆید دەناسرێتەوە، تەنیا بە بۆماوەیی باوانەوە دەبەستێتەوە، بەڵام لای یۆنگ کۆنەست پەیوەندییەکی تێکڕایی بە دابونەریت و فەرهەنگ و ئاین و تەوتەم و هێما کۆنەکانی هەموو گەلەوە هەیە، کە بە شێوەی جیاواز لە ژیانی ئێستایی کەسەکەدا ڕەنگ دەدەنەوە. هەر خودی (یۆنگ) (هێمای بە تاکە ئامرازی ئاسان بۆ مرۆڤ هەژمار کرد بۆ دەربڕینی واقیعێکی هەڵچوونی زۆر ئاڵۆز، بۆیە هێماکان بەکار دێنێت، وەک ئامرازێک بۆ چوونە ناو دڵی مرۆڤ) (عبدالنور ١٩٨٤: ١٢٤). هەڵبەت (یۆنگ) جیاواز لە (فرۆید) جگە لەنەستی تاک بایەخی گەورەی بە نەستی کۆ دا، بەرجەستەکردنی نەستی تاک لە ڕێگەی هێماوە هاوبەشی دەکات لەگەڵ نەستی کۆدا، تێگەیشتنی لەلایەن نەستی ئەوی ترەوە ئاسانتر دەکات. بە دیدی (یۆنگ) نەست یان

نائاگایی تاک کۆگایەکە لە شارەزایی و هۆشیاریی مرۆڤەکانی پێشووتر (نائاگایی گشتی) و گواستراوەتەوە بۆ هەر یەک لە ئێمە.

کرداری دەلالی دەروونیی هێما دەچێتە نێو هەموو چالاکییەکانی مرۆڤ و لایەنەکانی ژیانی شارستانی و رۆشنبیری و بە تایبەت ئەدەب و ئەفسانەکان، بۆیە (ئێرنست کاسیرەر)(١٨٧٤-١٩٤٥)ی فەیلەسووفی ئەڵمانی بانگەشەی وازهێنان لە پێناسەی کۆنی مرۆڤی کرد بەوەی کە گیانداریکی قسەکەر و ئاخێوەرە، چونکە ئەم پێناسەیە ئیتر بەس نییە بۆ مرۆڤ. پێشنیازی پێناسەیەکی نوێی کرد بۆ مرۆڤ، کە هەموو کار و چالاکییەکانی مرۆڤ بگرێتەوە، بۆیە دەبینین (کاسیرەر) پێناسەی مرۆڤ دەکات بەوەی کە (گیانداریکە درووستکەری هێماکانە Animal Symbol Creator)، بەوەش واقیعی هێمایی لای کاسیرر بووە واقیعی مرۆڤ. (کاسیرەر) پێی وایە چونکە مرۆڤ جیهانی ماددیی تێپەڕاند ئەوە وای لێ هاتووە لە جیهانە ئەبستراکتە هێماییەکەیدا بژیت و زمان و ئەفسانە و هونەر و ئاین تەنها بەشێکن لەو جیهانە، ئەو مەچیرە جۆراوجۆرانەن، کە تۆرێکی هێمایی لە ئەو واقیعەدا پێ دەهۆنرێتەوە. بە ئاماژەدان بەو پێناسەیەی (ئەرستۆ) بۆ مرۆڤ کە بە سرووشت گیانداریکی ئاقڵ و کۆمەڵایەتییە، (کاسیرەر) پێی وایە کە یەکەمین پێناسەی ئەرەستۆ بۆ مرۆڤ بەوەی کە گیانداریکی ئاقڵە، زۆر تەنگ و دیاریکراوە، بەڵام پێناسەی دووەمی بۆ مرۆڤ بەوەی کە گیانداریکی کۆمەڵایەتییە، پێناسەیەکی فراوان و گشتگیرترە) (حسن ٢٠١٠: ٢١).

ئەم پەیوەستییەی هێما بە دەروونەوە وای کردووە شیکردنەوە و دەستنیشانکردنی هێما زۆرجاران بەربەست و ئاستەنگ لای لێکۆڵەران و توێژەران درووست بکات، بۆیە شیکردنەوە و راڤە و تیۆری جۆراوجۆر و دژیەکیش دەربارەی واتای هێما و رۆڵ و ئەرکی هێما درووست دەبن، چونکە ((هەر هەوڵدانێک بۆ تێگەیشتنی هێماکان و شیکردنەوەیان پێویستی بە تێڕوانینێکی مرۆڤناسییە، دیراسەت و شیکردنەوەی کۆڵەکەکانی بونیادنانی کۆمەڵایەتی و دەروونی و رەگەزەکانی رۆشنبیری ئاوێتە دەبن لەگەڵ کۆمەڵێک هێمای باودا، چونکە ئەوە کۆمەڵگایە کە واتا بە هێماکان دەدات)) (ذياب ٢٠٠٤: ١٧١). لە تێڕوانینێکی دیکەدا هاتووە، پاڵپشت بە تیۆرییەکەی ئەفلاتوون، شتەکانی جیهانی هەستپێکراو رەنگدانەوەی راستەقینەی شتەکانی جیهانی ئایدیان، لەم روووەشەوە فۆرمی دەقە شیعرییەکانیش زادەی هێما و تەمومژی جیهانی دەروونن، بە مەبەستی گەیشتن بە هەقیقەتی شتەکان. لایەنی دەروونییش لە رووی زمانەوە هۆکارێکە بۆ سرووش و دەربڕینێکی ناڕاستەوخۆ، کە بە حاڵەتە ئاساییەکەی دەرنابڕدرێت (محمد ٢٠١١: ١٤٥).

دەبینین، هێما بووە جێسەرنج و بایەخپێدانی دەروونناسان، بەوەی کە لە رێگەیەوە پەی بە ئاڵۆزی و تەمومژییە دەروونییەکانی مرۆڤ و سرووشتی مرۆڤ دەبرێت و ئەو بارە دەروونیانە لە هێمادا جێ دەکەنەوە. تا ئەو رادەیەی مرۆڤ وەک بوونەوەرێکی هێمادارێژ دەناسێن. هەر لەو

ڕێگەیەشەوە (فرۆید) بۆ شیکاری کارە ئەدەبییە مەزنەکان، کەڵکی لە هێما وەرگرت و دەقی ئەدەبی وەک هێمای نەستە خودییە چەپێنراوەکان بینی. (یۆنگ)یش ئەوەی سەلماند، کە هێما پەیوەستە بە نەستی کۆ و ئەو پێدراوە لەپێشینەییانەی کە مرۆڤ لە ژیانیدا وەری گرتووە و نەستاونەست بۆی ماوەتەوە.

## تەوەری دووەم: قوتابخانەی هێماگەری (سیمبۆلیزم- symbolism)

### یەکەم: ١- قوتابخانەی هێماگەری (سیمبولێزم) و هێماگەری لە ئەورووپا

قوتابخانە یان ڕێبازی هێماگەری، یەکێکە لە ڕێبازە نوێیە ئەدەبییە دیارەکان، ئەم ڕێبازە کە تائێستاش لە نێو ئەدەبیاتی دنیادا دەخوێنرێتەوە و شیکاری ڕەخنەیی بۆ دەکرێت و بنەماکانیان بۆ شیعر لێک دەدرێتەوە و گفتوگۆی لەسەر دەکرێت. هەر ئەم ڕێبازەشە بە یەکەمین نیشانە و هەنگاوی مۆدێرنیزمی ئەدەبی دادەنرێت.

ڕاوبۆچوونەکان لەسەر پەیدابوونی جیاوازن، هەندێک ڕایان وایە کە لە بەرهەمەکانی شاعیری ڕۆمانتیکی ئەڵمانیدا (نۆڤالیس) (١٧٧٢- ١٨٠١) دەرکەوتووە و دەڵێن ((نۆڤالیس) یەکەم مژدەهێنەری ئەم ڕێبازەیە. لێرەدا لەوانەیە نەتوانرێت بەرهەمەکانی (نۆڤالیس) بە سەرەتای ئەم ڕێبازە دابنرێت، چونکە (نۆڤالیس) وەکوو تاکە نموونەیەک نابێتە نوێنەری تەوژمێکی (تیار) ئەدەبیی دیار بەگشتی. هەروەها پەیدابوونیشی تا (١٨٨٠ز) دوا نەکەوتووە، کە زۆرێک پێیان وایە سەرتای دەرکەوتنی ئەم ڕێبازەیە، چونکە دیوانەکەی بۆدلێر (گوڵی خراپە) (أزهار الشر) لەساڵی (١٨٥٧ز) یەکەم چاپی دەرکەوتووە) (سالار ٢٠٠١: ٥٥).

زۆربەی لێکۆڵەران و توێژەرانی ئەدەبی، وای دەبینن ئەم قوتابخانەیە لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەهەمدا لە شیعری فەرەنسیدا سەری هەڵدا، ئەنجام و بەرهەمی چالاکییە ئەدەبیەکانی (شارل بۆدلێر)[١] و (ئارسەر ڕامبۆ)[٢] و (پۆل ڤێرلین)[٣] بوو، دواتریش لە نێوان ڕێبازە ئەدەبییەکاندا جێی خۆی کردەوە، مانیفێستی هێماگەران لە ساڵی ١٨٨٦ دا بڵاو کرایەوە-ئەم مێژووە بە مێژووی

[١] شارل پیەر بۆدلێر، شاعیری فەرەنسی، لە ٩ی ئەپریلی ١٨٢١ لە پاریس لە دایک بووە و لە ٣١ی ئۆگەستی ١٨٦٧ لە تەمەنی ٤٦ساڵیدا هەر لە پاریس کۆچی دوایی کردووە، بۆدلێر لە گرنگترین ئەدیبان و ڕابەرانی ڕێبازی سیمبولێزمە. دیارترین شاکاری (گوڵەکانی خراپە)یە.

[٢] ژان نیکۆلاس ئارسەر ڕامبۆ، شاعیری فەرەنسی لە ٢٠ی ئۆکتۆبەری ١٨٥٤ لە شاری شارلڤێله لەدایک بووە و لە ١٠ی نۆڤەمبەری ١٨٩١ لە مارسیلیا کۆچی دوایی کردووە، یەکێکە لە شاعیران و ڕابەرانی ڕێبازی سیمبولێزم. دیارترین شاکارەکانی هەردوو کتێبی ( وەرزێک لە دۆزەخ و درەوشانەوە)یە.

[٣] پۆل ماری ڤێرلین، شاعیری فەرەنسی، لە ٣٠ی مارسی ١٨٤٤ لە شاری مێتز لە دایکبووە و لە ٨ی جێنیوەری ١٨٩٦ لە پاریس کۆچی دوایی کردووە، هاوڕێی ڕامبۆ بووە و یەکێکە لە ڕابەرە دیارەکانی ڕێبازی سیمبولێزم.

ڕاستەقینەی پەیدابوونی ڕێبازی هێماگەری دەدەنرێت- یەکەم کەسیش کە زاراوەی (سیمبولیزم) هێماگەریی بەکار هێنا، ڕەخنەگری یۆنانی-فەرەنسیی (ژان مۆریاس)[٤] بوو (عەبدوڵا ٢٠١٥: ١١٩).

سیمبولیزم لە ئەدەبدا ((شێوازێکی دەربڕینە، باشترین دۆخی دەربڕین نەک خەملاندن و نزیکبوونەوە، واقیعێکی نەبینراو کە هۆش پەی پێدەبات. هەندێجار دەتوانین بگەینە ئەوەی کە سیمبولیزم لە ڕاستیدا ڕەنگدانەوەی واقیعێکی نەبینراوە، نەک تەنیا ئاماژەیەک بێت بۆی)) (Symons ١٩١٩: ٢)، ئەم ناساندنەی هێماگەری بەرئەنجام لەدایکبوونی ڕێبازەکەیە، کە پیشاندانان و وێنای دەروونی مرۆڤە لە ڕێگەی هێماوە، واقیعێکی نەبینراو و دەرهەست دەگۆڕێت بۆ بەرهەست و کوتلەیەکی زمانی و شیعریی هێمادار و کە نزیکە لێیەوە.

سیمبولیزم کاردانەوەیەک بوو بەرانبەر ڕێبازی ناتورالیزم و فەلسەفەی پۆزەتیڤیزم، کە تەنیا پەیوەندییان بە واقیعی بینراو و هەستپێکراوەوە هەبوو، بە وتەی خۆیان ڕەواجیان بە حەقیقەتنووسی و واقیعگۆیی دەدا، بەرانبەر بەمە هێماگەرەکان لە دوای بانگەوازی نیشاندانی واقیعیەتێکی تازە بوون، کە واقیعیەتێکی پەنهانە (شەمیسا، ٢٠١٨، ١٧٩). سیمبولیزم یان هێماگەریی، پردی هەڵبەستراوی نێوان ڕیالیزم و مۆدێرنیزمە. ئەم ڕێباز کاریگەرییەی هەر لەسەر ئەدەب نەبوو، بەڵکوو کاریگەرییەکی باڵکێشی کردە سەر هونەرەکانی شانۆ و مۆسیقا و نیگارکێشان. هێماگەرەکان دەیانویست دۆخێک لە ئاگایی خەیاڵاوی و تەواو خودی بە زمانێکی هێمایی، دەرببڕن. وەڵامێک بوو بۆ پۆزەتیڤیزمی ئەقڵگەرایی زانستی. دەتوانین سیمبولیزم بە هەوڵێک دانێین بۆ ڕۆچوونە نێو جیهانی خەیاڵ، سا خەیاڵی دەروونی هۆنەر و سۆزەکانی بێت، یان جیهانی بانسرووشتی تەواوکۆ[کامل]، کە مرۆڤ ئاواتی بۆ دەخوازێت (حسینی ١٣٩٨: ١٢١-١٢٢).

سەرەتا ئەدگارەکانی ڕێبازی هێماگەری، وەکوو شەپۆلێکی ئەدەبی زۆر ڕوون نەبوو، چونکە ماوەیەک بوو کە (مالارمێ)[٥] و (ڤێرلین)[٦] لە پەرناسیزم جیا بووبوونەوە و شەپۆلێکی تریان بەناوی (سیمبولیزم)ەوە دامەزراند، بەڵام هەتا ساڵی ١٨٨٥ زاراوەی (سیمبولیزم) بەسەر ڕێبازە نوێیەکەدا نەسەپێنرابوو، تەنانەت (ڤێرلین)یش ئەو زاراوەی پێ خۆش نەبوو. وەک ئاماژەی پێ درا بۆ

---

[٤] ژان مۆریاس، نووسەر و شاعیر و ڕەخنەگری یۆنانی-فەرەنسی، لە ١٥ی ئەپریلی ١٨٥٦ لە ئەسینا لە دایک بووە و لە ساڵی ١٨٧٥ بۆ خوێندنی یاسا دەچێتە فەرەنسا، نووسەری (مانیفێستۆی سیمبولیزم)ە لە ڕۆژنامەی (لۆفیگارۆ)دا، لە ٣١ی مارسی ١٩١٠ لە پاریس کۆچی دوایی دەکات. لە گەنجیدا بە زمانی یۆنانی نووسیویەتی، دواتر و تا کۆتایی ژیانی هەر بە زمانی فەرەنسی نووسینەکانی بڵاو کردووەتەوە.

[٥] ستیڤان مالارمێ، شاعیری ناوداری فەرەنسی، لە ١٨ی مارسی ١٨٤٢ لە پاریس لەدایک بووە، لە ٩ی سێپتەمبەری ١٨٩٨ کۆچی دوایی کردووە، بە یەکێک لە پێشڕەوانی ڕێبازی سیمبۆلیزمی شیعریی دادەنرێت. (بۆ نووسینەوەی ئەم کورتە ژیاننامانە، سوود لە کتێبی ڕێبازە ئەدەبییەکان، عبدالله الاصفر، چاپی یەکەم، وەرگێڕانی: د.ئازاد عبدوالواحێد کەریم، چاپخانەی ئارابخا، کەرکووک، ٢٠٠٨، وەرگیراوە).

یەکەمجار زاراوەی (سیمبولیزم) لە میانەی وتارێکدا هات، کە (ژان مۆریاس) بڵاوی کردەوە، لەو وتارەدا (مۆریاس) بەرپەرچی ئەو کەسانەی دایەوە، کە مۆریاس و هاوەڵەکانیان بە شاعیرانی لەبارچوو ناوزەد دەکرد، لەو وتارەیدا جەختی لەسەر ئەوە کردەوە، کە ئەو شاعیرانەی وا بە لەبارچوو ناونراون، پێش گشت شتێک، لەپێناو بەرجەستەکردنی چەمکە بێگەردەکان و ڕەمزێکی جاویدانی لە هونەردا کار دەکەن، پاشان ئەوەی پێشنیاز کرد لە بری وتەی لەبارچوو، زاراوەی (سیمبولیزم) بەکار بهێنرێت. لە ساڵی ١٨٨٦، (مۆریاس) ڕۆژنامەیەکی بەناونیشانی (سیمبولیزم) دەرکرد، لە هەمان ساڵیشدا (مانیفێستی سیمبولیزم)ی لە ڕۆژنامەی (لۆفیگارۆ)دا بڵاو کردەوە (الاصفر ٢٠٠٨: ١٢١).

سەبارەت بە وشەکەش (چارلس چادویک-Charles Chadwek) ڕۆماننووسی ئینگلیز، لە کتێبە بەناوبانگەکەیدا (هێماگەری-symbolism) دەنووسێت: ((وشەی هێماگەری، وەک وشەی ڕۆمانسی و کلاسیکی ڕەنگە واتایەکی زۆر فراوانی هەبێت و بەکار بهێنرێت بۆ ئەوەی وەسفی هەر جۆرێک لە جۆرەکانی دەربڕین، کە ئاماژە بۆ شتەکە دەکات، ئاماژەپێکردنێکی ڕاستەوخۆ بە ڕێگەیەکی ناڕاستەوخۆ و لە ڕێگەی نێوەندگیرێک کە لە پێگەی شتێکی سێهەمدایە)) (Chadwick، ٢٠١٨، ١).

ئیدمۆند ویڵسن(Edmund Wilson) لە کتێبە ناودارەکەیدا (قەڵای ئاکسڵ، Axel's castle)، لەبارەی پێناسەی هێماگەرییەوە، دەڵێت: (دەکرێت هێماگەری بەوە پێناسە بکرێت کە هەوڵدانێکە بۆ گەیاندنی هەستە کەسێتییە تاکەکان لە ڕێگەی بیرۆکەگەلێکی تێکچڕژاوەوە، بە ئامرازگەلێک کە تێکەڵەیەکە لە میتافۆر) (Wilson ١٩٥٩: ٢٢)، بە دەستەواژەیەکی تر، ئامرازی گەیاندنی هەستە خودییەکانە، کە شاعیر هەستی پێ دەکات و هەوڵ دەدات لە شێوەی تێکەڵەیەک لە خواستن و درکەکان ڕوونیان بکاتەوە. سیمبولیزم بەوە دادەنرێت کە لە (هەندێ ڕووی دیاریکراوەوە پەرچەکرداری هەموو شیعرێکی پێشووە، کە شیعری بێگەردە، بە واتای ئەو شیعرەیە کە لە ڕۆحێکی نائەقڵانییەوە سەرەتا دەگرێ و بۆچوونێکی نازمانییە، دژی هەموو ڕاڤەیەکی مەنتیقییە، بەڵکوو شیعر لە دیدی سیمبولیستەکانەوە دەربڕی ئەو پەیوەندیی و وەکیەکییانەیە، کە زمان درووستی دەکات) (هاوزر ٢٠٠٥: ٤٧٣)، بەوەی کە هێما دەروونییەکان لە ڕێگەی زمانەوە دەتوانرێت، دەربڕدرێت.

لە ڕووی سەرهەڵدانەوە ڕاکان جیاوازن و لەسەر ئەوەش هاوڕا بوون، کە لە سەر دەستی کۆمەڵێک شاعیر و نووسەر گەشەی کرد و کاریگەرییان لەسەر دامەزراندنی هەبوو، هەریەک لەو شاعیر و نووسەرانە لە لای خۆیەوە لە هەوڵی ئەوەدا بوو کار لە ڕێبازێکی نوێدا بکات و شتێکی نوێ بڵێت جیاواز لەوەی پێشوو،)جۆن ستیوارت دەڵێت: ڕەمزییەت خوێنێکی نامۆیە بە جەستەی

کەلتووری فەرەنسییدا دەڕوات، هەروەها پۆل ڤێرلین (١٨٤٤-١٨٩٦)، نەک تەنیا بە پێشەنگی شیعری هێمایی، بەڵکوو پێشەنگی شیعری نوێش لە هونەری شیعردا دادەنرێت، ڕای وایە هێزی شیعر لەوەدایە، کە وشە تێیدا واتای وردی نابێت) (عەبدولا، ٢٠١٥، ١١٩).

ناوەڕۆکی ئەو ڕێبازە نوێیە وەک لە بەیاننامەکەدا بڵاویان کردەوە، دەڵێت ((هەموو بەرهەمێکی ئەدەبی و هونەری لە بنچینەدا حاڵەتێکی ویژدانیی مرۆڤ دەیهێنێتە کایەوە، واتە لە جیهانە مادییە ڕووتەکەدا دادەبڕێت و هەردوو کایەی هەست و نەست بەشداریی لە درووستکردنەکەیدا دەکەن، ئاماژە بەو لایەنە دەکەن بێ گوێدانە لایەنە هەستپێکراوە مادییەکە، وشە و دەربڕینەکان لێکدانەوە و ڕاڤەکردنی دیکە هەڵدەگرن، چونکە لە ناخی نووسەردا جیهانێکی هەستپێکراوی دی هەیە، کە ئەو ڕوونە نییە وەک ئەوەی لەبەر چاوە، بەڵکوو جیهانێکە شتەکان تیایدا مانا و مەبەستی دییان هەیە. بۆیە هێماگەری لە بنچینەدا ئیحای هەستی شاراوەی مرۆڤە بۆ هەموو ڕووداو و دیاردە و جیهانەکە بە گشتی، واتە دەربڕینێکی ناڕاستەوخۆی لایەنە دەروونییە دیارنەبووەکەیە، کە زمان ناتوانێت پڕاوپڕ دەری ببڕێت یان نووسەرەکە خۆی نایەوێت بە ڕاستەوخۆیی زمان بیخاتە ڕوو)) (قەرەداخی ٢٠٠٧: ٨٠).

ستیڤان مالارمێ (١٨٢٢-١٨٩٨)، کە هێماگەری گەیاندە لوتکە دەڵێت: واژە بە واتای دەلالی خۆی بارکراوە، ناتوانێت دەربارەی ئەو جیهانە ڕاستییە، کە جیهانی جوانی و نموونەییە واتای تر بدات بە دەستەوە. هەر بۆیە ئەم شاعیرە تەمەنی خۆی لەسەر ئەوە دانا، کە وێنەیەکی نوێ لە شیعردا بدۆزێتەوە و هەوڵی ئەوەی دا شیعر لە کۆتوبەندی ئەو شتانە ڕزگار بکات، کە لە شیعرەوە دوور بوون، بۆیە دەیوت: نابێت شاعیر، خوێنەر بە مەبەستی شیعرەکەی تەواو ئاشنا بکات، بەڵکوو دەبێت بە شێوەیەکی تەمومژاوی بیخاتە بەردەستی خوێنەر (عەبدولا، ٢٠١٥، ١١٩).

سیمبوڵیزم بنەمایەکی فەلسەفیی دێرینی هەیە و (پەیوەست بوو بە بنەما فەلسەفییە ئایدیالیزمیەکەی ئەفلاتوون، زیاتریش لە ئەنجامی ڕووبەڕووبوونەوەی واقیعی ناتورالیزمەوە درووست بووە، کە نەیانتوانیوە بەسەر گۆڕانکارییەکانی بارودۆخی نوێی سەردەمدا سەر بکەون، گومان هەبووە لەوەی کە هۆکارە زانستییەکان بگەنە هەقیقەتی شتەکان و وەک پێویستیش نەتوانراوە کۆمەڵگا بگۆڕن) (محمد ٢٠١١: ١٣٤). (فەرهاد پیربال)یش لە کتێبی(ڕێبازە ئەدەبییەکان)دا، سەبارەت بە مۆتیڤە پێشینەکانی ئەم ڕێبازە و ئەو فەیلەسووف و فەلسەفانەی کاریگەرییان لەسەر هێماگەری داناوە، دەنووسێت: (فەلسەفە بەدبینەکەی فەیلەسووفی ئەڵمانی (شۆپنهاوەر) پاڵپشتی سیمبوڵیزم بوو. بە تێڕوانینی (شۆپنهاوەر) جگە لە خەون و بیرەکانمان ڕاستییەکی دیکە لە گێتییدا نییە و ئێمە لە ڕوانگەی خودی خۆمانەوە دەڕوانینە جیهانی دەرەوەمان، یا لە ڕوانگەی ئەو وێنەیەی کە شوێنەوارمان لەلا بەجێ دەهێڵێت و ئەو هەڵچوونانەی جیهانی دەرەوە لە دەروونماندا

دەیانوروژێنیت. هەروەها کاریگەریی (فریدریک نیچە)ش زۆر بوو بەسەر سیمبولیستەکانەوە. حاڵەتێکی ڕۆحییان لە شت و سرووشت و بوونەوەرەکاندا دەدیت. گیان و تەڵزم و ئەفسوونێکی سیحراوییان دەبەخشییە واقیع و مرۆڤ و دیمەنەکان، لە لۆژیکیان دوور دەخستنەوە. لە هەمان کاتیشدا تراجیدیا و حاڵەتە تراجیدییەکان لە بابەتە دڵگیرەکانی ڕێبازی سمبوولیزم بوون، بۆ نمونە مەرگ. زۆربەیان کەڵکەڵەی ئەوەیان لەسەر بوو کە بە ناو مەرگ و نهێنییەکانی دوای ژیاندا بچن: (تەنیا لە ڕێگەی شیعر و بەهۆی شیعرەوە چاو دەتوانێ گیانی شکۆدار و جوانییەکانی ئەودیوی گۆڕ بدۆزێتەوە) (پیربال ٢٠٠٩: ١٤١).

بابەتێکی تر کە پەیوەندی و نزیکایەتی لەگەڵ هێماگەریدا هەیە، بریتییە لە(سۆفیگەری-Mysticism)، کە ئەویش تێڕوانینێکی مەعنەوی هەیە بۆ جیهان، ڕەگەزەکانی سۆفیگەری لە سیماکانی گەلێک لە بیروباوەڕە فەلسەفییە ئاینییە دێرینەکاندا هەیە. لە ڕووی زانستییەوە سۆفیگەری سیفەتێکە لە هەموو فەلسەفە ئایدیالیەکاندا هەیە ، بنچینەیەکە لە ڕێبازە نوێیە یاخیبووەکان لە ئاوەز، وەک: ڕۆمانسی و هێماگەری و سوریالیزم. ئەو ژیانە پڕ لە سۆز و پاک و بێگەردەی لە جیهانی سۆفیگەریدا هەیە و سەرکەوتنی بە پێپلکەی خۆشەویستییەکی بێسنووری یەزدان، توانەوە لە نێو خود و خودادا و پشتکردن لە بابەتە دنیاییەکان وای کردووە، گەلێک لە لێکۆڵەرەکان پەیوەندییەکی بەتین لە نێوان سۆفیگەری و هێماگەرییدا بەدی بکەن. (بە تایبەت لە گەڕانیاندا بە دوای گیان و هەوڵدان بۆ دەربڕینی ئەو شتە نابەرهەستییانەی، کە ناتوانرێت دەربب‌ڕدرێن، یان پەنا بردنە بەر بێئاگایی، هەر چۆنێک بێت سۆفییەکان ناتوانن بە تەواوی لە جیهانی ماتریاڵ دابب‌ڕێن، یان زمانێک بەکار بێنن کە زمانی واقیع نەبێت، لەبەر ئەوە لە هەوڵدانیاندا بۆ پەیڕەوکردنی ئەمە ناچارن لێڵییەکی زۆر بخەنە کارەکانیانەوە) (حەمەد ٢٠١٢: ٥٦). بە واتایەکی تر دەتوانین ئاماژە بەوە بکەین، کە سۆفیگەری و هێماگەری لەم خاڵانەدا یەک دەگرنەوە:

١ -سۆفی هەستەکانی سڕە و وازی لە جڵەوی گیان هێناوە بە ئارەزووی خۆی بەرەڵا بێت.

٢ -جیهانی بە ئەندێشە داناوە نەک هەقیقەت، خودی مرۆڤ و خودی یەزدانی یەک خستووە.

٣ -هەستە کوژاوەکان بەرەو جیهانێکی فراوانیان دەبات، ئەمەش هەر لە بیری ونبوون و شاردنەوە دەچێت لای ڕەمزییەکان.

٤ -جیهانی دەرەوەیان لە خود و گەڕانەوە بۆ خوددا دەبینی (احمد ١٩٧٨: ١١٩).

پاڵپشت بۆ ئەمەش (ماوریس بۆرا- Mourice Bowra) لە بەرهەمەکەیدا (کەلتووری ڕەمزیی-Heritage of symbolism)دا، دەڵێت: (بزوتنەوەی هێماگەری لە بنچینەدا بزوتنەوەیەکی سۆفیگەرییە، کە نکوڵی لە ئاوەز دەکات و پشت بە نەشوەی سۆفیتی وەک سەرچاوەیەک بۆ ئیلهام

دەبەستێت، ئامانج دروستکردنی جیهانێکی نوێیە، لەو باوەڕەشدایە کە ئەو جیهانە لە ناوەوەی مرۆڤدایە). هەر بۆیە شیعری ڕەمزیی سیمای (سۆفیزم)ی هەیە و وێڵە بە دوای هەموو شتێکی جوان و ئایدیاڵییدا و بڕوای بە جیهانێکی دیکە هەیە لە سەروی ئەم جیهانە هەستپێکراوە، شاعیر مرۆڤێکی خەواڵووی ناو ئەو جیهانەیە و بابەتەکانی لە ناو خەونەکانییەوە گەلاڵە دەکات و لای وایە خەو جیهانی کامڵ و جوانیی هەمیشەییە. واتە سۆفییەکانیش هانایان بۆ هێما -وەک وەسیلە- دەبرد بۆ حەشاردانی واتا مەبەستدارەکان و بیروباوەڕەکانیان لە تێڕوانینی خەڵکی تر، گوزارشتیان لە خۆشەویستیی بە هۆی واتا غەزەلی و وێنە باوەکانەوە دەکرد، جگە لەم ڕێگەیە نەیاندەتوانی بە ڕێگەیەکی تر گوزارشت بکەن. یەک خەون سۆفیتیی شاعیرە ڕۆمانتیکیی و ڕەمزیی و سوریالییەکان کۆ دەکاتەوە، کە بریتییە لە خەونی تێکشکانی جیهانی هەستپێکراو و دروستکردنی جیهانێکی ئەندێشەیی و هەستکردن بە یەکێتیی گەردوون و گەیشتن بە نەشوەی جوانی) (حەمەد ٢٠١٢: ٥٩). (جەیمس جۆیس)یش پێی وابوو ئەمە جۆرێکە لە سەفەر بۆ جیهانێکی تر و گەڕانەوە لەو جیهانە. سا دەکرێ سەفەرێکی ئاوا بە سەفەرێکی ڕۆحانیی لێک بدەینەوە. وەک چلەکێشییەکی [ریاضت] ڕەها (ثروت ١٣٨٥: ١٦٣).

(ئێدمۆند وێڵسن)، لە وتارێکدا لە بارەی هێما بەگشتی و هێما لە سیمبوڵیزمدا نووسیویەتی ((هێما لە سیمبولیزمدا جیاوازە لە هێما لە واتا و چەمکە باوەکەیدا، وەک ئەوەی کە خاچ هێمای مەسیحییەتە، یان چەند ئەستێرە و هێڵێک هێمای ئەمریکان، ئەوانە هێمای ناسراو و باون، هێمای سیمبوڵیزم لەگەڵ هێمای پێشینان (بۆ نموونە دانتی)یش جیاوازیی هەیە، هێمای هاوشێوەی دانتی جێگیر و نەریتی و لۆژیکی و دیاریکراوە، بەڵام هێما لە ڕێبازی سیمبوڵیزمدا خودی شاعیر دایدەنێت، تاوەکوو ئایدیایەکی تایبەت، کە لە مێشکیدایە، بخاتە ڕوو، ئەم هێمایانە بۆ ئەم ئایدیایانە، لە جیاتی ئەوەی ڕۆشنکەرەوە بن، بە شێوەیەکی گشتیی پەنهانکەر و فریودەرن)) (شەمیسا ٢٠١٨: ١٨٣). ئەم تێڕوانین و سەرنجە قووڵەی شەمیسا، ئەو دیدە باوە تێک دەشکێنێت کە پێشووتر بۆ هێما بوونی هەبووە، لە سیبوڵیزمدا هێماکان جیاوازترن، وێنە دروستکراوەکان و لێکدانی تایبەتمەندی شتەکان لە ڕێی زمانەوە، دەبنە هێمای نوێ و تایبەت بۆ ئایدیا و بارە دەروونییەکان لای سیمبولیستەکان.

کەواتە دەتوانین بڵێین کە شیعری سیمبوڵیستی، جۆرێکە لە شیعرە وەسفییە چڕکراوەکان، کە چەند ئاماژەیەکیان تێدایە و هەندێ جار لە ڕێگەی ئاماژەیەکی بچووکەوە لە وەسفی گشتی و گەورەتر تێ دەگەین، هەروەکوو ئەوەی (چارلس چادویک) دەڵێت ((هارمۆنی دەمەوئێوارە و بێزاریی (ناوی دوو شیعری بۆدلێرن) بەشێکی زۆری شیعرەکانی (ڤێرلین)یش بە ڕووکەش وەسفیین و تەنیا بە ئاماژەیەکی بچووک پەی بە مەبەستی ڕاستەقینەی شیعرەکە دەبەین. جیاوازیی

باڵکێشی شیعرە سیمبوڵیکییەکانی پێشینان و شیعرە سیمبوڵیستییەکان ئەمەیە کە شیعری سیمبوڵیستیی بە شیعرێکی نوێ دادەنرێت، لەبەر ئەوە جەمسەر، یان ڕوویەکی ستوونیی هەیە و ئەگەر ڕەمزی بنەڕەتییەکەی، کە هەمان بابەتی شیعرەکەیە، درک نەکرێت، ئەوا تەواوی شیعرەکە درک ناکرێت (بە نموونە شیعری زوڵفی بۆدلێر کە لە جیاتی زوڵف قسە لە بارەی جەنگەڵەوە دەکات، یان گۆڕستانی دەریایی ڤالێری، کە قسە لە بارەی سەربان و کۆتر دەکات)، بەڵام لە شیعرە سیمبوڵیکییەکانی ئێمەدا ڕەمزەکان جۆراوجۆر و بەشەکیین و دەشێ لە یەکێکیان تێبگەین و لە یەکێکیشیان تێنەگەین، واتە ڕووی ستوونیی و یەکێتیی بابەت تێیدا لاوازە و زیاتر ڕووبەڕووی تێما (بابەتی کراوە) دەبینەوە. مەسەلەیەکی دیکە، کە پێویستە ئاوڕی لێ بدرێتەوە ئەمەیە، کە ڕەمز لە شیعری کۆنی ئێمەدا زیاتر وشەیە، بەڵام لە شیعری سیمبوڵیستیدا ڕستە و دەستەواژە و گرێیە)) (سەرچاوەی پێشوو: ١٨٨).

(هێماگەری) بەوەی کە ڕێبازێکی ئەدەبییە، هێماش کە ڕەگەزێکی گرنگە لە دەقی ئەدەبیدا. هەر ئەوەش بوو کە پاڵی بە (ئێدمۆند وێڵسن)ەوە نا بۆ جەختکردن لەسەر ئەوەی کە (هێمای هێماگەرییەکان دەبێت پێناسە بکرێن لەسەر شێوەیەکی جیاواز لە پێناسەی هێماکان بە واتا ناسراو و کۆنەکەی) (عاتی ٢٠١٥: ٣٣). ئەو جیاوازییانەی کە دەکرێت بە بنەڕەتیی هەژمار بکرێن لە نێوان هێما بەوەی ڕەگەزێکە لە ڕەگەزەکانی دەقی ئەدەبی و نێوان (هێماگەری) بەوەی کە ڕێباز و جووڵانەوەیەکی ڕۆشنبیرییە و بەستراوەتەوە بەو دۆخە مێژوویییەی فەرەنسا و هۆکارگەلێک کە پێویستی کرد لەو کاتەدا. هێما بە کۆنتر هەژمار دەکرێت و لە پێکهاتەکانی دەقی ئەدەبیدا، کە خاوەن زیندووییەکی باڵایە و توانای تەقاندنەوەی دەلالەتەکانی لە دەقدا هەیە، لە کاتێکدا (هێماگەری) بە تازەتر هەژمار دەکرێت لە چاو هێمادا. هێما ئامادەیی هەیە لە سەرجەم ژانرە ئەدەبییەکان و لە سەرجەم ڕێبازەکان و ڕێبازە ئەدەبییەکاندا، لە کاتێکدا (هێماگەری) ئامادەیی کاریگەری هەبوو لە سەردەمێکی مێژووییدا.

هاوکاتیش (هێما لە دەقی ئەدەبیدا دەکرێت لە پێکهاتە و ئەرکەکانییدا بدۆزرێتەوە، لە کاتێکدا (هێماگەری) بەوەی کە ڕێبازێکە بەپێی ئامانجە خوازراوەکانیی دەدۆزرێتەوە لە دەقدا. واتە: هێما لە بونیادی ڕەگەزەکانییەوە دەدۆزرێتەوە، بەڵام (هێماگەری) دۆزینەوەی بەپێی ئامانجە دیار و ناسراوە تازەکانی دەبێت. بوونی هێما لە دەقێکدا وا لەو دەقە ناکات کە سەر بە (ڕێبازی هێماگەری) بێت، ئەمە گەر نەبەسترابوو بە ئامانج و ئامرازەکانی لە دەربڕینە نوێیەکەی ڕێبازەکەدا) (سەرچاوەی پێشوو، ٣٦).

زۆرجاران هێماگەری، جگە لە نزیکی لەگەڵ ڕۆمانتیکدا، بە بزوتنەوەیەکی چەخماخەدار و قووڵتر لە خودی ڕۆمانتیکییەت دادەنرێت، چونکە ((سەرقاڵ بوو بە گێژەنی سۆزەکان، بەڵام شاعیرە

هێماگەرە گەورەکانی وەک بۆدلێر و جێرارد دی نێرڤال، ترسی جیهان لە ناوی دەبردن و جێی حەوانەوەیانی لێ تاڵ دەکردن، تا ڕەشبینیی و مردن یان خۆکوشتن. هێماگەری هیچ نەبوو، جۆرێک لە جۆرەکانی ڕۆمانتیکی نەبێت. ڕۆمانتیکی ئەڵمانی و ئینگلیزی کاریگەریی کەمی نەبوو لەسەر دامەزراندنی هێماگەری لە فەڕەنسادا، ڕۆمانتیکییەکان باسی خۆشەویستیی و کۆچ و سیاسەتیان دەکرد، بەڵام هێماگەرەکان ئەزموونیان تەنها لە کێڵگەی هونەردا و دۆزینەوەکانیان تەنها لەسەر لایەنەکانی بیر و خەیاڵ بوو)) (سوهیلە، ٢٠١٨، ٨٢).

بزووتنەوەی سیمبولیزمیی فەرەنسی کاری کردە سەر شاعیرانی ئینگلیزی و ئەمریکی و ئەڵمانی و ڕووسی و وڵاتانی دیکە، بە شێوەیەک دەتوانرێت بگوترێت، کە بەشێکی گەورەی ئەدەب لە جەنگی جیهانی یەکەم بەدواوە لەژێر کاریگەری سیمبولیزمدایە. جا ئەم پەنابردنە بەهۆی هۆکاریی سیاسی و ئاینییەوە بووبێت یان دەروونی و ئیستاتیکی، کە نووسەران لێڵایی و قووڵییەکی مەبەستدارییان داوەتە زمانی نووسینیان، یان بەهۆی دۆخگۆڕانی زمانەوە بێت بە هۆی سەردەمەکانەوە. بۆ نموونە: (لە ئینگلتەرا (ویلیام باتلەر ییتز)، کە بە هۆنراوەی (گەشتەکانی ئاوسیان) لە ساڵی (١٩٢١) نۆبڵی وەرگرت، (ییتز) لە دواتردا خۆی دوورەپەرێز گرت لە سیمبولیزم. (ت.س. ئیلیۆت)ی شاعیر و ڕەخنەگری بەناوبانگی ئەمریکیش، خاوەنی شیعری (وێرانەخاک- Land waste)دەچێتە نێو ئەم بوارەوە.هەر لە ئەمریکاش هەر یەک لە ئەدیبانی وەک: ئەزرا پاوەند، دایلن تۆماس، ئەی. ئەی، کیمینز، والاس ستیڤنسن و فۆکنەریش بەرهەمەکانیان بە بەرهەمی سیمبولستی هەژمار دەکرێن. لە ئەڵمانیاش، (ڕاینەر ماریا ریلکە)، کە لە پاریس دەژیا و شیعرەکانی (پۆل ڤالێری) (گۆڕستانی دەریایی) وەرگێڕایە سەر زمانی ئەڵمانی، (ڕیلکە) لایەنگری شیعری پاک و بێگەرد بوو و باوەڕی بە کۆمەکی خوو و سرووشت نەبوو، بەڵکوو باوەڕی بە سرووش بوو، وەکو ئەوەی دەیگوت: قەسیدەکانی ئۆرفیۆس ئیلهامی پێ بەخشیوە، کەوتبووە ژێر کاریگەری هێماگەرەکانەوە. لەڕووسیاش، سیمبولیزم برەوێکی زۆری بەدەست هێنا، ناسراوترین شاعیری سیمبولیستی ڕووسیا ئەلیکساندەر (بلۆک) (١٨٨٠-١٩٢١) بوو) (شەمیسا ٢٠١٨: ١٩٦).

## ٢- ئەدگار و تایبەتمەندییەکانی هێماگەری

ئەدگارەکانی قوتابخانەی هێماگەری (سیمبولیزم) بریتین لەمانەی خوارەوە:

١ -ڕەتکردنەوەی شێوازی کۆنی تەقلیدیی شیعر، کە بنەمای ڕوونیی مەبەست و گوتاری شیعریی ڕاستەوخۆی پیادە دەکرد، چونکە ڕوونی و یەکسەر-مەبەست-دانە-دەست، ئەرکی شیعر نییە، بەڵکوو ئەرکی پەخشانە.

٢ –له ڕێبازی هێماگەریدا کێش و سەروا وردەوردە تێک شکێنران. تەنانەت لای هەندێکیان بە تەواوەتیی تووڕ هەڵدرانە دەرەوەی شیعر. بۆ یەکەمین جاریش لە هەمان کاتدا (شیعری ئازاد Vers libre) لای (ڕامبۆ) لە ساڵی ١٨٨٦ هاتە ئارا. سمبولیستەکان پێیان وابوو کە کێش و سەروا خەیاڵی شاعیر زیندان دەکات و ڕێگەی لێ دەگرێت لەوەی ئازادانە خۆی دەرببڕێت. جێی باسیشە لەسەر دەستی هەمان ئەم سیمبولیستانە بوو، کە پەخشانە شیعر (poeme en prose) بڵاچەی دا. (ڕامبۆ) دیسان لەم بوارەدا ڕەچەشکێن بوو. پێش ئەویش (شارل بۆدلێر) لە (ماتەمی پاریس)دا، کە بە (پەخشانەشیعرە بچکۆلەکان) بەناوبانگە، دەستی دابووە ئەم نۆژەنگەرییە و لە بارەیانەوە نوسیبووی: پەخشانی شاعیرانە و مۆسیقایی، بەبێ ئەوەیش کە کێش و سەروایان هەبێت، نموونەی ئەم ژانرە تازەیە لای (ڕامبۆ)، ئەمەش لەو پەخشانە شیعرەیدا دیار دەکەوێت کە بە ناونیشانی (گوڵ) لە دیوانی (درەوشانەوەکان)دا بڵاو کراوەتەوە (پیربال ٢٠٠٩: ١٤٦).

٣- ((لە ڕووی شێوازی تەعبیرکردن لە حاڵەتی ئەزموونی تاکەکەسییەوە، سیمبولیستەکان شێوازێکی جیایان لە ڕۆمانتیکی و پەرناسییەکان گرتە بەر، بەوەی کە فەرهەنگی زمان و میتافۆری بابەت دەستەوەستانە بەرانبەر بە ئەزموونی شیعری هەر شاعیرێک، کە بیەوێت بە ناخی خوێنەردا شۆڕ ببێتەوە و ئەو مەبەستەی دەیەوێت پێی بگەیەنێت)) (الاصفر ١٩٩٩: ٨٦). لەو ڕوانگەیەوە، سیمبولیستەکان لەمیانەی هێمای شتەکانەوە تەعبیریان لە مانا شاردراوەکانی پشتی واقیع دەکرد، هەروەها پێشیان وابوو کە ڕەمز لە کولتوور و بۆماوەیی میللەتەوە سەری هەڵداوە، وێڕای ئەوەی کە شاعیر دەتوانێت لەمیانەی هێمای شتەکانەوە دەقێکی ئیستاتیکیی بە خوێنەر بگەیەنێت.

٤- بایەخدان بە مۆسیقا و ڕیتمی شیعری، واتا مۆسیقای دەربڕین و تەکنیکی شیعری، بەو مانایەی کە شاعیر دەتوانێت سود لە وزە دەنگییە شاراوەی نێو پیت و وشە تاک و ئاوێتەکان وەربگرێت، بە مەرجێک کە ئەو وزانە لە پێناو بەرجەستەکردنی سەقای دەروونیی کەسی داهێنەر بڕەخسێندرێن، پاشان لە میانەی تەکنیکێکی شیعرییەوە بە خوێنەر بگەیەندرێت. کەواتە مۆسیقا دەچێتە نێو چوارچێوەی میکانیزمی هونەر و وروژاندنی هەستی شیعریی خوێنەر.

سیمبولیستەکان شیعر و مۆسیقایان تێکەڵ بەیەکتری کردووە و بەهۆی حاڵەتی دەروونییەوە ڕەگی زاڵی مۆسیقایان دەرخستووە تا بگەنە ئامانجی شیعری، چونکە (یەکێک لە بنەماکانی هەر دەقێک جووڵەی دەنگ و ئاوازەکەیەتی، تا خوێنەر هەست بە قووڵایی ئەزموونی شیعر بکات و کاریگەریی پۆزەتیڤی لە سەر درووست ببێت، لەبەر ئەوەی ئاواز ڕەگەزی دەقە و وەک هەموو ڕەگەزەکانی تر تەبایە و کاریگەریی لەسەر هەموو ئاستێکی دەنگی و مۆرفۆلۆجی و دەلالی هەیە) (محمد ٢٠٠٨: ١٩٣)، هێما لای شاعیرە هێماییەکان خۆی لە ئاوازدا دەبینێتەوە یان لە گونجاندنی

پێکهاتەی دەنگەکاندا و دەق بە گشتیی دەکاتە هێما و بەیەکگرتنی وێنە و دەنگ و ئاوازەکان لە دۆخێکی مۆسیقیی نزیک دەبێتەوە.

مۆسیقای شیعری بووبووە تاقە درووشمی سیمبولیستەکان، وەکوو لە میانەی وتە بەناوبانگەکەی (ڤێرلین)دا هاتووە، کە وتوویەتی: (با زیاتر مۆسیقا بەرجەستە بکەین، مۆسیقا لە پێش هەمو شتێکەوە)، تەنانەت ئەوەندە بایەخیان بە مۆسیقا دەدا، کە لە هیچ ڕێبازێکی تری پێش ئەوان هەستی پێ نەدەکرا، بۆ نموونە لە دەقە شیعرییەکانی (چەند پەخشانەشیعرێکی بچووک)ی (بۆدلێر) و (پرشنگەکان)ی (ڕامبۆ). (ڤێرلین) لە نووسینێکیدا بە ناونیشانی (هونەری شیعر)، دەڵێت: (پێش هەموو شتێک مۆسیقا... دواتر مۆسیقا و هەمیشە و بەردەوام مۆسیقا، با شیعرەکەت باڵدار بێت بۆ ئەوەی هەست بکەن لە ڕۆحتەوە دەردەچێت) (سوهیلە ۲۰۱۸: ۸۲). (سیمبولیستەکان مۆسیقای (ڤاگنەر)یان خۆش دەویست و گرینگییان بە ئاوازداربوونی وشەکان دەدا و دەیانگوت شاعیر دەبێت زمانی بیر و هەستەکانی خۆی بە مۆسیقای وشەکان بسپێرێت. ڤالێری لە گۆڕستانی دەریاییدا دەڵێت: Fume ici ma Furture: hume، واتە من لێرەدا دووکەڵی داهاتووم بۆن دەکەم. بزوێنی u و نەبزوێنی f دووبارە بووەتەوە. (مالارمێ) دەیگوت لە نێوان دەنگ و واتادا پێوەندییەکی تایبەت هەیە، کە شاعیر پێویستە هەستی پێ بکات، بە نموونە برگەی sn شوومە و لە ئینگلیزیدا snake یە واتای مار و sneer بە واتای گاڵتەپێکردنە، بەڵام برگەی fi باڵایە وەک ئەوەی لە fly بە واتای فڕین و لە flow بە واتای لێشاوە، شتێکی لوتکەگر و ڕەوان هەیە. مالارمێ باوەڕی وایە کە دێڕ یان شیعری بێمانای بەبەهاترە لە شیعری واتاداری ناشیرین) (شەمیسا ۲۰۱۸: ۲۰۱).

٥-زمانی هەست یان هەستگۆڕکێ: سیمبولیستەکان هەموو جۆرەکانی هەستیان لە وێنە شیعرییەکاندا وەکو هێمایەکی تەعبیریی پیشان دەدا، وەکوو دەنگ و دەستلێدان و بزاڤ و بۆنکردن و تامکردن، بۆیە لە هەر شێوازێک لەو شێوازانە، ڕەمزێکی دیاریکراویان پیشان دەدا، بۆ نموونە هەست دەلاقەی مرۆڤە بۆ گەیشتن بە دنیای دەرەوە، ئەم دنیایەش (دارستانێکی پڕ لە ڕەمزە)، کە هەموو شتێک تێیدا دەئاخڤێ. شاعیری سیمبولیست، هەردەم هەستوروژاوە، پەلەکانی بەئاگان، کە لەلای ئەو (خۆڵەمێش دەرژێ)، (ئەستێرەکان هاژەیان دێت)، (دەنگی نەرم و دڕ هەیە)، (سەوزایی کون دەبێت)، (ڕووبار گۆرانیی دەچرێت)، (ڕووناکیی دەبارێت)، (گاڵتەجاڕیی بێگەردە)، (کونەکان شینن)، (زرە شینە)، (سوور شۆڕشە)، (ڕەش نەبوونییە)، (خۆڵەمێشیی خەمۆکییە)... هتد، بۆ نموونە (ڕامبۆ) لە قەسیدەی (پیتە دەنگییەکان)دا وای نووسیوە: Aڕەشە، E سپییە، U سەوزە،O شینە (الاصفر ۲۰۰۸: ۱۲۱). یەکێک لە تایبەتمەندییە هونەرییەکانی سیمبولیزم پەیوەندی ئاڵوگۆڕی هەستەکانە، دیاردەیەکی جوانیبەخشە لە شیعری هێماگەریدا و تیۆری شاعیری گەورەی فەرەنسیی

(بۆدلیر)ە، (کە ئەرکی هەستەکانی بینین و بیستن و بەرکەوتن و چێژ و بۆنکردن دەگۆڕێن و دەدرێنە پاڵ یەکێکی تر، واتە گواستنەوەی هەڵچوونەکانی ناوەوە و ڕاستیەکانی دەروونی شاعیرە بە جۆرێکی سرووشتیی ئیحا، ئەو زمانە ئاساییە تێدەپەڕێنێ کە بۆچوونە لێڵ و نامۆکان دەرنابڕێ و ڕێگە لە بەردەم ئاڵوگۆڕی هەستەکان خۆش دەکات بە مەبەستی دابڕینی شتە هەستییەکان و گەیشتن بە بوارێکی ویژدانیی یەکگرتوو، بۆدلێر و هاوڕێکانی تا ڕادەیەکی زۆر سەرکەوتوو بوون لە بنیاتنانی دەقە هێماییەکاندا، وێنە و سیستەمە وێنەییەکان دەبوونە هێما یان لێکدانی دەنگ و ئاوازەکان بە گشتیی دەقەکانیان دەکردە دەقێکی هێمایی) (محمد ٢٠١١: ١٣٨).

٦ –تەمومژ: هەرچەندە سیمبولیزم دەرگای تەمومژی لە شیعردا کردەوە، بەڵام دەبێت ئەوەمان لە بیر نەچێت، کە ئەو لایەنە شاعیرە پێشڕەوەکانی لێ بترازێت، سەرجەم شاعیرانی سەر بەو ڕێبازەی نەگرتەوە، سا ئەو شاعیرە پێشڕەوانە فرەتر پێگیر بوون لە بەرجەستەکردنی هێمای تەمومژاویی لە شیعرەکانیاندا، بەڵام ئەوانیش زیادەڕۆییان نەکرد، سەرباری ئەویش شیعری سیمبولیستەکان جارناجارێک بە ڕوونی و هەندێک جاریش بە تەمومژاویی دەبینرا، بەوپێیە کودەتایەکی کتوپڕیان نەکردە سەر ڕۆمانتیکیی و پارناسییەکان، بەڵکوو هێشتا هەندێک ئەدگاری ڕێبازەکانی پێش خۆیانیان پێوە دیاربوو. (لێڵی و تەمومژی تایبەتییەکی تری شیعری سیمبولیستەکانە، بەهۆی دوورکەوتنەوەیان لە واقیعێکی هەستپێکراو، باشترین شیعر لای سیمبولیستەکان ئەوە بووە کە ئەسەرێک یان جێکەوتەیەک لەسەر دەروونی شاعیر بەجێ بهێڵێت، هەر بۆیە بە دیدی (پۆل ڤێرلین) جوانی لە شیعردا ئەوەیە کە بەرگێکی تەمومژاویی بپۆشێت) (جندی ١٩٥٥: ١٠٧)، کە دەبێتە هۆی پێکهێنانی سرووش و دۆخە دەروونییەکەی نووسەر دەگوێزێتەوە بۆ خوێنەر، واتە سرووش هەوڵدانێکی هونەریی هونەرمەندە بۆ ڕوونکردنەوەی جیهانی دەروون، چونکە شیعر لە جەوهەردا سرووش و تەمومژ و لێڵە نەک ڕوونیی و ڕاڤەکردن.

سمبولیزم جوانیی خۆی هەیە، جوانییەکەی دەمامکدارە و درکیشی پێ دەکەیت، نایگریت و بە خەیاڵتدا دێت، بەڵام ڕێ نادات تێی بڕوانیت. جوانییەکە دەیبینیت و نایبینیت، دەیبیستیت و نایبیستیت. دەیناسیت و نایناسیت، نەبینراوییەکەی شکۆیەکی بەسەردا کێشاوە، بۆیە لە یەک کاتدا جوانە و شکۆمەندە، گویمان لێی دەبێت و چێژی لێ وەردەگرین. ئەگەر ویستت بیگریت لە هەوا زیاترت دەستگیر نابێت. وشەکانی مەدلولێکی بازنەداریان نییە و واتاکانیشی بێ کەوشەنن. سمبولیزم تاودانە بەرەو ناکۆتایی، وێرد و بێئامانجییە، بەلای سیمبولیستەکانەوە، مرۆڤ نێچیری چەند هێزێکی نادیار و شوومە، بۆیە پێویستە حاڵەتە مەرگهێن و سامناکەکانی چارەنوسی خۆت لە توێی جۆرێک لە خەون و ئەفسانەکانەوە بەیان بکەیت (پیربال ٢٠٠٩: ١٥٤).

شێوازی بەکارهێنانی تەمومژ لە شیعری سیمبولیستەکاندا هۆکاری تایبەت بە خۆی هەبوو، لەوانە(الاصفر٢٠٠٨: ١٢٤ – ١٣٠):

ا –یارییکردن بە دەستەواژە و زمانی شیعری بە شێوەیەکی ناباو.

ب –مەرج نییە هێما، هێمای شتێک بکات، بەڵکوو دەمێنێتە سەر بۆچوونی خوێنەر، کە هێماکان بۆ هێمای شتەکان دابنێت.

پ –تەعبیرکردن لە بەخششەکانی هەست و ناردن و وەرگرتنی هێما.

ت –ئاماژەپێکردن و ئاگادارکردنەوە، ئەوانیش پێویستیان بە ڕوونکردنەوەوە هەیە و هێمای پێ ناوێت.

ج –چڕکردنەوە و زۆر کورتکردنەوە.

چ –بەوردی ڕۆچوونە نێو وردەکارییەکانی دەروون و دۆخە شاراوەکانی مرۆڤ، کە بە سانایی ناکرێ گوزارشتی لێ بکرێت.

ح –نزیکبوونەوە لە ڕیتم و هونەری جوانکاریی، کە لەو میانەیەوە شاعیر بە ناخی خوێنەردا شۆڕ دەبێتەوە.

٧–وێنەی شیعری:

یەکێکی تر لە ئەدگارەکان ڕێبازی هێماگەری پەنا بردنە بۆ وێنەی شیعری، هەندێک لە نیشانە و لایەنێکی وێنەکە نوێ دەکەنەوە، بۆ ئەوەی هەندەکەی تری واز لێ بێنن و لە کەشێکی ناڕووندا بسووڕێتەوە. (سوهیلە ٢٠١٨: ٨١). (لای سیمبولیستەکان، وەک چۆن لای نیگارکێشەکان بە شێوەیەکی دیارتر دەبینین: فیگەر و هێڵ و ڕەنگ دەکرێنە ڕەمز نەک تەنیا سێبەر و ڕووناکیی بە شێوەیەکی واقیعیانە بەکار بێن و تەنیا گوزارشت لە هەست بکەن و تابلۆیان پێ جوان بکرێ. هەر فیگەرێک لای ئەوان پێویستە هێمایەک بێت و دۆخێکی ڕۆح پیشان بدا. هەر هێڵێک یان هەر ڕەنگێگ، کە دادەنرێت، پێویستە بکرێتە هێمایەک و ئەفسوونێک، کە جیهانە پەنهانەکانی ڕۆح جوان بکات. شیعر، یان بە شێوەیەکی گشتیی هونەر، بەم شێوەیە، ئینتیباعاتی شاعیر یان هونەرمەند بوو. بریتییە لە حاڵەتێکی ڕۆح، حاڵەتی بیرێک، کە لە قوڵایی خەونێکەوە بێدار بووبێتەوە، یان لە فەنتازیای هونەرمەندەوە سەرچاوەی گرتبێ) (پیربال ٢٠٠٩: ١٤٧).

بەم جۆرە، هێماگەران لە کۆی بڕواکانیان گەیشتنە ئەوەی، کە مەبەستی شیعر گواستنەوەی حاڵەتێکی ویژدانی و دەروونی شاعیرە و بە هۆی سرووشتی نوێی زمان و وێنە و ئاواز و مۆسیقا و تەمومژییەوە وە ئەو بارەیان دەگەیاند. بڕوایان وابوو، کە شیعر ناتوانێت واتای ئاشکرا

بەدەستەوە بدات، بەڵکوو هەندێ واتا دەگەیەنێت کە تێگەیشتنیان ئاڵۆزە و ناکرێت بە ئاسانی دەرببڕدرێت. سەبارەت بە زمانی پێشووتریش ڕایان وابوو (بریتییە لە چەند هێمایەک، بەڵام ناتەواون و دەستەووەستانن لەوەی ئەو هەست و نەستە جۆربەجۆرەی شاعیر هەیەتی و بە خەیاڵیدا دێت، ڕابگەیەنێت. هەر بۆیە شیعری هێمایی شیعرێکی باڵدارە و لە ئاسمانی دەروونێکدا هەڵدەفڕێت، کە واتا قورس و گرانەکان قووڵتر دەبنەوە، دەیان وت شیعری هێمایی ئاشنای زمانی ئاسایی نییە و شاعیری هێماگەریش گەرەکییەتی بچێتە ناخ و دەروونی مرۆڤایەتییەوە)(عەبدوڵا، ٢٠١٥، ١٢٠).

## دووەم: ١- هێماگەری لە شیعری عەرەبیدا

عەرەب بە درێژایی قۆناغە مێژووییەکان، واتا لە سەردەمی جاهیلییەوە تا سەردەمی نوێ و هاوچەرخ، زاراوەی هێمایان بەکار هێناوە، بەڵام بەکارهێنانەکەی لە چوارچێوەی واتا گشتییەکەدا بووە نەک واتا هونەرییەکەی، کە ناسینی بۆ نیوەی دووەمی سەدەی ڕابردوو دەگەڕێتەوە (الجندی، ١٩٥٨، ٢٠).

(د.ڕەفعەت زەکی مەحموود عەفیفی) لە کتێبی (المدارس الادبیة الاوروبیة، واثرها فی الادب العربي)دا و لە تەوەری (هێما و ئەدەبی عەرەبیمان)دا دەڵێت: ئەدەبی عەرەبیمان لە کۆنەوە جۆرێک لە جۆرەکانی دەربڕینی بە هێما ناساندووە و بۆ دوو ئاراستە دەسەبەشی دەکات (عفیفی ١٩٩٢: ٧٩):

ئاراستەی یەکەم: لەو پەندانەی وا لەسەر زمانی ئاژەڵ یان باڵندە یان مێرووەکانەوە گێڕدراونەتەوە، ئەمەش بە کۆکراوەیی لە هەندێک لە کتێبەکانی وەک (مجمع الامثال)ی المیدانی و کتێبی (البیان والتبین)ی جاحزدا دەیبینین، یاخود وەک لە کتێبی (کلیلە ودمنە)دا، کە کۆمەڵەچیرۆکێکە نووسەر یان شاعیر کەسێتیی و ڕووداوگەلێک دەخاتە ڕوو، لە کاتێکدا کەسێتیی و ڕووداوگەلێکی تری مەبەستە، ئامانجی ڕاستکردنەوەی ئاکاریی کۆمەڵایەتی و ڕامیارییە.

ئاراستەی دووەم: ئەوەی لە شیعری سۆفی یان چیرۆک و ئامۆژگارییە سۆفیگەرییەکاندا هاتووە، بەهاگەلێکی ڕۆحی و هونەری دەردەکەوێت، لە لایەکەوە دەیگەیەنێتە هێمای هاوچەرخ و لە لەملاشەوە دووریی دەخاتەوە. (سۆفیگەری ـ وەک هێماگەرییە ـ دەناڵێنێت بە دەست بارگەلێکی ویژدانیی بە پلەیەک لە پەتیکردن و ناڕوونی و ئازاد دەبێت لە دەسەڵاتی هەست بۆ ئەوەی یەک بگرێتەوە لەگەڵ جوانیی نەمریی خواوەنددا، پێیان وایە سرووشتییە زمان بە دەلالەتە لاوازە ناسراوەکانییەوە تەنگبێتەوە لەمەڕ تێگەیشتنی وردەکارییەکان، بۆیە هەرگیز نەبینرا سۆفیگەراییەکان پەنا بەرنە بەر فەرهەنگی غەزەل و خەمریات لە شیعری عەرەبییدا، بۆیە دەربڕاوگەلێک لە زمان و

قەسیدەکانیاندا هاتن، وەک دووری و وەحشەت و هۆگری و ئامادەبوون و ئامادەنەبوون و ئاگایی و بێئاگایی).

(عەبدولڕەزاق ئەسفەر)یش لە کتێبی (المذاهب الادبیة لدی الغرب)دا، سەبارەت بە سەرەتاکانی سەهەڵدانی هێماگەری لە ئەدەبی عەرەبیدا و کاریگەری قوتابخانەی هێماگەریی فەرەنسی لەسەر ئەدەبەکەیان، دەنووسێت (ئەدەبی عەرەبیی پاش جەنگی جیهانی دووەم لە شیعری بەدر شاکر سەییاب و نازک مەلائیکە و عبدولوەهاب بەیاتی و سەلاح عەبدولسەبوور و ئەدۆنیس و خەلیل حاویی و شاعیرانی فەلەستین و... هتد، سەری هەڵدا. سەدای هێماگەری لە ماوەگەلێکی بە دوایەکدا و لە وڵاتێلێکی زۆر و بە شێوەی جیاواز دەنگ دایەوە، سەرپاکی ئەم زایەڵانە ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ بۆ هێماگەریی سەدەی نۆزدەیەمی فەڕەنسا دەگەڕێنەوە) (الاصفر ١٩٩٩: ١٣٢).

## ٢-هۆکارەکانی هێما لە شیعری عەرەبیدا

بێگومان هۆکارەکانی شیعری هێماگەری لە ئەدەبی عەرەبییدا زۆر و چەشناوچەشنن و ئەمانەش گرنگترین هۆکارەکانی سەرهەڵدانی هێماگەرین لە شیعری عەرەبیدا (الدبسی ٢٠١٦: ٢٦٩-٢٧٤):

١-جەنگ و لێکەوتەکانی

هەردوو جەنگی جیهانیی لێکەوتەی گەورەیان هەبوو لە درووستکردنی بونیادی ئەدەبی لە جیهانی ڕۆژئاوایی و عەرەبییدا، وەک کودەتا گەورەکان و جەنگی جیهانیی یەکەم و دووەم، کاریگەریی گەورەیان لە سەر هەبوون و دەوڵەت و کەسایەتی تاکی عەرەبیی دانا، بوونە هۆی درووستبوونی چەند بزوتنەوەیەکی ئەدەبی و ڕێبازێکی ئەدەبی، لە ناویشیاندا هێماگەری، کە ئامانجی لێڵی و شاردنەوە و دەلالەتپێدان بوو بۆ وەستانەوە لە دژی داگیرکاریی لەو کاتانەدا.

٢ -قوتابخانە شیعرییە تازەکان

هێماگەری، لە خۆیەوە بەدی نەهاتووە، بەڵکوو وەک کاردانەوەیەک بوو لە بەرانبەر ڕێبازی ڕۆمانسیدا، کە نقومبووی خەیاڵ و چێژ بوو، بە شێوەیەک سۆز بە سەر لایەنگرانی ئەم ڕێبازەدا زاڵ بوو، دەکرێت ئاراستەی هێماگەری هەژمار بکەین بە کاردانەوەیەک دژی چەقبەستوویی ڕێبازی سرووشتگەرایی و ڕوونیی زیاد لە پێویست لە ڕێبازی پەڕناسییدا.

٣ -دابونەریت و بەها کۆمەڵایەتییەکان

هێما خۆلادان بوو لە نووسینی ئاشکرا، شاعیران هێمایان وەک شێوازێک لە نووسین بەکار برد کە ڕەنگە پێچەوانەی ئەوە بێت وا شاعیر بە ئاشکرا بیەوێت ڕەتکەرەوەی نەریت و بەها کۆمەڵایەتییەکان بێت، شیعری نوێش هەوڵی دا سەنتەرەکەی مرۆڤ بێت و هەوڵی دەربڕینی دۆخە ڕەش و کارەساتاوییەکەی دا لەمەڕ کۆتوبەندی کۆمەڵایەتی و ڕامیاریی توند و دەربڕینی نامۆیی و نەبوونی لەم جیهانەدا.

٤ -وەرگێڕان

لەگەڵ سەردەمی هەستانەوە (عصر النهضە) و لە ئەنجامی کۆچی عەرەب بەرەو ئەورووپا و هەردوو ئەمریکاکە، ئەدیبە عەرەبەکان توانیان ئەدەبە ڕۆژئاوایی و ڕێبازە ئەدەبییەکانی بخوێننەوە، کە بووە هۆی گواستنەوەی ئەو ڕێبازانە، لێرەوە ئەدەبی عەرەبییان پێش خست، ئەویش لە ڕێی وەرگێڕانی فەڕەنسیی پێشوەخت و چالاک بەهۆی هێرەشەکەی ناپلیۆنەوە.

## سێیەم: هێماگەری لە شیعری کوردیدا

ئەدەبی کوردییش، چون ئەدەبەکانی تری ڕۆژهەڵات و ئەورووپا و ئەمریکا، لە هەرسێ ئەدەبەکەیدا (کۆن و نوێ و هاوچەرخ) وەک زاراوە هێما بەکار هاتووە، هێند هەیە لە ئەدەبیاتی نوێ و هاوچەرخدا پانتایی کارکردن و بەکاربردنی فراوانتر بووەتەوە، ئەمەش بەهۆی ئەو شەپۆلەی هێماگەری لە جیهاندا و بەتایبەتیش لە ئەدەبی عەرەبیدا و نزیکیی بارودۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتی و کولتووری هەردوو نەتەوەوە بووە لەو کاتەدا.

لە ئەدەبی کۆن (کلاسیک)ی کوردیدا بە کاریگەری ئەدەبیاتی دەوروبەر (ئەدەبی فارسی و عەرەبی بەتایبەتی) و پاشخانی مەعریفیی خودی شاعیران، گەلێک هێما بەکار براون. هەرچەندە لێکۆڵەر و توێژەر و ڕەخنەگرانمان وەک زاراوەی ڕەخنەیی و بابەتی سەربەخۆ کەمتر لە توێژینەوەکانیاندا پەرژاونەتە سەری. شایانی ئاماژەپێکردنیشە هەندێک لە هونەرە ڕەوانبێژییەکان، بە تایبەتی وێنە ڕوونبێژییەکان، کە لە شیعری کۆنی کوردیدا بەکار هاتوون، دەچنە نێو تخووبی هێماوە و لەگەڵ بوونی پەیوەندیی لێکچوون و دژیەک لە نێوانیاندا، بۆیە ئەمڕۆ لە شیعری هاوچەرخ ناوی هێمایان لێ دەنێین، لەبەر ئەوە خوازە، خواستن و درکە و چەندین هونەری تری ڕەوانبێژی، هەمان ڕۆڵی هێمایان بینیوە، هێندە هەیە هێما لە هەموویان فراوانتر و چڕترە و پانتایی واتای بەرینترە.

لەم بارەیەوە (مەحموود زامدار) لە کتێبی لە (بانیژەی شیعرەوە)دا لە سەرباسی (ڕەمز و جوانی و ڕاستی)دا، دەربارەی پێشینە و کۆنی و ڕەسەنێتی و تەکنیکی هێما لە ئەدەبدا بە گشتی و

بەتایبەتی لە ئەدەبی کۆنی کوردیدا، دەڵێت: ((ڕەمز و بەکارهێنانی ڕەمز لە شیعر و ئەدەبا، شتێکی ئەوەندە نووت و نوێ نییە و تەنیا بە میرات لە کەڵەشاعیرانی وەکو: مالارمێ و بۆدلێر و ڕامبۆ و بلۆک و ڤێرلین و ئیلۆتەوە ...تد بۆمان مابێتەوە و بەس، نا بەڵکوو هەزاران هەزار وردە ڕەمزی جوان و دەربڕ، لە نێو شیعرە پاراوەکانی (عوریان، نالی، مەحوی، مەولانا، شێخ ڕەزا، شێخی جەزیری... تد) هەیە، بەڕەنگێ ئەتوانم بڵێم: ئەدەبیاتی ئێمەیش چی وای لە سەربەری ئەدەبیاتی ئەم ڕۆژهەڵاتە بەتایبەتی کەمتر نییە لەم بارەیەوە، فۆلکلۆر و میتۆلۆژییای میللیمان، هەندێ کتێبۆکە و کۆنەنامیلکە و دیوانە شیعرییەکان لێواولێون لەو وێنە ڕەمزیانە. ئەدەبی دڵداریات و سێکس و سۆفیگەریمان هەر مەپرسە. کەواتە ئەدەبی ئێمەش وەکو ئەدەبێکی ڕەسەن، لەم دیاردە ڕەسەنەی شیعر و فیکر بێبەش نییە و لەسەر زەمینەیەکی ڕێژەنا بنجی داکوتاوە))(زامدار ١٩٨١: ٣٤).

بەم پێیە بنچینەی هێما لە شیعری کلاسیکدا، ئامادەیی هەبووە، بۆ نموونە (غەزەل) بابەتی سەرەکییە کە هێمای تێدا بە چڕی بەکار هاتبێت، بەهۆی ئەو چوارچێوە یاخود ئەو کۆمەڵگەیەی وا شاعیرانی کلاسیکی لێ ژیاون، ئەو شیعرانەی دەچنە نێو خانەی (تەسەوف)ەوە، دەشێ نزیکترین بابەت بن لە هێما، بە تایبەتیش لەو نهێنیی و شاراوەییانەی، کە هێما و تەسەوف یەک دەخات یاخود لە یەکتریان نزیک دەکاتەوە، کەواتە شاعیر و سۆفی خاڵێکی گرینگ یەکیان دەخا، ئەویش (نامۆبوون)ە، نامۆ لە کۆمەڵگە و هەڵاتن لێی بەرەو جیهانێکی ئەفراندن و تایبەت کە بۆ خۆیان دەیانەوێ درووستی بکەن. هەروەها بەکارهێنانی هێما و شێوەکانی لە شاعیرێکەوە بۆ شاعیرێکی تر جیاوازە (مەحموود ٢٠٢٠: ١١). ئەوەتا حەسیب قەرەداخی لە دیداری شیعری کلاسیکدا لەم بارەیەوە دەڵێت((لە کاتێکدا کە کلاسیزم بە ڕووناکی عەقڵ دەدرەوشێتەوە، ئەبینین سۆز و موبالەغە و شتێک لە ڕەمزییەت باڵی کێشاوە بەسەر زۆربەی شیعرەکانی (سالم)دا))(حەمەکەریم ١٩٨٦: ٣١).

(عەبدولسەلام سالار)یش لەبارەی بەکارهێنان و جۆرەکانی ڕەمز لە شیعری کلاسیکی کوردیدا، بە پاڵنەری پەیوەندیی پتەوی شاعیرانمان بە سۆفیزمی ئیسلامی و شاعیرە سۆفییەکانی میللەتانی دراوسێ، لە نامەی ماستەرەکەیدا دەڵێت: ((شاعیرانمان زۆر ڕەمزیان بەکار هێناوە، بەتایبەتی ڕەمزی خۆشەویستی کە بە دوو شێوە بەکار دەهات، یەکەمیان خۆشەویستی ڕاستەقینە کە خۆشەویستی خودایە و دووەمیان خۆشەویستی خوازەیی کە خۆشەویستی ئافرەت و سرووشتە)) عەبدوڕەحمان ٢٠٠٠: ٢٩).

لەو هێمایانەش، هێما ئاینییەکانی وەک (پێغەمبەران و حەکیم و پیاوچاکان و چیرۆکە ئاینییەکان). هێما سۆفیگەرییەکانیش وەک (حەلاج و ئەنەلحەق و مەی و پیر و شێخ و بای سەبا و ئاوی حەیات). هێما ئەفسانەییەکانی گیانداران (عەنقا و غوول و کوندەپەپوو و هوما). هێما داستانییەکانی وەک (لەیل و مەجنوون و شیرین و فەرهاد و ڕۆستەم و زۆراب و مەم و زین)،

هێمای کەسێتییەکانی وەک (ئەسکەندەر و ئیسفەندیار)، هێماگەلێکی دیکەشی وەک هێمای زمانی و کۆمەڵایەتی و کولتووری و ڕۆشنبیرییەکان و... هتد، لە ئەدەبی کلاسیکیماندا دەبینرێن.

سەبارەت بە بەکارهێنانی زاراوەکەش لە ئەدەبی کۆنی کوردیدا، زاراوەگەلێکی وەک (ڕەمز و ئیشارە و ئیما) بەکار هاتوون، کە لە خوارەوە، چەند نموونەیەکی شیعری دەهێنینەوە، کە ئەو زاراوانەی تیدا بەکارهێنراون:

مەلای جەزیری وەک شاعیر و سۆفییەکی دیاری ئەدەبی کلاسیکی کوردی، لە سەرەتای غەزەلە بەناوبانگەکەی (مەنسوورە دل)دا سێ جار وشەی (ڕەمز)ی بەکار هێناوە و دەڵێت:

***ئیرۆ ژ ڕەمزا دێم دورێ، میننەت کو من مەسروورە دل***

***دڵبەر ب فنجانا سورێ، مەی دامەو مەخموورە دل***

***ڕمزەک نهێن ئاڤێهتە دل، میهری ژ باتێن مێهتە دل***

***شەهزادەیێ سورڕ ڕێهتە دل، شەهکاسەیا فەرەفوورە دل***

***هۆستایێ عیشقێ دل هەڤووت، سەرەتا قەدەم هینگێ د سووت***

***ڕەمزا (ئەنەلحەق) هەر دگووت، باوەڕ بکەن مەنسوورە دل*** (دیوانی مەلای جەزیری ٢٠١٤: ٤٢٦).

واتا مننەتبار و مەمنوونم کە من ئەمڕۆ بەهۆی ئیشارە و نیگای ڕوومەتی دووڕئاسای دڵبەرێکەوە دڵم خۆشە، ئەوەی دڵی بردین و جامی مەیی دڵڕاکێشانی خۆی داینێ و دڵیش بەوە سەرخۆشە. دێڕی دووەمیش، واتا دڵبەر ئیشارەتێکی نهێنی هاوێشتە دڵەوە و بە شاراوەیی خۆشەویستیی دڵی منی مژی، شازادە جەزبی خۆیی ڕشتە دڵەوە، دڵی وەک شاکاسی پڕ لە مەی ئەوین لێ کرد. لە دێڕی سێیەمیشدا، دەڵێت: مامۆستای ئەشق هات و فێری ئەوینی کردم، لەوساوە لەسەر تا پێم بە ئاگری ئەشق دەسووتێت، ئەو هەمیشە ڕەمزی (ئەنەلحەق)ی دەگوتەوە، باوەڕ بکەن دڵم بووەتە هاودەمی دڵی مەنسوور. لێرەدا هێمای مەنسوور بە مانای سەرکەوتوو دێت و ئیشارەتە بۆ سەرگوزەشتەی مەنسووری هەلاج (٨٥٨ز- ٩٢٢ز)، کە تا مرد، هەر هاواری دەکرد (ئەنەلحەق)، (ئەنەلحەق)یش لە سۆفیگەرێتییدا هێمایە بۆ پلەی فەنابوون.

دەبینین وشەکانی (ڕەمز)، دوو جاری سەرەتا بە واتای ئیشارە و نیگا و ناز دێت و جارێکیش بە واتای ڕاستەقینەی خۆی کە هێما و هێمابۆکردنە هاتووە.

(نالی)یش وەک ڕابەری شیعری کۆنی کرمانجی خواروو، لە چەند دێڕێکی دیوانەکەیدا وشەی ڕەمزی بەکار هێناوە، کە هەمووی یان بە واتای ئیشارەت و بەئاماژەتێگەیشتن دێت، یانیش لە پاڵ وشەی ئیشارەتدا هاتوون.

***ئەمە جێی ڕەمز و ئیشاراتی دەروونە، لە گەرووی***

***تەنگی پڕ غەرغەرەیی واعیزی غەڕڕا نییە باس*** (دیوانی نالی ١٣٧٩: ٢٣٥)

***برۆت تیغێکە وسمەی سەیقەل و مەسلوول و مووکارە***

***کە عیشوەی جەوهەرە، ڕەمز و ئیشارەی ئاوی مەودایە*** (سەرچاوەی پێشوو: ٥٥٧)

***دڵ پەی دەکا نیگاهی سەهمی موژەی سیاهی***

***ڕەمزی هەموو بەڵایە، غەمزەی هەموو موسیبە*** (هەمان سەرچاوە: ٣٩٧)

لای شاعیرانی تری ئەو قۆناغە ئەدەبییەش و دواتریش (سالم و وەفایی و ناری و بێخود... هتد) بە هەمان شێوەی شاعیرانی پێش خۆیان بە واتای ئیشارەت، هاوکاتیش پەیوەستە بە ڕاز و نیاز و نهێنی و ناز و غەمزەی چاو و کوڵمەوە (بە هەمان ئەو واتایە دێت، کە لە باسی زاراوەکەدا ئاماژەی پێدرا لە فەرهەنگە کۆنەکانی زمانی عەرەبی و فارسیدا)، بۆ نموونە:

***لە ڕەمزی سیرڕی عیشقا ئەهلی دڵ بێدار و باهۆشە***

***دڵی بێدڵ لە خوابی غەفڵەتا هەمزادی خەرگۆشە*** (دیوانی سالم ٢٠١٥: ٧٧١)

***پێچ و تاوی زوڵفی خاو و ڕەمز و غەمزەی سیحری چاو***

***ئەم لەلایێ ڕوح دەکێشێ و ئەو لەلایێ دین دەبا*** (دیوانی وەفایی١٣٨٠: ٣)

***بە مەرگی من بە ڕەمزێکی بڵێ بەو چاوە حاڵیم کا***

***ئەتۆ نازدار و بیماری، ئەمن بۆچ زار و بێحاڵم؟!*** (سەرچاوەی پێشوو، ٦١)

***حیکمەتی پڕ مەسئەلەی کوڵمت لە بۆ کێ حەل دەبێ***

***هەر سەحیفە سەد ئیشارە و ڕەمزی تێدا جارییە*** (دیوانی ناری ٢٠١٤: ٢٥٨)

***لە ئیکسیری نیگاهت مشتەخاکێ من نەکەی مەحرووم***

***کە بۆ ڕەمزێکی چاوت بێ سەر و سامانەکەی خۆت هات*** (دیوانی بێخود ١٣٨٤: ٢٧).

لە شیعری نوێی کوردیشدا و لە سەرەتاکانی سەدەی بیستەمدا، پاش ئەو بارودۆخە سیاسییە ئاڵۆزەی ڕووبەڕووی میللەتی کورد بووەوە، بزووتنەوەی نوێکردنەوەی شیعری کوردی بە ڕابەرایەتیی (شێخ نووری شێخ ساڵەح و گۆران و پیرەمێرد و ڕەشید نەجیب) سەری هەڵدا و بووە هۆی بەرزبوونەوەی هەستی نەتەوایەتی، لێرەشەوە لە بەکارهێنانی هێمادا وەرچەرخانێک پەیدا بوو، هۆکاری ئەم وەرچەرخانەش پەنابردنی شاعیران بوو بۆ سرووشت، چون پێیان وابووە سرووشت و کەرەستەکانی باشترین و بەپیتترین کەرەستەی هێمان (ئەحمەد ۲۰۰۹: ۲۱۵).

ئاشکرایە هێما لە شیعری نوێشدا بەربلاوتر بەکار هاتووە، (یەکێکە لەخەسڵەتە درەوشاوەکانی شیعرییەت لە شیعری نوێی کوردییدا. هێما بە هەموو جۆرەکانییەوە پانتاییەکی بەرفراوانی لە ئەندێشە و خەون و خەیاڵ و وێنە شیعرییەکانی شاعیرانی کورد هەیە، ڕەنگە بە هۆی کاریگەریی ڕێبازە ئەدەبییەکانی ئەورووپا و شیعری نوێی عەرەبییەوە سەری هەڵدابێت) (عیزەدین ۲۰۰۹: ۲۷۰). دیارترین هێماکانی ئەم قۆناغە شیعرییەش (باران وەک هێمای خێر و بەرەکەت و پاککەرەوەی دڵ و دەروون و شۆرەرەوەی خەم و خەفەت. پایز هێمای پیری و نەخۆشی و سیسبوون و و نائومێدی و مەرگی بەهار و ڕووتبوونەوەی دار و درەخت و ڕژانی ئاڵتوونی دار و کەوتنی تەرمی گەڵا بووە. هەور هێمای هاتنی مەینەتی و ناخۆشی. شەو وەک هێمای زوڵموزۆر و تەنیایی. ڕۆژ هێمای هاتنی ژیانی نوێ و خۆشی و سەربەستی و ڕەوینەوەی تاریکی، ئاسمان هێمای جیهانی بێسنوور و ئازادیی و دنیای پاک. مانگ هێمای هاوڕێ و هاوخەمی ئازادیخوازان و دڵداران. ئەستێرە وەک هێمای هاونشینی بێداری.) هەروەها هێما ئەفسانەییەکانی وەک (زیۆس و ڤینۆس و زوهرە و ئەپۆلۆ و و مارس و کیوبید و ئەناهیتا و خواوەندی شەڕ و کاوەی ئاسنگەر و ئەژدەهاک)، هێما ئاینییەکانی وەک (ئاهورامەزدا و عیسا و ئەهریمەن و شەیتان و ئیبلیس) (ئەحمەد ۲۰۰۹: ۲۱۷-۲۳۰).

(ئەحمەد ڕەزا) لە کتێبی (هونەری شیعرنووسین)دا، نموونە بۆ جۆرەکانی لەکاربردنی هێما ئەدەبییەکان لە شیعری کوردییدا (پاڵپشت بە دابەشکردنەکەی د. سەلاح فضل) دەهێنێتەوە (ڕەزا ۲۰۰۷: ۱۱۱):

۱-ئەو جۆرەی لە دەقێکدا باڵی بەسەر تەواوی دەقەکەدا کێشاوە... وەک: نموونەی ڕەنگ، لە دەقی والای ڕەنگدان و بۆن، لە دەقی والای بۆننامەی شێرکۆ بێکەسدا.

۲-ئەو هێمایەی، کە ناوبەناو یان لە زۆر بەرهەمی شاعیرێکدا دەیبینینەوە و لە دەقەکانیدا گەشە دەکات، تا دەگاتە ئەوەی گرنگییەکی تایبەت و دەلالەتی جیاواز بە دەست دەهێنێت و بایەخدار دەبێت، وەک: هێمای پایز لای محەمەد عومەر عوسمانی شاعیر.

٣-ئەو هێمایەی، لای شاعیرێک بە جۆرێک بەکار دەهێنرێت و شاعیرێکی تر بەکاری دەهێنێتەوە گیانێکی تازەی بە بەردا دەکات، وەک: (گۆیژە) لای پیرەمێرد مانایەکی ڕووکەشی هەیە و کە دەگوێزرێتەوە بۆ لای شێرکۆ بێکەس فرە دەلالەتە.

٤-ئەو هێمایەی، کە بەکارهێنانی لە چوارچێوەی ڕۆشنبیرییەکی گشتیدایە، وەک: مامەیارە، شێخ مەحمود، سیامەند- پێشمەرگە، جلخوار- جاش، سەفەربەلک... هتد.

٥-ئەو هێمایەی، کە لە ڕۆشنبیرییە جیاوازەکاندا بەکار دەهێنرێن بەبێ جیاوازیی، بە تایبەت هێما سرووشتیەکانی وەک: مانگ و خۆر و باخچە و شاخ و... هتد.

لە شیعری هاوچەرخی کوردییشدا هێما و بەکاربردنی هێما جیاوازتر و بەربڵاوتر هاتە ناو ئەدەبەوە. بێگومان گۆڕانە ئەدەبی و کۆمەڵایەتی و سیاسییەکانی حەفتاکانی سەدەی ڕابردوو، ڕۆڵێکی زیندوو و چالاکی هەبووە لە بەرەوپێشبردن و گەشەسەندنی ئەدەبدا، ئەم حاڵەتەش زیاتر لە ئەنجامی ڕاستەوخۆی ناکۆکییەکانی واقیعی ئەدەب و جۆری سیستمە سیاسیەکەی ئەو کاتەوە سەری هەڵداوە، واتە ڕەتکردنەوەی ئەو واقیعە سیاسییە و بنیاتنانی ئەدەبێکی نوێ و جیاوازتر لە هەناویشیدا بە هۆی ئەو کارلێکانەوە هێما جێی خۆیی تێدا کردەوە، هەروەک لە کۆتاییشدا پێوانەیەکی نوێی فکری و ئەدەبیی جیاوازتری لێ کەوتووەتەوە.

هاوکات بارودۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیریی میللەتی کورد و گوزەران و ژیانی تاکی کورد لەم قۆناغە شیعرییەدا، ڕێگاخۆشکەر و زەمینەیەکی لەبار بووە بۆ پەیدابوونی دیاردەی هێما لە شیعردا، لەگەڵ ئەوەی باری ڕامیاریی کۆمەڵگەی کوردی، ناوەندێکی چاک و بزوێنەر و ئەکتیڤ بووە بۆ بەکارهێنانی ئەم دیاردە هونەرییە، بەکارهێنانی هێما تاکە ڕێگا بووە، کە شاعیران و ئەدیبان بتوانن پەنای بۆ ببەن، بەهۆی ئەو بارودۆخە نالەبارەی، کە سەپێنرا بوو بەسەر نەتەوەی کورددا، شاعیران لێی بێدەنگ نەبوونە و بە هێما واقیعەکەیان درکاندووە. جوانی و ناسکیی شیعر هەمیشە پێویستی بەوە هەبووە بە پەردەیەکی ئاماژە و هێما داپۆشرێ، هەر لەبەر ئەو هۆکارانە ڕێگەی لێڵیی تەمومژ بووە بە بنەمایەکی بەردەوام لە شێوازی نووسیندا (مەحموود ٢٠٢٠: ١١).

ساڵانی حەفتاکانی سەدەی بیستەم (وەرچەرخانێکی گەورە بوو چ لەسەر ئاستی زمان و ئەدەب و چ لەسەر ئاستی ڕامیاری شانبەشانی بزوتنەوە نوێگەرییەکانی عەرەب، درکیان بەوە کردبوو کە بە پێوەری تازەتر مامەڵە لەگەڵ ئەدەب و سیاسەتدا بکەن، کە زیاتریش مەبەستەکانیان کێشەی کۆمەڵ و هەستی نەتەوایەتی و بابەتە فکرییەکان بووە، دواتری لە سۆنگەی ئەرکی زمان و ئەدەبەوە پەیامەکانیان بە مەستی جیاواز دەخستە ڕوو) (محمد ٢٠٠٨: ١٦٣). لەم ئەدەبەدا هێما بە هەموو چەشن و ڕەگەزەکانییەوە، کاریگەرییەکی زۆر قووڵ و فراوانی لە سەر شیعر و ئەدەبیاتدا هەبووە و ئاوێتەی هەموو شادەمارەکانی بووە، بە تایبەتی لە شیعردا سیمایەکی دیاری هەبووە.

ئەگەرچی ئەرکی هێما سیمایەکی هاوبەشی هەبووە، بەڵام لای زۆربەی شاعیران لە ئاستی جیاوازدا بووە، لە هێمای سادەوە تا هێمای قووڵ، هێماکانیش چوونەتە نێو زمان و داڕشتن و وێنە و بنیاتە جیاوازەکانی شیعری ئەدەبی هاوچەرخ، بووەتە سەرچاوەی سەرنج و کاریگەری و بەرجەستەکردنی ئیستاتیکیەتی ڕێکخستنی شیعری، ((بێگومان شاعیرانی هاوچەرخ زۆربەیان لە خولیا و کەڵکەڵەی بیری نوێ و قاڵبی نوێدا بوون، بۆیە هەمیشە دژایەتیی ئەو یاسا و دەستورانەیان دەکرد کە لە ئەدەبەکانی پێش خۆیاندا هەبوو و بووبوونە کۆتوبەند و بەربەستێکی گەورە لە بەردەم بەرەوپێشچوون و تازەگەریی، ئەمانەش هۆکار و پاڵنەرێکی بەهێز و کاریگەر بوون بۆ هەندێک لە شاعیران و نووسەران و هونەرمەندان، کە بیر لە داهێنان و هاتنەکایەی هێما بکەنەوە، بۆ ئەوەی ئازاد بن لە گوزارشتکردنی بیروباوەڕەکانیان و داڕشتنی قاڵبی شیعری تازە، بۆ هێنانەدی ئەو ئامانجەش پەنایان بۆ بەکارهێنانی هێما بردووە)) (فەتاح ٢٠١٥: ٦١).

دەبینین هێما و بەکاربردنی هێما لە هەرسێ ئەدەبیاتەکەماندا (کۆن و نوێ و هاوچەرخ) ئامادەییان هەیە، لە ئەدەبی کۆنماندا وەک ئاماژەمان پێدا لە وێنەی زاراوەدا دەبینرێت بە واتای جۆراوجۆر. لە بەکارهێنانیشدا زیاتر ئەو هێمایانەن کە پێشینەیان لە ئەدەبیاتی ڕۆژهەڵاتیدا هەیە، هەر چەندە هێماگەلێکی خودی و تایبەت بە شاعیرانی کۆنمان لە دەقە شیعرییەکانیاندا دەبینرێن، هاوکات ئەو هێمایانە لە لێکۆڵینەوەکاندا لە بۆتەی هونەرەکانی ڕەوانبێژیدا توێنراونەتەوە.

لە ئەدەبی نوێشماندا هێما بەربڵاوتر بووە، بەو هۆیەی ئەدەبێک بووە، زیاتر گوزارشتی لە ناخ و دەروونی ئەدیب و شاعیران کرد، لە خەیاڵ و وێنە شیعرییەکاندا ڕەنگی دایەوە، لە ڕێگەی هێماوە، ئازار و خەم و مەینەتی و نائومێدییاکانیان دەردەبڕی و گەلێک هێمای تایبەت و نوێ هاتنە ئارا.

لە ئەدەبی هاوچەرخیشماندا، شاعیران بە هۆی بارودۆخی سیاسی و جوودییانەوە، بەهۆی کرانەوە و هۆشیارییان بە دنیای دەرەوە و بە کاریگەری شاعیرانی سیمبولیستی جیهانی، هێمایان بەرچاوتر و چڕتر و هونەریتر و بەئاگاترەوە لە دەقەکانیاندا جێ کردەوە، زۆرترین جۆری هێما دەبینرێت، بۆ ئەمەش لەم توێژنەوەیەدا کارمان لەسەر هێما کردووە لە بەرهەمەکان (دەقی والا)ی یەک لە نموونەی دیار و خودان-شاکار و ڕاگرەکانی ئەم ئەدەبە، کە (شێرکۆ بێکەس)ی شاعیرە.

## تەوەری سێیەم: هۆکارەکانی بەکارهێنانی هێما و پرۆسەی بەهێمابوون لە شیعردا

### یەکەم: هۆکارەکانی بەکارهێنانی هێما لە شیعردا

دوای لێوردبوونەوە و لێکدان و تێهەڵکێشکردنی دیدی زۆرینەی لێکۆڵەران و ئەدیبان و شاعیران، گەیشتینە ئەو دەرئەنجامەی بۆ ئەم هۆکار و مەبەستانە پەنا دەبرێتە بەر هێما:

### ١-هۆکاری ڕامیاری

یەکێک لە دیارترین ئەو هۆکارانەی وا دەکات شاعیر پەنا بۆ هێما ببات، هۆکاری ڕامیاری یان سیاسییە، شیعر لە زۆربەی قۆناغەکاندا پەیامدار بووە، لە پێناو هۆشیارکردنەوە و داچڵەکاندنی خەڵکدا بووە، بە حوکمی سانسۆر و دەسەڵاتی تۆقێنەر و چەپۆکسالار، شاعیر ناچار پەنا وەبەر هێما دەبات، هەڵبەت ئەو هێما و درووشمانە بەکار دەبات وا پێشووتر جۆرێک لە ڕێککەوتنی سەرتاپاگیری هەیە یان خۆی دایدەهێنێت، بەمەش جۆرێک لە خۆلادان چێ دەکات و پەیامەکەش بە ناڕاستەوخۆیی دەگەیەنێت.

لە گەلێک بار و ژیانی سیاسیدا، کە مرۆڤ بە تەواویی دەستەوەستان دەبێت لە دەرخستنی بیروڕا و سەرنج و لێکدانەوەکانی بۆ باری سیاسی و هۆکارە سیاسییەکان، بەهۆی ئەو پەستان و ڕووبەڕووبوونەوەی دەستەڵات لەسەری داناوە، ناچار پەنا دەباتە بەر هێما و هەر دەربڕینێک کە لە ناخیدا هەیە و دەیەوێن بیان گەیەنێت لە ڕێگای هێماوە ئاماژەیان بۆ دەکات و زۆرتر ئەمەش لای شاعیر و هونەرمەند و چیرۆکنووسان دەردەکەوێت. فەیلەسوفی ئەڵمانی (ئێرنست کاسیرەر) وای دەبینێت کە (زمان و ئاین و ئەفسانە و خورافە هەموو ڕەفتارە ڕۆشنبیریی و سیاسییەکان شێوەکانی هێمان، ڕۆڵی ناوەند دەبینن لەنێوان مرۆڤ و جیهانە دەرەکییەکەیدا، لەبەر ئەوە کاسیرەر پێناسەی مرۆڤ بەوە دەکات، کە بوونەوەرێکی هێماییە، چونکە لە واقیعە مادییەکەیدا ناژی، بەڵکوو لە نێو ڕەهەندێکی نوێی ئەو واقیعەدا دەژی، کە بریتییە لە ڕەهەندی هێمایی و بەردەوام هەبوونی خۆی لە نێو زنجیرەیەکی بێپایانی هێمادا بەسەر دەبات) (قەرەداخی ٢٠٠٧: ٧٩).

لە مێژووی نوێی کورد و وڵاتانی دراوسێیدا، شاعیران و هونەران و بوێژان شاهۆکار بۆ بەکارهێنانی هێما، جیا لە هۆی باوەڕی ئاینی یان جوانکاری، هۆکاری دەسەڵاتی سەرکوتکەری هەڵاوێردکەر بووە لە نێوان چینەکانی یەک نەتەوەی یەکگرتوو و هەروەها هەڵاواردن لە نێوان نەتەوەی بندەست و سەردەست. بەم پێیە (هێما زەمینە بۆ شاعیر خۆش دەکات، وەک دەمامک بەکاری بیهنێت بۆ مەبەست و تێڕوانینە تایبەتیەکانی خۆی، لەبەر هەر هۆیەک بێت ناتوانێت بە سەربەستی و بە ئاشکرا دەریان ببڕێت) (مەحموود ٢٠٠٨: ١٦٩).

## ٢-هۆکاری کۆمەڵایەتی و کولتووری

بۆ شکاندنی کۆتگەلێکی دابونەریتی کۆمەڵایەتی و کولتووری، ئەو کۆتانەی وا شاعیر پێی وایە دەبێ بشکێنرین و بە ناڕاستەوخۆیی لێی بدوێ، پەنا دەباتە بەر هێما.

مرۆڤ کە بەردەوام لە ژێر کاریگەیی پەستانە کۆمەڵایەتیەکاندا نەیوێرا بێت، یان نەیویستبێت گەلێک لە بیروڕاکانی بە تەواویی ئاشکرا لەمەڕ کۆمەڵایەتیی و کێشە و حەز و ئارەزووەکانی دەر بخات، بۆ ئەوەی خۆی لە پیلەبازیی و کێشمەکێشی کۆمەڵایەتی و هێرشی ناڕەوا دوور بخاتەوە، بۆیە گەلێک سەرنج و تێبینی و بۆچوونەکانی لە قاڵبی هێمادا بەکار هێناوە و (پەنایان بۆ بردووە و گەلێ جار چەپەر و تەیمانی بۆ ئەدیبان و شاعیران کێشاوە و لە تەنگانەی ڕۆژگاری شووم پاراستوونی، کاتێک باسی ڕەوشتە ناویزەکانی مرۆڤ و کۆمەڵ و شارستانیان کردووە، زانیویانە بە چ شێوەیەک، ڕووبەڕووی مۆتەکەکان ئەبنەوە و گرەوی لێ ئەبەنەوە)(زامدار ١٩٨١: ٣٦). بە تایبەتیی گەلێک لەو نووسەرانەی وا نووسینەکانیان تەرخان بوون بۆ دەرخستنی کێشە کۆمەڵایەتییەکان و خۆیان بە بەرپرس زانیوە لەم ڕووەوە، کە ئەمە لە ئەدەبیاتی دنیادا بەرچاوە، وەک لە زۆربەی نووسینەکانی (ئێدگار ئالان پۆ)دا دەبینرێت، کە لە تەمومژێکی خەیاڵاویی پڕ ئەندێشەدا دەری خستوون و گەلێک لێکدانەوە و ڕاڤەی جیاواز هەڵدەگرن. (قەرەداخی ٢٠٠٧: ٧٧) هەر ئەو هۆکارەیە کە (هێما دەرفەتی ئەوەمان دەداتێ لە پشت دەقەکەوە بۆ شتێکی تر بڕۆین، هێما پێش هەموو شتێک واتایەکی شاراوە و ئیحائی هەیە و ئەو زمانەیە کە لەگەڵ کۆتاییهاتنی دەقدا دەست پێ دەکات... ئەو برووسکەیەیە کە دەرفەتی ئاگایی دەدات جیهانێکی بێسنووری بۆ دەربکەوێت، لەبەر ئەوە ڕووناکییە بۆ بوونێکی تاریک و هەنگاونانە ڕووەو کرۆک) (ادونیس ١٩٧٨: ١٦٠)، بە دیدی ئەدۆنیس لە هێمادا هەمیشە شتێکی شاراوە هەیە، ڕوونتر شتێک هەیە بەهەر هۆیەک بێت لە دەقدا دەشاردرێتەوە. ڕای وایە زمانێکی جیاوازە، تێیدا ڕاستەوخۆ بابەتی مەبەست باس ناکرێت، دوای وتنی لەفۆرمی هێمادا بابەتی هەڵگیراوی تێدایە و پێویستە بکرێتەوە، پێویستە بگات و ئامانجی خۆی بپێکێت، کە ئەدیب خۆی لە ڕاستەوخۆیی لاداوە لە باسکردنی، بۆ ئەمە پەنای بردووەتە بەر هێما بە هەر هۆکارێک بێت، ئاشکرایە هۆکارە کۆمەڵایەتییەکان، یەکێکە لەو هۆکارانەی کە خۆی لێ لاداوە.

## ٣-هۆکاری ڕۆشنبیری

شاعیر لە ئەنجامی کاریگەربوونی بە شاعیر و نووسەرانی میللەتانی تر، بە تایبەتیش ڕۆژئاواییەکان و بۆ پێشکەشکردنی شتێکی نوێ و پیشاندانی ڕۆشنبیریی خۆی لە پێش وەرگرەکانیدا هێما بەکار دەهێنێت. بوونی هێما جیاوازەکان لە شیعری هەر شاعیرێکدا دەلالەتی

بوونی پاشخانی ڕۆشنبیرییە لای شاعیر. لە ڕێگەی هێماوە پێمان دەڵێت خودان ئاگایی گەورەم سەبارەت بە هێما گشتییەکانی دنیا و هێما تایبەتییەکانی نەتەوەکەم.

وەرگرتنی هێما جۆربەجۆرەکان و چێکردنی لە شیعردا، دەلالەتە لە ئاستی ڕۆشنبیری و خوێندنەوەی چڕی شاعیر، هەربۆیە دەبینین شاعیران لە بەرهەمە سەرەتاییەکانیدا، کەمتر هێما بەکار دەهێنێت، بەبەراورد بە بەرهەمەکانی دواتری.

## ٤-هۆکاری دەروونی

بە هۆی پابەندبوونی شاعیر بە وەهم و خەیاڵ و گوزارشتکردن لە هەندێ دۆخی ناوەکی و نەستەکی و بابەتی شاراوە هێما بە کار دەهێنێت. (لای شاعیرە مەزنەکان، ڕاستی تەنیا ڕواڵەتێکی قۆقز و ڕووت نییە، بەڵکوو ملیۆنەها ڕاستی هەیە و لە ناخی شتەکاندا شاردراونەتەوە، بۆ ئەمەش ئیحا و ڕەمزی سایکۆلۆژیانەش سوودێکی گەورە ئەبەخشێتە بیر و هۆش و چەشەی مرۆڤ، بۆیەکا بە کارامەیی ئەو قاوغە ڕەمزییانەی کە خەون و ئەفسانە شیرینەکانی مرۆڤی تێدا کرووشکا بوو، تێکوپەکانیان دا و لە هەموو خەونێکی جڕنیاوفڕنیایان ڕاپسکاند، لەو ناوەڕوکەوە ڕووخسارێکی هونەری و شیعریان کردە بەری) (زامدار ١٩٨١: ٣٩). هەر بۆیە (مرۆڤ لە سات و کاتە جیاوازەکانیدا لە ژێر پەستانی دەروونی و دۆخە سایکۆلۆژییدا، هێما دەکاتە هاوەڵی دەربڕینەکانی و بە هۆیانەوە گەلێک لە پەستانانە دەرەوەیێتەوە و خۆی لێ ڕزگار دەکات، یان دەتوانێت بە ئازادیی و لە ڕێگایانەوە بە ناخی خۆییدا شۆڕ ببێتەوە و ئەوەی لەلای خۆی پەنگی خواردووەتەوە دەریان ببڕێت، ئەمەش بە زۆریی لای شاعیر و نووسەران زیاتر دەردەکەوێت وەک لە کەسانی ئاسایی) (قەرەداخی ٢٠٠٧: ٧٨).

هێما لە تێڕوانینی (کارل گۆستاف یۆنگ)دا، بریتییە لە ئامرازێکی هونەری یان ئامرازێکی هەمیشە جووڵاو، وەک ژیان، کە بەهاکەی لە ئەرک و مەبەستەکانیدایە، کە ژمارەیەک مەبەستن، لەوانە:

١-هێما ئامرازی دەربڕینی لایەنە ناڕوون و لێڵەکانی دەروونە.

٢-هێما خودان سرووشتێکی ئیحائییە، دەربڕی دۆخە تەماوییە ناڕوونەکانە.

٣-هێما چارەسەرێکی گونجاوە بۆ ئەو دەربڕینانەی وا زمان توانای ئەدای نییە.

٤-هێما دەست بۆ دەروون شل دەکات بۆ ئەوەی بەسەر خودی خۆیدا بکرێتەوە (کرم ١٩٤٩: ١٢).

### ٥-هۆکاری ئیستاتیکی

زاراوەی ئیستاتیکا یان جوانیناسی، لە زاراوەی (Aisthetikos)ی یۆنانییەوە سەرچاوەی گرتووە، کە بە واتای درکپێکردنی هەستەکی دێت و بنەڕەتی وشەکەش(Aistheta)یە، کە بە واتای خاڵی درکپێکردنی هەستپێکراو دێت (ئەحمەدی ٢٠٠٧: ٢٨).

ئیستاتیکا لقێکە لە فەلسەفە، کە لە چییەتی جوانیی دەکۆڵێتەوە، لە فەرهەنگی فەلسەفی (لالاند)دا ئیستاتیکا بە دوو واتا پێناسە کراوە، هەر شتێک بە جوانییەوە گرێدرا بێت و هەر شتێک سرووشتی جوانی پێناسە بکات، یان زانستێکە کە بابەتەکەی داوەری بکات لە نێوان جوانی و دزێویدا (شێخ حسێن ٢٠١٨: ٣٥). (ئیستاتیکا، کە بە فەلسەفەی جوانییش ناودێر کراوە، لە مێژدا پەیوەست کراوە بە هونەرەوە، لە ڕۆژهەڵاتی دێریندا هونەر زیاتر لە پرۆسەی بەهێماکردندا خۆی دۆزیوەتەوە، لە پێناوی بەرجەستەکردنی ئەندێشە و ئایدیاکانی مرۆڤدا بووە، لەسەردەمی ڕۆشنگەریشدا، بە تایبەت لای (کانت) و (هیگڵ) پێوەری جوانی دەبێتە چێژلێبینین و سەرسامبوون. لە سەردەمی سۆسیالیزمیشدا، هونەر دەبێتە فاکتەرێکی گرنگ لە سیستەمی چینایەتی و سەرمایەدارییەوە بۆ خزمەتی گشتیی کۆمەڵگا. دووبارە و وەک گەڕانەوەیەکیش بۆ قۆناغی یەکەم، لە قۆناغی نوێشدا پتر بایەخ بە پرۆسەی هێمایاندن دەدرێت لە هونەردا، باوەڕیان وایە مرۆڤ ناتوانێت ناخی خۆی ئاوەڵا بکات یان دەرببڕێت لە ڕێگەی زمان و هەڵچوونەکانیەوە، بۆیە فۆرمێکی نوێ لە هێما لە کاری هونەرییدا دەهێنێتە کایەوە) (مەتەر، ٢٠١٩، ٨-١٠).

ئیدی ئەم زانستە لە هونەرەوە دەگوازرێتەوە بۆ نێو ئەدەب، شیعریش وەک ژانرێکی دیاری ئەدەب دەبێتە جێگای هێمایاندن و هۆکارێکی ئەم پرۆسەیەش لە پێناو جوانییدایە، شیعر و ئیستاتیکا دوانەیەکی لێکدانەبڕاو ڕاستەوانەن، هێماش بەو هۆیەی ڕۆڵی لە بنیاتنانی وێنەی شیعریدا هەیە، هاوکاتیش لە لێکدانی سیفەتی شتەکان بە یەکتری و چڕکردنەوەی زمان تیایدا، ئامانجێکی دیاری شیعریش بەخشینی چێژ و جوانی و سەرسامبوونە، هەر بۆیە شاعیر بۆ ئەوەی ئەزموونە شیعرییەکەی بەرز و داهێنەرانە و شیعرییەتدار و پڕچێژتر بێت، پەنا بۆ بەکارهێنان و هێنانەوەی هێما دەبات، زۆر جاران هێما لە ڕەخنە و لێکۆڵینەوەی ئەدەبیدا لە وێنەی پێوانە و پێودانگێک بۆ هەڵسەنگاندنی ئاستی لێهاتوویی شاعیر و توانای شیعری و بەکاربردنی لە دەقدا پشتی پێ دەبەسترێت.

## دووەم: پرۆسەی بەهێمابوون لەشیعردا

ئەرکی هێما ناڕاستەوخۆگۆیی و کورتبڕی و چڕنووسی و پوختبێژییە، بە نزیکەیی شیعریش ئەو ئەرکانەی هەیە، لە هێمادا مەزراندن و تەوزیفی ئایدیاکان لە ڕێی وێناکردنی کەس و شتەکانەوە

دەبێت خەیاڵی بن یان ڕاستیی، دەرخستنیانە لە قاڵب و وێنە و دۆخگەلێکی مادی و نامادیدا، بە بوونی پەیوەندییەکی خوازەیی و درکەیی، نزیک یان دوور بە شێوەیەک گەر خوێنەر لەسەریان وەستا، بتوانێت بگەڕێنێتەوە بۆ ئەو پەیوەندییانە. نووسەر لە ڕێی هێماوە کۆمەڵێک پێدراوی پێشینە بە خوێنەر دەدات، کە دەبێتە وروورژێنەری هزر و دەروونی خوێنەر، هەڵبەت ئەو کاتەی ئەو پەیوەندییانەی دۆزییەوە. (کاتێک مرۆڤ هەست دەکات ئیتر زمانی سادە لەگەڵ هەستەکانیدا ناگونجێت، هەوڵ دەدات زمانێکی نوێ بدۆزێتەوە توانای دەربڕینی ئەم هەستە قووڵانەی هەبێت، لەگەڵ نماکردنی هزری مرۆڤایەتیی زمانەکەی نما دەکات و مامەڵەشی لەگەڵ نما دەکات، بۆیە لە زمانێکی گشتگیرەوە دەڕوات بۆ زمانێکی دیاریکراوتر و لە زمانی (ئەمەوە) بۆ زمان (ئەو)، یان بە دەستەواژەیەکی تر (لە زمانی ئاماژەکردنەوە بۆ زمانی هێماکردن). ئەو زمانەی کە پێی دەڵێین زمانی هێما، چون لە باشترین ڕێگاکانی دەربڕینە بە واتاگەلێکی قووڵ بە وشەیەکی کەم) (گردی ٢٠٠٨: ٩). هێما توانا و کاریگەرییەکی گەورەیەی هەیە، لە درووستکردنی ئیحا و توانای پێدانی واتای خوازراو، ئەم پەسنەی دەیکاتە کۆڵەکەیەکی بنەڕەتی بۆ دەربڕینی و وەگەڕخستنی ئایدیاکان لە دەقدا، هاوکاتیش تواناداره لە چێکردنی باوەڕپێهێنان لە هەناوی هێماکاندا، تەنانەت بۆ نموونە وەدیهێنانەوەیەکی تری دووانە دژیەکەکانی وەک (چاکە و خراپە، جوانی و ناشیرینی، ئازایەتی و ترسنۆکی، دەستکراوەیی و چرووکی... هتد) (عاتی ٢٠١٥: ٥١).

شاعیری هێماگەر گەورە سۆفییە، بەڵکوو قەشەیەکە کە هەستا بە موعجیزەی پەیوەندییکردن بە غەیبەوە و دەرهێنانی ڕاستییەکانی، ئەم سۆفیگەراییە، سۆفیگەرایی نوێژ و شمشاڵژەنین و خەڵوەت نییە، بەڵکوو جۆرێکە لە ئاڵەنگاری لە دڵی مادده و کۆڵینی قووڵی ئەو هێمانەی کە ئامێزی گرتوون. هێماگەری، جۆرێکە لە دیراسەتی ڕۆحیی بۆ مادده و هەڵوەشاندنەوەی چێوەکانی و دڕاندنی پەردەکانی، بە شێوەیەک شاعیر تێیدا شیکردنەوە ئەنجام دەدات و ئاڵەنگاری دەکات، لەو کاتەدا دەتوانێت ڕۆح لە مادەدا ببینێت و مادە لە ڕۆحدا، وەک ئەوەی لە یەک جیهاندا نیشتەجێیە و یان دەگەڕێت (سوهیلە ٢٠١٨: ٨٠). لە کردەی بەهێماکردنی وشە لە شیعردا ((شاعیر وشەیەک، یان دەربڕینەک بەکار دێنێت، کە بوونی هەبێت و بەرجەستە بێ بۆ شتێک، کە بوونی بەرجەستەی نەبێت، یان ئەگەری بەرجەستەبوونی کەم بێت، گرنگ لە کارەکەدا ئەوەیە واتایەک خۆی لە پشت بەکارهێنانەکە حەشار دابێت)) (ئیبراهیم ٢٠١٢: ١٢٧). مامەڵکردنی شیعر لەگەڵ زمان و هێمادا بەو شێوە نییە، کە لە زمانی ئاساییدا هەیە، بەڵکوو بە جۆرێکی جیاوازترە، مەبەستیش لەمە ئەوەیە، کە ئەو واتایانەی هێما زمانییەکان هەیانە لە باری ئاساییدا، شیعر وەک خۆی مامەڵەیان لەگەڵ ناکات، بەڵکوو دەیەوێت واتای تریان بۆ بخوڵقێنێت و دەستکارییان بکات، فەرهەنگی شیعرییش بەوە لە فەرهەنگی زمان جیا دەبێتەوە (حسێن ٢٠٠٨: ١٣٠).

گرنگی بەکارهێنانی هێما لە زمانی شیعریدا، جگە لە لایەنە جوانکارییەکەی، کورتبڕیی زمانە، بەهۆی چڕکردنەوەی واتایەکی گەورە لە چوارچێوەی تاکە گوزارەیەکدا، چونکە هەروەک (کارل گۆستاف یۆنگ) (١٨٧٠-١٩٦١ز) ئاماژەی پێ کردووە، هێما میکانیزمێکە بۆ درکپێکردنی ئەوەی ناتوانیت بەبێ ئەوە گوزارشتی لێ بکەی، هەروەها پێی وایە ئەمە باشترین ڕێگەی پەیڕەو کراوە بۆ گوزارشتکردن لە واتا و مەبەستێک، کە هیچ هاووتایەکی گوزارەیی نییە، یان قورسە و ئەستەمە بتوانێت لە خودی خۆیدا هەڵی بگرێت (ئەحمەد ٢٠١٣: ١٨١).

(صلاح فضل)نووسەر و وەرگێڕی میسری، پێنج حاڵەتی لە بەکاربردنی هێمای لە نێو ئەدەبیاتدا جیا کردووەتەوە (اسماعیل ١٩٨٤: ٩٤):

١ -ئەو هێمایەی، کە زاڵە بەسەر کۆی کارە ئەدەبییەکەدا و بووەتە ناوەندی دەقەکە، وێرانەخاکی ت.س. ئەلییەت و (باران)ی لە قەسیدەی (انشودە المطر)ی بەدر شاکر سەیابی، بە نموونە هێناوەتەوە.

٢ -ئەو هێمایانەی لە کاتێکەوە بۆ کاتێکی تر دەردەکەون لە چەند بەرهەمێکی ئەدەبیدا، کێڵگە و مۆسیقای لای جبران خەلیل جبران و زەویی بەپیتی لای شکسپیر هێناوەتەوە.

٣ -ئەو هێمایەی لە شاعیرێکەوە بۆ شاعیرێکی تر دەگوازرێتەوە، گواستنەوەی یۆلیسیس لە داستانە یۆنانییەکانەوە بۆ ناوی ڕۆمانەکەی جەیمس جۆیس.

٤ -ئەو هێمایەی پراکتیزەی ئەرکەکەی دەکاتەوە لە چوارچێوەی ڕۆشنبیرییەکی گشتیی تردا، تەورات و ئینجیلی بە نموونە هێناوەتەوە.

٥-ئەو هێمایانەی لە کولتوورە جیاوازەکاندا دووبارە و چەندبارە دەبنەوە و هیچ پەیوەندییەکی مێژوویی لە نێوانیاندا نییە، نموونەی هێما سرووشتییە تایبەتیی و گشتییەکانی هێناوەتەوە، وەک مانگ و خۆر و ئاو و... هتد.

لە پرۆسەی بەهێمابوونیشدا وەک هەمیشە سانسۆرەکان کاریگەرییان هەیە، (شاعیران نەیانویستووە ناوی خەڵکانێک ڕاستەوخۆ بهێنن، بەڵکوو هێمایان بۆ کردوون و دەمامکی داون و بەرگ و ناوی ئاژەڵ و زیندەوەری پێ داون، هەر یەکەو بەپێی ئەو سیفەتانەی تێیدا بووە، دیارە بەکارهێنانی ئاژەڵ و گیانلەبەران وەک هێماش لە ئەدەبیاتدا مێژوویەکی دێرینی هەیە، بەڵام بەردەوام لەگەڵ سەردەمدا ئەو بەکارهێنانە نوێ کراوەتەوە و بەرگی تازەی کراوەتە بەر) (قادر ٢٠٠٩: ١٥٩).

## تەوەری چوارەم:

### یەکەم: ڕۆڵی وێنەی هێمایی و زمانی هێمائامێز لە پرۆسەی (شیعرییەت)دا

وێنەی شیعری، یەکێکە لە بنیاتە سەرەکییەکانی شیعر، لە کۆنەوە تا ئەمڕۆ، بەگشتی شیعر بە جۆرێک لە جۆرەکان وێنەیەکی هەستپێکراوی تێدایە، کە خوێنەر یان گوێگری شیعر بە وریاییەوە ئەتوانێت لە خەیاڵیدا ئەو وێنەیە بکێشێت، جوانترین ئەو وێنەشیعریانەش وا خوێنەرانی شیعر پێیان جوان بووە، ئاوێتەکردنی ئەدگار و خاسیەتەکانی مرۆڤ و سرووشتە. بەو مانایەی هەژموونی خووی مرۆڤ بە سەر سرووشتدا دەدرێت یان ڕوونتر بڵێین، تێڕوانینی مرۆڤانە بۆ سرووشت و دەوروبەری، کە ئەمە ڕیشەیەکی قووڵی فەلسەفیی هەیە لای فەیلەسووفە سرووشتگەراکان، ئەوەشی شاعیر هەستی پێ دەکات گرتنی ئەو وێنانەیە بە چاوی وشە و زمان، دواجار وێنەگەلێکی ناوازە و نوێ درووست دەکەن، وێنەکێشان لە ئاستیاندا ساکاو دەمێنن. ئەوەی وێنەکێش دەیکات تەنها کێشانی وێنەی واقیعە، واقیعی بێگیان، بەڵام شاعیر بە وێنەی شیعری وێنەیەک دەکێشێ و واقیع لە ئاستی خۆی بۆ بەرزتر هەڵدەکشێنێ و پلەیەک دەیجووڵێنێ.

وێنەی شیعری، (کە چەند زاراوەیەکی تری بۆ دانراوە، وەک وێنەی ئەدەبی و وێنەی هونەری و وێنەی خەیاڵی و تابلۆی شیعری و... هتد. یەکێکە لە زاراوە ڕەخنەییە دیارەکانی نێو دنیای ئەدەب و لێکۆڵینەوە ئەدەبییەکان، (وێنە لە ڕەخنەی ئەورووپییدا(image) ی پێ دەوترێت، کە وشەیەکی ئینگلیزییە، ئاشکراشە کە وشەی(imagination) ی ئینگلیزیی لە وشەی(imaginoto) ی لاتینییەوە وەرگیراوە و بەرانبەری لە یۆنانییدا(pnantasia) یە و ڕاستەوخۆی وشەی ئینگلیزیی (fancy)لێ وەرگیراوە، کەواتە وشەی(imagination)بە واتای خەیاڵ دێت، لە یۆنانیش (pnantasia)بە واتای خەیاڵ دێت، چونکە خەیاڵ ڕەگەزێکی مەزنی شیعرە و لە درووستکردنی وێنەی هونەرییدا بەشدارییەکی فراوان دەکات) (عیسا ٢٠٠٩: ١٩).

وێنەی شیعری ((کێشانی وێنەی خەیاڵییە و کاریگەرییەکەی پەیوەستە بە دەروون و توانای شاعیرەکەوە، هەیە بەرهەست و بەرجەستەیە، هەشە بە پێچەوانەوە درووستکراو و بەرهەست نییە)) (التونجی ١٩٩٩: ٥٩١)، ئەگەر بە سادەیی لەم زاراوە بڕوانین، دەبینین بە واتای کێشانی وێنە دێت لە شیعردا بە وشە، شیعریش هیچ نییە جگە لە هەبوونێکی زمانی، زمانیش لە ڕێگەی وشەوە خۆی دەرەنگێنێت، بۆیە یەکێک لە پایەکانی چنین و بونیاتنانی وێنە لە ڕێی لێکدانی وشەکانەوە دەبێت و کارکردنە لە ئاستی فۆرمدا، وەک لای ئەرستۆ ئەمە ڕوون کراوەتەوە، یەکێکی تریان لە ئاستی ناوەڕۆک و دەستکاریکردنی واتا باوەکانە، ئەوی تریان کە بنەڕەتی پێدەری شیعرییەت و چێژە، ڕوونکردنەوە و بەراوردکرنە، کە ئەمەی دواییان توانای درووستکردنی ناکۆتا وێنەی هەیە.

هەر بۆیە (وێنەی هێمایی، کە جۆرێکی وێنەی شیعرییە لە دەقە ئەدەبییەکاندا خوڵقاندنی بارێکی دەروونیی مرۆڤە، دەربڕینە لە دۆخێکی نادیار، کە بۆ قوڵایی دەروون شۆڕ دەبێتەوە و لە نێو نامۆیی و لێڵیدا پێک دێت، شیکردنەوەی ماناکان لە بەردەم ئەقڵدا پێویستی بە هەڵوێستە و بیرکردنەوەیە، لەم دۆخەدا هێما لە دەقە شیعرییەکاندا دەربڕی مانا و بۆچوونی دیارکراوی شیعر نییە و سرووشتێکی دەروونی هەیە، جۆرێک لە هەڵگەڕانەوەی ئەقڵییە، شاعیر دۆخێکی دەروونی بەراورد لەگەڵ سرووشت و بە دیاردەکانی دەوروبەر دەکات، پەنا دەباتە بەر هێزی ئەندێشە و چەندین وێنەی هێمایی لێ وەردەگرێت، دۆخە دەروونییەکەی نێوان خود- دیاردەکان ڕادەگەیەنێ و ڕوویەکی تەمومژاویی دەداتە وێنەکان بە زمانێکی شیعری پەیوەست بە مۆسیقا) (محمد ٢٠١١: ١٤٣).

وەک وترا، یەکەمین ئەرکی وێنە بەرجەستەکردنی ئەزموونی هونەرمەندە و ڕوونکردنەوەی دید و قووڵکردنەوەی هەستی بەرانبەر شتەکانە و ((یارمەتیی دەدات لەسەر وێناکردنی بابەتەکەی وێناکردنێکی هەستی، هەروەها یارمەتیی دەدات لەسەر بەردەوامیی لەگەڵ جیهانی دەرەوەدا، لێرەدا ئەرکی وێنە سنووردار دەکرێت، بەوەی گۆڕەپانی تێکەڵکردنی دەروونی ئەدیبە بە جیهانی سرووشتی)) (ذیاب ٢٠٠٤: ٢١).

وێنەش لە سیمبولیزمدا پارچەیەک یان تەنیا چەند پارچەیەک لە ڕووداو و دیمەنی واقیعی پیشان دەدا کە بمانخرۆشێنێ، ئەرکی ئەمەش ئەوە بوو کەشفی چەند پەیوەندییەکی نهێنییمان بۆ بکات لە نێوان شتەکاندا: لە نێوان مرۆڤ و مرۆڤ، مرۆڤ و سرووشت. ڕەخنەگرێکی وەک (تیۆدۆر وێزێوا) (Teodor de Wyzewa) (١٨٦٢-١٩١٧)، بەم شێوەیە باسی شیعرەکانی مالارمێ دەکا کە دەشێ هەمان وەسف ڕاست بێت بۆ خودی سیمبولیزم: هەر شیعرێک بریتییە لە دیمەنێکی شێوەکاری، چنینی بیرێک، هێمایەکی فەلسەفی) (پیربال ٢٠٠٩: ١٤٦).

لە بەراوردی نێوان هێما و وێنەشدا هاتووە ((سنوورێکی جیاکەرەوە نییە لە نێوانیاندا، گرنگیی هەر یەکەیان بە پلەی یەکەم لە توانای ڕووناککردنی کاری ئەدەبی و بەدەستهێنانی واتا جادوویی دەردەکەوێت، هەردووکیان کار دەکەن لە سەر دەرخستنی پەیوەندییەکانی نێوان ئەو شتانەی کە، بەتەواوەتی نوێ دەردەکەون)) (السعدنی ١٩٨٧: ١٢٩). (وێنەی هێمایی، وێنەیەکی هەستیی ئامانجدارە و ئاماژە بە مەغزایەکی دوور دەکات. باشترینی ئەوەیە کە ئاماژەیی بێت و ئەوەیە کە ئاشکرا نییە، وێنەی کۆتر هێمای ئاشتییە، وێنەی مەشخەڵ هێمای ئازادیی و زانیارییە، وێنەی گوڵ هێمای ژیان و دڵخۆشییە) (التونجی ١٩٩٩: ٥٩٢).

ئەو ڕێگەیەی وا وێنەی هونەری لە شیعری هێماییدا تێدا بەکار دەهێنرێت بە دەستکەوتێکی مەزن هەژمار دەکرێت لە شکاندنی زۆرێک لە نەریتە هونەرییەکانی پێشوو، ((پاش ئەوەی وێنە بەکار دەهێنرا لە شیعری کلاسیکدا بە ڕێگەیەکی شوێنکەوتە (تابعة)، ڕاڤە (شارحة)، پاڵپشت (مدعمة)، یان جوانکاریی زەخرەفی (تزينية زخرفية)، هەروەها پاش بەکارهێنانی لە شیعری ڕۆمانسییدا بە ڕێگەیەکی ئیزافی بۆ دروستکردنی سۆز و کاریگەری، لە شیعری هێماییدا بە ڕێگەیەکی بونیادی بەکار دەهێنرا، لە بنەڕەتدا دەچووە ناخی دەقەوە و ئەزموونێکی گەورەتر و تەواوتری بەرهەم دەهێنا، درک و هەستیشی قووڵتر دەکردەوە. ئەوەی گرنگە لە شیعری هێماییدا وێنەی هونەری لە کوێدا ڕۆڵێکی زیندوو بگێڕێت، قووڵتر خۆی دەبینێتەوە، نەک لە پێشکەشکردنی وێنەیەکی تەواو لە پێش چاو و ئاشکرا)) (اليافی ٢٠٠٨: ٢١٣).

نزیککردنەوەی نێوان وێنە و هێما بەوەی کە دوو ڕەگەزن لە دەقی ئەدەبیدا و دەکرێت لە یەکدا بتوێنەوە، لە بنەڕەتدا دەگەڕێتەوە بۆ توانای هەر یەکێکیان لەسەر دروستکردنی فەزایەکی ئیحائیی لە دەقدا، ((بە شێوەیەک مرۆڤ ناتوانێت زۆر گفتوگۆی وێنە بکات بێ ئەوەی نەخزێت بۆ هێماگەری... بەوەی دەبێتە چنراوێک لە پەیوەندییەکان، لە وێنەدا پشت بە ئامرازگەلێکی شێوازگەریی دەبەستێت. لە زماندا بەو خزانەی وا بەکارهێنانی ناباوی وشە بەرهەمی دێنێت، لە پێناو گەیشتن بۆ واتا، کار دەکات، لە کاتێکدا هێما لە دروستکردنی ئەو فەزایەدا پشت بەو ئاماژە دروستکەرانەی دەبەستێت لە دەقدا و ئامانجی گەیشتن و دۆزینەوەیە. لە بەرانبەردا وێنە پشت بە ئەگەر و چواندن و بەراورد دەبەستێت. هێماش پشت بە پەیوەندییەکی ناوەوەی دەقەکە دەبەستێت کە پەوەستە بەدەرەوەی دەقەکە، بەو دۆزینەوەیە هێما بەدیت لە واقیعی گریمانەیی دەقەکەدا لەسەر واقیعی بینراو)) (عاتی ٢٠١٥: ٣٢).

(هێربێرت ڕید)یش بە جیاکردنەوەیەکی یەکلاکەرەوە، وێنە و هێما لێک هەڵدەبوێرێ، (وێنە بە وێناکردنەوە دەبەستێت و هێما بە ڕاڤەوە (التأويل)، وای دەبینێت کە دەربڕین بە وێنە لە مێژووی مرۆڤایەتییدا هەر هەبووە، چونکە وێنە دەبڕینی ئەزموونێکی هەستییە، بەڵام هێما پەیوەستە بە دەربڕینی هۆشیاریی خودی مروڤەوە کە جیاوازە گیانلەبەرانی تر) (عوض ١٩٩٢: ٤١). (د.عزەدین ئیسماعیل) پێچەوانەی ئەم بۆچوونەیە و پێ وایە هێما بنەڕەتە و وێنەش جۆرێکە لە جۆرەکانی، لەم بارەیەوە دەڵێت: (وێنەی شیعری هێمایەکە، کە سەرچاوەکەی نەستە، هێما پڕتر و کاریگەرترە لە ڕاستی) (اسماعيل ١٩٨٤: ٨١).

هێما وەک وێنەیەکی خەیاڵیی شیعری، جگە لە واتا فەرهەنگییەکەی، هێمایە بۆ واتایەکی تر کە بە ڕێککەوتن یان بێ ڕێککەوتن و بە خواستی تاکە شاعیرێک بۆی تەرخان دەکرێت، کەواتە دەکرێت دوو دەستە یان دوو جۆر هێمای شیعری دەستنیشان بکرێت، دەستەی یەکەمیان ئەوانەن وا گشتین

و لەبەر ئەوەی ناسراون واتا هێماکانیشیان ناسراوە، هەروەها دەستەی دووەمیان هێما تایبەتیەکانن کە بەرهەمی داهێنانی شاعیرن و تەنیا لەلایەن ئەو شاعیرەوە، بۆ ئەو واتایەی ئەو مەبەستییەتی، دانراوە. دەستەی دووەمی هێماکان لەبەر نەناسراوییان جۆرە تارماییەک بە واتای شیعری دەبەخشنە خوێنەر کە ناچارە شییان بکاتەوە، تازە و نوێش دێنە بەر چاو. (جابر عصفور) لەم بارەیەوە ڕای وایە: (دەتوانین جیاوازیی لە نێوان وێنە و هێمادا لە سەر بنەمایەکی دەروونیی بکەین... دەشێ وێنە جارێک لە ڕێی خوازەوە بورژێنرێت، بەڵام گەر دووپات بوویەوە ئەوە دەبێتە هێما) (عصفور ١٩٧٣: ٧١).

لەوانەی پێشووەوە بۆمان دەردەکەوێت، کە هێما شێوەیەکە لە شێوەکانی وێنە، وێنەش بنەڕتە و هێما بەشێکە لێی، دوانەیەکی دانەبڕاون لەیەک، هێماکان ڕۆڵی گەورە دەبینن لە بنیاتی وێنەی هونەریدا، هاوکات هێما باوەکان سەرچاوەیەکی گرنگ و دوانەهاتوون بۆ درووستکردنی وێنە و شاعیران خۆیانیان لێ نەبواردووە، بەمەبەستی چڕی و کورتی و بەهێزی لە وێنەکانیاندا هێمایان بەکار بردووە.

سەبارەت بە زمان و دەقی ئەدەبیش، ئاشکرایە ئەدەب و تێچنی ئەدەبی لە هەناوی زماندان و تاکە دەلاقەیەک کە خۆیانی لێوە بەیان دەکەن زمانە، بەم پێیە بۆ لێکۆڵینەوە لە ئەدەب و تێکستی ئەدەبی ناکرێت زمان و ئاستەکانی زمان و زانستەکانی زمان فەرامۆش بکرێن، بە دیدی هایدگەریش جیهان لە میانی زمانەوە خۆی بۆ مرۆڤ دەکاتەوە و پێی وایە هەر لەبەر ئەوەشە، کە زمان بواری تێگەیشتن و تەفسیرە (عەبدوڵا ٢٠١٠: ١٩)، زمان و زانستەکانیشی ئەم تێگەیشتن و تەفسیرە ئاسانتر دەکەن، ئەم دیدەش لای بونیادگەرەکان (بونیادگەری زمانەوانی) و فۆرمالیستەکان چڕتر و وردتر دەبێتەوە و دەیکەنە دەلاقەیەک بۆ لێوەڕوانینی تێکستی ئەدەبی.

زمان و ئەدەب دووانەیەکی لێکدانەبڕاون و چەندان تیۆر و قوتابخانە و ڕێبازی ڕەخنەیی دەرئەنجامی ئەو ڕووبەرەن، کە ئەم دوو ناوەندە تیایدا کارلێک لەیەکتری دەکەن، بۆ نموونە دیارترین تەکنیک و چەمکگەلی ئەدەبی وەک (شیعرییەت و شێواز و میتافۆر و ئایرۆنی و پارادۆکس و ئۆکزیمۆرۆن و لادان و هێما و دووبارەبوونەوە و ئاواز و... هتد)، کە بێ گەڕانەوە بۆ زمان و فەرهەنگ و زانستەکانی زمان، ئەستەمە شیکاریی دەقێکی ئەدەبی بۆ ئەو چەمکانە بکرێت، هەر لەبارەی ئەو پەیوەندییەوە (ڕۆڵان بارت) دەڵێت: (ئەدەب بەبێ زمان هیچ نییە و ناشبێت، سیستەمی نیشانەکان لە ناوەڕۆکدا نییە، بەڵکوو لە نێو هەمان سیستم دایە) (مەحموود ٢٠١٢: ٤٨)، ئەم ڕایەی بارت ئەو دەخاتە ڕوو کە هەندێجار ئەوەی وا ئەدەبیەت بە دەقێکی ئەدەبی دەبەخشێت، کارکردنە لە نێو زمان و نیشانەکانیدا، ئەم کارکردنەش دەتوانێت خوێنەر بۆ لای خۆی کێش بکات و بیخاتە ژێر بەرزەفتی خۆیەوە.

شاعیر زمان وەک ئامرازێک بۆ دەربڕین بەکار دەهێنێت و پڕۆسەیەکی شێوەیی بۆ کات و شوێن لە بونیادنانێکی نوێی واتاییدا ئەنجام دەدات، مسۆگەر (وێنەگەلێک هەن کاتێک لە درووستکردنیاندا پشت بە گەنجینەی نەستی شاعیر دەبەسترێت و درککردنی ناوەڕۆکیان شاراوە دەبێت، بۆیە دەبێت هەوڵی گەیشتن بە واتا و مەغزا و ناوەڕۆکی ئەم وێنانە بدرێت، چونکە شیعر دەربڕین نییە لە بیرۆکەیەکی دیاریکراو و داهێنەر مەبەستی گواستنەوەی بێت بۆ وەرگر، بەڵکوو درووستکردنێکی زمانیی هونەرییە و جیاوازە لە زمانی سادە، بەوەی واتا ڕاستەخۆکانی زمان دەگۆڕێت بۆ هێماگەلێکی جۆراوجۆری واتا) (ذیاب،٢٠٠٤، ١٧٠).

(ئیڤۆر ئارمسترۆنگ ڕیچاردز) ڕەخنەگری دیاری ئینگلیز، دوو جۆر زمان لێک هەڵدەبوێرێت: (زمانی هێمائامێز و زمانی هەڵچوونئامێز، بە دیدی ئەو زمانی هێمائامێز لە سادەترین پێناسەیدا شتێکمان بیر دەخاتەوە کە ئامادەگیی لە ئێستادا نییە و شتێک لەبری ئەو دادەنێین، ئەو شتە بەرەو مانا و دەلالەتە کەڵەکەکراوەکانمان دەبات، بە مانایەکی دیکە بەرەو یادەوەریی و مێژووی کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری و سیاسیمان کێش دەکات، دەڵێت: ئامانج لەم زمانە گەیاندنی خودی گەیاندنە. هەرچی زمانی هەڵچوونئامێزیشە، لە گەیاندنی خودی زانیارییەکاندا کورت ناکرێتەوە، بەڵکوو زمانێکی بارگاویی و جووڵەئامێزە و دەمانخاتە نێو فەزای گومان و خەیاڵکردنەوە، خوێنەر لە ڕێگەی ڕاستیی و ناڕاستییەوە پێی ناگات، بەڵکوو زمانێکە بڵاو دەبێتەوە و خەیاڵ و بیرکردنەوە کێش دەکات و هەستەکان دەدوێنێت) (عەبدوڵڵا ٢٠٠٧: ٢٠٠).

بەکارهێنانی هێما لە چێوەیەکی شیعریدا شیعرێتێکی دەخاتە سەر، بەو واتایەی دەبێتە ئامرازێک بۆ گواستنەوەی هەستەکان لەمەڕ هەڵوێستێک و دیاریکردنی ڕەهەندە دەروونییەکانی، لە بن ڕۆشنایی ئەمەدا، گەرەکە لە سیاقی شیعرییەوە هێما تێبگەیەندرێت، واتە لە ڕۆشنایی پرۆسەی هەستییەوە، کە هێما وەک ئامراز و ڕووپۆشێک بۆ خۆی بەکار دێنێت، بەڵام تێڕوانین بۆ هێما لە شیعردا، بەوەی کە تەنها بەرانبەری بیروباوەڕ یان بیرۆکەگەلێکە، تەواو ناکەوێتەوە، چونکە ((هێما بەرانبەر بیروباوەڕ یان بیرۆکە ملکەچی پرۆسەی پەتیکردنێکی ژیری (تجرید عقلی) دەبێت، ئەمەش سەروبن جیاوازە لە پڕۆسەی دەروونی، کە یاوەری دۆزینەوەی هێما و بەکارهێنانییەتی، بۆیە زانایانی مرۆڤناسی (الانثربولوجیا) بۆ ئەم جۆرە، جگە لە وشەی (symbol) وشەیەکی تر بەکار دەبەن، ئەویش وشەی(emblem)ە، کە چەمکێک یان وێنەیەکە وێنای بابەتێکی ئەبستراکت دەکات، بۆ نموونە پاشا کە وێنای کەسێکی چاکەکار و دڵسۆز دەکات)) (سوهیله ٢٠١٨: ١٥).

## دووەم: هێما وەک شێوازێکی ئەدەبی

شێواز زانستێکی نوێیە، پێگە و کارکردنەکەی لە نێوان زانستی زمان و زانستی ئەدەبدایە، بە تایبەتتر لەگەڵ زانستی ڕەوانبێژییدا پێکدا چوون، دەڵێن هەر مرۆڤێک شێوازی تایبەت بە خۆی هەیە، هەڵبەت لە دەربڕیندا، پاشخانی زمانی و ئەدەبی ئەم شێوازەی تۆکمەتر و چڕتر دەکات.

وشەی شێواز (style) ((زاراوەیەکی کۆنە، لە سەرەتای سەرهەڵدانی لێکۆڵینەوە ئەدەبییەکانەوە سەری هەڵداوە، لە وشەی (stylus) ی گریک- لاتینییەوە وەرگیراوە، لە زمانی عەرەبییدا (اسلوب) و لە زمانی فارسییدا (سبک) دەگرێتەوە)) (کاکی ٢٠٠٨: ١٤).

شێواز بریتییە لە ڕێگا جیاوازەکانی بەکارهێنانی زمان، کە هێماش یەکێکە لەوانە، هەر دەربڕینێک بە شێوازی جیاجیا گوزارشت دەکرێت کە جیاوازن لە یەکتر. توێژەران بە سەرنجدان و لێوردبوونەوە گەیشتوونەتە ئەوەی کە دەربڕینی ئەدەبی پلەی شیعرییەتی بەرزترە لە دەربڕینی ئاسایی؛ شێوازی نووسەریش لە هەموو ئەو بنەما و ڕەهەندانە سەرچاوە دەگرێت وا لە دەقێکی ئەدەبیدا هەن. مسۆگەر هەر دەقێک ناسنامەی خاوەنەکەی هەڵدەگرێت، چونکە (هەڵقووڵاوی هەست و دنیابینیی و ئەو قۆناغەیە کە لێی ژیاوە، بەمەش شێوازی نووسەرێک لە نووسەرێکی تر جیاوازە. ئەرکی شێوازناسی دیاریکردنی ئەو بنەما شێوازییانەیە کە دەقێکی ئەدەبی لێ پێک دێت، لەو ڕووەشەوە شێوازناسیی ئەرکیی کار لە سەر بنیاتی ناوەوە و دەرەوەی دەق دەکات) (حەمە و ئەحمەد ١٣٩٨: ١).

سەبارەت بە گرنگیی شێوازگەریی لە پێدانی شیعرییەتیشدا، بەتایبەتی هونەری لادان، هەرچەندە (ژان کۆهین مەسەلەی شیعریەتی بە لادانی زمانییەوە بەستبووەوە، کە ئەرکی شیعری بەرجەستە دەکات، بەڵام ڕیڤاتیر ئەو مەسەلەیەی ڕەت کردەوە و لە شیعرییەتدا لە جیاتی ئەرکی شیعری باسی لە ئەرکی شێوازگەریی دەکرد) (کەریم ٢٠١٥: ١١). ستایڵ پێویستی بە شیکردنەوە و پێناسەی تەواو هەیە، ئەمەش ئاسان نییە، چونکە ستایڵ دەنگ و ئاوازی خودی نووسەرە، تایبەتە بە کەسایەتیی ئەو. وەک پێکەنینی، ڕۆیشتنی، دەستنووس، تەعبیری دەموچاوی، هێماکانی، ستایڵی خودی کەسەکە کە هونەرمەندەکەیە. هەروەها بۆ تێگەیشتن لە شێواز، شێوازی بۆ چەند چەشنێک دابەش کراوە (هاڵبێرگ و دانەرانی تر ٢٠١٠: ١٨٩) :

١-بەگوێرەی قۆناغ- میتافیزیکیی، ئاوگوستیان... هتد.

٢-بەگوێرەی نووسەرەکان: ستایلی شیشرۆنی، چۆسەری، میلتۆنی، هەمینگوایی... هتد.

٣-بەگوێرەی زمانەکەی: زانستی، شیعری، ڕۆژنامەوانی... هتد.

٤-یان بەگوێرەی ئاست: بەرز و مامناوەند و نزمی بابەت و جۆری نووسینەکە.

نزیکەی هەموو ئەو پەرتووک و لێکۆڵینەوانەی وا سەبارەت بە شێواز نووسراون لایان لە هێما کردووەتەوە و وەک شێوازێکی ئەدەبی کاریان لە سەر کردووە، بۆ نموونە بە دیدی (ڕۆمان یاکۆبسن)، یەکێک لەو یەکانەی ئەرکی شیعری لە تەوەری جێنیشنیدا لە تەنیشتدانانی تەوەری هاونشینیدا دەبیەخشێت کود و هێمایە لە میتازماندا، کە ئەوانیش (نێرەر (نوسەر) و وەرگر و سیاق و هێما(کود) و پەیام و بابەت)ن (محەمەد ٢٠٠٨: ٢١)، واتا کاتێک هێمایەک دەهێنرێتەوە لە تەوەری هاونیشیندا، گەر توانا و ناسینی ئەو هێمایەی نەبێت، بۆ خوێنەر قورس دەکەوێتەوە، بەڵام هەنگینی هێماکەی ناسییەوە و زانی چی لەودیو هێماکەوە هەیە، بۆی ڕوون دەبێتەوە و لە ئەرکە شیعرییەکە لە سیاقەکەدا بەتەنیشت وشەکانەوە دەردەکەوێت.

(جان کۆهین) (شێواز دەگەڕێنێتەوە بۆ زمانی نووسین و دەڵێت: یەکەم شت کە ئەم شیکردنەوەیەی لەسەر بونیات دەنرێت، ئەوەیە کە شاعیر نادوێت وەک ئەوەی هەموو خەڵکی دەدوێت، بەڵکوو زمانەکەی شازە، ئەم شازییە شێوازێکی پێ دەدات) (عبدالکریم ٢٠١٩: ٦)، ئەم شازییەش زۆرجاران لە ڕێگەی هێماوە دەبێت، چون لە پرێکدا هێمایەک دێتە ناوەوە، کە لەوانەیە بە ڕووکەش نەشازی بکەوێتەوە، بەڵام لای خوێنەری باکگراوندار بەجوانی و بەگەڕانێکی هۆشیارانەی شاعیر دەکەوێتەوە. هەر بۆیە هێما مۆتیڤێکی سەبکە گرانەکانی شیعری شاعیرانە(بەدیدی هەندێک لە ڕەخنەگران)، هەڵبەت بەکارهێنانی زۆر و چڕی هێماش لە شیعردا جۆرێک لە ماندوێتی درووست دەکات. ئەوەی جێی باسە هێماکان وەک شێوازی ئەدەبی لە دوو ئاستدا خۆی دەبینێتەوە، شێوازێکیان بەکاربردنی هێما باو و پیشینەکانە، ئەوی تریان هێما خودی و تایبەتییەکانی شاعیرانە، بۆ ئەمە پێویستمان بە ناسینی سەردبوردەی ژیانی شاعیران دەبێت، کە بتوانین کودی هێماکان بدۆزینەوە.

## سێیەم: پەیوەندیی و دژێتیی نێوان هێما و هونەرەکانی ڕەوانبێژی

هێما بەو هۆیەی دوو جەمسەرە، هێما و هێمابۆکراو، پەیوەندی و جیاوازی لەگەڵ هونەرگەلێکی ڕەوانبێژیدا هەیە، کە هەڵگری هەمان تایبەتمەندین، بۆ ئەمەش ڕەخنەگران و توێژەرانی بواری ئەدەب ئەو جیاوازی و لێکچوونانەیان بەرباس داوە. دیارترین ئەو هونەرانەی ڕەوانبێژییش، کە تایبەتمەندیی دوو جەمسەرییان هەیە، بریتین لە هونەرە ڕوونبێژییەکان (خوازە و خواستن و چواندن و درکە).

عەرەبە کۆنەکان وا پێناسەی هێمایان کردووە، (کە ئاماژەیە بۆ چیرۆکێک یان ئەفسانەیەک یان کەسایەتییەکی دیار و شاز و نامۆ لە پێگەی پێچوێنراودا، بە مەبەستی کاریگەریی و زیادکردنی

هەڵچوون. ڕەوانبێژییەکان پێیان وایە هێما لێچووی درکەیە، ڕەنگە هێما ئاماژەیەکی دەقاودەق بێت، ڕەنگە لە واتا یان لە سۆزدا بێت، بەڵام بە شاراوەیی. لەوانە (سەکاکی)، کە هێمای بە جۆرێک لە جۆرەکانی درکە دانا. هەروەها (جورجانی) پێی وایە هێما لە خۆوە لە هەندێک سیاقەکاندا دادەنرێت) (بن سلیمان و دلیله ٢٠١٧: ١٤). هێما لای ڕەوانبێژییەکان جۆرێکە لە جۆرەکانی درکە، لە بواری ڕەوانبێژییشدا دەبێت جیاکاریی لە نێوان هێما و گرنگی چوار زاراوە ڕەوانبێژییەکە (درکە و خوازە و خواستن و چواندن)دا بکەین، هەموویان وێنەن و پەیوەندیی گشتی بە تایبەت و پەیوەندیی دوولایەنە گلێریان دەکاتەوە، تایبەتمەندیی هێما لە نێوان ئەو جۆر یان زاراوانە دەمێنێتەوە بەوەی کە ئیحائەکەی کراوەترە لەسەر ڕاڤە و خوێندنەوەی بێکۆتایی لە سیاقدا وەستاوە. (لە هێما و درکەدا دوولایەن هەیە، لە هێمادا هێما و هێمابۆکراو، لە درکەدا درکپێکراو(المکنی به) (کە دەربڕاوەکەیە)، درکبۆکراو(المکنی عنه) کە واتای پەیوەست و پشتەوەی درکپێکراوەکەیە. (درکەش ئەوەیە کە ڕاستەوڕاست ناوی شتێک نەبەی، بەڵکوو بچی ناوی شتێکی تر ببەی کە پەیوەندیی بە مانای یەکەمەوە هەبێت، بۆ ئەوەی لە مانا باسکراوەکەوە بۆ ئەو مانای، کە مەبەستە، بچیت) (گەردی ١٩٧٢: ٨٨). دەبینین جیاوازیی نێوان درکە و هێما لەوەدا خۆی دەبینێتەوە، کە هێما ئاماژەی تیایە، درکە ناڕاستەوخۆیی، هێما لە دەقی ئەدەبیدا نەبڕاوە و خێراتر درووست دەبێت، دەوترێت هێما زیاتر گرێدراوی شاعیرانە، بەڵام درکە هێواش و ئامادەکراوە و لە دەرەوەی دەقەوە پەلکێشی نێو دەق دەکرێ، پتر لە ژیانی ڕۆژانەی نێو کۆمەڵدا بەکار دەبرێت.

(میر جلالالدین کەزازی)ی نووسەر و شاعیر و وەرگێڕی ئێرانی، لەبارەی هێما و درکەوە دەڵێت: (هێما لە سەرەتادا درکەیەک بووە، هەردووکیان واتای ئاشکرایان نییە و ئاسان دەرناکەون، لە زمانی خەڵکەوە هاتوون و ڕیشەی هێماکانیش لە درکە و لەو لادانە کۆمەڵایەتیی و باوەڕ و کولتوورانەی خەڵکەوە سەرچاوەیان گرتووە) (کزازی ١٣٩١: ١٦٩). (کەزازی) لێکچوونی بنەوانی هەردوو درکە و هێما دەستنیشان دەکات، کە کۆمەڵ ڕۆڵی گەورە دەگێڕێت و زمانی خەڵکی درووستیان دەکات و لەوێوە پەرش دەبنەوە.

(بارت)یش وشەی هێما دەخاتە چوارچێوەی زاراوەگەلێکی لێکنزیک و جیاوازەوە، ئەوانیش نیشانە و قەرینە و ئایکۆن و درکە و خوازەی وێنەیین، جەخت لەوە دەکاتەوە ئەو ڕەگەزەی وا هەموو ئەو زاراوانەی تێدا بەشدارن پێویستی بە گواستنەوەیەک و پەیوەندییەک هەیە لە نێوان دوو لایەندا (بارت ١٩٨٧: ٦٢).

لەبارەی پەیوەندیی و جیاوازی نێوان هێما و (خوازە- المجاز)یشەوە، ئاشکرایە کە (خوازە وەک زانایانی ڕەوانبێژیی خستوویانەتە ڕوو هاتووە، بریتییە لە بەکارهێنانی وشەیەک بۆ واتایەکی تر جگە لەو مانا ڕاستەقینەیەی وا بۆ خۆی دانراوە، بەهۆی بوونی پەیوەندییەکەوە لە نێوان مانا

ڕاستەقینەکە و مانا خوازەییەکەیدا) (سلطانی ٢٠٠٨: ١١٧)، لەخوازەدا بوونی قەرینە و پەیوەندیی (پەیوەندیی نێوان مانای درووستی و خوازەیی، مەرجە (سرمد ١٣٨٧: ١٤٨). پەیوەندییەکی پتەو لە نێوان خوازە و هێمادا هەیە، بە شێوەیەک بۆ نێو دەلالەتی خوازەیی داگەڕاوە، دەبێتە مایەی ئەوەی خوازە ببێتە هێما، بۆیە هێما دەبێتە ئەو لوتکەیەی وا خوازەی لێ کۆتایی دێت، خوازە ئەو هونەرەیە کە بەهۆی وەسف یان ڕەخنەوە بیروڕایەکی سیاسی و کۆمەڵایەتی یان هونەری وەردەگرێت، لە ئاکامدا دەبێتە هۆی ئەوەی کە هێما بەوردی بەکار ببرێت لەو پرۆسەیەدا و پەنای بۆ ببرێت (حەمەد ٢٠١٢: ٧٤).

(میشیل لوگرین)(Michel Le Gwren) (١٩٣٧-٢٠١٧) فەیلەسووف و زمانیناسی فەرەنسییش لە کتێبی (میتافۆر و میتۆنیم)دا، هێما بە جۆرێک لە جۆرەکانی خوازە دادەنێت، (بە پێچەوانەی تۆدوروڤەوە) ڕای وایە لەم هونەرەدا دەبێت وێنەی ئەو شتەی دەکرێت بە هێما، بهێنرێتە پێش چاو و لە سیما دەلالییەکانی بکۆڵرێتەوە. (جان مۆلینۆ)یش هێما بە جۆرێک لە جۆرەکانی نواندن (خواستنی نواندن) لەقەڵەم دەدات. ئەو جۆرە نواندنەی کە پێوەستییەکی واژەیی تێدا بەدی ناکرێت تا یارمەتیی ڕاڤەکردنی نواندنەکە بدات، لەبەر ئەمە مەحاڵە هێما بۆ تەنیا واتایەک ڕاڤە بکرێت، (مصطفی ناصیف) پێی وایە کە هێما ئەو لووتکەیەیە کە خوازە لە گەشەکردنیدا پێی دەگات (عەبدوڕەحمان ٢٠٠٦: ١٢٢).

سەبارەت بە پەیوەندی نێوان خواستن و هێماش، ڕاوبۆچوونی جیاواز هەیە، دیارە کە خواستنیش (بریتییە لە بەکارهێنانی وشەیەک بۆ دەربڕینی مانایەکی تر، بێجگە لە مانای درووستی وشەکە، بەمەرجێ پەیوەندی نێوان مانای درووست و مانای خوازەیی وشەکە، وێکچوون بێت. ئەبێت نیشانەیەکیش هەبێت کە ئێمە مەبەستمان ئەم وشە خواستراوەیە، نەک درووستەکە))(گەردی ١٩٧٢: ٦٩).

بە تێڕوانینی (سیروس شەمیسا)، هێمای ڕەوانبێژیی بە شێوەیەکی نزیکەی هەمان خواستنە بە چەند جیاوازییەکەوە، بە نموونە هێما (نزیکایەتیی واتایی، قرینە صارفە)ی نییە، لەبەر ئەوە دەتوانرێت وشەکە بە واتای بنەڕەتیش درک بکرێت، جیاوازییەکی دیکە ئەوەیە کە (لێچووی سڕاوە-مشبە محذوف)، کە لە خواستندا شتێکی دیاریکراو و ڕوونە، بەڵام لە ڕەمزدا خەرمانەیەک لە واتاکان نزیکن لەوەوە، واتە لە وشەکەوە (شەمیسا ٢٠١٨: ١٨٣). (د.عەبدولسەلام سالار)یش لە تێزی دکتۆراکەیدا دەنووسێت: (ئێمە بۆ جیاوازیی نێوان هێما و خواستن بەم شێوەیە بۆی دەچین. بۆ نموونە کۆتر هێمای ئاشتییە، واتا هێمایە بۆ ناوێکی واتایی، بەڵام کاتێ واژەی کۆتر بۆ کەسێک دەخوازین لەبەر سیفەتی ئاشتیخوازیی ئەوە دەبێت بە خواستن. لێرەدا کۆتر بە واتای کەسێکی ئاشتیخواز هاتووە نەک هێما بێت بۆ ئاشتی، هەروەها دەتوانین بڵێین هێما بە ئامادەکراویی هەیە،

وەک ئەوەی دەڵێین کۆتر هێمایە بۆ ئاشتی، بەڵام خواستن تەنیا لە ڕەوتی (سیاق)ی ڕستەکەدا دەردەکەوێت:

کۆتر هێمایە بۆ ئاشتیی هێما (ڕەمز)ە

کۆتر خوازراوە بۆ کەسێکی ئاشتیخواز خواستنە) (عەبدوڕەحمان ٢٠٠٦: ١٢٢).

ئێمەش ڕامان وایە کە هێما وەک لە جێدانان نزیک دەبێتەوە لە جۆرێکی خواستن، کە خواستنی ئاشکرایە، (ئەو خواستنەیە کە تیایدا پێچوێنراو دەربکەوێت و چوێنراو دەرنەکەوێت) (المطلوب و البصير ١٩٨٢: ٣٥٠)، هێند هەیە لە هێمادا ئەم چوێنراو و پێچوێنراوە ئاوا زەقوزۆپ نایەت، شاعیر لە هێمادا مەبەستی پرۆسەی چواندن نییە بەو پەتێتییەی وا لە هونەری خواستندا هەیە.

ئاراستەی ئەدەبی هاوچەرخ بە گشتی، پشت بە هێما دەبەستێت و وێنەکانی وەک چواندن و خواستن کەم دەکاتەوە، بەوەی هێما کاریگەرتر و بە تواناترە لەسەر دەربڕین بە دەلالەتگەلێکی فراوانتر، هێما بە شێوەی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ دادەڕێژرێت، ئەمەش بەشێکە لە گرنگیپێدانی ڕەوانبێژیی نوێی درکە بە هێما، درکەی هێماگەری گرنگترە، مەبەست لەوەیە قەرەبووکردنەوەی نزیکایەتیی (المجاورە) تایبەت کراوە بە لەخۆوەیی لە پرۆسەی هێمادا، بۆیە کردنەوەی کۆدەکان شتێکی ئاسان نییە، چونکە پێویستی بە ناسینی دەوروبەری هەیە، کە سەر بە سیاقێکە جیاواز لە سیاقی زمانەوانی، بەستراوەتەوە بە بابەتە ئاینی و سیاسی و مێژوویی و کۆمەڵایەتییەکانەوە، هێما دەلالەت لەو ژینگەیەوە وەردەگرێت کە تێیدایەتی (سوهیلە ٢٠١٨: ٢٨). جیاوازیی لە نێوان هێما و لێکچوواندنیشدا ئەوەیە ، (بابەتی لێکچوون هەر ئەبێ پەیوەندیی هەبێت لە نێوان هەردوو بابەتە پێکچوێنراوەکەدا، گەر لابەلایش بێت، کەچی هێما بە هیچ جۆرێک سیفاتی فیزیایی نییە تا بیکاتە بیانووی مانا ئەبستراکتەکەی) (ڕەزا ٢٠٠٧: ١١٠).

کەواتە هێما وەک ئاماژەی پێدرا هێما پەیوەندی و دژێتی لەگەڵ هونەرە ڕوەانبێژییەکاندا هەیە و سنووریان تێکەڵ بەیەک دەبێت، جگە لەو هونەرە دیارانە کە بەرباس درا، هونەری تری ڕەوانبێژی هەن، کە جۆرە پەیوەندییەک لەگەڵ هێمادا نزیکیسن دەکاتەوە، لەم ڕووەوە پەخشان سابیر حەمەد دەنووسێت ((جگە لە خوازە و خواستن، چەندین بابەتی تر هەن، هەمان ڕۆڵی ڕەمزییان بینیوە، لەگەڵ جیاوازیی بەکارهێنانیان، کە ڕەمز لە گشت بابەتەکانی تر فراوانترە. لە سەرووی ئەم بابەتە ڕەوانبێژییانەش، جگە لە خوازە و خواستن و درکە و تەوس لەنێو ڕوونبێژیدا و تیلنیشان و پۆشین و تێهەڵکێش لەنێو جوانکاریدا)) (حەمەد، ٢٠١٢، ٨٨).

# بەشی دووەم

# (تەکنیکی هێمایی) و (مەبەستەکانی هێما) و (هێما و واقیع) لە دەقە والآکانی (شێرکۆ بێکەس)دا

## تەوەری یەکەم: تەکنیکی هێمایی لە دەقە والآکانی (شێرکۆ بێکەس)دا

### یەکەم: وێنەی هێمایی لە دەقە والآکانی شاعیردا

وەک لە بەشی یەکەمدا هاتووە، وێنەی شیعری بەگشتی (کێشانی وێنەی خەیاڵییە و کاریگەرییەکەی پەیوەستە بە دەروون و توانای شاعیرەکەوە، هەیە بەرهەست و بەرجەستەیە، هەشە بە پێچەوانەوە درووستکراو و بەرهەست نییە) (التونجی ١٩٩٩: ٥٩١)، ئەگەر بە سادەیی لەم زاراوە بڕوانین، دەبینین بە واتای کێشانی وێنە دێت لە شیعردا بە وشە، شیعریش کیانێکی زمانی و زمانیش لە ڕێگەی وشەوە خۆی دەنوێنێت، بۆیە یەکێک لە پایەکانی درووستکردن و بونیاتنانی وێنە لە ڕێی لێکدانی تایبەتمەندیی وشە و شتەکانەوە دەبێت و کارکردنە لە ئاستی فۆرمدا، لای (ئەرستۆ) ئەمە ڕوونکراوەتەوە، کە ئەم لێکدانانە توانای درووستکردنی ناکۆتای لە وێنە هەیە. یەکێکی تریان لە ئاستی ناوەڕۆکدایە و دەستکاریکردنی واتا باو و ئاساییەکانی نێو زمانە، ئاشکراکردن و شاردنەوەیە، کە بنەڕەتی پێدەری شیعرییەت و چێژە.

وێنەی هێماییش لە دەقە ئەدەبییەکاندا لە هەردوو بارەکەدا کار دەکات، (بە تایبەتی لە ئاستی دووەمدا، کە لادان و دەستکاریکردنی واتا باوەکانە. ئەم جۆرە وێنەیە ئافراندنی بارێکی دەروونیی مرۆڤە، دەربڕینە لە دۆخێکی نادیاری نێو دەروونی مرۆڤ لە ڕێی شاردنەوە و بە دیوێکی دیکەشدا ئاشکراکردن و دەربڕینی ئەو بارە دەروونییەیە لە ڕێی وێنەی هێماییەوە. لێرەدا لە دەقە شیعرییەکاندا هێما دەربڕی مانا و بۆچوونی دیارکراوی شیعری نییە و زیاتر سرووشتێکی دەروونیی هەیە، جۆرێکە لە هەڵگەڕانەوەی ئەقڵی، شاعیر دۆخێکی دەروونیی خۆی بەراورد بە سرووشت و دیاردەکانی دەوروبەر دەکات، پەنا دەباتە بەر هێزی ئەندێشە و چەندین وێنەی هێمایی لێ وەردەگرێت، دۆخە دەروونییەکەی نێوان خود-دیاردەکان ڕادەگەیەنێت و ڕوویەکی تەمومژاویی و لێڵ دەداتە وێنەکان، لە ڕێگەی زمانێکی شیعری پەیوەست بە مۆسیقا و ئاوازەوە) (محمد ٢٠١١: ١٤٣).

وێنەی هێمایی جۆرێکی دیاری وێنەیەکی شیعرییە، کە بە هێما چنراوە، بنیاتی وێنە شیعرییەکە لەسەر هێما درووست بووە. وێنەی هێمایی هەرچەندە لە ڕووی خەیاڵەوە سەری لە هەوران بێ، لێ پێیەکانی لە سەر خاکی واقیع جێگیر کردووە، چون گەر لە ڕووی دەروونشیکاریشەوە لە فەنتازیا و ڕوانگەی فرۆیدیی بۆ ئەدەب و وێنەی ئەدەبی بنوارین، ئەوا خەیاڵ و ئەدەب هیچ نین، واقیعی

سانسۆرکراو و شلوشاوی لێ بترازێ. چەپاندن ئەو بارگە سۆز و ئارەزووە تێکئاڵاوانەیە وا لە شێوەی سیمبوڵ و هێماوە خۆی دەدەڵێنێتەوە.

ئەوانەی لە وێنەیان کۆڵیوەتەوە، بەسەر چەند چەشنێکدا دابەشیان کردووە (حەمەد ٢٠١٢: ١١٨):

١-چەشنی دەروونی: وێنە هەستی و هۆشەکییەکان، هۆشەکییەکان وەک نموونەیی و ئەبستراکت، هەستەکییەکانیش نموونەی: بیستن، بۆنکردن، بینین، (ڕەنگ و ڕووناکی و جووڵە) کە پاپەندن بە بینینەوە و ئەم هەستە بە دایکی هەستەکان دادەنرێت.

٢-چەشنی ڕەوانبێژی: وەک، ئیشارەتئامێز(هێمایی- هێمائامێز) (وەسف و درکە و خوازەی بەرەڵا)، لێکچواندن، خواستن (بەرجەستەکردن، بەکەسکردن(کەساندن)، وێنەی هێمایی.

٣-چەشنی هونەری: چەشنی هونەری، کۆکەرەوەی هەردوو چەشنەکەی پێشووە، کە (دەروونی و ڕەوانبێژی)ن.

ئەو هێڵەی وێنە شیعرییە ڕەوانبێژییەکان و وێنە شیعرییەکانی دیکە لە وێنەیەکی هێمایی هەڵدەبوێرێ، ئەوەیە کە هێما وادەکات شتەکان وەک وێنە هەستپێکراوەکان ئاشکرا نەکات، بەڵکوو کار لەسەر پەخشکردنی شەپۆلەکانی هەست و سۆز دەکات و پاڵنەرێکە بۆ وروژاندن و بیرکردنەوەی خوێنەر، کە هەست دەکات جیهانێکی دیکە لە پشت ئەو جیهانە بینراوەوە هەیە، کە هێما خولقاندوویەتی، کەواتە لە وێنەی هێماییدا قوڵبوونەوە ئیحاییەکە لە ئەنجامی لێکچواندنی کەرەستەکان بەرهەم نایەت، ئەوەندەی جەختکردنە لە بەزاندنی واقیع و سازانی کەشێکی نائاسایی، کە خوێنەر یان وەرگر درەنگ بەدەستی دەهێنێت. لە هەمان کاتدا نهێنی وێنەهێماییەکە لە مانەوەی وزە مژراوەکەدایە لەنێو بیری وەرگردا، کە ئەمەش سەردەکێشێت بۆ نەمریی و جوانیی دەق. لەلایەکی دی هێما پەرژینی داخراوی دەق تێک دەشکێنێت و ئامادەیی وەرگرتن و دەقئاوێزان فەراهەمتر دەکات، چونکە (ئەو ماتەوزەی وا لە هێمادا هەیە، هەروەتر ئەو توانا گەورەیەی ئامادەگیی هێما دیار دەکات بۆ نوێبوونەوەی مانا کۆنەکان و ڕسکانی واتای تازە، کارێکی بنەڕەتییە لەسەر کرانەوەی دەق و گۆڕانی لە دەقێکی داخراو بۆ دەقێکی کراوە، وێنەی هێمایی پشت بە دەقێکی دیکە و لە پێشینە دەبەستێت) (خۆشناو٢٠١٠: ١٩٥).

لێرەدا وێنەی هێمایی لە بنیاتنانی چەشنەکانی وێنەدا لە دەقە وڵاکانی (شێرکۆ بێکەس)ی شاعیردا، دەخەینە ڕوو. وێنەی شیعری لە شیعرەکانی شێرکۆ بێکەسدا ئامادەگییەکی گەورەی هەیە، یەکێک لەو توانست و سەلیقە جەوهەری و دیارانەی لای شێرکۆ بێکەس دەبینرێت، توانستی کارکردنییەتی لە نێو وێنەدا، لە هەناویشیدا کارکردنە لەسەر ئەو پێوەندییە ناوکۆییەی زمان و پێکداچوونی ئەو پێوەندییە دەلالییانەیە، کە لە میانی وێنەیەکدا خۆی دەنەخشێنێت، کە ئەستەمە بەیەکجار خوێندنەوە بتوانرێت لە ئێستێتیکای هەر وێنەشیعرێکی بگەیت و بە سانایی تخووبی

خۆیت بۆ والا بکات. شێرکۆ بێکەس لە ڕێکخستنی هەر وێنەیەکدا هۆشیارانە کاری کردووە، بۆ لێکدانەوەی هەر شیعرێکی پێویستمان بە هێڵکاریی و دایاگرامی وێنە دەبێت.

خەیاڵی شێرکۆ هەتا ئەو پەڕی وێنەی شیعری دەڕوات و بەردەوام لە ڕێی زمانەکەیەوە خۆی وتەنی، **کە تیایدا ژیاوە**، وێنەی ناوازە و دانسقە و نەوتراوی چێ کردووە، بێ شیتەڵکاری و گەڕانەوە بۆ پاشخانە زمانی و ئەدەبییەکەی شاعیر، پەی بە ئیستاتیکا و ناسکی و خەیاڵگۆڕکێ و ئیشکردنە ئەندازەییەکەی وێنەشیعرییەکانی نابەین.

لە (دەربەندی پەپوولە)دا، کە دیارترین دەقی والای شاعیرە بۆ مەرگی بە کۆمەڵی هەڵەبجەی نووسیوە، شاعیر بە هەناسەیەکی نەپچڕاو دەستی خوێنەر دەگرێت و بە کوچەکانی مێژوو و جوگرافیا و زمان و هێما و غوربەت و نیشتمان و سووتان و ئەشقێکی جاویدانیدا دەیبات و سەرت سوورِ دەمێنێت لە ئاست: هەموو ئەو تابلۆ جوانانە و هەناسە بەجێماوانە، لەو هەموو ئاهە دەوانانە و لەو هەموو پەپوولە بەجێماوانە، هەموو شوێنێکی ژیان و مردنت پێ بەسەر دەکاتەوە و ئایدیالیزەی مێژوویەکی تژی لە کارەساتمان بۆ دەکات، وێنە هێماییەکان ئامەدەگییەکی گەورەیان لەم دەقەوالایەدا هەیە، وەک دەڵێت:

***تاکوو دێم، ئەو گوڵە سپیانە مەنێژن***

***بوەستن! بە لانکەی مێژوویان مەسپێرن***

***با لەسەر سەوزەگیای لەشی هەرد لەسەر پشت پاڵکەون***

***با لەسەر باسکی ئاو ڕاکشێن***

***با لەسەر شانی «با» هەڵکورمێن***

***ئاسمانی چاویشیان دامەخەن***

***هیچ پەڵەهەورێکی سەرشاخیان پیا مەدەن***

***هەتا دێم مەیکەنە تارومار***

***خۆزگەمە بۆ دواجار***

***تەماشام بە پرژەی گوڵاویان تەڕ بکەم***

***خۆزگەمە بۆ دواجار***

***شنەیان بگرمە باوەشم***

***یەک بە یەک دەم خەمە ناو دەمی حەسرەتیان***

***ناکامیی سینەیان هەڵمژم وەک دایک و باران و شەمامە بۆنیان کەم***

***یەک بە یەک دەست بێنم بە تیشک و تیریژی قژیاندا و***

***مووبە موو ماچیان کەم*** (دەربەندی پەپوولە: ١٨)[٧]

لەم پارچەشیعرەی سەرەوەدا، کە شاعیر هەردوو وێنەی هێمایی (گوڵی سپی و لانکەی مێژوو) دەهێنێتەوە، دواتریش بە دوایاندا وێنە شیعرییەکانی وەک (لەشی هەرد، باسکی ئاو، شانی با، ئاسمانی چاو، پەڵەهەوری سەرشاخ وەک پێخەف، تەماشا بەپرژەی گوڵاو تەڕکردن، شنەگرتنەباوەش، دەمی حەسرەت، بۆنکردنی دایک و باران و شەمامە، تیشک و تیریژی قژ) دەهێنێتەوە، بەدەگمەن لە ئەدەبییاتی دنیادا کۆی ئەم وێنە شیعری و پڕ هێما ئیستاتیکی و دەروونیانە دەبینین، کە بۆ قوربانییەکانیان نووسرا بن. بەم شێوە ناسکە چون گوڵانەش هەڵسوکەوتیان لەگەڵ کرابێت.

لێرەدا قوربانییەکانی هەڵەبجە لە وێنەیەکی هێماییدا، چوێنراون بە (گوڵی سپی)، گوڵی سپیش هێمای پاکێتی و بێگوناهی و کورتیی تەمەن و هەندێ جاریش هێمای خۆشەویستی و دڵسۆزی هەتاهەتایی و هەمیشەیی دەدات، جگە لەوەی هێمایە بۆ سەرەتا و دەستپێکێکی نوێ. کۆی ئەو هێمایانە لەو پارچە شیعرەدا ڕەنگی داوەتەوە پاکێتی و بێگوناهیی قوربانیان و مەرگی منداڵانی هەڵەبجە لەلایەک، خۆشەویستی و دڵسۆزیی هەتاهەتایی شاعیر و خۆی وتەنی **هەڵگرتنیان لە شووشەبەندی شیعردا** لەلاکەی ترەوە دەلالەتی هێنانەوەی (گوڵی سپی)یە بۆ قوربانیان، کە سەرەتا و دەستپێکی خۆشەویستی ئەوانە لە دڵی شاعیردا.

لە (لانکەی مێژوو و شارستانییەت)دا، کە هێمایە بۆ کوردستان و بێشکەی سرووشتجوانی ئەم وڵاتە، گەر بنیاتگەراییانە لە شیعرەکە و لە دەوروبەری هێمای (لانکەی مێژوو) بڕوانین وشەکانی (ڕاکشان و پیادان و باوەش و دایک) دەبینین، کە ڕاستەوخۆ پەیوەندییان بە وشەی (لانک)ەوە هەیە.

لە دەقی واڵای (گۆڕستانی چراکان)یشدا، کە تیایدا سەربوردەی کەسەر و ئازارەکانی ئەنفال دەگێڕێتەوە، یەکێکە لەو بەرهەمە دانسقانەی تاوانی ئەنفالی بە شێوەیەکی هونەری و پڕ لە وێنەی شیعری و هەروەها وێنەی هێمایی بە تایبەتی، بەرجەستە کردووە، بووەتە هۆی مۆمیاکردنی ئەو غەم و بەسەرهاتانەی ئەنفال لە دەقی واڵای هونەری شیعر و گێڕانەوەدا، تا خۆی وتەنی نەوەکانی دواتر ئەم ئازارە بەسوێیە دڵبرژێنەیان بیر نەچێتەوە، شێرکۆ بێکەس لەم دەقەواڵایەدا وەک حەماسەیەکی شیعری مۆدێرن، ڕێکاوڕێک کۆنەست و کۆهەست و کۆئازار و کۆژان و کۆیاد و هتدی... کوردی لە شێوەی گورزێکی وشەیی هەڵدەداتەوە ناو دنیا. هەڵدانەوەی هەبوونی مرۆڤانەی کوردیی بۆ ناو پانتایی زمان، شۆکێکە، ئاگاییەکە، ڕاچەنین و ڕاچڵەکینێکە دژ بە جیهان و چەپۆکسالاریی ڕاسەری ئەم هەبوونە، ڕاپەڕین و سپەرێکی مەعنەوییە بۆ پاراستنی هەبوونە لە نێو دەڵەمە و (وێڵاش)پزدانی زماندا. ئەدەبیاتیش دەتوانێت بە پاتەکردن و هەرەسهێنانە یەک لە دوای

[٧] لێرەوە تەنها ناوی سەرچاوەی دەقەواڵاکان دادەنێین، کە پارچە شیعرەکانمان لێوەرگرتوون، چون لە (سیستەمی هارڤارد)دا تەنها پاشناو یان نازناوی نووسەری سەرچاوەکە دادەنرێت، تا تێکەڵ نەبن و بزانرێت ڕاستەوخۆ لە چ دەقێکی واڵاوە شیعرەکەمان وەرگرتووە.

یەکەکان لە گێڕانەوەدا، پاسەوانێک بێت بۆ فەرامۆشنەکردنی مێژوو، لێرەوە (ئەدەبیات زیاتر ڕۆڵی (فریشتەی مێژوو) دەگێڕێت بەدیدی (واڵتەر بنیامین)، تاوەکوو شایەتێکی تەواوکۆیی وەک (جۆرج ئاگامبێن) دەیڵێت، شیعرەکان، پەخشانەکان، فیلمەکان و تابلۆ شێوەکارییەکان و... هتد، هاوشێوەی فریشتەی مێژوو بە هەڵوێست، تێفکرین، نیگایەکی قووڵ و بێتوانای ڕزگارکردن، تەنیا بەڵگەیەک بۆ حزووری کارەسات و کاولکاری لە ڕابردوودا، بەڵگەیەک کە خۆڕاگری دەکات، لەبەرامبەر کارەسات بۆ داهاتوو) (محەمەدپوور ٢٠٢١: ١١).

شاعیر لەو دەقی والآیەدا دەڵێت:

***هەر بە جل و بەرگی شیعرەوە***
***هەر بە پۆشاکانەوە***
***کە بادی خۆش مروری نالی پۆشی بووی***
***ئەڕۆم و کەڕەتێ ئەبم بە سەمەندەر و بە چریسکەوە باڵ لێک ئەدەم و***
***کەڕەتێکی دی ئەبمە پەپووی وێرانەخاک و***
***لە ناو گارۆ[8]ی درەختی گریاندا هەڵئەنیشم و***
***جارێکی دیش ئەبمە سێبەری ئەنجنئەنجنی شاخ و***
***لە دواییشدا بە شەوقی تینووی سوورەهەتاو!***
***هەر بە جلوبەرگی مۆسیقاوە***
***بە کاڵای تەمبوور و باڵەبانەوە، بە سڵسڵەی وەزنەوە***
***وەختێ ئەمکا بە لەنجەی کڵپەداری وشە و***
***کاتێ ئەمکا بە سەمای پەلوپۆداری ئەشکەنجە و***
***لە ناکاویش بە تەپوتۆزی کاروانی***
***جەستەی کۆستێکی درێژی لەو خوارە بە جێماو!*** (گۆڕستانی چراکان: ١٥)

لەم پارچەشیعرەدا، وێنە هێمایییەکانی کردووەتە هەوێنی دەربڕینی دڕدۆنگیی و شڵەژانی دەروونیی خۆی، شڵەژانێک چوون شڵەژانی بارتەقای تاوانەکە لە سەرەتاوە تا کۆتایی، هێماکانی (جلوبەرگی شیعر، پۆشاکی بادی خۆشمرووری نالی، سەمەندەر، پەپووی وێرانەخاک، جلوبەرگی مۆسیقا، تەمبوور، باڵەبان، کۆستێکی درێژی لەو خوارە بەجێماو) بەکار هێناوە.

جلوبەرگی شیعر، هێمای جلوبەرگی مەجازی شاعیرە، لە گەڵ پۆشینی بادی خۆشمرووری (نالی) کە هێمای بایەکی خۆش ڕەوت و خێراپەیامگەیەنە، کە (نالی) پەیامی غوربەتی لە سەرەتای چامەکەیدا بۆ (سالم)ی شاعیری ناردووە هانای بۆ دەبات و خۆی بە قوربانی دەکات. شێرکۆ بەو

[8] هێلانەی مەل لە کونی داردا. (بۆ پەراوێزی واتای وشەکان لەم توێژینەوەیەدا، سوود لە پەراوێزی واتاکانیان لە هەمان دەقی والآدا، وەرگیراوە).

پۆشاکانەوە خۆی تەیار دەکات بۆ سەفەرێکی بەپەلە و دووروورێژ. بەوەشەوە داناساکێت لە وێنەیەکی هێماییدا خۆی بە سەمەندەر دەچوێنێت. (سەمەندەر، گیانلەبەرێکی وشکاویی کلکدارە، پێستێکی تاریکی هەیە، لەگەڵ خاڵخاڵی زەردی تۆخدا، لە وشەی یۆنانی (salamandra)ەوە هاتووە، بەواتای (مارمێلکەی ئاگرین)، دەڵێن لە ناو ئاگردا ناسووتێت، یان لە ئاگر بێتە دەرەوە دەمرێت) (عارف ٢٠٠٩: ٥٤٤)، هێمای دووبارە ژیانەوە و نەمری و هێزە. شاعیر لەپاڵ سەمەندەریشدا خۆی دەچوێنێت بە پەپووی وێرانەخاک، کە هێمای ماڵوێرانی و کاولکاری دێت، کە شاعیر هاتووەتە سەر سەرزەمینێکی ڕووخاو.

لەتەک جلوبەرگی شیعردا شاعیر بۆ ئەم کۆستە جلوبەرگی مۆسیقا دەپۆشێت، بە تەمبوور و باڵەبانەوە کە دوو ئامێری مۆسیقیی کوردیین، تەمبوور لە وشەی (تەلموور)ەوە هاتووە، بە واتای تەل یان ژێی شیوەن دێت، لە ئاینی کۆنی یارساندا بۆ تازیەباری ژەنراوە و وەک هێمایەکی دیاری میوزیکی کۆنی کوردی لەگەڵ ئەم کۆستە گەورەیەی کوردا، کە ئەنفالە، یەک دەگرێتەوە. تەمبوور لە ئاینی یارساندا توند وەک سرووتێکی ئاینی پیرۆز گرێدراوی ژیان و مردنە، خاڵی پێکەوەبەستنی ژیانی قودسی و ژیانی مادیی و ئاساییە، لەڕێی تەمبوورەوە مرۆڤ دەچێتە ناو دنیای موقەدەس/پیرۆز و بانسرووشتیی، لێرەدا شێرکۆ بێکەس لەپاڵ وێنە جوان و پیرۆزەکاندا هێناویەتییەوە.

لە کۆتاییشدا (جەستەی کۆستێکی درێژی لەوخوارە بەجێماو) دەهێنێتەوە، کە هێما بۆ ئەنفالکراوەکان دەکات، کە کۆستێکی درێژی سەت و هەشتاودوو هەزاری لە مرۆڤی بێتاوان پێکهاتووی بە جێماو (لەو خوارە)، کە هێما و ئاماژەیە بۆ باشووری ئێراق، کە قوربانیانی لێ بە زیندوویی لەچاڵ نران.

لە سەرەتای دەقی والای (خاچ و مار و ڕۆژژمێری شاعیرێ)شدا، شێرکۆ بێکەس لە ناساندن و پێناسەی خۆیدا و لەو کەشەی لێی لەدایک بووە، بە شیعرێکی تژی لە هێشووەوێنەی هێماییدا، دەنووسێت:

***من ناوم خەونە، خەڵکی وڵاتی ئەفسوونم***

***باوکم شاخە و دایکم تەمە***

***من لە ساڵیکی مانگ کوژراو و***

***لە مانگێکی هەفتە کوژراو و***

***لە ڕۆژێکی سەعات کوژراودا***

***دوای شەوێکی ئاوس بە 'با'***

***دوای شەوێکی پشتکۆماوەی هەوراز بە کۆڵ***

***بەرەبەیانێکی زامدار لە شەفەقێکی کەسکەوە***

***وەک گزنگێکی خوێناویی کەوتمە خوارێ و***

***داگیرسام و بووم بە مۆمێک گرپەمل و***

***بووم بە پرسێک دەم بە هاوار*** (خاچ و مار و ڕۆژژمێری شاعیرێ: ٢)

لێرەدا شاعیر وێنە هێمایەکانی لە هەناوی وێنەی شیعریی چواندن و خواستندا جێ کردووەنەتەوە، لە وێنەی یەکەمدا کە دەڵێت: (من ناوم خەونە)، لە ڕێی وێنەی خواستنەوە خۆی لەبری خەون یان بە پێچەوانەوە، داناوە، لێرەدا (خەون) هێمای نەشکان و ناتوانایی (مرۆڤ-شاعیر) پیشان ئەدات بەسەر پراکتیزەکردنی ئاگایی و هۆشیاری ژیانی ڕۆژانەیدا، وەک چۆن هێمای هیوا و ئارەزووە ونەکانیشە، شاعیر کۆی ژیانی وەک خەونێک دەبینێت، کە ئامانجە مرۆیی و نەتەوەیی و کۆمەڵایەتییەکانی نەهاتوونەتە دی. دەیەوێت بڵێت (خەون) وەک ناوەکەی پێوەی لکاوە و جوێ نابێتەوە.

لە وێنە هێماییەکانی (خەڵکی وڵاتی ئەفسوونم، باوکم شاخە و دایکم تەمە)، وڵاتی ئەفسوون هێمایە بۆ کوردستان، بۆ شێرکۆ بێکەس کوردستان وڵاتی ئەفسوونگەر و سیحرئامێز بووە، وەک هەمیشە شێرکۆی کەمەندکێش کردووە. شاخیش کە باوکی پێ چوواندووە، بە دیوێکدا هێمای خۆڕاگری و نەبەزی و سەرکەشیی باوکی پیشان ئەدات، بە دیوەکەی تردا شاخ هێمای بەرگریی و هێز و هاوکات پاڵپشت و کۆڵەکە و ڕاگری مانەوەی کوردستانە. (تەم)یش کە دایکی پێچواندووە، هێمای نادڵنیایی و ناڕوونییە بۆ ئایندە.

وێنە هێماییەکانی دیکەی وەک (بەرەبەیانێکی زامدار)، هێمای دەستپێکی ژیانێکی پڕ زامە، (شەفەقێکی کەسک)یش ئەوکاتەیە، کە شاعیری تێدا لە دایک بووە، بە دیوێکیدا و بنیاتگەرانە، هێمایە بۆ دایکی کە ناوی (شەفیقە) بووە، بە دیوەکەی دیکەدا هێمایە بۆ ئەو شەفەقە سەوزەی وا ئاواتی لە سەر هەڵدەچنرێت، وەک لە دایکبوونی هەر منداڵێک، بەڵام هەر لەو ساتەدا ژیانی دواتری خۆی، وەک (گزنگێکی خوێناوی) دەبینێت، دواجاریش وەک مۆمێک، کە هێمای لە پێناو ئەوانی تردا سووتانە، ڕووناکی بە ئەوانی تر دەدات لە دنیا و زەمەنێکی تاریکدا و خۆی دەکاتە گاوگەردوونێکی قوربانیی ئەوانی دی، ئەم لە پێناو ئەوانی تردا دەسووتێت.

هاوکاتیش لە ڕێی وەسفێکی هێماییەوە و لەڕێی وێنەی بەکەسکردنەوە، تایبەتمەندی کوژراو دەداتە مانگ و حەفتە و سەعات، کە هێمای وەستان و وشکبوونی ئەو کاتانەیە لەو زەمەنە شوومەدا.

لە پارچە شیعرێکی دیکەدا و لەهەمان دەقی والادا، کە ڕەگەزەکانی چیرۆکی بەسەردا زاڵە، دەڵێت:

***تۆ لە گەڕەکی گاوراندا، بووی بە تۆو و لە دایک بووی***

***ژنەدیانێکی هاوسێ، مریەمێکی گوڵەهێرۆی ڕواو لە ناو تاریکییدا***

***گەنمڕەنگێ وەکوو گوێژە ناوکی بڕیت.***

***هێشتا لە ناو کاسەدا بووی، مریەم بە کڵۆ خەڵووزێ***

***لەسەر تەختی نێوچەوانت وێنەی صەلیبێکی کێشا و***

***تاجەدڕکی کردە سەرت و***

***لە باوەشی نامۆیی خۆی و عیسادا، وەک کارژۆڵەیەکی تازەزاو***

***ماچی کردی و هەڵی گرتی.***

***ژنەدیانێکی هاوسێ، نەفرەتێکی ناو شارەکەت***

***چارۆکەی یەکەم قوماتەی ئەم سەفەرە و***

***یەکەم خاچی ئەم ژیانەی بە تۆ بەخشیی*** (خاچ و مار و ڕۆژژمێری شاعیرێ: ٣)

لەم پارچەشیعرەدا، شاعیر لە ڕێگەی وێنەگەلێکی هێمایی تێکچڕژاو بە ژیانی خۆی و مەسیح وەک نامۆیەک، ژیانێکی پێشبینیکراوی چون مەسیحی خۆیمان بۆ دەگێڕێتەوە، کە ژنە دیانێکی هاوسێی، مەریەم ناوێک، بە کلۆ خەڵووزێک، کە هێمای کێشانی وێنەی ژیانێکی تاڵ و پڕ چەرمەسەریە، لەتەختی نێوچاوانیدا وەک چارەنووسێکی لە-تەوێڵ-نووسراو، وێنەی سەلیبێک دەکێشێت. لێرەدا شێرکۆ بێکەس خۆی بە مەسیح وێنا دەکات، وەک چۆن (بەختیار عەلی)یش لە پەڕتووکی نەرسیسی کوژراودا شێرکۆ بێکەس بە مەسیحێکی ناسیۆنالیست ناودێر دەکات (عەلی، ٢٠١٥، ٢٣). وەک هەمیشەش شێرکۆ بێکەس بنیاتگەرانە وێنەی کێڵگە واتاییەکانی بەدەوری و وێنە سەرەکییە هێمادارەکەدا (مەسیح) هێناوەتەوە، بۆ نموونە (گەڕەکی گاوران) هێمای زادگای شاعیرەوە، لە زۆر شیعر و دەقەکانیدا بەردەوام بەرباسی دەدا. لێرەدا (گەڕەکی گاوران) جگە لە زادگەی خۆی ئاماژەی بە شوێنی نیشتەجێبوونی کریستیانەکانی شاری سلێمانی دەدات. وشەکانی تری وەک (دیان و مەریەم و صەلیب و حەزرەتی عیسا (س.خ) و گوڵەهێرۆی هێناوەتەوە، هەریەک لەوانە هێمای دیار و بەربڵاوی مەسیحیەتن، مەریەم هێمای پاکێتی و دڵسۆزی. سەلیب (خاچ) هێمای ئازار لە پێناو بردنەسەری بەڵێن. گوڵەهێرۆ، کە تاجەکەی سەری حەزرەتی مەریەمی پێچنراوە، هێمای جوانی و خۆشەویستیی یەکەم و تەمەنکورتییە:

شاعیر (لێچوو-چوێنراو) ------- مەسیح (لەوچوو- پێچوێنراو)

دەبینین وشەکانی (گاوران، دیان، سەلیب، مەریەم، گوڵە هێرۆ(تاجی سەری حەزرەتی مەریەم)، پەیامهێن عیسا (س.خ))ی بەدەوری وێنە سەرەکییەکەدا، کە مەسیحە، هێناوەتەوە.

شاعیر لە دەقی واڵای (ئێستا کچێک نیشتمانمە)شدا، بە ناوەڕۆکێکی جیاواز و هەناسەیەکی تووڕەوە لەچاو کۆی بەرهەمەکانی پێشوتردا دەئاخڤێت. بەهۆی ئەو نادادی و بێدەربەستییەی کاربەدەستانی نیشتمان بەرانبەر بە خەڵک و بەتایبەتیتر گەنجان لە کات و ساتێکی دیاریکراودا، وەک شاعیرێکی بەهەڵوێست و خاوەنقەڵەمێکی دیار و بەرچاو دێتە وەڵام. شاعیر دەقە واڵاکەی بەسەر دوو تەوەردا

دابەش دەکات، تەوەرێکیان ژیانی گەنجێکە بەناوی (کامەران)، کامەران ژیانی پڕە لە ژان و سوێ و دەستنەڕۆیی و چەرمەسەری و نیشتمان هیچی پێ نەبەخشیوە، نەک هیچی پێ نەبەخشیوە، بەڵکوو دنیایەک تەڵەزگەی هێناوەتە بەردەم خەونەکانی، شێرکۆ بێکەس لە ناوی کامەرانەوە گاڵتە بە کامەرانیی سەردەم و هەبوونێکی کۆمەڵایەتی و ڕامیاری دەکات، تەوەرەکەی دی تایبەتە بە (ڕۆزانا) کە هاتووتە ژیانی کامەرانەوە و بووەتە نیشتیمانی ڕاستەقینەی و نەختێک تام بۆ ژیانی دەگەڕێنێتەوە. ئەم دەقە ڕاپەڕینی زمانی و ڕامانی شاعیر، یان دۆنادۆن و کراسگۆڕکێی شاعیرە دژ بە ڕابردووی خۆی.

شاعیر بە چەند وێنەیەکی هێمایی دەوڵەمەند لەبارەی نیشتیمانەوە دەدوێت، کە نیشتمانێکی ماسکدار و هەڵفریوێنە و یەکبین دەمامکگۆڕکێ دەکات:

***ئەم نیشتمانە***

***نیوەڕوان کە ئەیبینی***

***خۆیمان لێ ئەکا بە (گاندی) و***

***لەشەویشدا (بۆکاسایە) و***

***بە بەیانیان سۆفییەکی نوورانییە و***

***ئێوارانیش جلی (بارق) و (حەجاج)ی لەبەردایە!***

***بەڕۆژ ئەو درەختی شیعرە و بە شەو تەورە***

***بە ڕۆژ تیرێژی هەتاوە و بە شەو قەمەی شەوەزەنگە*** (ئێستا کچێک نیشتمانمە: ٦١)

لەم دەقەدا دابەشکارییەکی هێمایی دەبینرێت لە نێوان ڕووناکیی و تاریکیدا، نیشتمان کە لێرەدا بەکەس کراوە لە ڕووناکییدا خۆی وا نیشان دەدا خێرهێنەرە و لە تاریکییشدا خۆی ئەگۆڕێ و ماسک ئەپۆشێ و ڕەتهێنەرە. دوالیزمی چاکە و خراپە یان دووانەیەتی، بەشێکە لە ڕامان و کۆنەستی مێژوویی کوردی.

لە نیوەڕواندا نیشتمان وەک (گاندی) خۆی دەناسێنێت، کە هێمای ڕامانی ناتوندوتیژی و ئاشتی و خۆنەویستییە، بەشەویشدا (بۆکاسا)ی دیکتاتۆری سەرۆکی ئەفریقای ناوەڕاستی بووە و هێمای چەپۆکسالاری و چڕووساندنەوە و دەستنەپاراستن و خۆویستییە.

بەیانیانیش وەک سۆفییەکی نوورانی و کزۆڵ و بێزیان و تەجەلادار، لای ئێوارێش بەرگی (بارقی حاجی حنتە) دەپۆشێ، بارق میرغەزەبێک و خوێنڕێژێکی ڕژێمی بەعس بوو، دەستی بە ئەنفالی گەرمیان سوور بوو، هاوکاتیش بەرگی (حەجاجی کوڕی یوسفی سەقەفی)ی دەپۆشی، حەجاج و بارق هێمای دڵڕەقی و ستەمکارین. شاعیر لەم شیعرەدا ڕوانگەیەکی کۆمەڵناسانە بۆ ئەم کەسێتییە (نیشتمان) پاوەجێ دەکات، کەسێتییەکی دووپەژم و دژواز، یان ئەوەی لە دەروونشیکارییدا پێی دەوترێ جووتکەسێتیی. بەڕۆژ نیشتمان وەک درەختی شیعر خۆی نیشان دەدات، شەوانیش هەر

خۆی دەبێتەوە بە تەور، درەخت و تەور پێکڕا هێمای غەدرلەخۆکردن و ستەمکردنە لە نەسلی خۆی و ئازاردانی هاوڕەگ و هاوچەشنی خۆیەتی.

لە کۆتایشدا دەڵێت: ئەم نیشتیمانەی ئێستای من، بە ڕۆژ تیرۆژ و تیشکی هەتاوە و هێمای ڕووناکی و گەرمی و ڕێڕۆشنکەرەوەی هاونیشتمانیانە، شەوانەش قەمەی شەوەزەنگە و چەقۆ لە سەرپاکی بەرژەوەندییەکانمان دەسووێت.

| **وێنەی یەکەم: (نیشتمان لە ڕۆژدا و بە ماسکەوە)** | **وێنەی دووەم: (نیشتمان لە شەودا و بێماسک)** |
| --- | --- |
| **گاندی** | **بۆکاسا** |
| **سۆفی** | **بارق و حەجاج** |
| **درەختی شیعر** | **تەور** |
| **تیریژی هەتاو** | **قەمەی شەوەزەنگ** |

لە دەقی والای (ڕەنگدان)یشدا، کە دەقێکی دیاری شێرکۆ بێکەسە، کۆی ڕەنگە بارکراوەکانی بە هێما و دەلالەتدارەکانی بەرباس داوە، دەنووسێت:

***کە شەو داهات، لەناو دۆڵێکی ولاتدا***

***لە هەر کوێیەک خۆت بتەوێ***

***ئەتوانی سێ ڕەنگ تێکەڵکەی***

***بەیەکەوە و لەناویەکدا و لەناو دۆڵدا تێکیان هەڵدەی***

***(شەوی مەرگ و لمی سەحراو زریکەی کۆچ)***

***بەیەکەوە تا بەیانی بیانشێلی***

***ئەنجام ڕەنگێک درووست ئەبێ، ڕەنگێکی نوێ***

***پێی ئەڵێن: ڕەنگی ئەنفالیی*** (ڕەنگدان: ٤٣)

لێرەدا شاعیر وەک هەمیشە بە خەیاڵە ناوازەکانی دوای تێکەڵکردنی سێ ڕەنگەوێنەی هێمایی (شەوی مەرگ و لمی سەحرا و زریکەی کۆچ) لە پالێت و دامێنی دۆڵدا، ڕەنگێکی نوێ درووست دەکات، کە ڕەنگی ئەنفالییە، ڕەنگێکە خۆی واتەنی **تا نەیپۆشین لە ئەنفال ناگەین**. ئەم سێ وێنە هێمای دیاری تراجیدیای ئەنفالن، بە ناوهێنانیان ئەنفالمان بیر دەکەوێتەوە. لە یەکەمیاندا (شەوی مەرگ)، هەڵگری هێماکانی تاریکی و نەمانی ڕەنگ و ڕۆحسەندن و تۆقینن، کە قوربانییەکانمان لە شەوێکی درێژیی دوانەهاتووی گڕەداری هاوینی بیابانی عەرعەر و نوگرەسەلماندا، زیندەبەچاڵ کران.

لە (لمی سەحرا)شدا، لم و سەحرا دوو هێمای زەقوزۆپ و دیار و دانەبڕاوی مەرگەساتی ئەنفالن، هێمای بێهیوایی و دابڕاوی و دەسنەگەیشتنە بە هیچدا. بەدوایدا (زریکەی کۆچ)، لەم وێنە هێماییەدا،

که هێمایەکی دیکەی دیاری ئەنفالە، شاعیر زریکەی بۆ کۆچ خواستووە، زریکەی هەڵکەندن و لە ڕیشەدەرکردنی مرۆڤ لە زادگا و نیشتمانی خۆی، لە کۆچێکی بەزۆر و بێخواهیشت و زریکەداردا، کۆچێک، کە زایەڵەکەی لە مێشکماندا بۆ ئەبەد، دەزرنگێتەوە.
لە دەقی والای (کورسی)شدا ئەو کاتەی نەوڕەسی ڕۆژنامەنووسی بیانیی لە نێو دوو لقی درەختی دارگوێزی شاعیردا هەڵدەنیشێت و لە ڕێی هونەری گفتوگۆوە لێی دەپرسێت:

***پ: ئایا خۆشەویستت هەیە؟!***

***و: تەماشاکە ئا ئەو کچە دارهەنارەی ئەوبەرەوە***

***بەڵام تەیمانی تووتڕکی باوک و دایک و براکەیان***

***ڕێی لێ گرتووین، شەوێ فرسەتێ درووست بوو***

***خەریک بوو دەستم بیگاتێ و***

***لە پڕێکدا پەیکوڵی باوکی پەیدا بوو***

***چەقیە بن پێم!*** (کورسی: ٧٠)

شێرکۆ بێکەس هۆشیارانە و بە وێنەی هێمایی وەک (تەیمانی تووتڕکی باوک و دایک و برا) مەبەست و ڕەخنە کۆمەڵایەتییەکی خۆی دەگەیەنێت. تەیمان یان شوورا، هێمای چاودێریی و پاراستن و دەوردەدانی شتێکە، تووتڕکیش کە دارێکی دڕکدار و چقڵاوییە، هێمای ئازارپێگەیاندن و بێزارکردنە. لەم وێنەیەوە شاعیر وێنای چاودێری باوک و دایک و برا لە ڕێگەی وێنەی هێمایی چواندنەوە پیشان دەدات و بە تەیمانی تووتڕکیان دەچوێنێت، لە کۆمەڵ و خێزاندا ڕەقیبی خۆشەویستانن. لە وێنەی هێمایی (پەیکوڵی باوک)یشدا، پەیکوڵ( جۆرە گیایەکی خۆڕستی ناوچە گەرمەکانە، دڕکێکی سێسووچەی تیژ دەگرێت) وێنەی باوکی پێ دەچوێنیت. شێرکۆ وەک شاعیرێکی ئازادیخواز ئەو نەریتەی کۆمەڵ بەر نەشتەر دەدات و دەیبێزێنێت، لە ڕێگەی هونەری دیالۆگ و چیرۆک و هێماوە مەبەستی خۆی بۆ نێو دەفری شیعر، ڕۆدەکات.
وێنەکەش بەم جۆرەیە:

**دایک و باوک و برا (لێچوو-چوێنراو)--- تەیمان و پەرژینی تووتڕک (لەوچوو-پێچوێنراو)**

**باوک (لێچوو-چوێنراو)------ پەیکوڵ (لەوچوو-پێچوێنراو)**

## دووەم: ڕەمزییەتی زمان (زمانی هێمادار) لە دەقە واڵاکانی شاعیردا

تەکنیکی بەکاربردنی هێمایی لە هەناوی زماندایە، خودی هێما لە جێدانانی زاراوە و چەمکەکانە لەبری یەکتری. تایبەتمەندییەکی هێما شاردنەوەیە لە ڕێگەی زمانەوە، نەک لە پێناوی شاردنەوەدا، بەڵکوو لە پێناوی جوانیدا، لەپێناو دەرخستندا، دەرخستن لێرەدا دەکاتەوە هەمان جوانی، ئیستاتیکای پەرچدانەوە و نیشاندانەوەی.

(د.عاتف جوده نصر) لە کتێبی (الرمز الشعري عند الصوفية)دا دەڵێت: ((تاوەکوو لە خودی زمان نەکۆڵینەوە، لێکۆڵینەوە لە هێمامان بۆ دەستەبەر نابێت. زمان وەک دیاردەیەک لە دیاردە مرۆڤانەکان، سەرەڕای فرەیی ئاراستەکانیش لە زانستی زماندا، هێشتا دەستپێک بە زمان حاشاهەڵنەگرە و هیچ ئاڕاستە و ڕێبازێک نەیتوانیوە دەستبەرداری بێت)) (نصر ١٩٧٨: ٨٨). لێرەوە دەگەینە ئەو دەرئەنجامەی هێما کوتلەیەکی زمانییە، هێما لە هەناوی زماندایە و تایبەتمەندییەکی دیاری زمانیشە. دیارە بێ قسەکردن لەسەر زمان، قسەکردن لەسەر هێما بە هیچ کوێمان ناگەیەنێت.

لە ڕوانگەیەکی ترەوە لە شیعردا شاعیر سەرپاکی زمان بە ئاوێنەی جیهان دەزانێت، سارتەر واتەنی ئەمە لە ناوەوەی زمانە، ئەو پێی وایە واژەکان تەنیا نرخ و هەبوونێکی دەرەکییان نییە، بەڵکوو بەهایەکی ناوەکییشیان هەیە، کەواتە واتا و تێگەی شاعیر لە کەوڵی وشەیەکدا بۆ یەک واتا پاوان و سنووربەند ناکرێ، بەڵکوو وەردەگەڕێ بۆ بەسەرهات و مێژوویەک، کە تەنیا بە ئەندێشە و دۆخی کاتەکی و دیرۆکی و بیرەوەری و فەرهەنگی زهنی بۆمان شیتەڵ دەکرێت. (ثروت ١٣٨٥: ١٦٤). زمان بەربەرۆچکە و دەلاقەی ئاشکراکردن و پیشاندانە، هاوکات ناڕوونی و لێڵیشی لە ڕێگەی هێماوە پێ دەردەبڕدرێت. وەک هایدگەر دەڵێت: ((مرۆڤ بەپێی خواست و ویستی زمان خۆی ئاشکرا دەکات و خۆشی دەگۆڕێت، دواجاریش هەر لە ڕێگەی زمانەوە خۆی بەرتەسک دەکاتەوە و هاوکات خۆشی بەگەڕ دەخات. ئەوە زمانە کە بواری ئاشکرایی و ناڕوونی و لێلیش دەئافرێنێت)) (سەرچاوەی پێشوو: ٦٠).

نواندنی هێما بە زمان نوێ نییە، لە زانستی دەروونناسی و کۆمەڵناسی و هەروەها لە ئەدەبیشدا، بە تایبەتیی شیعر، سوودی لێ وەرگیراوە. زمانی هەر دەقێکی باڵا لەگەڵ ناوەڕۆکەکەیدا یەک دەگرێتەوە، دەقی باڵا چەندێک ناوەڕۆکەکەی دەتجووڵێنێت، زمانەکەشی ئاوا. ئەم بەکارهێنانە بە دیدی (ی. م. لۆتمان) پێی دەوترێت (زمانی دەستکرد)، کە لە زانستی سیمۆتیکدا بە زمانی دووەم و دوای زمانی سرووشتی دێت، (زمانی دەستکرد، ئەو سیستەمی نیشانەیەیە، کە مرۆڤ دەیخوڵقێنێت بۆ لقی بچووک و تایبەتمەندیی کاری مرۆڤانە) (لۆتمان ٢٠١٩: ٥٠).

لە بەشی یەکەمدا بە وردی پەیوەندیی زمان و هێمامان بەرباس دا، زمان سیستەمێکە لە هێما، هێمای بیر و چەمکە مادی و مەعنەوییەکانی دەورووبەرە، پرۆسەی هێماش لە هەناوی زماندا دێتە

بوون. زمان ڕەنگدەرەوەی هەست و نەست و دەروونی مرۆڤەکانە، نواندنی ئەمانەش هەندێ جار لە ڕێگەی هێماوە ئاشکرا دەبن و دەشاردرێنەوە.

زمان بۆ شێرکۆ بێکەس هەم ئامانجە، هەمیش ئامراز، پەنجا و حەوت ساڵی تەمەنی، خۆی واتەنی **لە ناو زمانی کوردیدا ژیا**، لە ڕێی زمانەوە کۆی دید و خەون و خەیاڵەکانی شیعرییەکانی هەڵڕێژا. ئەوەندە هۆگری زمان بوو، لە جەستە هەزار لۆیەکەی زمانی کوردیشدا گەمە زمانی و وشەییەکانی بەرجەستە دەکرد. هێماکانی نەک لە دەرەوە دەهێنا، بەڵکوو بە خودی زمان ڕەمزییەتی زمانیشی دەئافراند. لای شێرکۆ بێکەس زۆرێک لە هێماکان لە سمەسای زمانەوە خۆیان دەنوێنن، لە دەقی والای دەربەندی پەپوولەدا، لە پێناسی غەمناکیی بێشەی کوردستاندا و درێژی لە مێژیینەی دووکەڵ و فرمێسک و کڕووزە و برین و هاوار و ئازار و غەریبی لەم مەملەکەتەدا بە هێمای درێژبوونەوە و کێشهێنانی زمان دەنوێنێت و دەڵێت:

***درێژە دووکەڵی ئەم بێشە غەمناکە***
***وەک بەژنی نەخشەکەم.***
***درێژە فرمێسکی ئەم شاخ و داخانە***
***لە دیجلە و فوراتیش درێژتر.***
***درێژە کڕووزەی پەلکەگیا***
***تا چاوی برینم بڕ ئەکا.***
***درێژە هاواری کۆڵان و شەقامی ئەم لەشە تا لای خوا.***
***درێژە ئازاری ئەلفوبێم***
***لێرەوە هەتاکوو لای خانی.***
***درێژە، درێژە، درێژە.. غەریبیم***
***لە هێڵی ئاسنی ئەورووپا درێژتر.***
***نازانم ئەز چیتان بۆ باس کەم؟***
***نازانم ئەزچیتان***
***نازانم ئەز***
***نازانم***
***نا...*** (دەربەندی پەپوولە: ٣٠)

سەرەڕای درێژبوونەوەی ئەو ئازارانە بە هێمای زمانی و بەرجەستەکردنی لە وێنەی (درێژیی بەژنی نەخشە، درێژیی دیجلە و فوورات، مەودای تاچاوبڕکردن، درێژی زەمەن لە ئێستاوە تا لای خانی و درێژیی هێڵی ئاسنی ئەورووپا)، هێمای ئەوەش بەرباس دەدات کە زمانیش دەرەقەتی ئەو برینانە نایەت و کۆتایی دێت و پەرت دەبێت، هەروەها وەک جۆرێک لە هێمای دەروونی و

تووڕبوونیشی تێدا دەبینرێت بە جەختکردنەوە و نەرێکردن (نازانم ئەز چیتان بۆ باس کەم؟/ نازانم ئەز چیتان/ نازانم ئەز/ نازانم /نا...). کۆتایی شیعرەکە (نازانم، ئەز، نازانم، نا...) وەک بڵێی دۆخێکی هیستری و لاڵێتی (خەسین-تراوما)، هەر ئەم جۆرەیە لە زمان (زمانی هێمادار) لە ئاست کارەساتدا، تاکە زمانێکە بتوانێت 'ئەدەبیاتی کارەسات' بنوێنێتەوە، زمانی هێما و دەرهاوێژیی چەپێنراوە کۆمەڵایەتی و ڕامیارییەکانە لە ئاستە نەتەوەییەکەدا، نەک ئاستێکی تاکانەی بارگەداری غەریزەیی. تەنانەت ڕاڤە و پێناسە ئایدۆلۆژی و دەروونییەکانیش لە ئاست وێناندنی ئەو پرسەدا لاڵ دەبن، ئەمە ئەو تێزەیە، کە دەتوانین بە سەر ئەدەبیاتی شێرکۆ بێکەسدا ببڕین: ئەدەبیاتی کارەسات.
لە هەمان دەقی والادا ئەم جۆرە لە ڕەمزێتیی زمان و لە هێمای ئازار و سووتان و تێکەڵبوونی مرۆڤ و سرووست و لێکجیانەکردنەوەیان بە ئەستەم-کە لە ڕەخنەی ئیکۆلۆژیشدا ئەم پرۆسەیە هەیە-، شاعیر ئەم جۆرە لە هێما بە زمان دووبارە و چەندبارە و جەختی لێدەکاتەوە، کە زمان لە ئازاردا و ئازاریش لە زماندا دەنووسرێتەوە، سەرنجمان بۆ نموونەی تر کێش دەکات و دەنووسێت:

***ئەمە پرچی بەجێماوی قەسیدەیە؟***
***یان کاکۆڵی خەونی گوندێ؟***
***ئەمە ئاوێنەی شکاوی هەتاوێکە، یان هی کچێ؟***
***ئەی ئەم ڕووبارە کوژراوە، یاری دەشت بوو یان هی کوڕێ؟***
***ئەی ئەم قیژە هەڵوەریوە، قیژەی دایکمە یان درەختێ؟***
***ئەی ئەمەیان گوێی مەمکە یان دەنکەگێلاس؟***
***ئەمە پشیلەی سووتاوە یان ساواکەم؟***
***ئەی ئەمەیان سەری باوکمە یان گوڵبێنەی تەندوورەکە؟***
***ئەمانە باڵی وەریوی پەرییەکانن یان کۆترەکان؟***
***ئەی ئەمانە گلێنەمن یان دەنکەزەیتوون و ترێ؟***
***نازانم ئەز چۆنیان لە یەکتر جیاوە کەم؟***
***نازانم ئەز چۆنیان لە یەکتر***
***نازانم ئەز چۆنیان..***
***نازانم ئەز..***
***نازانم..***
***نا..*** (دەربەندی پەپوولە: ٣٣)

لە دەقی والای (ئێوە بەخۆشەویستیم دەسپێرن)یشدا، لە پارچەشیعرێکدا، کە بۆ (سەروەت سەوز)ی نووسیوە، دەڵێت:

***تەیرێکی تەنیا لە "شین"دا***

***هەناسەیەک لەناو "زەرد"دا***

***شەوی خولیا لەناو "مۆر"دا***

***ئازاری سپیی لە "سوور"دا***

***هەر هەموویشیان لە دواییدا***

***لەناو شیوەنێکی سەوزا***

***ئەمانە تۆ نەبن ئەی کێن؟!***

***سەوزێ لە سەوزی بیرنەچوونەوە چون نەمردنی پەلکەگیا***

***سەوزێ لە سەوزی بیرنەچوونەوە چون نەمردنی..***

***سەوزێ لە سەوزی بیرنەچوونەوە***

***سەوزێ لە سەوزی***

***سەوزێ***

***سەوز!*** (ئێوە بە خۆشەویستییم ئەسپێرن: ١٤٥)

شاعیر هەر بە وشە، هێمای هونەرمەند و نیگارکێشی گەورەی کورد (سەروەت سەوز)مان بۆ دەڕەنگێنێت، بێ ئەوەی ئاماژە بە وشەکانی (هونەرمەند و وێنەکێش) بدا، لە ڕێی زمان و هێمای ڕەنگەکانییەوە دەیدۆزینەوە و دەیناسینەوە، ئەویش بە هێنانەوە و تێکەڵکردنی ڕەنگەکانی شین (تەیرێکی تەنیا لە شین، کە هێما بۆ تاقانەیی و شیوەنی شاعیر دەکات)، ڕەنگی زەرد (هەناسەیەک لە ناو زەرددا- کە هێمای خەم و ئازار و هەناسەهەڵکێشانە)، ڕەنگی مۆر (شەوی خولیا لەناو مۆردا، هێمای ئارەزووە بەدینەهاتووەکانییەتی)، ڕەنگی سپی و سوور (ئازاری سپی لە سووردا) و هەموو ئەم ڕەنگانەش لە شیوەنێکی سەوزدا، جا ئەمەش هێما و پاشناویی هونەرمەندە، کە بەماوەیەکی کەم لە کۆچی ئەم شیعرەی نووسیوە. خودی شاعیریش خۆی پێشمان دەکەوێت و دەڵێت: ئەمانە تۆ نەبن کێن؟ لە کۆتاییشدا هەر بە زمان و بە ڕیتمی ئەو درێژبوونەوە و پەرتبوونە، شیعرەکە بە وشەی سەوز دەبڕێنێتەوە، هێما بۆ ئەوە دەکات هەرگیز سەوزمان بیر ناچێنێتەوە و لە باخچەی خەیاڵ و هزرماندا هەر سەوز دەمێنێتەوە.

لە دەقی والای (خاچ و مار و ڕۆژژمێری شاعیرێ)کیشدا، لە کێشانی وێنەی پێشەوا (قازی محەمەد)دا، لە ڕێگەی ڕەمزییەتی زمان بە وشە و تەنانەت بە پیتیش، ئازاری ئەو وێنەیەی وا لە خەیاڵدانی هەموو تاکێکی کوردی هۆشیار بە مێژوو و قوربانیدانی سەرکردەکانیدایە، دەکێشێت و دەڵێت:

***وێنەیەک ئاوا بوو بەم جۆرە:***

***سێدارە و پیاوێکی خنکاو و دوو قاچی ناو ئاسمان!***

***وێنەیەک: پەتێک و ملێکی شکاوە و دوو دەستی بەرەوخوار ڕاکشاو.***
***وێنەیەک: کەوایەک هەتاکوو خوار ئەژنۆ***
***لە دووریش سێبەر و***
***تارمایی چەند کۆشک و خانوویەک***
***من حونجەی پیاوەکە و ناوم کرد بەم جۆرە:***
***ق***
***ا***
***ز***
***ی***
***م***
***ح***
***م***
***د.*** (خاچ و مار و ڕۆژژمێری شاعیرێ: ٤٠)

نووسینی ناوی پێشەوا قازی محەمەد بەم شێوەیە لە فۆرمی زمانیدا، هێمای ناتەوانی و یارای زمان و هەستی دەربڕینە بە یەکجار، هێمای دەربڕینی ناسکی و جوانیی ناوی (قازی محەمەد)ە بە فۆرمێکی هێواش، کورد واتەنی نایەوێ ڕۆحی جوانی ڕاچڵەکێ، هێمای باڵای پێشەوایە بە پەتی سێدارەوە و تا مردن بەپێوەبوونیەتی لە پێناوی گەلەگەیدا. هێما بۆ ئەدەبیاتی کارەسات، کە ئاماژەمان پێدا دەکرێت لە ئاستی شێرکۆ بێکەسدا وەک تیژێک دای بهێنین و پێمان وابێت لاڵی و پچرپچڕی و لێڵی و ترس بەشێکە لە پێناسەی، هەبوون و کاراکتەرێک کە لە ئاستیی زمانیشدا خۆی لە هەبوون و زمانی سەردەستەکانی دەشارێتەوە.

لە دەقی والای (ڕەنگدان)دا، کە دەقێکی تژییە لە ڕەنگی باو و ڕەنگی داهێنراوی خودی شاعیر، یەک لەو ڕەنگانەی وا زادەی خەیاڵی شێرکۆ بێکەسە (ڕەنگی ئەنفالیی یاخود ڕەنگی ئەنفال)ە، شاعیر ئەم ڕەنگە تەنها لە مەملەکەتە زمانییەکەی خۆیدا بەکاری دەهێنێت، وەک هێمایەک، کە کۆی هەبوونی ئێمە لەم ڕەنگە هەڵ کێشراوە و لە زۆر شوێندا هەڵوەستەی لە ئاستدا دەکات، ڕەنگێک، کە چووەتە ناو ناخ و دەروونی بەردەوە و وەک گەردەکانی لێی جوێ نابێتەوە. ڕەنگی ئەنفال بووەتە ڕەنگی فڕین و ڕەنگی زەمان و ڕەنگی شوێن و ڕەنگی وشە و ڕەنگی مێژوو و ڕەنگی ئێمە؛ سەرەتا و کۆتاییش هەر ڕەنگی ئێمەیە و لە هێمایەکی زمانی و وشەییدا دەڵێت:

***تاقە ڕەنگێ کە چۆتە ناو دەروونی قووڵی بەردەوە و***
***بەرد ناتوانی وەکوو زەرە لە جەستەی خۆی بکاتەوە.***

***تاقە ڕەنگێ کە بۆتە ڕەنگی فڕین و***
***مەل ناتوانێ وەکوو هەوا لە باڵی خۆی بکاتەوە.***
***تاقە ڕەنگێ کە بۆتە ڕەنگی زەمان و ڕەنگی جێگە و***
***سەعات ناتوانێ لە چرکەی بکاتەوە.***
***گوڵەبەڕۆژە لە چاوی... باخی پرتەقاڵ لە دەنکی... گوڵی دارهەنار لە ڕەنگی...***
***شار لە شەقام، زمان لە فەرهەنگ و وشەی***
***شاخ لە لووتکەی، ئەم وڵاتە لە سک و زای، ڕۆژەکانی و ڕۆژژمێریش لە داهاتووی بکاتەوە:***
***ئەنفالە و ڕەنگی ئەنفالە و ڕەنگی ئێمە و ڕەنگی مێژوو***
***ئەنفالە و ڕەنگی ئەنفالە و ڕەنگی ئێمە و ڕەنگی***
***ئەنفالە و ڕەنگی ئەنفالە و ڕەنگی ئێمە و***
***ئەنفالە و ڕەنگی ئەنفالە و ڕەنگی***
***ئەنفالە و ڕەنگی ئەنفالە و***
***ئەنفالە و ڕەنگی***
***ئەنفالە!*** (ڕەنگدان: ٦٣)

بەپێی ڕامانی شێرکۆ بێکەس، لەم هێما زمانییەوە دەگەینە ئەوەی سەرەتا و کۆتا ڕەنگی ئێمە و ڕەنگی مێژووشمان بە ئەنفال دەست پێ دەکات و لە ئەویشدا کۆتایی دێت. وەک هەمیشە لە ڕێی ڕەمزییەتی زمانەوە لای شێرکۆ هێمای دڕدۆنگی و پەشۆکان دەبینین، هاوکات هەڵوەرینی خەون و ڕەنگی ئێمە و مێژووی ئێمە، دەناسینەوە. پێمان دەڵێت کۆچی یەکجاری سەتوهەشتاودووهەزار مرۆڤ نەک دەروونمانی پەشۆکاندووە، ئەوەتا زمانیش لە ئاستی ئەم تراجیدیا گەورەیەی ئەنفالدا پەشۆکاوە و دڕدۆنگە و تەتەڵە ئەکات و هەڵدەوەرێت. هەرەوەتر دووبارەکردنەوەی ناوی ئەنفال هێمای ساکان و شۆک و پەشۆکانی زمانە لە ئاست کارەساتدا.

## سێیەم: هێمای ناونیشان لە دەقە والآکانی شاعیردا

ناونیشان لە سادەترین پێناسەیدا، ناوێکە یان گرێیەکە یان ڕستەیەکە، هەندێ جاریش تەنها پیتێکە، کە نووسەر-ئەدیب هەڵی دەبژێرێت بۆ ناونانی بەرهەمەکەی، ئەمەش گوشراو و هێمای ناوەڕۆک و تێمای بەرهەمەکەیەتی، سەرەڕای ئەوەی کە دەقیش هەیە، ناونیشانی بۆ دانەنراوە و بۆ خوێنەر جێهێڵراوە.

لێکۆڵینەوە تازەکان بایەخێکی زۆریان بە ناونیشان و هێما و گوتار و ڕاڤە و جۆر و کاریگەریی ناونیشان داوە، هاوکاتیش گرنگییان بە جێکەوتی ناونیشان لە زیهنی خوێنەردا داوە.

(لیۆ هۆک) خاوەنی کتێبی (خەسڵەتی ناونیشان)ە، وەک دامەزرێنەری کردەیی زانستیی ناونیشان دادەنرێت، توێژینەوەیەکی فراوانی لەبارەی ناونیشانەوە کرد، لە دیدێکی سیمۆلۆژییانەوە تێبینی ناونیشانی لە چوارچێوەی بنیات و دەلالەت و ئەرکەکانی ناونیشان کرد، ناونیشانی وەک زانستێکی ماخۆی بنەما و تەکنیکی تایبەت ناساند. پێداگریی لە سەر ئەوە کرد، کە ناونیشان کۆمەڵێک هێمای زمانییە و دەبێت لەسەر بەرگی هەموو پەرتووکێک هەبێت، تاوەکوو خوێنەر بەهۆیەوە هەندێک زانیاریی سەرەتایی لەبارەی دەقەوە دەست بکەوێت. (مەنتک ٢٠١٩: ٨٦).

(میشێل هاوزەر) (Michael Hauser)یش لەبارەی ناونیشانەوە دەڵێت: ((پێش دەق ناونیشانە و دوای دەقیش هەر ناونیشان، واتا ناونیشان هەم دەروازە و هەم کۆتایی دەقە، ئەگەر ناونیشان ئەو ڕۆڵەشی گێڕا، ئەوا ناونیشان دەبێتە پاراتێکست، بوونە پاراتێکستیش واتە بەرپرسیاریەتیی نووسەر لە هەڵبژاردنی ناونیشان و ئەو مەبەستدارییەی کە لە پشت ئەم هەڵبژاردنەوەیە، یاخود بینینەوەی ناونیشان لە دەقدا. (د. محەمەد مفتاح)یش لێکۆڵینەوە لە ناونیشان لە دوو ڕێگاوە دیاریی دەکات، یەکەمیان: ناونیشان لوتکەی تێگەیشتنی دەقە، واتا بە لووتکەبوونە، دووەمیشیان: لە دەقە لێکۆڵراوەکەوە بەدەست دێت، لەپێناو گەیشتن بە دەلالەتەکانی ناونیشان، بەو یاسایەش دەوترێت لەسەربنیاتنراو)) (عەلی و عەلی ٢٠١٥: ٧٨).

ناونیشان پەیوەندییەکی تۆکمەی لەگەڵ چەمکەکانی (نووسەر-دەق-خوێنەر)دا هەیە، نووسەری سەرکەوتوو زێتر بەرپرسیاری ناونیشانە، وەک چۆن بایەخ بە دەقەکەی دەدات، بایەخیش بە ناونیشانیش دەدات، بۆ ئەوەی خوێنەر بەهەڵەدا نەچێت. لای خوێنەریش ناونیشان پردێکە بۆ پەڕینەوەی نێو دەق و لەسەر ئاسۆی چاوەڕوانیی خوێنەر دەکەوێت بۆ لێکدانەوە و شیتەڵکردن و دۆزینەوەی پەیوەندیی هێڵی ناونیشان بە دەقەوە.

پێوەندییەکی یەکانگیر لە نێوان دەق و ناونیشاندا هەیە (ناونیشان نوێنەرایەتیی دەق دەکات، ناونیشان وەک دەقێکی کورتکراوە مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت، ڕەهەندەکانی دەقی تێدا ڕەنگ دەداتەوە، دابڕاو نییە و ئامادەیی گەورەی لە نێو دەقدا هەیە) (خۆشناو ٢٠١٩: ١٢٧).

شێرکۆ بێکەس لە هەڵبژاردنی ناونیشانی دەقە والاکانیدا ورد بووە، ناونیشان ڕەنگدەرەوەی ناوەڕۆکی دەقەکانییەتی، ناونیشانەکان پڕ هێمان و بێمەبەست هەڵی نەبژاردوون، بەڵکوو بە شاتێمای دەقەکانی بارگاویی کراون.

لە خوارێ ڕاڤەی هێما و دەلالەتەکانی ناونیشانی دەقە والاکانی شێرکۆ بێکەس دەکەین:

## ١-خاچ و مار و ڕۆژژمێری شاعیرێک

خاچ، بە مانا گشتییەکەی هێمای مەسیحە، بە دیوێکی تردا هێمای کوشتن و مردنە، مردنێکی سەختی ئازاراوی، لەویش زیاتر هێماگەلێکی دژیەکی وەک مردن و ژیان، ئەڤین و ڕق، توندوتیژی و ئاشتی، تۆمەت و لێخۆشبوون، تاوانباری و پاکی، شکان و چارەسەر، لەدەستدان و بەدەستهێنان، وێرانکاری و چاکەکاری، شکست و سەرکەوتنی، لەخۆ گرتووە.

ماریش هێما نەرێنییەکانی وەک مردن و وێرانکاریی و خراپە و ژەهر و فێڵ و فریوە (فریودانی حەوا و دەرکردنی لە بەهەشت لە زۆربەی ئاینەکاندا)، هێما ئەرێنییەکانیشی وەک ژیانەوە و نەمری و کاژفڕێدان و نوێبوونەوە و پیرۆزی و چارەسەرکردن لە کایەی پزیشکییدا. بۆ نموونە لای ئێزیدییەکان مار پیرۆزە و لە دەرگای لالشدا هەڵواسراوە.

بەگشتی مار ((هێمای شەهوەت، جیهانی ژێرەوە، نەست، غەریزە، هێز، ئەندامی زاوزێی نێرینە، دەسەلاتداری جیهانی مردووان، هێزی دژوازی مەرگ و ژین، هەروەها لە ڕووی هێماسازییەوە مار لەڕێی ڕیشکی درەختەوە پەیوەندی بە هەتاوەوە دەکات. لە چاخی دێریندا کادۆکۆس (گاڵۆکی پەیامهێن)ی ئاسکلیپۆس(پزیشکی یۆنان) و هێرمز بە شێوەی دوو ماری لێک ئالاون، کە هێمای مەرگ و ژینن)) (راونا و شفرد ١٣٨٩: ٢١٤).

دەقی (خاچ و مار و ڕۆژمێری شاعیرێ) پەیوەندیی نێوان ژیانی شاعیر و مردن و ژیانە، بەوەی ڕۆژمێری شاعیرێک دەنگی شاعیرە لە نێو دەقەکەدا، لەگەڵ گەورەبوونیدا خاچ و ماریش وەک دوو ئاماژەی بەیەکداچووی ژیان و مردن گەورە دەبن.

(نیهاد جامی) لە بارەی ناونیشانی ئەم دەقی والایەوە دەڵێت: ((خاچ هێما و ئاماژەیەکە لە دەرەوەی ئیرادەی شاعیرەوە دێت، بەوەی ژنەمامانێکی دیان وێنەی خاچ لەسەر ناوچەوانی دەکێشێ، بەلام لەگەڵ ئەوەشدا دەبێ ئەوە بیر نەکەین کە خاچ زیندەگیی و ئومێدێک لەگەڵ خۆی دێنێت، ئومێدێک بێ ئەوەی ئیرادەی خودی لەسەر بێت، ئەو ساتەوەختە ئێمە دەکەوینە بەردەم پرۆسەیەک لە دەرەوەی ئیرادەمانەوە و هیوادەخوازین بەو دەرەنجامە (نیچە)بیە کۆتایی نەیەت، بەوەی چۆن لەدایکبوون بە ویستی ئێمە نییە، ئاواش مردن و کۆتایی لە دەرەوەی ئیرادەمانەوەیە)) (جامی ٢٠١١: ٢٤٩).

وەک وتمان لەم دەقەدا گەورەبوونی شاعیر، گەورەبوونی خاچیشە، ئەوەش پەیوەندیی بەوەوە هەیە کە پەیوەندیی نێوان شاعیر و خاچ گرێدراوی بەرزبوونەوە و دابەزینی هەردووکیانە، بە مانایەکی دی هێزی ژیان و وێناکردنی تراجیدیا، هێزێکە بۆ بەردەوامیی و وزە لە یەکدی وەردەگرنەوە، بۆیە ئەوە مەرگ نییە دێت، بەڵکوو ژیانە، بەڵام ژیانێکی پڕ تراجیدی، تراجیدیاش لە ڕێی ژیانەوە خۆی نمایشت دەکات، ئەوەش وا دەکات خاچ بە تەنها هەڵگری تاکە دەلالەتێک نەبێت لەم دەقەدا و لە نێوان مردن و ژیاندا ئەمسەراوسەر بکات. وەک شاعیر بە هۆشیارییەوە وێنای هەردووکیان دەکات و واتا دژواز و پێچەوانەکان لە پێناسەی خۆی و ژیانی خۆیدا گلێر دەکاتەوە، ئەوانیش (خاچ و مار، ڕێگە و وێڵبوون، گەشانەوە و هەڵوەرین، ئاوابوون و هەڵهاتن، شەوقدانەوە و کوژانەوە، نیوەشەو و نیوەڕوان، دواجاریش شەوەزەنگ و بەیانیان). ئەو دەڵێت:

***من خاچی مار تێ ئاڵاوم***

***من ڕێی وێڵ و***

***گەشانەوەی هەڵوەرین و***

***ئاوابوونی هەڵهاتن و***

***شەوقانەوەی کوژانەوە و***

***نیوەشەوی نیوەڕوان و***

***شەوەزەنگی بەیانیانم*** (خاچ و مار و ڕۆژژمێری شاعیرێ: ٣٤)

## ٢-دەربەندی پەپوولە

لە ئەدەبیاتدا شوێن و هێمای شوێنەکان گرنگی خۆیانیان هەیە، هەڵبژاردنی دەربەند لێرەدا دەلالەتی فراوانی هەیە، دەربەند وەک شوێنێکی سرووشت، هێمای گەورەیی و فراوانی و جوانی و ئاڵووالایی، وەک چۆن هێمای بەرزونزمی و سامناکی و چاڵوچۆڵی و تەنگەبەریی ژیانیشە، لەم کۆنتێکستەدا مسۆگەر بە هەردوو بارەکەدا دەخوێنرێنەوە.

لە یەکەمیاندا، هێما بۆ شوێنی قوربانییەکان دەکات، کە شاری(هەڵەبجە)، وەک شوێنێکی سەوز و دڵگیر و فێنک و پڕ لە مرۆڤی بێتاوان و پەپوولەئاسا.

لە دووەمیاندا، دوای ڕوودانی تراجیدیای کیمیاباران، (هەڵەبجە)دەبێتە شوێنێکی تەنگ و تاریک و پڕترس و پڕقیژە و دووکەڵاویی.

بۆ نموونە بە بارە ئەرێنییەکەیدا وەک شاعیر دەڵێت:

***گڵێنەت ئەزمرە و ئەڕوانیت.***

***دەربەندی سەگرمە و بازیان گوێچکەتن،***

***گوێ ئەگری تۆ تەنها بە بەژنی ئازاری سیروانت***

***قوڵایی ڕووبار و دەریاچە و***
***تا زەریای جیهانیش ئەپێوێت!*** (دەربەندی پەپوولە: ٧٧)
یان دەڵێت:
***ئەم شەو خەمێکم بەختیار***
***مەراقێکم هێور، ئارام***
***ئەمشەو منداڵییم ئەبارێ***
***بە سەر یادی سەوز و سووردا و***
***ئەبمە دەربەندی پەپوولە و***
***دایکم ئەبێ***
***بە مامزێ سپی سپی و***
***حیکایەتی (گردی ڕەش)یش***
***بە گرمەگرمی گەواڵەی***
***هەوری سەرشار***(دەربەندی پەپوولە: ١٤٣)

لێرەدا (دەربەند)ی پڕ(پەپوولە)ی هێناوەتەوە، کە ناونیشانی دەقە والآکەیە. بەدەوری (دەربەند)دا، لێکسیمەکانی جوانی و دڵخۆشی بە دەوری (دەربەند)دا هاتوون، وەک (بەختیار و هێور و ئارام و منداڵی و سەوز و سوور و سپی و دایک و مامز و گەواڵە هەور).

بە بارە نەرێنییەکەشدا لەم دووپارچە شیعرەشدا دەڵێت:
***ئەستەموول ئەیبینی و نازانێ چ گۆمێ***
***وا لە ژێر کڵاوی ئەم پیاوە***
***ڕیش ڕەشەڕێحانە و بەفرەدا.***
***هەموو ڕۆژ ئەیبینێ و نازانێ***
***چ بێشە و نزارێ وان لەناو***
***دەربەندی ئەو سینە تەنگەدا.*** (دەربەندی پەپوولە: ٢٢)
یان دەڵێت:
***من هاتووم بۆ ئەوەی ئەم ئاگرە گەورەیەی***
***ئەوینی نیشتمان تێم بەربێ.***
***من لێرە، لەناو ئەم، ئەوینە چڕەدا***
***دڵنیام وەک ڕاستی.***
***من لێرە، لەناو ئەم، دەربەندی دووکەڵ و ترسەدا***
***ئاسوودەم وەک سەمای ئازادی*** (دەربەندی پەپوولە: ٣٤)

لە هێماکردن بە بارە نەرێنییەکەشیدا، بونیادگەرانە وشەکانی (تەنگ و دووکەڵ و ترس)ی لەگەڵ (دەربەند)دا هێناوەتەوە.

پەپوولەش لە فەرهەنگ و ئەدەبیاتی دنیادا هێماکانی وەک پاکی و دۆنادۆنی ژیان و ڕۆحی بێگەرد و تەمەنکورتی و خۆشەویستی و ناسکی و زوووەرینی لەخۆ گۆتووە. شێرکۆ بێکەس هۆشیارانە (پەپوولە)ی هەڵ بژاردووە بۆ بەشێک لە ناونیشانی دەقەکەی، کە دەلالەت لە قوربانیانی هەڵەبجە دەکەن.

## ٣-تەون

تەون هێمای بیروردی و سەلیقەداری و ڕێکخستن و ڕستنی ئاڵۆزە، هێمای هێز و کارکردنی بەردەوامە، وەک شاعیر خۆی لە شیعری (تەون)دا، کە کردووشیەتی بە ناونیشانی کتێبی پەخشانەشیعرییەکەی و بۆ تابلۆی سەربەرگەکەشی تەونی جاڵجاڵۆکەی هەڵبژاردووە و دەڵێت:

***خەیاڵم بردە بەردەمی***

***تەونەکانی جاڵجاڵۆکە و***

***پێم وت تۆ لەمەوە فێربە***

***بۆ لەمەودوا***

***کە قەسیدە چۆن بچنی!*** (تەون: ١٠٥)

لێرەدا خەیاڵی خۆی لە تەونی جاڵجاڵۆکە وردتر و تێکچڕژاوتر و ناسکتر داناوە، ڕوو ئەکاتە جاڵجاڵۆکە و دەڵێت: لە منەوە فێر بە لە مەودوا کە چۆن قەسیدەی تەونەکانت بچنی. لە هەناوی ئەم شیعرەوە دەگەینە ئەوەی شاعیر درووستکردنی قەسیدەی وەک چنینی تەون وێنا کردووە. پێی وایە قەسیدە دەبێت پڕ شیعرییەت و هاویەکی و ئەندازەیی و هاوسەنگ بێت.

بە دیوێکی تردا تەون هێمای ئاڵۆزکان و لیڵی و شپرزەیی و تێکچوونێک دێت، کە خراپ بوو، بە ئەستەم درووست دەبێتەوە، وەک لەم پارچە شیعرەدا لە پەخشانە شیعری ناوبراودا تەونی جاڵجاڵۆکەی بە دیوە نەرێنییەکەی بەکار بردووە و کە بە (هەناسەی ساردی ئەوان) ئاڵۆزکاوە و دەڵێت:

***هەموو جارێ لە نیوەشەوی شیعردا***

***خەونی ناسکم وەک تەونی جاڵجاڵۆکە***

***بە هەناسەی ساردی ئەوان***

***ئەپەشۆکا و ئەئاڵۆزکا و تێک ئەچۆوە و***

***بۆ بەیانیی خۆم و شیعرم***

***ئەبووینەوە بە پووشوپەڵاش و چیلکە و***

***بە هەرزن***[9] ***و***
***بە قولینەی گریاوی نان...!*** (تەون: ١٤)

گەر سەرنج بدەین شێرکۆ بێکەس لێرەدا هێمای (تەون)ی بە هەردوو دیوی ئەرێنیی و نەرێنییدا بەکار بردووە، وەک هێمای (دەربەند) لە دەقی والای (دەربەندی پەپوولە)شدا ئاماژەمان پێدا.
لەپاڵ ئەوانەشدا، ئامانجێکی تر لە تەونی جاڵجاڵۆکە و تەونی شیعر لای شێرکۆ بێکەس دەبینینەوە، تەونی جاڵجاڵۆکە ڕاوکردن و ڕاکێشانی مێرووە لە ناو ئالۆزییەکەیدا، لای شاعیریش دەتوانرێت هەمان ئامانج ببینینەوە کە سەرنج و دیقەتی خوێنەر لە ڕێی شیعرەکانییەوە بۆ خۆی ڕادەکیشێت.

## ٤-ڕەنگدان

ڕەنگ زمانی هەمیشەیی سرووشت و زمانێکی تایبەتی مرۆڤیشە، لە کۆنەوە ڕەنگەکان سەرنجی مرۆڤیان ڕاکێشاوە، مرۆڤ هەمیشە لە کۆششدا بووە بۆ دۆزینەوە و ئاشکراکرنی هێمای ڕەنگەکان، چون بڕوای وابووە ڕەنگەکان هەڵگری نهێنی و تایبەتمەندی و دەلالەتی جیاوازن. تەنانەت مرۆڤ شێوەی ئەندازەییشی بۆ ڕەنگەکان داناوە، بۆ نموونە چوارگۆشە بۆ ڕەنگی سوور و سێگۆشە بۆ ڕەنگی زەرد و لاکێشە بۆ پرتەقاڵی و بازنە بۆ ڕەنگی شین و خشتەکی بۆ ڕەنگی سەوز و ... هتد.

بە تێپەڕبوونی کات ڕەنگەکان بۆ ناو هزر و هۆش و باوەڕ و خەونی مرۆڤ گواستراونەتەوە و خەرمانەیەکیان درووست کردووە. (لە بیروباوەڕی کۆن و ئەفسانەی میللەتاندا هەر ڕەنگێک دەلالەتی جیاوازی وەرگرتووە، سپی هێمای پاکی و ڕەش هێمای خەم و مردن، شین وەفاداری و زەرد ئیرەیی و سوور شۆڕش و سەوزیش هێمای ژیان و ژیانەوە. هەندێکیش لە ڕەنگەکان هێمای جیاواز و لێکدژیان وەرگرتووە و بە کاریگەریی ئاین و کولتوور و دابونەریت و... هتد) (عەباس ٢٠٢٠: ١١٠).

لە ئەدەبیاتدا ڕەنگ پێگەی تایبەتی خۆی هەیە، هەم نووسەر بۆ مەبەستی ئیستاتیکی و شاردنەوە و ئایدیای تایبەتی خۆی بەکاری دەهێنێت، هەمیش جێکەوتی دەروونی و هەستی لەسەر خوێنەر دەبێت.
شێرکۆ بێکەس کۆی قەسیدەی (ڕەنگدان)ی، وەک لە ناونیشانەکەوە دەردەکەوێت، تایبەت کردووە بۆ ڕەنگ، ڕەنگ کەش و شووناسی قەسیدەکەیە.
لەم قەسیدەدا ڕەنگ بونیادێکی بنچینەیی وێنەی شیعرییە، چوون هەڵگری توانایەکی گەورەی ڕەگەزەکانی ئیستاتیکای شیعرییە، لە ئاستەکانی وەسف و خوازە و لێکچوون و هێما و ئایکۆن و ئیندێکسدا، ئەمەش ڕۆڵی ڕەنگی هێندەی تر مانادار کردووە (ڕەئووف ٢٠١٧: ٤٥٧).

[9] دانەوێڵەی ورد، کە دەدرێت بە باڵندە. یان دەکرێتە نان، بەڵام بێپێز و بێڕایە.

له قەسیدەی ڕەنگداندا شاعیر له ڕێی ڕەنگەوه بیر و پەیام و هەست و نەست و توانای شیعریی خۆیمان پیشان دەدات و داهێنانێکی نوێی له پێشینەنەچوومان بۆ دەئافرێنێت. (ڕەنگدان قەسیدەی نووسینەوەی سرووشته، دیدێکه بۆ ڕوانینی شاعیریانەی جیاواز، کوشتنی دەلالەتەکانی سرووشت و ئافراندنەوەی دەلالەته لەناو زماندا. زمان ئەرکی ڕەنگ وەک ئاماژەیەکی ئیستاتیکی بارگاویی دەکات، به فره ئاماژەی ئەو داله، بەوەی دالێکه به تەنیا بینینی بەس نییه، هێندەی وەزیفەی دەنگ و بیستن و بۆن وەردەگرێت(هەستگۆڕکێ)، به مانای ئەوەی ڕەنگ به تەنیا بەشدار نییه له تاکه هەستێکەوه، بەڵکوو ئەو ئاماژەیه بەشداریی دەکات له هەموو هەستەکانی مرۆڤ، بۆیه ئەو توانایه بۆ ژەنینی ڕەنگ توانای بەخشینی زمانه به ڕەنگ) (جامی ٢٠١١: ٢٠٨).

لەم قەسیدەدا شاعیر ڕەنگەکانی وەک (سپی، ڕەش، سوور، زەرد، سەوز، شین، قاوەیی، پەمەیی، مۆر، لیمۆیی، شەرابی، نارنجیی، خورمایی، خۆڵەمێشیی، خومیی، بۆر، ئەرخەوانیی، زیویی) بەکار دەبات، لێرەدا تەنها هێمای شاڕەنگەکان ڕاڤه دەکەین و لێک دەدەینەوه، ئەوانیش: (سپی و ڕەش و سوور و زەرد و سەوز و شین):

## ١-ڕەنگی سپی:

هێمای پاکی، ڕەنگی مەزهەبی کاتۆلیک، که له جەژنەکانی مەسیحدا ڕەبەنان سوودی لێ دەبینن، له بودیزمدا پەیوەندی به نیلۆفەڕی سپییەوه هەیه. هەروەها ڕەنگی بێگوناهی و پاکییه، له ئیسلامدا ڕەنگی مەرگ و پیریی و پرسەگێڕانه. لای هیندییه سوورەکان ڕەنگی سپی و ئاژەڵی سپی هێمای ڕۆحه..(راونا و شفرد ١٣٨٩: ٣٥٥)ڕەنگ و جلی پەری له ئاینەکۆنەکانی کورددا، پەری له مەموزیندا ڕەنگی سپییه. له ئەفسانەی کوردییدا پەیامهێن و یاریدەی قارەمان به زۆری دێوی سپی فریشته و پەری سپی پۆشن. ڕەنگی جلی ئاینی لای کوردانی ئێزدییه. منداڵی کاکۆڵسپی هێمای شوومیی و هاوکات دانایيه له حەماسەی ڕۆستەم و زۆرابدا. زاڵ کاتێ لەدایک دەبێ، سەراپا سپییه، بۆیه فڕێی دەدەن، دواتر دەبێته پیری دانا.

ڕەنگی سپی به گشتیی، هێمای پاکی و سادەی و ئاشتی و زستانه، وەک لەم پارچه شیعرەدا شاعیر له قەسیدەی ڕەنگداندا دەڵێت:

***کێ ئەتوانێ ڕەنگ بژەنێ؟!***
***من ئەیژەنم***
***ئەو دەمەی سپی ئەژەنم..***
***هەر پەپوولەی سپی خەونه و***
***هەر نەورەسی سپی شیعره و***
***هەر حەیرانی بەفرانباره و***

***هەر منالّی و کلووی یەکەم دڵدارییە و***

***بەسەر منا دێنە خوارێ!***(ڕەنگدان: ٤)

دەبینین لە باسی ڕەنگی سپیدا، شێرکۆ بێکەس وشە پاک و بێگەردەکانی لە فەرهەنگی ئاوەزی خۆیدا دەردەهێنێت و لەگەڵ ڕەنگی سپییدا دەیانکاتە هاوڕێ، ئەوانیش (پەپوولە و نەورەس و شیعر و دڵداری و بەفرانبار و منالّی و کلوو)ن.

## ٢-ڕەنگی ڕەش:

ڕەنگی ڕەش، هێمای جیهانی ژێرەوە و پەیوەندی بە خواکانی وەک پلۆتۆن و ئانووبیسەوە هەیە، نیشانەی مەرگ و وێرانی و پیری و تاریکی و شەوە، شەو هەروەها پەیوەندی بە ئاکاری ژنانەشەوە هەیە، لە کیمیاگەرییدا قۆناغی ڕەشی و ڕزان هەیە..(راونا و شفرد ١٣٨٩: ٣٥٥)

هێمای ماتەم و خەم و خراپە و شیوەنە، هێمای کارەسات و مێژووی کارەساتباری گەلی کوردە لەم دەقە والّایەدا، وەک دەڵێت:

***ئەو وەختەی کە ڕەش ئەژەنم***

***سەرپۆشی ڕەشی ژنانی شیعرستانم و***

***گوڵی ڕەشی کچەکانی و***

***بسکی درێژی شیوەنی زستانم***

***تێئەئاڵێ!***(ڕەنگدان: ٥)

لەگەڵ ژەنینی ڕەنگی ڕەشدا، شاعیر دەبێتە هێماگەلێکی ئازاراویی وەک: سەرپۆشی ڕەشی ژنانی وڵاتەکەی، کە هێمای چارەڕەشی و مێردمردن و ڕۆڵەمردن و داخدارییە، هاوکات هێمای بوونی هەوری ڕەشی هەمیشەیی سەر ژنانی کوردستانە، دوای هەر کارەساتێک، کە یەکەمجار و بۆ هەمیشە خەم و ئازار و مەینەتییەکەیان بەر دەکەوێت. شاعیر دەبێتە گوڵی ڕەشی دەستی کچانی کە هێمای کارتی مردنە، کە لە بری دەزگیرانەکانیان دوای جەنگ بۆیان دەهێنن. دەبێتە پرچی ڕەشی تاریکی زستان، زستان لە ئەدەبیاتی دنیادا و لە نێو وەرزەکاندا، کۆتا وەرزە و هێمای پیری و مردنە، بەو پێیەی بەهار هێمای قۆناغی منداڵی و هاوین گەنجی و پاییزیش هێمایە بۆ قۆناغی پێگەیشتنی مرۆڤ.

## ٣-ڕەنگی سوور:

سوور هێمای شۆڕش و خوێن و هێز و وزە، هاوکات هێمای خۆشەویستی و سۆزیش دێت، سوور بەگشتی ((ڕەنگی ئاگر و خوێنە و ژیانەوە و هەتاو و، هێمای تووڕەیی و ناڕەزایەتییە، هێمای خوای جەنگی وەک ئاریس و ئوگۆنە. هەروەها هێمای باشوور و هاوین و قەقنەسە. لە سونەتی هرمسیدا ئەم ڕەنگە هێمای باشوور و ئاگرە. کۆتاقۆناغی کیمیاگەری ڕەنگی سوور و ئەرخەوانییە))

(راونا و شفرد ١٣٨٩: ٣٥٣)، ڕەنگی سوور لای (شێرکۆ بێکەس) واتای خەبات و وروژاندنی هەستی هاونیشتمانیانە (مرادی، ١٣٩٣، ٩٧)، هەڵبەت لە کۆنتێکستی تردا.

لێرەدا شێرکۆ بە هەردوو بارەکەدا هێناویەتییەوە و دەنووسێت:

***هەر وەختێکیش سوورم ژەنی***
***من ئیتر بووم بە زارگەلی ئەو مێژووەی***
***دەنکەدەنکەی تەرزەی سوور و***
***نمەنمەی ژانی سوور و***
***وشەوشەی دەنگی سوور و***
***من هەلاڵەم تیا ئەبارێ***(سەرچاوەی پێشوو: هەمان لاپەڕە)

## ٤-ڕەنگی زەرد:

ڕەنگی هەتاو، هێمای گەرمای ژیانە و ئاگرە و زەردەپەڕ و مردن، نیشانەی ئاڵتوونە. لە خێزاندا هێمای شکۆ و ئیمان و پایەبڵندی و دانابییە، لە سوننەتی هرمسیی ڕۆژاوادا زەرد هێمای ڕۆژهەلات و کەشە (راونا و شفرد ١٣٨٩: ٣٥٣).

زەرد هێمای ماڵ و ئەقڵ و زانایی و ئەڤین و دەسەلات و ڕۆحە، ڕەنگێکە گرێداوی ژنانە (جابز ١٣٩٧: ٧٣٥-٧٣٦)

لە دەقی والای ڕەنگداندا زەرد هێمای خەم و خەزان و خواحافیزی و جیابوونەوەیە، شاعیر دەڵێت:

***کێ ئەتوانێ ڕەنگ بژەنێ؟!***
***من ئەیژەنم***
***وەختێ فوو ئەکەم بە (زەرد)دا***
***گێژەڵووکەی زەردەپەڕێ***
***لە ناو ڕۆحما هەڵئەکات و***
***گەواڵەیەیەکی زەردەڵە و***
***ماڵئاوایی ڕەوتینێکی***[10] ***ئەم پایزە***
***ئەمکا بە کاژە پێدەشت و***
***بە ڕێڕەوێ لە باخی گشتیی خەمتاندا و***
***وەردە وردە***
***دام ئەپۆشێ*** (ڕەنگدان: ٣)

[10] گەلارێزان، داوەرینی گەلا و گوڵ.

## ٥-ڕەنگی سەوز:

هێمای سرووشت و ژیان و ژیانەوەیەی ژین و زەمینە، لە ئەفسانەی میسریدا ئۆزیریسی خواگیا، ڕەنگی سەوز بوو. ئەم ڕەنگە هێمای ئافرۆدیتە. لە مەسیحییەتدا یەکێکە لە پێنج ڕەنگە تایبەتەکەی پەرەستشی مەسیحی. هێمای ژیانەوە و نەمرییە. گرنگترین ڕەنگی نێو ئیسلامە و دەڵێن ڕەنگی عاباکەی پێغەمبەر محەمەد(س.خ) سەوز بووە. ڕەنگی بەهەشت و پاکبوونەوە و مەعنەوییات و ژیانەوەیە. سەوز هاوڕێ لەگەڵ شین نیشانەی ڕۆژهەڵات و ئەژدیهای شین یان سەوزە (راونا و شفرد ١٣٨٩: ٣٥٣). هاوکاتیش هێمای پیتوفەڕ و دانایی و ڕێبەریتی و پاکیزەیی و وەفا، لە یۆنانیدا هێمای زانینە، کە دەوترێ درەختی ئاپۆلۆ دانایی‌بەخشە .لە ئەستێرەناسی دێرینداا پەیوەندیی بە عەتاردەو هەیە. چون زەوی بەپێی ڕۆژ و مانگ و ساڵ سەوزێتی خۆی لەدەس دەدا و دیسان دەژێتەوە. لە فۆلکلۆردا ڕەنگی دێو و چەپەڵییە (جابز ١٣٩٧: ٧٣٧).

هێمای نوێبوونەوە و گەنجی ومژدە و بەپیتیی و بەختی باش و بەهاریش دەگەیەنێت، وەک لەم نموونەیەدا، شاعیر هێناویەتییەوە:

***لای(کەسک)ەوە سنەوبەرێ میوانم بوو***
***مژدەیەکی لەشپاراو و هەرزەکار بوو***
***گیرفانی پڕ لە بەهار و***
***کۆڵەپشتی وەرزەکانی پڕ ئاوێنە و***
***پڕ گۆڤار و***
***درەختێکی خوێندەوار بوو***(ڕەنگدان: ٣٤)

## ٦- ڕەنگی شین:

بەهۆی ڕەنگی ئاسمانەوە هێمای خوایە، خواکانی میسرِی دێرین وەک ئاموون و خواکانی هند وەک شیوا و کریشنا بە زۆری بە ڕەنگی شین نیگاریان کێشراوە. ئەمەش نیشانەی خوایەتیی ئەوان بووە. لای مەسیحییەت نیشانەی مەریەمی پاکیزەیە. هەروەها ڕەنگی دەریایە و گرێدراوی خواکانی دەریایە، وەک ئۆسیدۆن(خواوەندی دەریا و ئاو) و نپتۆن(خواوەندی ئاوی پاک)، هرمسییەکان ئەم ڕەنگەیان بە ڕەنگی ئاو و ڕۆژاوا زانیوە (راونا و شفرد ١٣٨٩: ٣٥٤). ڕامێنە لە وشەی شینکێشی لای کورد، شین: گریە و پرسەگێران.

هەروەها هێمای ئارامی و سەقامگیری و یەکبوون و متمانە و دڵسۆزی و ئاسمان و ئاوە، (شێرکۆ بێکەس)یش لەم پارچە شیعرەدا کۆی ئەو تێما و هێمایانەی بەرجەستە کردووە و دەڵێت:

***ئەستێرەیەکی بچکۆلە بەقەد تۆپێ***
***لە لای (شین)ەوە هاتبوو***

***وەختێ کەوتە نێوباوەشم***
***هەر بەسەرنج هێدی هێدی شینی کردم و***
***لەوساتەوە ساماڵ چاومە و***
***زەریاش لەشم!*** (ڕەنگدان: ٣٤)

## ٥-گۆڕستانی چراکان

دەقی والآی گۆڕستانی چراکان، دەقێکە سەرلەبەری بۆ ئەنفال و حیکایەتەکانی ئەنفال تەرخان کراوە، هەوڵێکی گەورەی شێرکۆیە بۆ بەزمانیکردن و بەشیعرکردنی تاوانی ئەنفال، هەوڵی وێنای کارەساتە لە ئەدەبیاتدا، لە ڕێگەی گێڕانەوەوە، لە ڕێگەی فۆرمێکی نوێوە، کە ڕۆمانەشیعرە.

گۆڕستانی چراکان نووسینەوەی تراجیدیایەکە، تراجیدیایەک بە تەنها بەرهەمی یۆتۆپیای زمان نییە، بەڵکوو ئەوە تراجیدیای واقیعیەتی ئەنفالە، کە لای شاعیر بووە بە کێشەیەکی ئەخلاقیی شاعیرانە و نەتەوەیی و مرۆڤیی. لای شێرکۆ بێکەس (کێشەیەک هاتۆتە ناو زمانەوە، لە هەر شوێنێک ئەو کێشەیە لە دەرگایەکدا بکرێتە دەرەوە ئەوە شێرکۆ کونجێک یا دەلاقەیەک دەدۆزێتەوە، بۆ ئەوەی ئەو تراجیدیایەی تێدا بکاتە ژووری، ئیدی شیعری شێرکۆ و ئەو تراجیدیایە بۆ هەتاهەتایێ دەستلەملانی یەکترن، بە مانای ئەو کاتەی زمان دێت تراجیدیا هەیە، یا دەتوانین بڵێین بەر لەوەی زمانی شیعری هەبێت تراجیدیا هەبوو، ڕەنگە ئەوەیان قسەی زیاتر هەڵبگرێت، قسەکردنێکی جیاواز لەبارەی تراجیدیا و زمانەوە، سا ئەمە لە هەریەک لە دەقەکانی: (دەربەندی پەپوولە، خاچ و مارو ڕۆژمێری شاعیرێک، ڕەنگدان، گۆڕستانی چراکان) زمان دێت بۆ ئەوەی بەشداریی لە نووسینەوەی تراجیدیادا بکات) (جامی ٢٠١٣: ٢١٠)

گۆڕستانی چراکان، گۆڕستانی قوربانیانی ئەنفالە، (چرا) هێمای قوربانییە، هێمای سووتانە لە پێناو ڕووناککردنەوەی ژیانی ئەوانی دیدا، ئەم هێمایە ڕیشەیەکی دێرینی لە ئاینەکاندا هەیە، بۆ نموونە ڤیستیڤاڵی (حانوکا- ڕووناکی- چرا) لە ئاینی جوودا. هاوکات لێکچوونێکی ناوەکیشی تێدایە بە چواندنی قوربانییەکان بە چرا، لێرەدا چرا وەک هێمای پاکی و بێگوناهی و منداڵی هەژار دەکەوێتەوە، وەک خۆی لەم دەقەوالآیەدا دەنووسێت:

***کۆمەڵێ پیاو، دەوال***[١١]***ی مانگی عاشقان***
***بە نەهێنیی دوای نیوەشەو!***
***دەوالی چرای هەژاران***
***وەختێ چرا تازە چاوی چووبێتەوە خەو!***
***کۆمەڵێ پیاو، دژی زەردەخەنەی ئاو و***

[١١] دزی شەو.

*دژی خونچە و دژی ڕەنگی سپی و هەتاو*
*کۆمەڵێ پیاو لە ترومی هێلکەی پیس و*
*لە نەژادی بەربەریەکان!*
*کۆمەڵێ پیاو، هەموو لە قوڕی ئەمەوی*
*کۆمەڵێ سەر، هەموو لە دوورگەی تاریکی*
*کۆمەڵێ دەس، هەمووی لە شمشێری حەجاج*
*کۆمەڵێ ڕەنگ، هەمووی لە ڕەنگی ئافات و*
*کۆمەڵێ دەنگ، هەمووی لە دەنگی نەهات و*
*کۆمەڵێ بۆن، هەمووی لە بۆنی شانزەی سێ و*
*پەیامێکی مەنجەنیقی و*
*پەیامێکی بێ پرسیار و*
*مێژوویەکیش لە منارەی کەللەسەر و*
*سەروەرییەک لە جۆگە خوێنی ئەبەدیی! (گۆڕستانی چراکان: ٢٨)*

شێرکۆ بێکەس لە بڕگەیەکی تردا، بە کینایە و هێما باسی هاوخەمی و هاودەردیی کورد و شیعە ئەکات، کە چۆن هەردووکیان لە ئێراقدا بە دەستی بەعسی شۆڤێنییەوە دووچاری ستەم و کۆمەڵکوژیی بوونە، ناونیشانی دیوانەکەی (گۆڕستانی چراکان) دەهێنێت و هاوقوربانیی کورد و شیعە جەخت لێ دەکاتەوە و دەڵێت:

*بەو سەرەوە*
*تەیرێک لە ناو دووکەڵەوە*
*کە منی دی*
*هاتە خوارێ و*
*ڕێک بەرامبەرم نیشتەوە!.*
*یەکەم جار بوو تەیرێ ببینم عەمامەی لە سەردابێ!*
*وتی: تۆ ئەمناسیتەوە؟*
*وتم: تەنها شێوەت ئەکەم!*
*وتی: من ناوم نەجەفە و*
*لە شیعری (جەواهیری)دا یەکمان دیوە!*
*کە تۆزێ لێی وردبوومەوە*
*وتم: وایە!*
*وتی: تۆ هەر چاڵی باڵندەکانی خۆت باس کرد!*

*تۆ هەر مۆمت لە سەر گۆڕی*

*قوربانییەکانی خۆت هەڵکرد!*

*بەڵام ئاخر..*

*«نەمهێشت قسەکانی تەواوکا»*

*وتم: هێشتا من فڕینم بەردەوامە!*

*نەگەیشتوومەتە ناو دڵت!*

*وتی: تەنها من یەک قسەم پێیەو ئەڕۆم!*

*ئەمجارەیان ئێمە و ئێوە*

*لە گۆڕستانی چرادا*

*لە ڕێی ئێسک و پروسکەوە*

*لە ناو مردنا بۆ ژیان*

*بە تەواوی بووین بە برا* (گۆڕستانی چراکان: ١٠٠)

## ٦-کورسی

لەم چامە والآیەدا هێمای (کورسی) هێمایەکی فرەلایەنە، بە پلەی یەکەم هێمای گێڕەرەوەیەکە هۆشیار بە مێژوو، هێمای مرۆڤێکە، کوردێکی نیشتەجێی سلێمانییە، هێمای گێڕانەوەیەکی دەماودەمە لە کورسییەکی دارینی چاخانەیەکەوە لە شاری سلێمانیدا. هاوکات هێمای گەواهیدەرێکی زیندووە لە سەردەم و ڕووداوەکاندا ئامادەگی هەیە. هێمای لینکێکە لە نێوان ڕابردوو و ئێستادا، یادگەیەکی زیندوو و ناسەرەوەی مێژووی نەژاد و باوباپیرانیشیەتی، وەک دەڵێت:

*ئەم کورسییە*

*بە ڕەچەڵەک*

*کوڕی کوڕی*

*دارگوێزێکی نەقشبەندیی هەورامانە*

*باپیرەگەورەی وەختی خۆی*

*پەیکەرتاشی سەر تەختە بوو*

*هێندەی باران دەستڕەنگین و*

*هێندەی کەوێڵ[١٢]ی ڕوو لە (با)یش*

*بە ئامۆش[١٣] بوو.*

---

[١٢] کووخ، خانووی چکۆڵە.

[١٣] ئامۆش و خامۆش.

***ئەگێڕنەوە: ئەم باپیرە پەیکەرتاشە***
***بۆ زەماوەندی سەرداری ئەردەڵان و***
***خاتوو مەهشەرەفی ژنی***
***لە پارچەکانی جەستەی خۆی***
***هەر بە دیاریی***
***تەختەی یاریی شەترەنجێکی لەشقاوەیی و***
***دارسیگارێکی درێژی بۆ سەردار و***
***لەگەڵیشیا***
***چەند شانەیەکی نایاب و کلوێچکێک***[١٤] ***و***
***باوەشێنێکی نازدار و جووتێ قاپقاپی جوانیشی***
***بۆ ماهشەرەف، بۆ مانگەکەی میر ناردبوو*** (کورسی: ٢٣)

## ٧-سروودەبەردینەکان

بەرد هێمای مانەوە و خۆڕاگریی و پەیوەستبوونە بە زەوییەوە، هێمای پەیوەستبوونە بە ڕابردووەوە، ئۆبژێکتی بەرد نوێنەرایەتیی زەوی دەکات، بەمانای ڕەسەنەیاتی و خاوەن شارستانییەت و مێژووش دێت. شێرکۆ بێکەس لە دەقی والآی (سرووده بەردینەکان)دا، سروودی دێرینەکانی شاخ و چوونە شاخ و جێهێشتنی کۆترە ڕەشکەکەی دایکی و کچە خەیاتی دراوسێ و ئیسکان، سروودی بەردین و مۆمیاکراوی مێژووی یەکەم سرووشی شاعیرێتیی و بەرزبوونەوەی لەسەر پشتی بەرانی باڵدار و پیرۆزکردنی شیعری لە لایەن هۆمیرۆسەوە دەگێڕێتەوە، حیکایەتی (گەلی بەدران) و شەهیدبوونی هاوڕێیەکی بە ناوی (فەرهاد)مان بۆ دەگێڕێتەوە، شێرکۆ بێکەس گەلی بەدرانی هێناوەتەوە کە ناوچەیەکە لە بناری قەندیل، هەمیش گەمەیەکی زمانی تێدا کردووە لە نێوان بەدران و بەرداندا، کە ئاماژەیەکە بۆ گەلی کورد و لە زۆر شوێندا (بەردستان) و (مەملەکەتی بەرد) دەهێنێتەوە.

سەبارەت بە هێمای تێمای سەرەکی دەقەوالآکە کە بەردە، دەڵێت:

***بەرد هەر ئێمەین لە ڕۆژگارە دوورەکاندا***
***ئەو بەڵگانەی، ئەو هەناسە و ئەو دڵانەی***
***لە جێی خۆیاندا ڕەق بوون و بەڵام ماون.***
***بەرد هەر جەستەی یادگارە کۆنەکانی ناو زەمانن***
***پێمان ئەڵێن نهێنییەکانیان هەڵبێنین***

---

[١٤] میلچێوک، کلچێوک، ئەو دارەی کە چاوی پێ دەڕێژرێ و لەناو کلداندایە.

***زمانیان بدۆزینەوە*** (سرووده بەردینەکان: ٦٥)

## ٨-ملوانکە

ملوانکە بە مانا باوەکەی هێمای دەوڵەمەندی و سەروەتداری و شتی توحفە و گرانبەها دێت، بە مانایەکی تر هێمای پێوەندبوون و بەستنەوە دێت، بەڵام هێمای ناونیشان لەم دەقەدا ئاشکرا و بەرچاوڕوونییەکمان پێ دەدات سەبارەت بە ناوەڕۆک و تێمای دەقەوالاکە، کە هێمای ئافرەت و دۆزی ژنان و جوانییە.

(خودی ناونیشان پێکهاتوە لە (وشەیەک) و خودی وشەکەش هەڵگری مانای دەلالی جیاوازە، چونکە ملوانکە بە تایبەتیی بوونی وێنە و مووروو لەسەر بەرگی دەقەوالاکە ئەو ئاماژەیەمان دەداتێ، کە ملوانکە ملوانکەی مووروەوە و ئەم جۆرە ملوانکەیەش تایبەتە بە ئافرەت، لەگەڵ ئەمەشدا مورووەکان موورووی جوان و ناسکن و لە ڕێگەی ڕەنگ و وێنەوە وەسفی ئافرەتمان بۆ دەکات، بۆیە کۆی گشتیی دیوانەکەش تایبەتە بە ئافرەت و دۆزی ئافرەت، ئەمەش یەکەمین هەنگاوە کە شاعیر کورد لە ڕەگەزی نێر و مێ بە درێژایی مێژوو نابێتی بۆ بە دیواناندنی دۆزی ئافرەت، لەم دیوانەدا شاعیر لە ڕێی ناونیشانەوە، ئەرک و پەیامی ژنێتی و ئەو مافانەی وا بە درێژایی مێژوو خوراون دەناسێنێت) (عەلی و عەلی ٢٠١٥: ٨٥)، لەگەڵ ئەمەشدا گرفتەکان دەخاتە ڕوو، وەک دەڵێت:

***ملوانکەم و لە توخمی مێم***

***لەشم شین و چاوم سەوزە.***

***خەڵکی زەریام***

***لە دایکەوە بە بنەچە ئەچمەوە سەر خەونەکانی مەرجان و***

***لە باوکەوە ئەچمەوە سەر خێڵەکانی مرواریی***

***من لە شاری ماسیدا لەدایک بووم***

***مامانەکەم قرژاڵێکی پیرێژن بوو*** (کتێبی ملوانکە: ١٨)

## ٩-ئێستا کچێک نیشتمانمە

بە بینینی ئەم ناونیشانە و خوێندنەوەی دەقەکانی پێشووی، هێماگەلێکی وەک بێزاریی و پەشیمانی و شتێک لە تووڕەیی شێرکۆ بێکەس دەبینینەوە.

شێرکۆ بێکەس کە بە دیوانی تریفەی هەڵبەست دەستی پێ کرد، لە سەرەتاوە نیشتمانی وەک مەعشوقێک بینیوە بە چەندین شێوە فۆرمی جیاواز لەگەڵ بەرەوپێشچوونی شیعری کوردیی دۆزی نەتەوەی کورد و ئەو کارەساتانەی بەسەریدا هاتوون، بەردەوام بووە لە خزمەت و نووسین بە

درێژایی چل ساڵ لە لوتکەی خۆشەویستیی بۆ نیشتیمان و گەلەکەی. ئەم جیهانبینییە لە گۆڕستانی چراکان و دەربەندی پەپولە و خاچ و مار و ڕۆژژمێری شاعیرێکدا ڕەنگی داوەتەوە.
بەڵام لە دوای سەرکەوتنی شۆڕش لەم پارچەیەی کوردستان و بەدینەهاتنی بەشێک لە مافەکانی خەڵک، هێواش هێواش شێرکۆ لە مەعشوقەکەی دوور کەوتەوە، کە نیشتمانە و مەعشووقێکی دی دەدۆزێتەوە، کچێکە بە ناوی ڕۆزانا. ئێستا کچێک نیشتمانمە یاخیبوونێکی ناوازە و جیاواز بوو لە ڕابردووی شاعیر خۆی گومانکردن بوو لە هەموو بەرهەمەکانی پێشووتری شێرکۆ لە بەرهەمە نیشتمانیەکانی تری، شێرکۆ لە نێوان بێدەنگبوون لە نادادپەروەری و بەرگریکردن لە گەنجانی مافخوراو دووهەمیانی هەڵبژارد (جەمال chawigal، ٢٠١٨).

ئەوەتا خۆشی لەسەر ئەم بەرهەمەی دەڵێت: (لە ڕاستییدا ئەوەی ئەم بەرهەمە لە هەموو بەرهەمەکانی ترم جیا دەکاتەوە ئەوەیە: کە چیتر نیشتمان و مەسەلە پیرۆزەکان بە موقەدەسی نامێننەوە. یاخی بوونە لە ئێستا و ڕابردووی خۆم، دەسبەردانە لەو نیشتمانەی، کە پێشتر هەموو وزە و ڕۆحێکی خۆم پێ بەخشی بوو. بەکورتی جۆرێکە لە هەڵوەشاندنەوەی هەموو پێکهاتەکانی خۆم. (هەڵبەت ئەمەش بەهۆی ئەو بارودۆخە سیاسی و ئاڵۆزەی کە لەو سەرووبەندەدا هەم لە نێو پارتە سیاسییەکان و هەمیش لە نێوان پارتەکان و خەڵکیدا هاتوونەتە ئاراوە) (بێکەس malmokurd، ٢٠٠٥).

لەم دەقەدا، دزێوییەکانی نیشتمان، وەک چەندەها دومەڵی پیس بە ڕووخساری ئەم نیشتمانەوە دەرئەکەون. هیچ جۆرە پاساوێک نامێنێتەوە بۆ ئەوەی شەفاعەت بۆ تاوانەکان بکات. وێنە کلاسیکییەکەی نیشتمان وەک ڕەمزێکی موقەدەس کۆتایی پێ دێت. شێرکۆ بێکەس لێرەدا ڕاپەڕین لەو وێنا ئەزەلی و نەگۆڕەی وا لە ئەزموونی شیعری پێشووی خۆیا وێنەی کێشابوو، هەڵدەتەکێنێت و نیشتمان و مادیی و واقیعیتر دەکاتەوە و مامەڵەیەکی هاوچەرخانەتری لەگەڵدا دەکات، مرۆڤی کوردیی وەک هەبوونێک لەم قۆناغەی تردا دەخاتەوە بەرانبەر چەمکی نیشتمان، بە کۆ کارەکە ڕامانە لە پیرۆزیی وێنە نەگۆڕ و ئەزەلییەکان و لەدایکبوونی شتێکی نوێ لە سەردەمێکی نوێدا: لەدایکبوونی شووناسێکی نوێ لە سەردەمی تازەدا کە ناوی مرۆڤی کوردە! وەک خۆی دەڵێت: ((خۆی دیارە ئەمە بە پێچەوانەی بەشێکی زۆری تێکستەکانی ترمەوەیە کە نیشتمان لەناویاندا هەمیشە ڕووخسارێکی جوان و ئەزەلیی هەبووە. ***من ئەمجارە و لەم بەرهەمەدا، لە ئەسپێکی تووڕە و چەموش و یاخی ئەچم کە کەس نەتوانێ جڵەوی بکات.*** "کامەران" و "ڕۆزانا" لەم دەقەدا بریتین لە مێژووی نۆزدە ساڵی ڕابوردووی پڕ لە نائومێدیی و هەژاریی و وەڕسیی. لە چاوەڕوانییەکی بێهوودە. لەم تێکستەدا هەموو شتێک دێتە زمان، لە بوولبوولی باخچەیەکەوە تا ئەگاتە سەر دیواری ماڵان و گوارەی گوێچکەی خوشکە قەیرەکانی "کامەران"، هەموو شتێ هاوار و ناڵەناڵێتی. من پێم

وایە ئەم دەقە باڵانوێنی ئێستای ئەم سەردەمەی کوردستان و شاری سلێمانییە بە تایبەتی))
(سەرچاوەی پێشوو).
دەقەکە لە دوو بەش پێک هاتووە: بەشی یەکەم دنیاکەی دنیایەکی تاریک و پڕ پڕ لە بێزاری و وەڕسی. لە بەشی دووەمدا ڕووناکییەک لە ڕێی (ڕۆزانا)وە ئەکەوێتە ناو دەقەکەوە. لە کۆتایی بەشی یەکەمدا (کامەران) دەسبەرداری نیشتمان و باوکە گەوجەکەی ئەبێت و چون چاویلکەیەکی شکاو و کۆن فڕێی ئەدات، لە بەشی دووەمدا "ڕۆزانا" ئەکات بە نیشتمانی خۆی.
بە گشتیی دەتوانین کۆی ناونیشانی ئەم دەقی والایە و هێماکانی لەم دوو پارچە شیعرەدا ببینینەوە، کە بێزاریی لە نیشتیمانی ڕاستەقینە و لە بری ئەویش ڕۆزانای کردووەتە نیشتیمانی خۆیی و شیعرەکانی، بۆ نموونە لە یەکەمیاندا دەڵێت:

***هەزار ماچی نیشتمانەکەی خۆم کرد و***
***ئەو یەک ماچی نەکردمەوە.***
***بە زۆر نییە***
***خۆشەویستیی ئاڵا نییە درووستی کەم***
***یان تابلۆیەک بیکرمەوە*** (ئێستا کچێک نیشتیمانمە: ٢٤٤)

لەدووەمیشیاندا، دەڵێت:

***من ئەوەندە بەسەر عەشقی***
***ڕۆزانادا نوشتامەوە***
***ئەوەندە سەیری چاویم کرد***
***تا تەنیاییم بوو بە هەڵم و***
***هەڵم بە گۆمی ئیلهامی و***
***لە دواییشدا***
***بە ئێجگاری***
***خۆم و شیعرم تیا توانیەوە!*** (ئێستا کچێک نیشتیمانمە: ٢٤٧).

## ١٠- چراکانی سەر هەڵەموت

ئەم دەقە والایەی شاعیر، لەچاو دەقەکانی تریدا، جیاوازە، جیاوازییەکەشی لەوەدایە، هەر شیعرێکی تایبەتە بە هاوڕێییەک و مامۆستایەکی شاعیر یان بۆ پێشمەرگەیەکی شەهیدی هاوڕێی نووسیوە. چرا جارێک هێمای قوربانی و جارێکیش هێمای ڕێگەڕۆشنکەرەوەیە (پێشمەرگە)، هەڵەمووتیش کە بەواتای شاخی زۆر بەرز و هەزاربەهەزار دێت، هێمای بەرگری و کۆڵنەدان و مانەوەیە. خودی ناونیشانەکە وێنەیەکی پڕ شیعرییەتی هێمادارە. شێرکۆ بێکەس خۆی لە پێشەکی

ئەم تێکستانەدا و لەبارەیانەوە دەڵێت: (چراکانی سەر هەڵەمووت، کۆمەڵە ئەزموون و ئەوینێکی تری ژیانی ئەدەبی منە. ئەو پەخشانانەن کە لە هەناسەکانی شیعر خۆی، موتوربە کراون. هەڵوێستی بەرجەستەن و گوڵدانی وەفان بۆ ئەو هاوڕێ و مامۆستا و پێشمەرگە و خۆشەویستانەی بەجێیان هێشتین و بەڵام دوای خۆیان مانایەکیان دا بە ژیان و خەبات و داهێنان و منیشیان لە ئەوینی خۆیاندا نوقم کرد. چراکانی سەر هەڵەمووت، سومبولە داگیرساوەکانن. ئەشێ ئەم چرایانە هەموو چون یەک شەوقیان خۆش نەبێ. ئەشێ چون یەک لە یەک ئاستی ڕەوانبێژی زمان و ئاستی هونەریدا نەبن و بەڵام هەر هەموویان هەڵقوڵیوی دەروون و بیری خۆمن، هەڵوێستن لە وشەدا و بەسەرکردنەوەی بەها جوانەکانی ژیانن. زمانی ئەوینی ئەدەبی منن لەو ساتەوەختانەدا کە (نیشتمان) داوای نووسینیانی لێ کردووم! من هاوڕێی ڕۆژگارەکانی ئەم خاکە بووم. هاوڕێی ئازار و ئاواتیان کە ئازار و ئاواتی خودی خۆیشم بوون. چراکانی سەرهەڵەمووت، بەردەوام بریسکەیان دێ و لە بیرەوەریمدا بە زیندوویی ئەمێننەوە)(چراکانی سەرهەڵەمووت: ١). وەک هەمیشە هەردوو هێماکەی (چرا) و (هەڵەمووت)ی لە دەقەوالآکەدا هێناوەتەوە، لە وەسفی شەهید (حەسەن کوێستانی)دا، لەگەڵ (هەڵەمووت)دا، بونیاتگەرانە وشەکانی (ورە و هەستانەوە و ڕەوەز و ستوون)ی هێناوەتەوە و دەڵێت:

***ستوونی پرشنگ و ڕەوەزی ورە و حیلەی هەستانەوە و***

***بانگی سەر هەڵەمووتی خۆرستان بوو.***

***بە درێژایی نۆزدە ساڵی سەنگەر و نۆزدە ساڵی قەڵەم و***

***نۆزدە ساڵی ڕێ پێوانی ناو وڵاتی کوردایەتی***

***ناو وڵاتی هەق پەرستی و ناونیشتمانی ئازادیی***

***حەسەن کوێستانی لە کوێ نەبوو؟!*** (چراکانی سەر هەڵەمووت: ٥٨)

لە هێمای (چرا)شدا، کە ئاماژەی پێدرا هێمایەک لە هێماکانی (پێشمەرگە)یە، شێرکۆ بێکەس وەک هەموو جار نیشانە و قەرینەگەلێکی بەدەوری (چرا) و (پێشمەرگە)، ئەم هێنانەوەیە لە کێڵگەی وشەیی هێما و هێمابۆکراودا، یەکێکە لەو کۆد و ڕێگایانەی، کە شێرکۆ بێکەس لە ڕێگەیەوە توانیویەتی ڕۆمانە شیعر و چیرۆکە شیعر و شانۆنامەشیعر و قەسیدەی زۆر درێژ و پەخشان لە دووتوێی دەقی والآدا بهۆنێتەوە و بنووسێت. دەبینین بەدەوری (چرا)دا، وشەکانی (هەڵکردن و ئەستێرە و ترووسکە) و بەدەوری (پێشمەرگە)دا وشەکانی (ڕسکان، ماڵی خوێناوی(کوردستان)،

(سێداره- حکوومەتی ئەوکاتی عێراق)، قەندیل (جێگەی هەمیشەیی پێشمەرگە و شۆڕشی نوێ))ی هێناوەتەوە، تێیدا لە پارچە شیعرەکەدا، دەڵێت:

***ئەمە ئاهەنگی ئەو ماڵە خوێناوییەیە.***

***کە دوابەدوای ئاوی ڕەشی نوشوستی و هەڵدێرانی مێژوویەک***

***یەکەمین چرای خوێنیان هەڵکرد..***

***یەکەمین سێدارەیان خستە گریان و***

***لە «قەندیل»ی بەستەڵەک و دیرۆکی سەهۆڵبەنداندا***

***ڕسکان و بوون بەیەکەم***

***ئەستێرەی ناو بەفر و یەکەم تروسکەی شۆڕشی نوێ.*** (چراکانی سەر هەڵەمووت: ٥٢)

## تەوەری دووەم: پەیوەندی نێوان هێما و واقیع لە دەقەواڵاکانی شاعیردا

واقیع کۆی ڕەهەندە هەستپێکراوەکانی دەوروبەرمانە، ڕەهەندە کۆمەڵایەتی و سیاسی و ژینگەیی و کەلتووری و مرۆییەکان، ئەو ڕەهەندانەی ئێمەی مرۆڤی تیاین. چەمکی واقیع چەمکێکی فەلسەفی و کۆمەڵایەتییە.

زاراوەی واقیع لە زمانی ئینگلیزییدا لە بەرانبەر زاراوەکانی (reality،fact ) دێت، لە زمانی کوردیشدا (کەتوار)ی بۆ دانراوە، زاراوەکە لە (کات+وار)ەوە هاتووە، بە واتای کات و شوێن دێت، لە زمانی کوردییدا زیاتر وشەی واقیع بەکار براوە و چالاکترە.

یەک لە پێناسە باو و سەرەتاییەکانی ئەدەب ئەوەیە، کە ئەدەب ئاوێنەی واقیعە، ئەدەب و واقیع دوو چەمکی دانەبڕاو و کارلێککەری یەکترین، ڕێبازێکی گەورەی وەک ڕێبازی ڕیالیزم بەرهەمی ئەو کارلێکەیە، شاعیر و نووسەران و چیرۆکنووسان و ڕۆماننوسان هەمیشە ئامانجیان کارکردن و بەرباسدان و چاککردنی واقیعی ژیان بووە لە ڕێگەی دەقەکانیانەوە، واقیع هەمیشە کاریگەریی و جێکەوتی گەورەی لەسەر ئەدەبیات هەبووە، بە پێچەوانەشەوە. ((ئەوەی مرۆڤ لە ئاژەڵ جیادەکاتەوە، بریتییە لە فراوانیی بازنە وەزیفیەکەی، نەک تەنیا لەڕووی چەندێتییەوە، بەڵکوو لەڕووی چۆنێتیشەوە. ئەگەر مرۆڤ لەگەڵ ئاژەڵدا لەوەدا ڕێکبکەون کە هەردووکیان خاوەنی ئامرازی ناردن و وەرگرتن بن، ئەوا مرۆڤ لەوەدا لە ئاژەڵ جیا دەبێتەوە و ئیمتیازی دەبێت، کە خاوەنی ئامرازێکی سێیەمە کە دەکرێت بە ڕەمز ناوزەدی بکەین. ئەم ئامرازەش هەلی ئەوە بۆ مرۆڤ دەڕەخسێنێت، کە بەردەوام لە ڕەهەندێکی نوێی واقیعدا بژی، ئەو بابەتەی کە پەیوەستە بەژیان و پەرەسەندنی مرۆڤایەتییەوە)) (مەحموود ٢٠٢١، chawder).

دەق ڕووبەر و ناوەندێکی سەربەخۆی بیرکردنەوەیە و بوون و ژیانیش هەرلەناو ئەو ناوەندە دەستنیشان دەکرێت. چۆن خود لەناو دەق بناسین؟ ئایا بەبێ تێگەیشتن لە ئاماژە دەتوانین ئەو سیستمە زمانەوانییە بخوێنینەوە؟ ناسینی خود لەناو دەق پەیوەستە بە تێگەیشتن لە ئاماژە، گەر بە زمانی (پۆل ریکۆر) قسە بکەین دەڵێین "تێگەیشتن لە جیهانی ئاماژەکان ڕێگایەکە بۆ تێگەیشتن لە خودیی مرۆیی (جامی ٢٠١١: ٢١٥).

دەقی ئەدەبی لە نێوان واقیع و خەیاڵدا هەڵدەسووڕێ، پێوەندیی واقیع و خەیاڵ وەک پێوەندیی دال و مەدلوول وایە. دال بە هۆی ئەوەی دەتوانین هەستی پێ بکەین، بەڵام مەدلوول وێنە زیهنییەکەی دالە، پەیوەندییەکی دانەبڕاو لە نێوانیاندا هەیە. خەیاڵ کە ڕەگەزێکی گرنگی دەقی ئەدەبییە، هەندێ جار لە خزمەت ڕوونکردنەوەی واقیعدایە، ئەو جیاوازییەی لەنێوان واقیع و خەیاڵدا لە دەقی ئەدەبیدا، هێند نییە بگاتە ئەوەی یەکتر ڕەت بکەنەوە. هەر یەکەشیان ڕەگەزێکی سەرەکیین لە دەقدا، زۆرجارانیش تەواوکەری یەکدین.

هێماش بە دیدی (یۆنگ) لەخۆوە و سرووشتی نییە، هەڵهێنجراوی ئەو واقیع و دەورووبەرە خودی و بابەتی و هەستەکی و نەستەکییەیە وا هەیە و دێتە نێو دەقی ئەدەبییەوە.

شێرکۆ بێکەس وەک شاعیرێکی زرنگ بە واقیع، بەردەوام لە ناو ڕووداوەکاندا ئامادەیی هەبووە، شێرکۆ شاعیری زەمەنە تایبەتیی و گشتییەکانە، شاعیری ڕووداوە گەورە و بچووکەکانە. شیعری شێرکۆ گێڕانەوەیە، یان گێڕانەوەی یادەوەریی تایبەتی خۆی یانیش گێڕانەوەی یادەوەریی ئێمەی کوردە لە کاتی ڕووداوەکاندا. هەڵبەت ڕووداوە مێژوویی و سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان. کە شێرکۆ بێکەس بە پانوپۆڕیی کاری لە سەر کردووە. بۆیە شێرکۆ بێکەس داهێنەر و زمانپژێنی ئەدەبیاتی کارەسات و ڕووداوەکانە. ئەمەش بووەتە بەرهۆی داهێنان و خاڵی جیاکەرەوەی دیاری لە جاو ساعیرانی تردا.

(بەختیار عەلی) ڕۆماننووسی کورد، لەم ڕووەوە لەبارەی شیعری شێرکۆ بێکەسەوە و پەیوەند بە هۆشیاریی مێژوویی لای ئەم دەڵێت: ((شیعری شێرکۆ پرسیارە لە پەیوەندیی شیعر و هۆشیاری، پرسیارە لە یەکەم: کێشەی هۆشیاریی لە مێژوودا، دووەم: کێشەی نووسینی ئەو هۆشیارییە لە ساتەوەختی ئێستای ئێمەدا. ناتوانین لە شیعری شێرکۆ تێبگەین، ئەگەر لە ئاستی کێشەی هۆشیاری و مێژوودا سەیری نەکەین، هەروەتر لە ئاستی ستراتیژی پرۆسەی نووسیندا نەیخەینە بەردەم تێڕوانین و هەڵسەنگاندنەوە، ڕاستییەکەی پرسی شیعر لە هۆشیاری و شێوە جیاوازەکانی هۆشیاری جیا نابێتەوە. لە مەسەلەی پەیوەندیی هۆشیاری و مێژوو نابێتەوە. زۆر لە فیکری ڕەخنەگرانەی دونیاش لە (هیبۆڵت تین)ەوە تا (ڕۆلان بارت) و (دێریدا)، لەم ڕووەوە هاوبەشن، پرسیار لە شیعر پرسیارە لە هۆشیاری، گرفتی شیعر هەمیشە بەشێکە لە کێشەی بەرینی هۆشیاری)) (عەلی ٢٠١٥: ٧). شیعری شێرکۆ دابڕاو نییە لە واقیع، واقیعی شاخ و شار و کارەسات و غەریبی و چەرمەسەرییەکانی ژیان. گێڕانەوەی واقیع بە شیعر جیاوازە لە گێڕانەوەی واقیع بە ژانرەکانی تر، شیعر وەک زمانێکی ماخۆی میتافۆر و هێما و خوازە و تێکچڕژاو بە وێنەی شیعری، کاریگەرتر و جیاوازتر دەکەوێتەوە وەک لە ژانرەکانی تر، زیاتر لە یادەوەرییدا دەمێنێتەوە و ئاسانتر دەوترێتەوە.

(مەریوان وریا قانع)ی نووسەر و توێژەری کوردیش لە کتێبی (دڵڕەقیی و بیماڵیی)دا پەیوەست بەم بابەتەوە، دەنووسێت: ((شێرکۆ بێکەس شاعیرێکە ناتوانین دای ببڕین لە مێژووی پڕکەوتن هەستانەوەی سەدەی بیستەمی میللەتی ئێمە، ناتوانین وەک ویژدانی ئەو مێژووە و وەک بەرجەستەکەرێکی ڕاستگۆی ئومێد و نائومێدیی و کارەسات و یاخیبوون، کەوتن و هەستانەوەکانی ئەو مێژووە نەیبینین. شیعری شێرکۆ، تەنها نیشتمانی مرۆڤە بریندار و یاخییەکانی دونیای ئێمە نییە، بەڵکوو ژینگەی هەموو ئەو باڵندە و درەخت و شاخ و بەرد و کۆڵانانەشە، کە بەشێکن لەو مێژووە و بە سەدان شێوەی جیاواز لەناو ئەو مێژووە و لەناو شیعری شێرکۆدا تێکەڵن بە ئومێد و

نائومێدی و ئیرادە و بێئیرادەیی و جوانی و ناشرینییەکانی ئەو مرۆڤە، کە ناوی کوردە و بەو کێشانەشەوە، کە ناوی کێشەی کوردبوونە. لە ئەدەبیاتی هاوچەرخی ئێمەدا، کەم نووسەر هەیە وەک شێرکۆ بێکەس باوەشی بەم گشتە گەورەیەدا کردبێت و لەگەڵ خۆیدا ئەو هەموو ساڵە درێژانەی سەدەی بیستەمی، بە هەموو دووکەڵ و ئاگر و دڵشکان و مژدەکانییەوە، بە ناوەوەی خۆیدا وەک شاعیرێک و بەناو دونیادا وەک شانۆی ڕووداوەکان گەڕاندبێت)) (قانع ۲۰۱۵: ۱۳۲).

دەقە والاکانی شاعیر پڕن لەو هێمایانەی کە لەواقیعەوە هەڵهێنجراون، بۆ لێکدانەوە و ڕاڤەی زۆرێک لەو هێمایانە، کۆنتێکست و دەورووبەر و شوێنکاتی شیعرەکە کۆمەکی گەورەمان دەکات.

مسۆگەر شیعری شێرکۆ بێکەسلە نێو شیعری شاعیرانی هاوچەرخی کورددا و هاوقۆناغەکانیدا، بێهاوتایە و سەرچاوەیەکی دەوڵەمەندە بۆ لێکدانەوەی ژیان و مێژوو و واقیعی میللەتی کورد، شیعری شێرکۆ چەندە تژییە لە شیعرییەت و وێنەی شیعری و خەیاڵی تازە و ناوازە، هێندەش لای لە واقیعی سەردەمی خۆی کردووەتەوە. شێرکۆ وتەبێژ و وتیارێکی ڕاستگۆی ژیان و مێژوو و واقیعی ڕوودا و کارەساتەکانە.

شیعرەکانی بە تێکڕا ئاوێنەی بالانومای واقیعی سەخت و ئاڵۆز و دژواری نەتەوە و خاکێک نمایش دەکەن، کە داگیرکراوی و دابەشکراوی و ستەم و زۆرداری دیاردەی هەرە بەرچاوی گوزەرانێتی. هەر ڕووداوێک، بەسەرهاتێک، دیمەنێک، باسوخواستێک سەرنجی ڕاکێشابێت و هەستی جوڵاندبێت، دەمودەست لە چوارچێوەی شیعرێکی تەڕ و زیندوودا ئەفراندوویەتی. ڕووخسار و ناوەڕۆک لە شیعری شێرکۆ بێکەسدا لە بەشی هەرە زۆری بەرهەمەکانیدا هاوشانن. بەواتایەکی دیکە هیچیان نەبوونەتە قوربانی ئەوی دیکەیان. عەشقی ئەدەبی و پەیام لە شیعری شاعیردا، لەسەر بنەمای بیر نەخش بووە و هزریش بنچینەی مەحکەمی کۆشکی شیعرە. لێرەدا کوردایەتی هەوێنی پێناسەی زامی بە سفتوسۆی و خەون و هیوای نەتەوەیە (بەرزنجەیی ۲۰۱٤: ۲٤).

وەک جەختمان لێ کردەوە، کەم شاعیر وەک شێرکۆ بێکەس مۆتیڤ بەو زۆر و فراوانییە لە شیعرەکانیدا هەبێت، وەک مۆتیڤی نەتەوە و ئەنفال و هەڵەبجە و شۆڕش و پێشمەرگە و بەرگریی و براکوژیی و ئەڤین و خۆشەویستبی و شوێن و کات و کەسێتیی و سرووشت و شاخ و گوڵ و ڕەنگ و بۆن و... هتد.

ئەو تێمایانەش فرە ئامانج و مەبەست بووە، بۆنموونە (تراجیدیای پرسی کورد و کوردستان، وەک بوونێکی نەتەوەیی و جوگرافیایی و مێژوویی و فەرهەنگی. ژیان و ئازادی، وەک پێشمەرگە و شەهید. بیرکردنەوە و سەربەستی، وەک هەبوون و قەوارە. بەرپەرچدانەوەی ستەم، وەک خەبات و تێکۆشان. هاوار و بانگەوازلە بێدەنگیدا، وەک شاعیر و مرۆڤدۆست. جوڵە و بزاڤ لە وەستاندا، وەک گۆڕانخوازێک. هەوڵ بۆ پێشکەوتن، وەک کەسێ دژی پاشڤەڕۆیی و هەمیشە چاو لە ئاسۆی

سەرکەوتن بڕیوە. وڵات و دوورە وڵاتی و ئازار و ژانی میللەتانی جیهان. لەتەک دیمەنی جوان و ژنی شۆخ و شەنگ و دار و بەرد و چیا و دەشتی نیشتمان و... هتد) (سەرچاوەی پێشوو: ٢١).
کۆی ئەو تێمایانەی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆش لە ڕێگەی هێماوە بەرباس داوە:

لە دیارترین ئەو واقیعە تاڵانەی کە لە نزیکەی هەموو دیوانە شیعرییەکانیدا و بە تایبەتی لە دەقە واڵاکانیدا ئامادەیی هەیە، واقیعی شەڕی براکوژییە، کە نزیکترینیان لە سەردەمی ئێستامانەوە، شەڕی براکوژی و ناوخۆی ساڵانی (١٩٩٤) بۆ (١٩٩٧) بوو، یەکپشوو لە ڕێی شیعرەوە سەرکۆنەی ئەو ڕووداوە ماڵوێرانکەرەی کرووەوە و لە ڕێی زمانێکی هێماییەوە بەرباسی داوە و دەڵێت:

***لە چەپەوە دوو شاخ شەڕەقۆچ ئەکەن و***

***قۆچەکانیان لەناو سکی یەکتردایە و***

***خوێنیش بووە بە تاڤگە و***

***دیواری بەردیش خەریکە هەرەس دێنێ.***

***ئاخ شەڕی خۆم لەگەڵ خۆمدا***

***ئاخ شەڕی شاخ و شاخ و شاخ. ئاخ!*** (خاچ و مار و ڕۆژژمێری شاعیرێ: ١٢٢)

هێنانەوەی شەڕی دوو شاخ وەک هێمای بەرگری و پشتوپەنای لە مێژینەی گەلی کورد، کە قۆچیان لە سکی یەک گیر کردووە و ئاڵا و نەتەیەک، خوێنیش وەک تاڤگە دیواری بەردینی شاخ هەرەس پێ دێنێ. بە هێمای دووکەرتبوونی خودیش لە دەستەواژەی (شەڕی خۆم لەگەڵ خۆمدا) بە حەسرەت و ئاخهەڵکێشانەوە ئاماژە بۆ شەڕی براکوژی دەکات.

لە پارچەشیعرێکی دیکەدا قووڵتر و پڕوێنەتر، هێما بۆ واقیعی ئەو شەڕە نەگریسە دەکات و ئاماژە بە نەبڕانەوە و دووبارەبوونەوە و چەندبارەی دەدات و هێما بۆ ماڵە خۆنەگرتووەکەی وەک کاولاشێک دەکات، هێمای شەڕی دوو دەستی یەک جەستە و لەگەڵیشیدا هێماگەلێکی دوانەیی واتایی دەورووژێنێت لە وێنە دژوازە پەیوەندیدارەکانی وەک (چەقۆ و تەرم، سێدارە و لاشە، تفەنگ و نیشانە، گۆڕ و گۆڕهەڵکەن، پەتا و قوربانیی، کۆت و مل، زیندان و زیندانی و مشار و کاریتە)دا و دەڵێت:

***هەمدیسان نەفرەتی خۆکوژییم هاتەوە نێو خوێن و***

***هاتەوە کاولاشی ماڵەکەم.***

***هەمدیسان ئەم دەستم ئەو دەستم ئەکوژێ و***

***ئەو دەستم سەری خۆم ئەدزێ و***

***ئەم دەستم دەمی خۆم ئەدوڕێ و***

***هەمدیسان من هەر خۆم چەقۆم و هەر خۆیشم تەرمەکەم.***

***هەمدیسان من هەر خۆم سێدارە و هەر خۆیشم لاشەکەم.***

*من هەر خۆم تفەنگم و هەر خۆیشم نیشانەم!*
*پێکەوە گۆڕم و گۆڕهەڵکەن.*
*پێکەوە پەتایشم و قوربانیی.*
*پێکەوە کۆتیشم و ملیشم و*
*پێکەوە زیندانم و زیندانیی.*
*هەمدیسان من هەر خۆم مشارم و*
*هەر خۆیشم کەریتەم*[15] (خاچ و مار و ڕۆژژمێری شاعیرێ: ٢٥٢).

لە پارچەشیعرێکی دیکەدا، شاعیر پێش هەمووان ئەو واقیعە ڕامیارییە دەخوێنێتەوە کە کورد لە ئێراقدا هەی بووە و هەیەتی و دەشیبێت، نائومێدیی قووڵی خۆی لە ڕێگەی هێماگەلێکەوە دەردەبڕێت و نایشارێتەوە و دەڵێت:
*تۆ چی ئەکەی؟ تۆ ئیستە نەفرەتی بەفرێکی ژێرکەوتووی.*
*تۆ ئیستە لە کیفی شێرێکدا پاڵکەوتووی*
*کە سەری بڕڕاوتی لەلایە.*
*تۆ ئیستە لە ژووری پەتێکدا دانیشتووی*
*سێدارەی گۆرانی و شیعرتی لەلایە.*
*چی ئەکەی؟*
*شەوێکە سنەوبەر ڕا ئەکا و بە پێی خۆی*
*ئەچێتە تابووتی خۆیەوە!*
*شەوێکە ئەستێرە بە پێی خۆی ڕا ئەکا و*
*ئەچێتە ناو تۆڕی خۆیەوە!* (خاچ و مار و ڕۆژژمێری شاعیرێ: ١٦٥)

لێرەدا هێما بۆ (کورد) دەکات وەک بەفرێکی ژێرکەوتووی پەراوێزخراو، هێما بۆ ئێراقیش دەکات وەک شێرێکی پاڵکەوتووی تەمەڵ و حازرخۆر، کە زەمەنێکە سەری بڕاوتی لە بێشەیدایە و خۆت بۆت بردووە، ئێراق پەتێکە کە شیعر و گۆرانیتی (کە هێمان بۆ شاعیران و هونەرمەندان) لە سێدارە داوە، دەشڵێت زەمەنی تۆ لەم وڵاتەدا شەوە و تاریک و نووتەکە، سنەوبەر و ئەستێرەکانت کە هێمان بۆ سەوزیی و ڕووناکیی ڕێوێڵ-نەکردن، یەکەمیان بە دەستی خۆی دەبێتە تابووت و دووەمیان دەکەوێتە نێو تۆڕی تاریکییەوە.

---

[15] کاریتە، داری نێرگە، ئەستوونی خانوو، کۆڵەکە، ڕاگر.

لە دەقی والآی (خێراکە مردن خەریکە بگات)یشدا، لەگەڵ ئازاری گەلەکەی و هەر خۆپیشاندانێکدا، وەک شاعیرێکی بەهەڵوێست کە لەخەمی گەلەکەیدا بووە، لەگەڵ واقیعی ئەو کاتەی خەڵکدا تەریب دەڕوات و شاعیر جەخت لە ئامادەگی خۆی لەناو دەنگی ناڕەزایی خەڵکدا پیشان دەدات و دەڵێت:

***لەناوتاندام***

***ئێوە کێڵگەی گوڵەبەڕۆژەن و***

***منیش کانییەکم لە دڵتاندام...***

***لەگەڵتاندام***

***وەک هاواری پڕ لە پشکۆی***

***بەر "بای" ی خەمتان***

***لە دەنگتاندام!!*** (خێراکە مردن خەریکە بگات: ١١٥)

لێرەدا شاعیر لەڕێی هێمای کانییەوە، کە سەرچاوەی بەردەوامی و ژیانەوەیە، خۆی بەرجەستە دەکات و ئەوانیش وەک گوڵەبەڕۆژە، کە هێمای ئومێد و ڕووناکین، خۆشی وەک هاوارێکی پڕ لە پشکۆ و پڕ لە پەنگر دەبینێت، کە بە بای دەنگ و خەمی ئەوان دەگەشێتەوە و پڕ دەبێت لە نێڵەی وشە.

لە دەقی (ملوانکە)شدا، واقیعێکی تاڵی ئەو کاتمان لە ڕێی هێماوە بۆ بەرجەستە دەکات، کە واقیعی تانەدانە لەسەر لەبەرکردنی جلوبەرگ کە مافێکی سەرەتایی هەر مرۆڤێکە، بەشەیتانکردن و بەبەرازکردنی ئەوانەی وا جلوبەرگێک دەپۆشن لەگەڵ ئایدۆلۆژیا و بیری خواستراوی ئەواندا یەک ناگرێتەوە، لە دووپارچە شیعری بەدوای یەکدا لە گفتوگۆی دایکەملوانکە و کچەملوانکەدا، کە لە زاری کچەملوانکەوە، دەیگێڕێتەوە و دەڵێت:

***ئەمڕۆ مێزەرێکی گەڕەک***

***دوو سێ کەڕەت***

***تەنددوورەی کورت و کراسی***

***بێقۆڵی هەر هەموومانی***

***فڕێ دایە ناو دۆزەخ و***

***وەک جلەسەگ***

***وەک جلەعار***

***گۆشتی بەراز***

***گشت مێینەی بەنەفرەت کرد.***

***ئەمڕۆ منارەکەی گەڕەک***

***هەر بە پەنجەی شایەتمان***

***ملی هەموومانی گرت و***

***بردینی تا***

***پێشکەشی کردین بە شەیتان*** (کتێبی ملوانکە: ١٤٥)

لێرەدا (مێزەری گەڕەک) هێمایەکی لەبەشەوە بۆ گشتە. هێمای ئەو مەلا کۆنەپەرستانەیە وا نوێنەرایەتیی ئەو جۆرانە دەکەن وا حەق بە خۆیان دەدەن تەنانەت بڕیار لەسەر پۆشینی جلوبەرگی ئەوانی تر بدەن و بە ڕاست و چەپدا بڕیار لەسەر دۆزەخیبوون و بەئاژەڵبوونی مرۆڤانێک دەدەن، کە جل ویەرگێک دەپۆشن لەگەڵ دیدی خواستراو و سەپێنراوی ئەودا نایەتەوە.

لە پارچەشیعرەکەی دیکەدا، شاعیر ڕوونتر و تووڕەتر دەئاخفێت و لە ڕێگەی واقیعێکی نێو هەناوی کۆمەڵگە شێواوەکەیەوە، هێمای (گوێزانی ئیسلامی) دەهێنێتەوە کە هێمای هەندێ مرۆڤی ئیسلامییە، سا برەر و بریندارکەری بیر و ئایدیای ئەوانی دییە، نەک تەنها گوێزان لە خودی مرۆڤەکان دەسوون، بەڵکوو تەنانەت ئەو شیعر و ئاوازەشیان لا نەنگ و ناشیرین و قرێژە و شایەنی بڕینن کە بە دڵی ئەوان و باوەڕ و ئایدۆلۆژیاکەیان نییە، لە ڕێگەی هەردوو وێنەی هێمایی (پاوپووزی ڕووتی شیعر و ئاوازی کراسکورت)ەوە ئەمە بەرباس دەدات و دەنووسێت:

***ئەمڕۆ هەتاوێکی خۆش بوو***

***لەگەڵ خانم چووینە دەرێ***

***بۆ ناو بازاڕ***

***دووکانەکان شڵەژابوون***

***درەختەکان شڵەژابوون***

***پرسیارمان کرد لە قەڵەمێکی ڕێبواری ناو گوزەرێ***

***وتی لێرە و بەر لەقەیرێ***

***هەندێ گوێزانی ئیسلامیی دەمتیژ دەمتیژ***

***لەم ناوەدا ڕاوەستا بوون***

***هەر پاوپووزێکی ڕووتی شیعر و***

***یاخود ئاوازێکی کراسکورتیان بدیبایە***

***ئەیانبڕین.***

***بۆیە ئیتر من و خانم نەوەستاین و***

***بەرەو سەرێ هەنگاومان نا و***

***یەکسەر گەڕاینەوە ماڵێ*** (کتێبی ملوانکە: ١٤٦)

ئەم واقیعە تاڵەی دەستبردن و ڕێبەندی پەرتووک و نووسین و هۆنراوە و گۆرانی و دانانی لەمپەر لە سەریان، نەک تەنها لە نێو کورددا، بەڵکوو وەک دیاریدەیەک لە نێو کۆمەڵگە ڕۆژهەڵاتییەکاندا

بینراوه و دەبینرێت، شێرکۆ بێکەس وەک شاعیرێک زۆر جاران خودی خۆشی ڕووبەڕووی ئەو هەڕەشانەش بووەتەوە. بۆیە لێرەدا وەک تێمایەک و لە ڕێگەی هێماوە ئەو واقیعە بەرباس دەدات و خۆی لێ نەبواردووە.

هەر لەو دەقەدا، دەربڕاوی (قەڵەمێکی ڕێبواری ناو گوزەرێ) دەهێنێتەوە، کە هێما بۆ کەسێتییەکی هۆشیار و ڕۆشنبیر و بەئاوەز دەکات، کە لە نێو گوزەری خەڵکی دواکەوتوودا جێگەیان نییە و بەخێرایی گوزەر دەکەن و ڕێبوارن، وەک چۆن گوزەر لەوێدا دەلالەت لە نەجوڵان و چەقبەستوویش دەکات.

## تەوەری سێیەم: مەبەستەکانی بەکاربردنی هێما لە دەقە والآکانی شاعیردا

### یەکەم: مەبەستی ئایدۆلۆجی و سیاسی

هێزی ڕاستەقینەی ئەدەب لەوەدا نییە ڕاستەخۆ وەسفێکی ڕووتی واقیع بکات، ناڕاستەوخۆیی تایبەتمەندییەکی دیاری ئەدەبە. یەک لە تایبەتمەندییەکانی هێماش، ناڕاستەخۆییە، هۆکاری ئەو ناڕاستەخۆییەش هەندێ جار ڕێبەندە سیاسی و ڕامیاری و ئایدۆلۆجییەکانە، ئایدیۆلۆجیاش کۆمەڵێک بیرۆکە و ئایدیای ڕێکخراوە، بۆ پرسی سیاسی و ئابووریی و کۆمەڵایەتی و ئاینی و ئەو شتانەی پەیوەستن بەمرۆڤەوە لەژیانیدا بەکار براوە، لە ئایدیۆلۆجیا ناسراوەکانییش لیبراڵیزم و سۆسیالیزم و کۆمۆنیزم و ناسیونالیزم و ئایدۆلۆژیا دینییەکان و... هتد، دەکرێت ئایدیۆلۆژیا بە کۆمەڵێک ئایدیای سەپێنراو لەلایەن فەرمانڕەوایان یان لەلایەن پارتێکەوە، کە کۆنترۆڵی کۆمەڵگا و خەڵک دەکەن، هەژمار بکرێت.

شێرکۆ بێکەسیش وەک هەر شاعیرێکی دنیا بەهۆی سانسۆری ئایدۆلۆجیی و سیاسییەوە پەنای بردووەتە بەر بەکاربردنی هێما، چ لەسەردەمی شاخ بێت یاخود لە شاردا.

وەک لە دەقی والآی (ئێستا کچێک نیشتمانمە)دا، دەڵێت:

***سڵاوێکی دوورودرێژ!***
***من ناوم (پرچە)***
***نیشتمانم سەری ژنێکە.***
***لە سێ لاوە گەمارۆ دراوم بە حیجاب!***
***چەندین ساڵە زیندانیم***
***نە هەتاو ئەتوانێ سەردانم بکا و نە (با) و***
***نە ئەهێڵێ بچمە دەرێ و***
***ڕێگەش نادا بە هیچ شیعرێ***
***یان ئاوازێ کە بێنە لام.***
***وەلێ ئیتر من بە نهێنیی***
***لەگەڵ پەنجەکاندا ڕێکەوتووم***
***ئەمشەو زیندانەکە ئەبڕین***
***ئازاد ئەبم لە دواییشدا***
***حیجابەکەیش ئەدەینە دەست چەخماخەیەک***
***لەسەر بەرزترین لوتکە***
***بە بەرچاوی مێزەرەکانی دنیاوە***
***بیسوتێنێ!*** (ئێستا کچێک نیشتمانمە: ٧٨)

له کۆنتێکستی ئەم شیعرەدا شێرکۆ بێکەس وشەی (حیجاب) وەک هێمایەکی ئایدۆلۆجیای ئاینی و سەپێنراوی سێ نەتەوەی دەورووبەر (عەرەب لە عێراق و سووریا، فارس لە ئێران و تورک لە تورکیا) کە گەمارۆی هزری تاکی کوردیان داوە، وێنا دەکات. لە لایەکی بونیادگەرانەش بە واتای ڕاستەقینەی خۆی بەکاری بردووە و وشەکانی وەک (پرچ و هەتاو و با و زیندانی) بەدەوریدا دەهێنێتەوە. لە وشەی (مێزەر)یشدا کە هێمایەکی تەواو ئایدۆلۆجیانەیە بۆ دەسەڵاتی دینی ئەو بەرپەچدانەوەیە تەواو دەکات.

هاوکات ئەوەشی تیا دەبینین، کە نیشتمانی بە سەری ژنێک داناوە، ژن وەک دایک، کە هێمای خاک و نیشتمانە، نیشتمانیش وەک دایک(یەکێکە لەو سەرچەشنانەی لە لایەن دەروونناسی سویسرییەوە، (کارڵ گوستاف یونگ)، ناسێندراوە و پەیوەندی بە بەشی ناهۆشیاریی زەینەوە هەیە. ئەو نموونە ئەزەلییەیە، ڕەنگدانەوەی ئەرێنی و هەندێک جاریش نەرێنیشی هەیە. لە فەرهەنگی ئارياییدا، دایک وەک نیشتمان واتایەکی زۆر بەربڵاوی هەیە و لەو نموونە یەکەمینانەیە، کە بە پێی هەلومەرجی جوگرافی، مێژوویی و فەرهەنگی لە هەستەوە بۆ نەست گوازراوەتەوە، تا پێش بە لەناوچوونی بگیرێت. لە فەرهەنگی ژنسالارانەی کوردەواریدا بوونی خواژنی جۆراوجۆری وەک ناهید و ئاناهیتا دەبینرێت، شێرکۆ بێکەسیش وەک شاعیرێکی کورد، کاریگەریی فەرهەنگی ئاریایی بەسەرەوەیە) (مهرئابادی و شکری ١٣٩٩: ١). (هەتاو)یش کە هێمای ئازادییە ڕێی پێ نادرێ سەردانی ئەم ژنە نیشتمانە بکات و هەروەها ڕێگریکردن لە (با)ش، کە هێمای هەناسەدان و ئاسوودەییە، تا هەوایە هەڵمژێت.

لە دەقی والآی (دەربەندی پەپوولە)شدا، لە پارچەشیعرێکدا، لە ڕێگەی هەردوو هێمای (سوڵتان و شمشێر)ەوە، کە یەکەمیان هێمای دەوڵەتی عوسمانی و تورکیای درێژکراوەی ئەو دەسەڵاتەیە، دووەهەمیشیان هێمای دەسەڵاتە ئایدۆلۆژییە ئاینییەکانی عەرەب و فارسە، کە هەردوو بیرە ناسیۆنالیستی و ئاینییەکە، بەدرێژایی مێژوو و لە تەمەنی شاخەوە کە بەردەوام و بێدابڕان، پەیکان و نەشتەری خۆیان لە جەستەی کورد ئەچەقێنن و سەری یاخیی کورد با ئەدەن، کەچی سوڵتان مرد و بەرد نەمرد، شمێشێر مرد و با نەمرد (بەرد و با- وەک هێمای کورد هاتووە لەبەرانبەر سوڵتان و شمشێردا). لە دەقەکەدا شێرکۆ بێکەس دەڵێت:

***لە عومری شاخەوە مشاری زەمانێ نەماوە***

***سەر نەکا بە خوێنی مێژووتا***

***لە عومری شاخەوە پەیکان[١٦]ی سوڵتانێ نەماوە***

***بە نووکی خۆیەوە ئەم سەرە یاخییەت بانەدا***

***سوڵتان مرد.. بەرد نەمردا!***

---

[١٦] سەری تیر، سەری نێزە.

***شمشێر مرد.. با نەمرا!*** (دەربەندی پەپوولە: ٥٦)

## دووەم: مەبەستی ئیستاتیکی

زانستی ئیستاتیکا بۆ یەکەم جار وەک زانستێکی سەربەخۆ لە نیوەی دووەمی سەدەی هەژدەدا لە لایەن فەیلەسووفی ئەڵمانی (باومگارتن- Baumgarten)ەوە ناسێنرا، بە زاستێک پێناسەی کرد، کە لە جوغزی لۆژیکی هەست و ئەندێشەی هونەردایە، جیاواز لە لۆژیکی زانستی و بیرکردنەوەی ئاوەزیی. هاوکات (ئیمانۆیل کانت)ی فەیلەسووفی ئەڵمانی وای ناساند کە جوانیناسی ئەزموونێکە جیاواز لە چالاکی تیۆری و زانستی کە بیر پێی هەڵدەستێت، بەڵکوو چالاکییەکی چێژدارە، کە پشتبەستووە بە گەمەیەکی ئازاد لە نێوان ئەندێشە و بیردا (مطر ٢٠١٣: ١١).

(ئەدمۆند بێرک ١٧٢٩-١٧٩٧) بیرمەندی دیاری ئێرلەندی حەوت سیمای بابەتی بۆ جوانی دەستنیشان دەکات لە هونەردا کە زیاتر پێوەندیدارە بەهەستەوە، هەڵبەت زۆربەیان بۆ دەقی ئەدەبی گونجاون (حسێن ٢٠٠٨: ٥٠):

١-دەگمەنیی شت، دەگمەنیی ڕێژەیی.

٢-ڕووی بریقەدار.

٣- هەمەڕەنگی لە جێگیربوونی بەشەکاندا.

٤-نەبوونی گۆشە لە نێوان بەشەکاندا لە کاتی بەیەکگەیشتنیاندا.

٥- بنیاتی نەرم.

٦- ڕەنگی پاکی درەوشاوە، کە زۆر ورشەدار و ڕۆشن نەبێت.

٧- گونجانی ڕەنگەکان لەگەڵ یەکتردا.

یەک لە مەبەستە هەرە دیارەکانی شیعریش بەرهەمهێنانی ئیستاتیکییەت و جوانیی ڕووتە، خودی شیعر دەستی دەگاتە شوێنگەلێک کە تەنها خۆی پەی پێ دەبات، لێرەدا شیعر لە پێناو جوانیدایە، بێ هیچ کاریگەرییەکی دەرەکی و ئایدۆلۆجی. ئامانج و مەبەستی شیعر بەرهەمهێنانی مانای نوێییە لە نێو زماندا، لە ڕێگەی هێما و میتافۆر و شیعرییەت و گەمەی زمانییەوە (حەسەن، ٢٠٢٠، ٩).

شێرکۆ بێکەس لەپاڵ ئەو هەموو کەسەرانەی ڕۆی کردووەتە هەناوی شیعرەکانییەوە، هەرگیز دەستبەرداری جوانی و جوانبین نەبووە، ویستوویەتی لەم دنیا پڕ لە هەراوزەنایەدا هەمیشە جوانی ئامادەگییەکی هەبێت، جوانیش لای شێرکۆ لە وشە و وێنە و ئەندێشەی ورد و هاتنەگۆی شتەکانی دەورووبەردایە، لێکدان و خواستنی تایبەتمەندیی شتەکانە بۆ یەکتری، چێکردنی هێماگەلێک کە تەنها مەبەستی جوانییە، جوانییەک کە هەر لە شیعردا ڕێگەپێدراوە:

لە دەقی پەخشانەشیعریی (تەون)دا و لە شیعری (ئەشکەوتە پیرۆزەکە)دا هێمای وا دەچنێ کە جوانیی لێ دەتکێ و دەڵێت:

***کە ئەشکەوتەکەی "سەردێمان[١٧] بوو بە "شانەم"***

***من تەمەنم***

***بیستوپێنج هەنگ و بیستوپێنج***

***گیزەگیزی هەرزەکاریی و***

***بیستوپێنج گوڵی دارچوالەی***

***دەوروبەری "گەڵاڵە" بوو!***

***من ئەوساکە زەڕنەقوتەی***

***ناو دارستانی زمان بووم***

***تا سەر ئەکەوتمە سەر شانی شیعرێ و***

***تا ئەچوومە ئەستێرکێکی پەخشانەوە***

***سەدجار ئەکەوتمە خوارەوە و***

***لە بیریشمە***

***چەندجار خەریک بوو بخنکێم!***

***من ئەوساکە هێشتا هەر لە خەودا ئەفڕیم***

***ئاوازم نووستووی ناو پووش و***

***خەیاڵم بێ پەڕوباڵ و***

***سنووری جووکەجووکیشم***

***تا لێواری هێلانە بوو*** (تەون: ١٠)

شاعیر نۆستالجیانە و لە دەقێکی پڕبیرەوەری وادا دەگەڕێتەوە بۆ بیستوپێنج ساڵەی تەمەنی و دەگەڕێتەوە بۆ ئەشکەوتی (سەردێمان)، بە هێماگەلێک کە مەبەستێکی ئیتساتیکانە و هونەریانە لە پشتییەوەیەتی دەقەکە دەنووسێتەوە، تیایدا ئەشکەوتەکە بە شانە دەچوێنێت، کە شیلەی زمان و وشەی تیا مژیوە، دان بەوەشدا دەنێت، کە زەڕنەقووتەی ناو زمانی دارستان بووە، کە هێمایە بۆ سەرەتای کارکردن و کەمتەمەنیی کارکردنی لە دارستانی زماندا و خۆی بە زەڕنەقووتە

[١٧] -ئەم ئەشکەوتە زیاتر لە کیلۆمەترێک لە ڕێگەی نێودەوڵەتیی هاملتۆنەوە دوورە، بە دیاریکراویش دەکەوێتە گوندی شیناوە لە ڕووی ئیدارییەوە سەر بە ناحیەی قەسرێیە. لەسەردەمی شۆڕشدا ئەم ئەشکەوتە بایەخ و گرنگییەکی زۆری پێ دراوە، چونکە شوێنێکی لەبار و پارێزراو بووە بۆ دانانی ئێزگەی شۆڕش[ڕادیۆی شۆڕش، کە زمانحاڵی شۆڕش بووە لەو سەردەمەدا]، هەروەها ئەشکەوتی ئێزگەشی پێ دەگوترا.

دەشوبهێنێت. هێما بۆ پێرەوکەبوون و کەوتنەسەرپێی لە نووسینەوەی شیعر و پەخشاندا دەکات، لە ڕێگەی ئەوەی کە دەڵێت: تاسەر ئەکەوتمە سەر شانی شیعرێک و تا ئەچوومە ئەستێرکێکی پەخشانەوە سەدجار ئەکەوتمە خوارەوە. درێژە بەو هێمایانەش دەدات کە هێشتا فڕینی خەیاڵی شیعری سنووردار بووە و ئاوازیشی تا تخووبی هێلانەکەی بڕی کردووە و دەڵێت ئاوازم نووستووی ناو پووش و خەیاڵم بێ پەڕوباڵ و سنووری جووکەجووکیشم تا لێواری هێلانە بوو. وەک هەمیشە شێرکۆ بونیادگەرانە و بەدیقەت و تەفرنجەوە وشەگەلێکی بەدەوری شاوێنەکەدا هێناوەتەوە، ئەوانیش (زەڕنەقووتە، دارستان، کەوتنەخوارەوە، خنکان، فڕین، پووش، بێپەڕوباڵ، جووکەجووک، هێلانە).

لە وێنەیەکی دیکەدا و لە دەقی والای (بۆننامە)دا شاعیر ئیستاتیکیانە هێما بۆ (نالی) شاعیری تاقانە و ناوازە و دووبارەنەبووەوە دەکات، (نالی) دەچوێنێت بە پریشک و بزیسکی ئاگر و لە هەمانکاتدا بە دڵۆپێکی تاقانە، کە لە باڵی هیجرەتی ناخسوتێنی وەک ئاگر و پڕ دڵۆپە فرمێسکی حەسرەتی دووری بەربووەتەوە، بە وەرگرتن (ئیقتیباس) و (هێماکردن) بۆ دێڕە شیعرە بەناوبانگەکەی نالی کە باڵانسی ژیانی نالی ڕاگرتووە، کە دەڵێت:

***ناری سینەم گەر نەبێ، غەرقم ئەمن***

***ئاوی چاوم گەر نەبێ سووتاوم ئەز*** (دیوانی نالی: ۲۲۲)

تیایدا دەڵێت:

**ئەو... سەرەتا**

**ئەو بەتەنها پریشکێکی تاقانە بوو**

**کە لە باڵی هیجرەت بووەوە.**

**ئەو... سەرەتا**

**ئەو بەتەنها دڵۆپێکی تاقانە بوو**

**کە دیدەی حەسرەتێ ڕشتی.**

**پریشک کەوتە ناومانەوە**

**دڵۆپ کەوتە ناومانەوە**

**تەماشاکەن! لەوساکەوە**

**پریشک چۆن بوو بەم ئاگرە و**

**دڵۆپ چۆن بوو بەم زەریایە و**

**تەماشاکەن!**

**ئاو و ئاگر بەیەکەوە**

**هەتاکو کوێ تەنینەوە!** (بۆننامە: ۲۳)

## سێیەم: مەبەستی کۆمەڵایەتی

شاعیران هەمیشە دیدە ڕەخنەییەکانیان لە ڕێگەی شیعرەوە ئاڕاستەی کۆمەڵ کردووە، خەمێکی گەورەی شاعیران هۆشیارکردنەوەی کۆمەڵە لە ئاریشە و نەریتە تەقلیدی و ناباوەکان، مەبەستیان بووە دیاردە کۆمەڵایەتییە ناجۆر و خواستراوەکان بەرباس بدەن، لەو کۆمەڵگایانەی وا شاعیر ناتوانێت ڕاستەوخۆ ڕەخنە کۆمەڵایەتییەکانی ئاراستە بکات، پەنا دەباتە بەر هێما.

شێرکۆ بێکەس، شاعیرێکە چون (فایەق بێکەس)ی باوکی یەکبین و هۆشیارانە دیاردە کۆمەڵایەتییە ڕواڵەتییەکانی بەرباس داوە و ڕەخنەی کردوون، هێندە دەستەواژە و وشەی لەم ڕووەوە بەکار بردووە کە دەکرێت وەک هێمایەکی گەورەی داکۆکی لە دادوەریی کۆمەڵایەتی و هێنانەئارای یەکسانیی کۆمەڵایەتی بەکار بهێنرێت. هەڵوێستەکانی هەر لە زووەوە و لە سەروەختی ڕوانگە و دەنگهەڵبڕینی بەتایبەتی بۆ ئازادیی ژنان و دۆزی ژنان وەک دیاریدەیەکی کۆمەڵایەتیی باشترین بەڵگەن، دواتریش کە بە دەنگێکی ڕاشکاوانە و بەرزەوە هاواری کرد: **"من لە ئێستاوە شێرکۆی شەفیقەم"،** نموونەیەکی تری باڵا و زیندووی هەڵوێستەکانی شێرکۆ بێکەسە بۆ بەگژداچوونەوەی نیشتمانی پیاو و بەرەنگاربوونەوەی باوکسالاری لە کۆمەڵگەیەکدا، کە لەسەر بنچینەی پێناسەکردنی پیاوانە هەنگاوی ناوە. ئەمەی بە تایبەتیتر لە دەقی والای ملوانکەدا دەبینرێت، کە تایبەت بۆ ئافرەت و دۆزی ئافرەت نووسیوە و دەڵێت:

***لێرە بۆ پیاوەتیی خۆشە***

***لە هیچ بۆنەیەکدا***

***لە چونەژوورەوەدا***

***لە هاتنەدەرەوەدا***

***ژن پێش خۆی بخات***

***تەنها لە یەک وەختا نەبێت***

***کە ئەم بەدار ڕاوی بنێ و***

***ئەویش لە پێشەوە ڕاکات!*** (کتێبی ملوانکە: ٨٢)

شێرکۆ بێکەس بە تەنز و هاوکات بەکەسەر و داخیشەوە، لە ڕێگەی هێمایەکی واتاییی کەلتووری و کۆمەڵایەتیی پیاوسالارییەوە، کە لە هەموو بۆنەیەکدا لە چوونەژوورە و هاتنەودەرەوەدا دەبێت پیاو پێش ژن بکەوێت، تەنها لە یەککاتدا نەبێت، ئەویش کە ئەم بەدار ڕاوی بنێت و ئەویش لە پێشییەوە ڕابکات.

لە دەقی والای (کورسی)شدا، لە زۆر شوێندا شێرکۆ بێکەس وەک شانۆنامەیەک دەینووسێتەوە و لە گفتوگۆی نێوان (ڕووناک) و (نەوزاد)ی مێردیدا، بێزاریی (ڕووناک) لە زەبروزەنگی (نەوزاد) وەک

نوێنەری پیاوسالاریی دەتەقێتەوە و ڕووبەڕووی کەلتوور و یاسا ئاینییەکان دەبێتەوە و ڕوو دەکاتە شاخ، شاعیر لە ڕێگەی هێماوە ئەمە دەردەبڕێت و دەنووسێت:

*لە ناو چەپکێ ڕووناکییدا، ڕووناک و نەوزادی مێردی دەردەکەون:*

*ڕووناک: (بەپێوە وەستاوە و بە تووڕەییەوە ڕووی لەنەوزادە)*

*تەواو. تەواو.*

*من ئیتر عەیبەی خەڵکی ئەخەمە ئەو تەنەکەی خۆڵەوە.*

*ئەوەی پێی ئەوترێ ئارامگرتن وەک پەتی پچڕاو هەرگیز گرێشی نادەمەوە.*

*من لە ئیستەوە ئازادم.*

*لە ئیستەوە من ئیتر لە قامچییەکانت و زەبروزەنگت بێدەنگ نابم.*

*تەواو.*

*ماڵت بۆ بەجێ ئەهێڵم، بەڵام من تۆ تەڵاق ئەدەم، تێگەیشتی.*

*من تۆ تەڵاق ئەدەم.*

*تەواو. تەواو. تەواو.* (کورسی: ١٤٠)

شاعیر لە ڕێی دەستەواژەی هێمای (عەیبە خستنە نێو تەنەکەی خۆڵەوە) وەک هێمای گوێنەگرتن و دەرۆستنەهاتنی قسەی خەڵکی و کولتووری ئارامگرتنی (ڕووناک) وەک نوێنەری ژنان، ژنانێک کە دانبەخۆیاندا دەگرن لە پێناو ناوناتۆرە و قسەلۆکی خەڵکی بەر نەشتەر دەدات، بە دیوێکی تردا (ڕووناک) هێما و نوێنەری ژنانی ئازا و ئازاد کە خۆی ڕێگەی خۆی ڕووناک دەکاتەوە و لە قامچی پیاو هەڵدێت (قامچی- هێمای ئاراستەکردنی بەزۆر و ڕێککردنەوە دێت لە ڕێی لێدانەوە).

## چوارم: مەبەستی ڕۆشنبیری و کۆزانیاری

یەکێک لە مەبەستە دیارەکانی بەکاربردنی هێما لە دەقدا، پیشاندان و خستنەڕووی ئاستی ڕۆشنبیریی خودی شاعیر و و ئەدیبان و نووسەرانە، بەڵگەی هۆشیاری و گەورەیی پاشخانە مەعریفییەکەیانە، مەبەستیان لە دەرخستنی پاشخانە ڕۆشنبیری و ئەدەبی و زمانی و کەلتووری و نەتەوەیی و ئاینی و مێژوویی و کۆمەڵایەتییەکەیانە.

ڕۆشنبیری، پێودانگێکیە لە پێودانگەکانی شاعیرێتی، ڕاستە شیعر بە پلەی یەکەم زمانێکی ئیستاتیکی و باڵا و پڕ هێما و خوازە و ئیحایە، دواجار ئەم زمانە جیاوازە پێویستی بە خوێندنەوە و وەرگرتنی ئەزموونی شیعری ئەوانی تر هەیە، لە ڕێگەی شیعرەوە شاعیر پەیام و بیرە جیاوازەکانی خۆی دەگەیەنێت، شاعیر تا ڕۆشنبیرتر بێت، بەشداریی زیاترە و و ڕەخنەی لەجێی خۆیدا دەبێت و قسەی جیاوازتری پێ دەبێت.

لە ڕێگەی بەکاربردنی هێما جیاواز و فرە چەشنەکانەوە توانا و توانستەکانی ڕۆشنبیریی شێرکۆ بێکەسمان بۆ دەردەکەوێت، ڕەگی ئەم کۆزانیارییانە دەگەڕێتەوە بۆ ئاگاداربوونی شاعیر سەبارەت بە ئەدەبیاتی عەرەبی و بیانی لەڕێگەی خوێندنەوەی چڕەوە، بۆ نموونە لەم پارچەشیعرەدا دەڵێت:

***برووسکەیەک.. پەلە نییە.. شیعریش نییە.***
***بە ناوی هەڵەبجە و پێنجەزار «مانگ»ەوە***
***بە ناوی مەولەوی و پێنجەزار گوڵەوە.***
***بە ناوی گۆران و پێنجەزار کۆترەوە،***
***بۆ زانا بلیمەتەکانی: وڵاتی پوشکین، وڵاتی جاک لەندن.***
***وڵاتی بایرۆن، وڵاتی جان دارک، وڵاتی بسمارک.***
***وڵاتی گاریباڵدی، وڵاتی ڤان کوخ.. وڵاتی.. وڵاتی.. وڵاتی***
***سوپاس بۆ ئەو دیارییەی کە بە کۆمەڵ***
***سەرلەبەیانیی ڕۆژی ١٦/٣/١٩٨٨ لەڕێگەی بەغداوە***
***بۆ گوڵ و کۆتر و منداڵ و***
***شیعری کوردستانتان ناردبوو*** (دەربەندی پەپوولە: ٥١)

شێرکۆ بێکەس لە ڕێگەی برووسکەیەکەوە، پەیامێک بۆ وڵاتە زلهێز و هەژمووندارەکانی جیهان، دەنێرێت. وەک ساتیرێک سوپاسی بێدەنگی و بەدەنگەوەنەهاتنی ئەو وڵاتانە دەکات، کە دیارییەکی ژەهراوییان لە ڕێگەی بەغداوە بۆ قوربانیانی چون گوڵ و کۆتر و شیعری هەڵەبجە ناردووە. هەڵبەت لێرەدا شێرکۆ ناوی هیچ کام لەو وڵاتانە ناهێنێت و لە ڕێی هێما و ئاماژەوە بە ناڕاستەوخۆیی ناوی شاعیر و نووسەر و ڕۆمانووس و وێنەکێش و شۆڕگێڕ و سەرۆکی ئەو وڵاتانە دەبات، لێرەدا هۆشیاری و ڕۆشنبیری و پاشخانی مەعریفیی شێرکۆمان بۆ دەردەکەوێت. لێرەدا ناوی ئەو وڵاتانە دەنووسین کە شاعیر لە ڕێگەی ئەو کەسایەتییانەوە هێما و ئاماژەی بۆ کردوون و مەبەستی بووە:

وڵاتی پوشکین: هێما و ئاماژەیە بۆ ڕووسیا، ئەلیکساندەر پوشکین (١٧٩٩-١٨٣٧) شاعیر و ڕۆماننووس و شانۆنامەنووسی گەورەی ڕووسیایی.

وڵاتی جاک: لەندەن هێما و ئاماژەیە بۆ ئەمریکا، جاک لەندەن (١٨٧٦-١٩١٦) ڕۆماننوسی دیاری ئەمریکایی.

وڵاتی بایرۆن: هێما و ئاماژەیە بۆ بەریتانیا، لۆرد بایرۆن (١٧٨٨-١٨٢٤) شاعیری دیاری ئینگلیز.

وڵاتی جان دارک: هێما و ئاماژەیە بۆ فەڕەنسا، جان دارک (١٤١٢-١٤٣١) یان خاتوونی ئۆرلیان، کە لە فەڕەنسا بە قارەمانی نەتەوەیی دەژمێردرێت، بەو هۆیەی فەڕەنسای لە دەستی بەریتانیا ڕزگار کردووە.

ولاتی بسمارک: هێما و ئاماژەیە بۆ ئەڵمانیا، ئۆتۆ ڤۆن بسمارک (١٨١٥-١٨٩١) یەکێک لە سەرۆکە نەتەوەییە دیارەکانی ئەڵمانیا، کە توانی هۆزەکانی ئەڵمانیا یەک بخات.

ولاتی گاریباڵدی: هێما و ئاماژەیە بۆ ئیتاڵیا، جۆسیپی گاربیاڵدی (١٨٠٧ -١٨٨٢) شۆڕشگێڕی ناوداری ئیتاڵیایی، کە خەونی ڕزگاری و یەکێتیی ئیتاڵیا بوو.

ولاتی ڤان کوخ: هێما و ئاماژەیە بۆ هۆڵنەدا، ڤینسنت ڤان کوخ (١٨٥٣-١٨٩٠) وێنەکێشی تەعبیریی دیاری هۆڵەندا و جیهان.

لە شیعرێکی دیکەدا و لە دەقی والای (خاچ و مار و ڕۆژژمێری شاعیرێ)کدا، شێرکۆ بێکەس لە وەسفی (بەغدا)دا و لە باسی یادگارییەکانی خۆیدا لەو شارەدا، پەیوەست بەو شارەوە و پەیوەست بە ڕەگ و مێژووی خۆشییەوە، کۆمەڵە هێمایەک بەرباس دەدات، ، تێیدا پاشخانی ڕۆشنبیری خۆی دەسەلمێنێت، کە ئاگاداری هێمای مێژوو و کەسێتییەکانییەتی، هێماکانی دەوروبەری بەغدا، وەک هێماکانی (شەهرەزاد و شەهرەیار) کچەی چیرۆکگێڕەرەوە و پاشا، لە چیرۆکی هەزار و یەکشەوەدا، ئەم کۆمەڵە چیرۆکە لە سەردەمی خەلیفە (هارونە ڕەشید)دا، لەشاری بەغداد ڕووی داوە. هەروەها بوونی (کەنیزەکەکانی خەلیفە) و بەرباسدانی هێمای شاعیرێکی دیاری عێراقی (بەدر شاکر سەیاب) و (جیکۆر)ی گوند و زادگای شاعیر، کە بۆ ماوەیەکی زۆر لە (بەغدا)دا ژیاوە.

بە دەوری خۆشیدا هێما دیارەکانی وەک (ئاگری گاتاکان) و (میدییەکان) و (شاخ) و (شیعر)، کە هێمان بۆ خۆیی و مێژووی دێرینی کورد، دەهێنێتەوە. تێیدا دەڵێت:

***ئەی بەغدای ئاو و ئەستێرە و وشەی باڵدار!***

***ئەوە چەند وەرزی نامۆیی و چەند سیاساڵ تێئەپەڕێ***

***بەسەر یادی یەکەم ماچی نێوان تەنیاییم و دیجلەی تۆدا؟!***

***ئەوە چەند خولی مانگی شیعرمە***

***کە بە دەوری شەوەکانی شەهرەیار و شەهرەزاددا ئەخولێتەوە؟!***

***من مۆزەخانەی سالانتم***

***من بەردەیادی نووسراو و***

***تازەترین گۆزەی خەم و مەراقتم***

***مۆزەخانەم بۆ چاوانێ گریانی بەرد و دەستخەتی***

***شاخەکانم وەکوو خۆی ئەخوێنێتەوە***

***لە هێماکانی کۆڵینی سەر دیواری ئەم غوربەتە***

***کۆنەم ئەگەن***

***لە سێبەری شوێنەوارە پەرتەکاندا***

***تیر و نێچیر، من و تەور***

***لە یەکتر جوێ ئەکەنەوە!***
***سیمای دوێنێی فریشتەکەی بەر ئاگری گاتاکانم***
***ئەناسنەوە، دەزگیرانە میدییەکەی من، کە لەو***
***سووچەدا وەستاوە، نایکەن بە هاوسەری کۆرش و***
***بە کەنیزەکی خەلیفە و پەچەیشی پێ ناگرنەوە.***
...
***من بۆ ئەوەی ببمە هاودەمی نامۆیی و***
***دۆستی نزیکی تەنیایی***
***هەموو ڕۆژێک سەرێک لە شیعری سەیاب و جیکۆر ئەدەم.*** (خاچ و مار و ڕۆژژمێری شاعیرێ: ١٣٥ ).

## پێنجەم: مەبەستی دەروونی

دەربڕینی دەروون و شیعر دوانەیەکی دانەبڕاون، شیعر و ئەدەبیات جێگە و پێگەی دۆخە دەروونییەکانە. (تێکستی ئەدەبی لای زانا دەروونییەکان و ڕەخنەگرانی ئەدەب، بریتییە لە خەزێنەیەکی گەورەی بابەت و هێما، ئەمانە لە ڕاستیدا چەند کلیلێکی گرنگن بۆ کردنەوەی کۆد و نهێنییەکانی تێکست، خودی ئەدەبیش خەزێنەیەکی دەوڵەمەندە لە مانا و دەلالەت کە ئاماژە بۆ ژیانی نائاگایی مرۆڤ دەکەن) (ئەسوەد ٢٠١٥: ٢٤٣).

(د.بەسام قطوس)یش لە پەرتووکی (دەروازەیەک بۆ میتۆدەکانی ڕەخنەی هاوچەرخ)، لە بەشی میتۆدی دەروونییدا لەم ڕووەوە دەڵێت: ((لەوانەیە ئاسان نەبێت، ئەدەبێک پێکبێت، بەبێ ئەوەی ئەو ئەدەبە بەشێک نەبێت لە دەروونی خاوەنەکەی، یان بەلایەنی کەمەوە بەشێک نەبێت لە هەستی ئەدیب بەرانبەر ئەو شتانەی لە دەورووبەریدا هەن، ئەمەش واتای ئەوەیە بەرهەمی ئەدەبی پێش هەمووشتێک بەرهەمی دەروونێکی مرۆییە. بەو پێیەی ژیانی ئەقڵییش دوو جۆرە، ئەقڵی دیار(هەست) و ئەقڵی ناوەکی و نادیار (نەست)، زۆر جاریش ئەقڵی دیار بەرهەمی ئەقڵی ناوەکی و نەستییە، لە هەناویشیدا بەرهەمی ئەدەبیش بەرئەنجام و هاوکاتیش لە ژێر کاریگەریی ئەو نەستەدایە)) (قطوس ٢٠١١: ٦١).

لای (فرۆید) و (یۆنگ) کانگای داهێنان بریتییە لە نائاگایی، لای فرۆید ئەم نائاگاییە بریتییە لە نائاگایی تاکەکەس، لای (یۆنگ)یش بریتییە لە نائاگایی کۆ، بەرهەمی ئەدەبی و هونەری لای (یۆنگ) تێکەڵەیەکە لە ئاگایی فەردیی داهێنەر و ئەو نائاگاییە جەماعییەی لە کولتوور و کەلەپووری کۆدا خەزن کراوە، لەمەشدا ژمارەیەکی بێشومار کۆد و هێمای زیندوو هەیە، کە شاعیر و نووسەر بۆ ورووژاندنی هەستەکان و بۆ گوزارشتکردن لە ئاگایی کۆمەڵگە بەکاری دەهێنن (ئەسوەد ٢٠١٥:

٢٤٨). ئەرکێکی میتۆدی ڕەخنەی دەروونشیکاریش گەڕانە بە دوای هۆکاری نووسینی دەق لە ژیان و دەروونی نووسەردا، لەوێوە هەوڵی کەشفکردنی ئەو پاڵنەرانە دەدەن، کە بوونەتە هۆ و هەوێنی نووسینی ئەو دەقە، واتا لە ژیان و دەروونی نووسەرەوە بۆ دەق دەچن، بۆ نموونە (فرۆید) شانۆی(هاملێت)ی شکسپیر بە ژیان و خودی شکسپیر دادەنێت. هەر ئەم میتۆدە ڕای وایە نووسەر ئارەزووەکانی لە شێوەی هێمادا لە نووسینی دەقدا دەخاتە ڕوو (مەنتک ٢٠١٨: ٨٢).

هێماش ئەو پانتاییە لەبەردەم ئەدیبدا دەکاتەوە، کە ئارەزوو و دۆخە دەروونییەکانی لە ڕێگەی ئەوەوە دەرببڕێت، دەربڕینی دۆخە دەروونییەکان لە ڕێگەی هێماوە هەزارلۆ و پێچاوپێچە و هونەریانەتر و شیعرییانەتر دەردەکەون، هێزی دەربڕین جیاوازتر دەکەوێتەوە لێرەدا، بەو مانایەی شاعیر ناڕاستەوخۆ بارە دەروونیەکانی دەردەبڕێت. لای شێرکۆ بێکەسی شاعیر دەربڕینی دۆخە دەروونییەکان لە ڕێگەی هێماوە بەربڵاوە، لە کۆی دەقە والآکان و تەنانەت دەقەجیاوازەکانی تریدا بەرچاون.

بۆ نموونە لە دەقی والآی (خاچ و مار و ڕۆژژمێری شاعیریٚ)دا، لەڕێی هێماگەلێکەوە مەبەستە دەروونییەکانی نێو نەستی خۆی دەکێشێت و دەڵێت:

***تۆ پیاسەی شیعرێکی ڕیشهاتووی***
***تۆ باخی مەراقی ئەم شارەی.***
***تۆ چوویتە کۆلانی دووکەڵ و***
***ناو چڕە تووترکی ئەشکەنجەی خەڵکەوە و***
***ئەپرسی: نیشتمان بەردە یان ڕووبار؟!***
***نیشتیمان دایکمە یان باڵندەی نزارە؟!***
***نیشتمان خوێنە یان هاوارە؟!***
***نیشتمان شیعرە یان خەونێکی هەوارە؟!***
***ئەتپرسی: ئەم عەشقە لە کوێوە هاتە ناو لەشمەوە و***
***لە کەیدا هەڵقولیٚ؟!***
***خاچێکی ڕیشهاتووم***
***خەریکە یەکەمین هۆنراوەم پیٚ ئەگریٚ.***
***وا ئیستە دەوەنی وشەی من خەریکە***
***وەک باڵای ئەرخەوان هەڵبچیٚ و***
***ئەرخەوان باڵ بگریٚ.*** (خاچ و مار و ڕۆژژمێری شاعیریٚ: ٧٧)

لێرەدا شاعیر بە گێڕانەوەی سەربووردەی ژیانی خۆی و تاقیکردنەوەی شیعری و مۆتیڤی شیعرەکانی، کە پڕبووە لە خەمی نیشتیمان و شار و خەمی لە کۆڵنانی ئازارێک، کە وەک خاچ بە

کۆلیەوەیەتی، ڕوو دەکاتە خۆی و هێما دەروونییەکانی (شیعرێکی ڕیشهاتوو) هێمایە بۆ خەم، (باخی مەراق) هێمایە بۆ زۆری مەراق، (کۆلانی دووکەڵ) هێمای ڕێگەی تاریک، (خاچێکی ڕیشهاتوو) هێمای ئازار و چڕە تووترکی ئەشکەنجە (ئەشکەنجەی دەرکاوی)، وێنا کردووە. دەبینین شاعیر دوای هەموو ئەم ئازار و مەراق و خەمە چڵچڵ و چقڵاویانە هێشتا پرسیاریان لە نیشتیمان لەبیر نەبردووەتەوە.

لە دەقێکی دیکەدا شاعیر، بارە دەروونییەکەی خۆی لە وێنای (با)دا بەرجەستە دەکات، بایەکی شێت، با هێمای ناجێگیری و شوێنبەخۆنەگرتنە، جارێک ئەبێت بە شیعر، بەڵام مەست، جارێکی تر بە چیرۆک، چیرۆکێکی پشتکۆماوەی ناو خەڵوەتێکی سۆفیانە، دەبێتە پەخشانێکی بێماڵ و دواجاریش بە شانۆی گەڵاڕێزان، ئەم جێبەخۆنەگرتنە دەروونییە لای شێرکۆ بێکەس لە ئاستی فۆرمی بەرهەمەکانیشیدا ڕەنگی داوەتەوە و دەقی والای لێ بەرهەم هاتووە، کە دەقێکی فرەفۆرم و فرەژانرە، لە شیعرەکەدا دەڵێت:

***منی نووسەری ئەم دەقە دێرزەمانە***
***لەم شارەدا چون "با"یەکی شێتوویێتی***
***پێخاوسی شەرواڵدڕاوی سەرگەردان***
***دێم و دەچم و جارێک ئەبم بە شێعرێکی***
***مەست و سەرخۆشی مەیخانە و***
***جارێکی دی ئەبم بە چیرۆکێکی کۆماوەی ناو خەڵوەتێکی سۆفیانە و***
***یان بە گوناحی بێدالدە و***
***یان بە پەخشانی بێماڵی ئەو دەشتانە و***
***یان بە شانۆی گەڵارێزان.***
***تەنیاییشم قەلەباچکەیەکە لاواز ملڕووتاوە***
***هەموو ڕۆژێ لە چایخانەیەکی بچووکی هەلمدود[18]***
***لە سەر کورسییەکی ماندوو***
***لە سەر کورسییەکی تاکی گۆشەگیری بەساڵاچوو***
***هەڵئەنیشێ و دائەنیشێ و***
***دەستی مەراق ئەخاتە ژێر چەنەی یاد و***
***یەک لە دوای یەک وەک سیگار تەم ئەکێشێ و***
***کورسی ئەکەوێتە قسە و***
***دووکەڵیشم بە زمانی خۆڵەمێشیی***

[18] شێ و تەڕایی زۆر.

***لە سەر دەرگا بێ یان دیوار***
***هەرچی ئەو بیڵێ ئەینووسێ*** (کورسی: ١٥).

لە پارچەشیعرێکی دیکەدا وێنەگەلێکی هێمایی مەبەستدار دەکێشێت و نەستی خۆی ئاوەڵا دەکات، کە هەمیشە بە دوای نوێگەرییەوەیە و ڕۆژانە مژۆڵیەتی و لە نێو ناخودئاگای خۆیدا ناڕاستەوخۆ ئاگایی خۆی پێش خوێنەر و ڕەخنەگر دەخات (بە تایبەتیی بۆ تراجیدیایەکی وەک هەڵەبجە پێویستی بە ئاسمانی شیعری نوێ هەیە بۆ بینینی ئەم مەرگەساتە). دەڵێت:

***منیش نیازمە، ئەم گۆزەیەی سەروملم تێک بەمەوە.***
***جارێکی دی بیشێلمەوە***
***لەبەر ئەوەی ماوەیەکە، ئاوی خەیاڵی لێ ئەچێ.***
***شیعرەکانم فێنک ناکا و وشەیشی پێوە ناوەستێ.***
***منیش نیازمە، گردۆڵکەیەکی چەپەکی ناو دەروونم***
***بکەم بە گۆڕستانی هەموو بەرهەمە مردووەکانم.***
***نیازم نییە گۆڕەکانیان بۆ هەڵبەستم.***
***یاخود لەسەر کێلەکانیان هیچ بنووسم.***
***نیازم وایە ئیتر ئەستێرەی یادگار***
***لە کلۆری هیچ دارێکی زڕ[١٩]ی خەڵکا نەشارمەوە.***
***نیازم وایە، من لە ساکۆ[٢٠]ی ئەم مەڕمەڕی ڕەشی شەوە***
***پەیژەی هەتاو دابتاشم.***
***نیازم وایە بۆ ئەم فڕینە تازانە***
***ئاسمانی نوێ، شەقڵی نوێ، بدۆزمەوە*** (دەربەندی پەپوولە: ٥٦)

لێرەدا شاعیر سەروملی خۆی چواندووە بە (گۆزە)، (گۆزە) هێمای خەزنکردن و هەڵگرتن دێت بۆ داهاتوو، (تێکدانەوەی ئەم گۆزەیە و شێلانەوەی) کە هێمایەکی دەروونییە و شاعیر هێما بۆ خۆدووبارەنەکردنەوەی ئەزموونی شیعریی خۆی دەکات و هەست دەکات ئاوی خەیاڵی لێ دەتکێت و گۆزە کۆنەکەی سەری شیعرەکانی فێنک ناکات. شاعیر بونیادگەرانە لە ڕێگەی کێڵگەی وشەکانی گۆزەوە، کە بریتین لە لێکسیمە واتاییەکانی (شێلانەوە، ئاولێچکان، فێنککردن، ئاوپێوەنەوەستان) و لەبەرانبەریشدا کێڵگە وشەییەکانی سەری خۆیشی بەلێکسیمەکانی وەک (خەیاڵ، شیعر، وشە) دەورە داوە، بەجۆرێک تێکەڵی کردوون وماتیماتیکیانە لێکی داون، کە دەتوانین لەم دیوەوە هەناوی زیوین و ناسکی ئێستاتیکای زمانی کوردی ببینین و بەر شیعرییەت و وێنە بکەوین، هێند جوان یاریی بە

[١٩] درەختی بێ بەر.
[٢٠] کێوێک کە بەرد و داری پێوە نەبێت.

وشەكان كردووە، ئەو بەراوردەی ڕەخنەگری ڕۆمانی (كۆنتلیان)مان بیر دەكەوێتەوە كە دەڵێت: ((باشی و خراپیی دەقە ئەدەبییەكان دەبەسترێتەوە بەوەی كە تاچەند خاوەنەكانیان توانای یاریكردنییان بە وشە هەیە، كە كەرەستەی سەرەكی هەر دەقێك پێك دێنن)) (ئیبراهیم ٢٠١٢: ١٦).

دەتوانین هێڵكاری كێڵگە وشەییەكانی سەری شاعیر و گۆزە و نزیككردنەوەی هەردووكیان بە دەستەواژەكانی ناوەڕاستیان، بەم شێوەیە بكێشین:

**سەر و ملی شاعیر　　　لێكدانی هەردووكیان　　　گۆزە**

**خەیاڵ --------- ئاوی خەیاڵی لێ ئەچێ --------- ئاولێچوون**

**شیعر-----------شیعرەكانم فێنك ناكا-----------فێنكنەكردن**

**وشە ---------وشەیشی پێوە ناوەستێ---------ئاوپێوەنەوەستان**

بەدواشیدا وێنەیەكی دیكەی هێمایی دەروونی بە هەمان ڕیتم دووبارە كردووەتەوە و وێنەی گردۆڵكەیەكی چەپەكی ناو دەروونی خۆی (هێمای نەچوونەوەسەر و فەرامۆشكردن دێت) كردووەتە (گۆڕستان) و گۆڕ بۆ بەرهەمەكانی هەڵبەستێت (لێرەدا هونەرێكی ناسكی پۆشینی هەڵبەستنی گۆڕ و هەڵبەستنی هۆنراوە و بەرهەمەكانی هێناوەتەوە)، بەدەوری لێكسیمی (گۆڕستان)دا، لێكسیمەكانی وەك (مردوو، گۆڕ، كێل، هەڵبەستن) دەهێنێتەوە. لێرەدا شاعیر لەبارەی شیعر و بەرهەمەكانی خۆیەوە دەدوێت لەهەمبەر ئەم كارەساتی هەڵەبجەدا و درك بەوە دەكات، كە ئەم جۆرە زام و كەسەر و ئاهانە، وشە و خەیاڵ و پێنووس و دنیابینی نوێتری دەوێت، سا شاعیر وتەنی لەم مەرمەڕی ڕەشی شەوەوە دەبێت پەیژەی هەتاو دابتاشرێت و بۆ ئەم فڕینە نوێیە ئاسمانی نوێ و شەقڵی نوێ بدۆزرێتەوە.

# بەشی سێیەم
# جۆرەکانی هێما لە دەقەواڵاکانی شێرکۆ بێکەسدا

## یەکەم: هێمای ئەفسانەیی

ئەفسانە، بیروباوەڕی مرۆڤ و کۆمەڵگە سەرەتاییەکانمان بۆ وێنا دەکات، دەربڕی یەکەمین هۆشیاریی مرۆڤە سەبارەت بە جیهانی دەورووبەر، تیایدا ویستوویەتی ڕاڤەی فەزای ئەوکاتی خۆی پێ بکات، ئەندازەی تێگەیشتنی مرۆڤە بۆ گەردوون، بەم دەستنێژە مەبەستی بووە ئارێشە دەروونییەکانی خۆی پێ سارد بکاتەوە و ئەهوەن ببێتەوە، گەر گەرەکمان بێت لە ڕوانگەی ئەفسانەناسییەوە پێناسەی ئەم دیاردەیە بکەین، ئەوا دەیان ڕێباز و ڕوانگە هەن، هەن بە نەخۆشی و هەڵبەزودابەزیی دەروونی گەلانی سەرەتایی ناوبردە دەکەن، هەیە بە یەکبوونی نەتەوەیی و هەشە بە کارلێکی دیالەکتیکی بیر و ئەندێشەی گەل، لێ ئێمە لاتراسکە لەوە دەبەستین و بە کورتی بەسەری دەکەینەوە.

(میرچا ئیلیادە) (Mircea Eliade ) (١٩٨٦-١٩٠٧)، لێکۆڵەر و ڕۆماننووسی ڕۆمانیایی، بە چیرۆکی پیرۆزی شوێنکاتی ئەزەل و سەرەتایی ناوبردە کردووە. ئەو پێی وایە ئەفسانەکان مێژوویەکی پیرۆز دەگێڕنەوە. ڕووداوێکی ئەزەلیی دەگێڕنەوە و یان هەمان کاتی ئەفسانەیی و سەرەتاکان، پێمان دەڵێت چۆن بە دەستوێژ و بەرئەنجامی کردەی بانسرووشتی واقیعێک داکەوتووە (الیادە ١٣٩٦: ١٩) ئەم ڕامانە پێوەندییەکی تۆکمەی بە شێوە ژیانی کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی و ئاینی گەلەوە هەیە. لەوانەشە هەر شێوەی ژیانی ئابووری و کۆمەڵایەتی بەرهۆی چێکردنی ئەفسانە و ڕامانی ئەفسانەییی گەل بێت.) کۆمەڵناسی بەناوبانگی فەرەنسی (ئەمیل دۆرکاهیم)(١٨٥٨-١٩١٧)، پێی وایەئەفسانە نیشاندەری ئەو ئاگاییە گشتی و باوەڕ و بەهایانەن وا تاک لە ڕێیانەوە کۆمەڵایەتی دەبێتەوە. ئەم ئاگاییە گشتییە پارێزەری کۆمەڵی ناپیشەسازی و پیشەسازییە و یەکپارچەییان دەپارێزێت و ڕێگری لە هەڕۆژانیان دەکات) (ئیبراهیم ١٣٩٩: ٧٤).

(د.مەولوود ئیبراهیم حەسەن) وەک توێژەر و ئەکادیمییەکی دیاری کورد، کە لە بواری ئەفسانەدا قاڵ بووەتەوە، ڕای وایە (ئەفسانە بەرهەمی لەمێژینەی هەموو مرۆڤایەتییە و بەرهەمێکی هەمەلایەنەیە و لە ئەنجامی پێداویستییەکانی ژیان و ئارەزووە لەبنەهاتووەکانی مرۆڤەوە کەڵەکەی کردووە و کۆبووەتەوە و گەیشتووەتە ئەمڕۆ، لەو ڕۆژەوە مرۆڤ چاوی کراوەتەوە و بیری کردووەتەوە و زمانی پژاوە، ئەفسانەش بەشێوە سەرەتاییەکەی خزاوەتە ناو بیرکردنەوەی) (حەسەن ٢٠٠٧: ٦٠).

لەبارەی پێوەندی نێوان ئەفسانە و شیعریشەوە (ڤیکتۆر شکلوفسکی-١٨٩٣- ١٩٨٤) دەڵێت: (ئەفسانە شێوەی یەکەمی شیعرە، ئەوەش لە سەر ئەوەی، کە دەڵێت هۆکاری سەرهەڵدانی ئەفسانە هەمان هۆکاری سەرهەڵدانی شیعرە، کە هەردووکیان وەڵامدەرەوەی بیر و ئاوەز و دەروونی مرۆڤن، لەبارەی پەیوەندی نێوان ئەفسانە و ئەدەبیش دکتۆر (نزال صالح) دەڵێت: ((ئەفسانە جۆرێکە لە جۆرەکانی چالاکی فیکری، ئەمە لەو ڕووەوە دەگاتە ئەدەب کە چالاکییەکی فیکرییە. هەروەها هەردوو لەیەک لایەنەوە دەگەنە یەک، ئەویش بەدیهێنانی هاوسەنگییە لە نێوان مرۆڤ و دەوروبەریدا)) (ئیبراهیم ٢٠١٥: ٧٤). (د. پەخشان سابیر حەمەد)یش سەبارەت بە پەیوەندی نێوان ئەفسانە و هێما لە تێزی دکتۆراکەیدا، دەنووسێت: ((ئەفسانە هەمیشە بە هێماوە بەستراوەتەوە و زۆربەی کات بەیەکەوە ناویان دەهێنرێت، چونکە کانگایەکی دەوڵەمەندی دەلالەتە ڕەمزییەکانە، کە شاعیری سەردەم دەتوانێت تاقیکردنەوەکانی خۆی بەهۆیەوە دەوڵەمەنتر بکات و وایان لێ بکات بۆ ژیان و مانەوەی زیاتر بشێن، هەروەها دەڵێت: (ئەلبێر کامۆ) (albert camus –١٩١٣-١٩٦٠) چونکە لە بنەتاوە زمانی ئەفسانەیی بە زمانی سرووشت و نوخبەیەکی ئاینی و کۆمەڵایەتی ناودێر کراوە. ئەو ئاماژەی بەوەش کردووە، کە ئەفسانە وەک خودی خۆی لەگۆڕێ نییە، هێندەی چاوەڕوانمان دەکات، کە دووبارە بەرجەستەی بکەینەوە، واتە ئەفسانە دەلالەتێکی ڕەمزی حەشاردراوی تێدایە، هەر کاتێک شاعیر ئەم دەلالەتەی دۆزییەوە، چالاک دەبێت)) (حەمەد ٢٠١٢: ٢١٣).

ئامانجی بەکارهێنانی ئەفسانە وەکو هێمایەک لەلایەن شاعیری هاوچەرخیشەوە، بریتییە لە بەدیهێنانی خودێتییە چەسپێنراوەکەی و باسکردنی لە ترسناکترین مەسەلە و پێشکەشکردنی ئەڵتەرناتیڤێک بۆ جیهانی ئەمڕۆی پڕ لە دژایەتی بە شێوەیەکی کاریگەر لەسەر دەروونی وەرگر، بۆ ئەوەی هەوڵ بدات لەگەڵیدا پێکهاتەیەکی جیهانێکی باشتر بنیات بنێت (سەرچاوەی پێشوو: ٢١٦).

گرنگی بەکاربردنی ئەفسانە و هێما ئەفسانەییەکان لە شیعردا لەوەوە سەرچاوە دەگرێت، ((کە هێما ئەفسانەییەکان وێنەیەکی هەستی درووست دەکەن، کە بەرهەمهێنی واتایە و تیایدا جێگیرە و گرنگی ئەفسانە لەو ئامادەبوونەوە سەرچاوە دەگرێت، کە لە ڕۆشنبیری گشتیدا هەیەتی و ڕەنگدانەوەی نواندنێکە لە نەستی گشتیدا، کەوا لە ئامادەبوونی دەکات دۆخێکی خەیاڵی و ویژدانی و دەلالەتی هێمایی پێ ببەخشێت، ئەم هێما ئەفسانەییانەش لە کۆمەڵگەیەکەوە بۆ کۆمەڵگەیەکی تر بەپێی کولتوور و ئاستی ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتی دەگۆڕێن، زۆر جار ئامادەبوونی ئەم هێما ئەفسانەییانە لە نێو کۆمەڵگە جیاوازەکاندا دووبارە دەبێتەوە، ئەمەش لە ڕوانگەی شتێکی هاوبەش و پەیوەندی نێوان کۆمەڵگاکان)) (قادر ٢٠١١: ١١٢).

(د.عادل گەرمیانی)یش لە نامەی دکتۆراکەیدا دەڵێت: ((بە کارهێنانی هێما ئەفسانەییەکان لەنێو وێنە شیعرییە بابەتییەکاندا تەمومژییەک بە جیهانی هۆنراوەکە دەبەخشێ، بەڵام ئەگەر پەیامی وەرگرەکە خاوەن ئاستێکی باش بوو لە بواری زانیاری ئەفسانەییدا، ئەوسا هەست بەجۆرە چێژێکی هونەری و هۆنراوەیی دەکات)) (گەرمیانی ٢٠٠٠: ٢٠٥).

سەبارەت بە دێرینی و پێشینەی ئەفسانە و پێوەندی بە فۆلکلۆرەوە، (د. مەریوان دەوڵەت) دەڵێت: ((ئەفسانە سەرەتاییترین بەشی فۆلکلۆرە، ئیرۆ ژی جهێکی باشی لە نێو تۆرەی میللەتاندا کردۆتەوە، واتا کۆنترین بەشی فۆلکلۆرە و بگرە زۆر زۆریش کۆنترە و لە هەموو ئاینەکانی تریش کۆنترە، چونکە ئەفسانە کاتێ سەری هەڵداوە، کە مرۆڤ سەرسام و بێدەسەڵات و بێ بەرسڤ ڕووبەڕووی بوویەرەکانی سرووشت ڕاوەستاوە و بە هیچ جۆرێک توانای ئەوەی نەبووە ڕووداوەکانی ئەو سەردەمانە بەپێی بناغەیەکی زانستیانە لێک بداتەوە و خۆی لێ بپارێزێت))(دەوڵەت ٢٠٠٠: ٨٤).

ئەفسانە لە ئەدەبی کوردیدا مێژوویەکی کۆنی هەیە، ((ئەوەتا ئەدەبی فۆلکلۆریمان پڕە لە کەرەستە و ڕەمزی ئەفسانەیی، بەتایبەتی داستان و حەقایەتی گوێئاگردانی شەوانی زستانی کۆمەڵی کوردەواری کە دەماودەم پێمان گەیشتوون)) (شارەزا ٢٠٠٥: ١٩)، هەروەها ((ئەفسانە هێز و گوڕ و تایبەتمەندییەکانی ژیانی خەڵکە، پەیوەندییەکانی بەینی خەڵک و شێوازی لەیەکگیربوونیان یەکالا و شی دەکاتەوە، ئەفسانە لێکدەرەوەی هەستی قووڵی مرۆڤایەتییە و بە درێژایی چەندەها سەدە و چاخ بنیاتی سیاسی و ئابووری و کەلتووری کۆمەڵگەی لەناخی خۆییەوە پاراستووە)) (دەروێشان ٢٠٠٢: ١٨). شاعیرانی کۆنیش ئەفسانەیان بەکار هێناوە، بەڵام (لە سەردەمی مەلای جزیری و حاجی قادری کۆییەوە گیانێکی نوێی تێگەڕاوە، تا بەرپابوونی جەنگی دووەمی جیهانی ١٩٣٩-١٩٤٥، لە سەر دەستی شاعیری نوێکار گۆران (١٩٠٤-١٩٦٢) ئەمە هاتەدی لە نموونەی هۆنراوەی (دیاری خوای شەڕ)دا سەری هەڵدا و خۆی چەسپاند) (محەمەد ٢٠١٦: ١٣١).

بەو هۆیەی ئەفسانە و کۆی جۆرەکانی لە ئەدەبدا ئامادەییان هەبووە، لای شێرکۆ بێکەسیش بەردەوام ئەم بابەتە، چ جیهانی بێت یان خۆرهەڵاتی یاخود کوردی، ئامادەیی هەبووە، بە تایبەتی لە دەقە والاکانیدا، چون تێکەڵەیەکە لە چیرۆک و شیعر و پەردە-شانۆ، ئەفسانە و بەکاربردنیشی گوڕ و هێزێکی گەورە بەو دەقانە دەبەخشن و باکگراوندی ڕۆشنبیری و ئاگایی شاعیر لەو ڕووەوە پیشان دەدەن:

لە دەقی والای (سرووده بەردینەکان)دا بە هێنانەوەی هێما ئەفسانەییەکان، کە ئامێتەی خەون و خەیاڵە وەک-هەمیشە-لەبننەهاتووەکانی خۆی دەکات، کە ئەوانیش ئەفسانەکانی وەک (ئۆدیب پاشا و ئەسپەکەی تەروادە)ن، لەو بارەیەوە دەڵێت:

***بە ڕێگەی شووشەدا سەرکەوتین.***

***لاماندا، لە کەنار گۆمێکی ڕەشباودا، ئۆدیبی کوێرمان دی***

***قوڵپە قوڵپ ئەگریا.***

***ئازاری گرمۆڵە و ئەماندی ئاگری لە سنگیا لرفەلرف ئەسووتا.***

***ئەماندی تا ئەبووە خۆڵەمێش، خۆڵەمێش هەمدیسان ئەبۆوە ئاگر و***

***لە شێوەی مارێکی درێژدا دووکەڵی بە چەند قەف لەسەری هەڵئەسا.***

***ئەگریا و ئەگریا، سەری هەر لە کۆشیا و لە گوناهـ ڕائەما.***

***نەوەستاین. خاتوونی یاوەرمان دەلیل و تا چووینە بەردەمی سەکۆیەک لە داستان.***

***سەکۆکە لە بیچمی قەڵغان و شمشێر و نیوەیشی لە شێوەی زینێکی گەورەدا نەخشابوو.***

***بە دەستە ڕاستیشدا ئەسپەکەی تەروادە کەللە بەرز لەسەر سم بۆ حیلە وەستابوو.***

***هۆمیرۆس لەوێ بوو. شکۆیەک لە شیعر و هەیبەتێ لە سیمای خواوەند و***

***جادوویەک لە سیحری ناو زمان لەوێ بوو.***

***سەد زمان وەک گوڵی دەمەشێر لە جەستەی ئەوەوە ئاڵابوون.***

***لە نێوان دوو شێردا لەسەر بەرد، بەردێکی مەڕمەڕین، دانیشتبوو***(سرووده بەردینەکان:٤٣).

لەم شیعرە و کۆنتێکستی شیعرەکەدا، شێرکۆ بێکەس بە ئیقتیباس لە عرووج و بەرزبوونەوە و شەوڕەوی پێغەمبەر موحەمەد (س.خ)، دەیەوێت بڵێت بە بینینی خواوەندی شیعر، بە بینینی هۆمیرۆس و تراجیدیا گەورەکانی یۆنان و ئەسپی تەروادە، ئیلهام و چارەنووسم لەوان و لە شیعری ئەوانەوە وەرگرتووە و چاو و هزر و خەیاڵەکانی لە ئاوی شیعری هۆمیرۆس هەڵکێشاوە و پیرۆز کردووە، تراجیدیا و پیلانە نەبڕاوە و یەکلەدوایەکەکانیشی لەوانەوە بۆ ماوەتەوە. شاعیر پێشووتر و هەر لەودەقەدا لە بارەی پیرۆزکردنی شیعریەکانییەوە، دەڵێت ***(هۆمیرۆس لە هەوری شیعردا بارانە و ڕاماوە. قژلۆکە و ناوچەوان بەرانیی بۆ دوور دوور ئەیڕوانی. توتییەکە پێی وتم: با شیعرت پیرۆزکەم. دوو دێڕی بە دەنووک هەڵگرت و هەڵفڕی و گەیشتە سەر ڕانی هۆمیرۆس، دێڕەکان کەوتنە نێو باوەشی. کە دەستی لێوەدان، ئەوانیش بوونە مەل لەگەڵ پۆل هەڵفڕین***(هەمان دەقی والاّ: ٥٢).

(ئۆدیپ پاشا) کە شانۆنامەیەکی (سۆفۆکلیس ٤٩٦-٤٠٥پ.ز)ی شانۆنامەنووس و تراجیدینووسێکی بەناوبانگی یۆنانی و جیهانییە، هێمای هەستکردن بە گوناە و تاوان و چارەنووسی بەدە.

ئەسپی دارینی تەروادەش، کە (هۆمیرۆس-هۆمەر-homer)ی شاعیر لە داستانی (ئیلیادە، ئیلیاد، Iliad) دا باسی دەکات، هێمای لە خشتەبردن و پیلان و هەڵخەڵەتاندنە، بەکارهێنانی ئەم ئەسپە ئەو کاتە بوو ئەسپارتاییەکانی یۆنان بۆ داگیرکردن و هەڵخەڵەتاندنی دانیشتوانی شاری تەروادە، ئەمەیان درووست کرد و توانیان لە ڕێگەیەوە بچنە شارەکە و وێرانی بکەن.

لە هەمان دەقی والادا دەڵێت:

***ڤینۆسە و هاتوتە بەردەرکی ڕۆشنی قەسیدە و***

***خەیاڵی هاوینان بە شنە و بە شەماڵ ئاوڕشێن ئەکات و***

***نیگایشی تەیرێکە باڵ شین و لەسەرخۆ هەڵئەفڕێ بۆ لامان:***

***"چوومەوە ناوچیغی سەربانی جاران و بەر ماڵی کچەکەی دراوسێ و***

***بوومەوە بە یەکەم هەڵبەستم و***

***ڕۆیشتمەوە کۆڵانی خوێنگەرمی ناو ئیسکان***(سرروودە بەردینەکان: ٥٤)

ڤینۆسی ژنەخواوەند، کە خواوەندێکی ئەفسانەیی ڕۆمانییە، هێماگەلێکی لە خۆیدا پەرچ کردووەتەوە، وەک جوانی، خۆشەویستی، ئارەزوو، سێکس، بەپیتی و سەرکەوتن و سەرفرازی. (شێرکۆ بێکەس)یش لێرەدا نزیکەی هەموو ئەو هێمایانەی لەو پارچە شیعرەدا مەزراندووە، هێمای ئیستاتیکییەکانی لە ڕۆشنی قەسیدە و ئاوڕشێنی خەیاڵە هاوینییەکەی بە شنە و شەماڵ و تەیری باڵشین. خۆشەویستی و ئارەزوو و سێکس و گەڕانەوەکانیشی لە چوونەوە نێو چیغی سەربانی جاران و بەرماڵی کچە جوانە خوێنگەرمە چوون ڤینۆسەکەی گەڕەکی منداڵیی شاعیر، کە ئیسکانە، ئەو گەڕەکەی بەردەوام لە شیعر و نەستی شێرکۆدا ئامادەیی هەیە.

لە دەقی والای (یادەوەری پاسکیلێکی کەرکووکی)شدا، دەنووسێت:

***ئەگێڕنەوە.. ناوی کەرکووک لەم ڕەگەوە، لەم"گڕگڕ"وە هاتووە...***

***ئەگێڕنەوە... هەرلێرەدا... بەرلە مێژوو نووسینەوە***

***"ئەناهیتا" خواوەند بووە و بەدوودەستی پیرۆزەوە***

***هەموو ڕۆژێ شەراب و سێکس و هەتاوی بە سەر ژن و پیاوی***

***بەرئاشقانەی ئەم عەشقەدا بەش کردووە...***

***ئەگێڕنەوە لەسەر بورجی بەردی گەورەی پەرستگادا***

***بە گەورەیی وێنەی زێی ژن نەخشێنراوە***

***وێنەی زێی ژن پەرستراوە ناوی یەکەم کانی حەیاتیان لێ ناوە...***

***ئەگێڕنەوە ئەگەر شەو، مانگەشەو بوایە***

***"ئەناهیتا" ڕووت ڕووت ئەهاتە دەرەوە و لەناو ئاپورەی گەنجاندا...***

***لە چوارشانە و قۆزەکانیان یەکێکیانی هەڵئەبژارد و***

***لەبەر تریفەی نازداری مانگە شەودا***

***بۆ خۆی لەگەڵی جووت ئەبوو...*** (یادەوەری پاسکیلێکی کەرکووکی: ٢٧)

لێرەدا شێرکۆ بێکەس هێمای ئەفسانەی ژنەخواوەند (ئاناهیتا) ئەهێنیتەوە، کە هێمای ژیری و تەندرووستی و پاکێتی ئاوە. بە واتای بەردی سوور دێت، لە ئاڤێستادا باسی لێوە کراوە، هاوکات ناوی هەسارەی گەلاوێژ(ناهید)یشە. شوێنماوەی پەرستگاکەشی تا ئێستا لە شاری (ئەکباتان-هەمەدان) ماوە، کە لەسەردەمی هەخامەنشییەکاندا درووست کراوە. لای ئارییەکان، دوای خواوەندی ئاگر، خواوەندی ئاو دێت، کە ئاناهیتایە و بەرپرسی پاکێتی ئاوە، ئاناهیتا ژنێکی باڵابەرزی شۆخ و شەنگ و کەمەرتەنگە، کە شیاوی پەرستنە، شیری ژنی تازەزاو دەدات و ڕسق و ماڵ و سامان بەدەستی ئەوە (ferheng، ٢٠٢١). وەک دەبینین شاعیریش زیاتر جەختی لە بەخشین و جوانی و ئاو کردووەتەوە، کە بەدەوری ئاناهیتادا دەسووڕێنەوە.

لە پارچەشیعرێکی تردا باڵندەی (سیمرخ) دەهێنێتەوە، کە باڵندەیەکی ئەفسانەییە، سیمرخ لێرەدا هێمای ڕێپیشاندەرە، باڵندەیەکە کە هەڵگری پاڵەوانەکانە و کوێی بوێت دەیگەیەنێت، ئەوەتا شێرکۆ لێرەدا لە ڕێگەی مۆنۆلۆگەوە و بە بەسەرباڵی (سیمرخ)ەوە تا کاروانکوژە دەچێت و سەر لە کۆشکی بلوورین و فریشتەکان و وێنە ئەفسانەییەکان دەدات و دەڵێت:

***ئەمجارەیان ئەچوویتە سەر باڵی سیمرخ***

***ئەگەیشتیتە کاروانکوژە.***

***دەرگای بەردیان ئەکردەوە، کۆشکی بلوورین دەرئەکەوت.***

***فریشتەکان وەک هەڵقوڵێن لەناو بیرێکی قووڵەوە***

***یەکە یەکە ئەهاتنە دەر***

***هەموو چاخی ئاگرینیان بەدەستەوە.***

***هەموو مار لە قەدیان ئاڵاو.***

***ئەهاتن و ئەیانبردی لە ئاوێکی سەوز و سووریان هەڵئەکێشای*** (خاچ و مار و ڕۆژژمێری شاعیرێ: ١٦)

لە وێنەیەکی تردا کە ئاماژە بە یەک لە باڵندە ئەفسانەییەکانی تر دەکات، کە (قەقنەس)ە و دەڵێت:

***من وشەم بۆ چییە...***

***گرمۆڵەی نێو تاقی ژووریٚ بیٚ و***

***کە قەقنەس گڕی گرت***

***کە نالی گڕی گرت***

***نەجووڵیٚ و هەڵنەسیٚ و پێی نەبیٚ!*** (خاچ و مار و ڕۆژژمێری شاعیرێ: ٢٦)

(قەقنەس) باڵندەیەکی ئەفسانەییە، هێمای نەمری و زیندووبوونەوەیە، بەهۆی تیشکی خۆرەوە گڕ دەگرێت و دواتر لە خۆڵەمێشەکەیەوە کرمی باڵدار پەیدا دەبێت و دوای سێ ڕۆژ دەتوانێت بفڕێت(Arnott ٢٠٠٧، ٢٧). ئەم باڵندەیە ئەفسانەییە، هێمایە بۆ ئەوەی کە سووتانیش کاری تێ ناکات و دوای ئازاری سووتانیش وەچەکانی نامرن، ئەوەی شێرکۆ بێکەس لێرەدا مەبەستییەتی و هێمای بۆ دەکات ئەوەیە کە دەڵێت دەبێت وشەش هەروا بێت و خۆی لە فەرهەنگدا گرمۆڵە نەکات و خۆی بشارێتەوە،[٢١] دەبێت وەک قەقنەس بێت هەم زیندوو بێتەوە و هەمیش ئازار لە پێی نەخات. کە (نالی) لە سۆزی غەریبیدا وەک (قەقنەس) گڕ دەگرێت، کە خودی (قەقنەس)یش ئەو سۆزەی بۆ بێچووەکانی هەیە و گڕ لەخۆی بەر دەدات لە تاوا، ئیتر چۆن وشەی من لەخۆڵەمێشی ئەم زمانەدا زیندوو نابێتەوە، گەر وا نەبێت وشە نییە و بۆچیمە!

[٢١] هەر لێرەشدا شێرکۆ بێکەس هێما بۆ ڕۆڵێکی گرنگی شاعیران لە زمان و فەرهەنگدا، دەکات، کە هێنانەوە و زیندووکردنەوەی وشەی کۆن و مردووە لە فەرهەنگەکاندا، کە وەک هەمیشە خۆی ئەو کار و ئەرکە زمانی و فەرهەنگییەی لە ئەستۆ دەگرت و چەندەها وشەی پاڵپشت بە وشەی دیالێکتەکانی تری زمانی کوردی و فەرهەنگە کوردییە دیارەکانی وەک (هەنبانە بۆرینە)ی هەژاری موکریانی و (خاڵ)ی شێخ محەمەدی خاڵ و(کوردستان)ی گیوی موکریانی) زیندوو دەکردەوە و بەکاری دەهێنانەوە لە نێو دەقی شیعریدا.

## دووەم: هێمای داستانی

داستان، بریتییە لە گێڕانەوەی چەند ڕووداوێکی مەزن لە بەرەبەیانی مێژووەوە، لە پێناوی پاراستنی غیرەت و شەرەفی نەتەوەییدا بەهۆنراوە گوتراون، یان نووسراون. لەم پاڵەوانییانەدا پەیوەست بە سەردەمەکانیانەوە، دەستی ئادەمیزاد کەم تا زۆر لەگەڵ دەستی خواوەند و فریشتەکاندا تێکەڵە، لەبەر ئەوە شتێکی ئاساییە ڕووداوەکان هەموویان ڕاستەقینە نین، بەڵام بۆ جووڵاندنی چێژی ئادەمیزاد و زیادکردنی توانای لە تێگەیشتنی جوانییپەرستیی بۆ پەرەسەندنی زمان و درووستکردنی ئارامگایەکی ڕۆحیی بۆ مێشک، لە مێژووی پەرەسەندنی هونەردا ڕۆڵێکی گەورەی هەیە. کەواتە داستان ڕووداوێک دەگێڕێتەوە و تێڕوانینێکی گشتگیرانەشی هەیە، داستاننووس و کەسایەتییەکانی ناو داستانەکەش بەشیان لە گێڕانەوە و ڕووداوەکاندا هەیە (ئەبوبەکر ٢٠٠١: ٥٠).

(د. دڵشاد عەلی)یش لە بارەی داستانەوە دەڵێت: ((یەکێ لە تایبەتمەندییەکانی ئەم چەشنە هۆنراوەیە ئەوەیە، کە جۆرێکی چیرۆکئامێزە و پشت بە شێوازی گێڕانەوە دەبەستێت و تیایدا وەسف و کەس و گفتوگۆ و پەند و ئامۆژگارییەکان تێکەڵ بەیەک دەبن و لە ژێر ڕووخسارێکی سەرگوزشتەیی یەکگرتووی ڕووندا، دەگێڕرێتەوە)) (عەلی ١٩٩٨: ١٩).

ئاشکرایە لە کۆندا لە شیعری کلاسیک و میللیدا، داستان بەردەوام بە سەردێکی پڕاوپڕ چنراو بە زمانێکی سادە و ساکار نووسراوە.

شێرکۆ بێکەس لە دەقەوڵاکانیدا داستانە کوردییەکاییەکانی مەزراندووە، وەک هەمیشە بەخاتری ئەوە هیناویەتییەوە تا شاتێماکان و نیشانەکانی داستانەکە لە شیعرەکانیدا دەستی یارمەتیی بۆ ڕاهێڵن:

***ئێوە ئەتوانن ناومان و ناونیشانی (مەم و زین) و***

***ڕەنگی جادە و کۆڵانەکان بگۆڕن و بزرکەن و ناسنامەمان لەناو چەکمەی ئەفسەرێکدا بشارنەوە!***
***دەموچاوی زۆر وشەمان بە کڵاوی ژەندرمەیەک بسڕنەوە.***

***ئێوە ئەتوانن شیعرمان دەربەدەر کەن.***

***ماڵەکانمان بدەن بە کۆڵی دووکەڵ و دەبابەدا و بە کۆمەڵ بیانگوێزنەوە!***

***ئێوە ئەتوانن ئازارمان لە پێکەنینی خۆتاندا بتوێننەوە!***

***ئەتوانن و ئەتوانن و ئەتوانن و...***

***بەڵام ئەوەی لە خەونی گورگەبۆرەکەی یەکەمەوە، نەهاتە دی و نایشیەتە دی***

***ئەوەی هەرگیز پێتان ناکرێ***

***سڕینەوەی ئازادییە لە ڕۆحماندا.*** (تەون: ٥١)

بەکارهێنانی (مەم و زین) داستانە شیعرییە بەناوبانگەکەی شاعیریی نەتەوەیی (ئەحمەدی خانی)، لە سەرەتای ئەم پارچە شیعرەدا، ڕاستەوخۆ هێما بۆ ئەوە دەکات کە شاعیر ڕووی دەمی لە تورکیایە، چون لە ئەم داستانەشیعرییە لە ناوچەی جزیرە و بوتانی کورداندا سینگاوسنگ گێڕدراوەتەوە، کە ئێستا لە ژێر داگیرکاری تورکیادایە. کە ڕاستییەکەی شەڕێکی کۆمەڵگەی سرووشتی و مرۆڤی ئەو کۆمەڵگە سرووشتییەیە لە گەروو و زمانی ئەم ڕابەرە شیعرییەوە دژ بە چەمکێکی ترسناکی سەدەی بیستەم کە تورکیا کردی بە دەستنێژی تواندنەوە و سڕینەوەی کورد: ئەویش چەمکی فاشیزمی مێژوویی یان گەڕانەوەیە بۆ مێژووی پیرۆزی تورکەیل. یان بە واتایەکی تر شەڕی زمان و کۆمەڵگەیە دژ بە کەمینەی دەمامکدار و ڕەشپۆشی دەوڵەت-نەتەوەی تورکی وەک ڕابەری تواندنەوەی کۆهەست و کۆبیر و کۆژینگەی کوردی.

ئەم داستانە هێمای داستانێکی ئەڤینی و تراجیدیی نێوان (مەم)ی ئاشق و (زین)ی خوشکی میر زینەدینە، کە بەهۆی فیتی بەکۆ (بەکر)ی وەزیری میرەوە بۆ یەک نابن و مەم لەحەسرەتا دەمرێت و ژینیش بەدوایدا خۆی دەکوژێت.

شێرکۆ بێکەس وەک ئاماژەیەک دەڵێت، ئەوەی کە مەم و زین لە نێو دڵی هەموو کوردێکدایە، هاوکات هێمای ناسنامەی ڕۆشنبیری و هۆشیاری گەلی کوردیشە، ئێوەی دەسەڵاتداری تورکان دەتوانن ناونیشانەکەی بگۆڕن و بزر بکەن، دەربەدەرمان بکەن و ماڵبەکۆڵمان بکەن، بەڵام هەرگیزاوهەرگیز ناتوانن لە ڕۆحی هیچ کوردێکدا ئازادی و خەونی ئازادی بسڕنەوە. شاعیر جاڕی نەمریی کۆمەڵگەی سرووشتی لە بەرانبەر چینێکی ساختەی دەستنێژی فەلسەفەی 'فاشیزمی مێژوویی' دەدات. شیعر بەو ڕێکارە دەسیاسەتێنێت و ناشهێڵێت لە شیعر بکەوێت.

لە پارچە شیعرێکی دیکەدا هەر بە ئاماژەکردن بۆ داستانی مەم و زین، ناوی بەکر مەرگەوەڕ (بەکۆ) دەهێنێتەوە کە سەر بە هەمان داستانە و وەزیری میر بووە و هێمای فیتنەیی و مەغبیری و سیخوڕی و شۆفارییە، کە ناهێڵێت مەم و زین بەیەک بگەن و شێرکۆ بە تاوان و بۆنی بۆگنتکی دەچوێنێت و دەنووسێت:

***بۆنی تاوان و مەرگەوەڕ هەر یەک بۆنن.***

***بۆنی بۆگنتک[22] و مەرگەوەڕ هەر یەک بۆنن.***

***لەگەڵ ئەستێرەی کشاودا ئەکەوێتە ناو (وان)ەوە***

***لەگەڵ خولیای دڵداراندا ئەخولێیتەوە...***

***لە جەژنی خاک و درەختا لەگەڵ خانی ئاگری نەورۆز ئەکەیتەوە.***

***عەشقێک ئەتکا بە بڵێسە و بە بڵێسە دارستان ئەنووسیتەوە.***

***بڵێسە بۆنی غیرەتی مەمی لێ دێ و***

***قژی (زین)یش بۆنی زمان*** (بۆننامە: ٢).

لە پارچەشیعرێکی دیکەدا و لە دەمی نالییەوە ڕوو دەکاتە سالمەکانی وڵاتی خۆی و دەڵێت:

***سالمەکانی وڵاتی خەندەی گریاو!***

***ئەی کەشتییەکانی نێو تۆفان!***

***هاوڕێیان... ! ئەتانبینین: لەناو ئابڵووقەی نێزەدا***

***سەرتان (دمدم)ی تازەیە و خانی لەپزێڕینی وشەیش***

***قوڵەی خامەی ئەم زمانەی بەرنەداوە***(دەربەندی پەپوولە:١٣٠)

بە هێماکردن بە داستانی (قەڵای دمدم) ئازایەتی سالمەکانی وڵات و زمانپارێزان و ئاشقانی زمانی کوردی پیشان دەدات، کە سەر و یادگە و فەرهەنگی ئاوەزییان (دمدم)ێکی نوێیە و داستانی نوێی بەرگریکردن لە زمان دەنووسنەوە، لە نێو ئابڵۆقە و هێرشی نێزەی زمانانی تر و جیهانگیریدا، بە وشەی چون (خانی لەپزێڕین) بەرگری لە قوڵەی ئەم زمانە لە ڕێگەی قەڵەمەوە دەکەن.

لە پارچەشیعرێکی دیکەدا، دەڵێت:

***هەر لێرەیش بوولێڵی دوێنێ بوو***

***من خۆم دیم بە پەلە مێژوو هات، بە خۆی و چەند ڕەوەئەسپەوە***

***وەک بڵێی ساڵێکی ون بووبێ و بە دوایدا بگەڕێ***

***من خۆم دیم پەشۆکاو، داستان هات.***

***بە خۆی و چەند ڕەوەبرووسکە و هەورەوە***

[22] بۆدرن، بۆنی ناخۆشی شتێک، کە لە تەڕاییدا هەڵگیرێت. بۆنی میوەی گەنیو.

***وەک بڵێی هەواڵی کوژرانی ئەنکیدۆ یان کاوەی بیستبێ.***

***ئەو وەختەی خۆیان کرد بە دەرگای زیوینی دەربەندا***

***هەر هەموو ئەسپەکان، سوارەکان، سەرتاپا هەڵمێکی زەرکەفت[٢٣]یی لە لەشیان هەڵئەستا.***

***چیایان شڵەژان، درەخت و تاڤگە و ڕووباریان سەرسام کرد.***

***تاریکیی نزاریان شڵەقان.***

***سوارەکان ڕم بوون و تا ناو قەد تڵەتڵ ئەسووتان.***

***بەگوێی خۆم گوێم لێ بوو***

***لووتکەکان بەیەک دەنگ بانگیان کرد***

***(وا شێخ هات)*** (دەربەندی پەپوولە: ٨٩)

لێرەدا شێرکۆ بێکەس، بەهۆی دوو وێنەوە لە هەردوو داستانی(گلگامیش) و (کاوەی ئاسنگەر)، کە دوو هێمای دیاری داستانی جیهانی و ڕۆژهەڵاتین، بەرگ و هێمایەکی کاریزمایی دەکاتە بەری دەقەکەی و گوزارشت لە کاتی هاتنی شێخ مەحموودی نەمر دەکات بۆ دەربەند و چیا و نزاری کوردستان، کە سەرسام و شڵەژاون و کەوتوونەتە مقۆمقۆ، وەک هەواڵی کوژرانی (ئەنکیدۆ)ی هاوڕێی گلگامێش لە داستانی گلگامێشدا و کاوەی ئاسنگەریان بیستبێت لە سیاقی داستانەکاندا.

## سێیەم: هێمای نەتەوەیی

نەتەوە بریتییە لە کۆمەڵە کەسانێک کە لەسەر پارچە خاکێکی دیاریکراو دەژین و زمان و مێژوو و ئاین و کەلتوور و چەندەها ئامانج و بەرژەوەندی گشتی هاوبەش، ڕۆڵەکانی نەتەوە بە یەکەوە دەبەستێتەوە، ئەمەش وای کردووە هەر لە کۆنەوە تاکەکانی هەر نەتەوەیە؛ شانازی بە نەتەوەکەیانەوە بکەن و لە پێناویدا لە خەباتی بێوچاندا بن و گیانی خۆیان بەخت بکەن، یان ئەم هەست و سۆز و خۆشەویستی و قوربانیدانە ببێتە سەرچاوەی ستایش و پیاهەڵدان و هاتنەکایەوەی هێمای نەتەوەیی و لە بەرهەمی شاعیران و نووسەراندا ڕەنگ بداتەوە، بۆیە دەتوانین بڵێین (ڕەمزەکانی شاعیری نەتەوەیی، یان ڕەمزی نەتەوەیی لە نێوانی و کەسایەتی نەتەوەیی و شوێن و ڕووداوەکانی نەتەوەیی دەخولێتەوە) (فەتاح ٢٠١٥: ٧٩).

---

[٢٣] لە زێرهەڵکێشراو، زاخاودراو. ڕەنگی ئاڵتوونی.

شێرکۆ بێکەس وەک شاعیرێک، کە خوێنی نەتەوە هەمیشە لە جەستەیدا لرفەی دێت و دەکوڵێت، نەتەوە و مەسەلە نەتەوایەتییەکان لای ئەم هەمیشە ئامادەییان هەیە. لای شاعیر هێما نەتەوەییەکان لە تێماگەلێکدا خۆیان دەبیننەوە، کە دیارترینیان بەرباس دەدەین، وەک دەڵێت:

***ئەوە شاخە لەم دەراڵ[٢٤]ی بەردانەدا***

***دۆڵپا[٢٥]ی داستان پێ ئەگرێت و ئەفسانە چاوی ئەپشکوێ و***

***مێژوو دەست بە باهۆزەوە ئەگرێ و ئەڕوا.***

***لەم دەراڵی بەفرانەدا هەزاران ساڵ ڕەق هەڵاتوون.***

***تەماشاکە بوون بە زنجیرە پەیکەری ناو پێشانگای بەردەمی خوا.***

***ئەوە شاخە و شەدەی سەری هەور نییە و بێشە نییە و***

***نە وردەبەرد چنیویەتی و نەپەلکی گیا.***

***ئەوە شەدەی سەری خوێنی میدییەکانە کە لە دڵی ئاسیاوە***

***وەک جۆگەلەی گریانی زیو داگەڕان و لەم هەرێمەدا لایان دا.***

***ئەوە شاخە و تەلیسمی چاوی ئەشکەوت و قاقای پێکەنینی عەزیا[٢٦].***

***ئەوە شاخە و لانکەی کاردۆخ بە لوتکەوە هەڵواسراوە و***

***خواوەندی "با" ڕای ئەژەنێ شاخ و قوچی کەڵەکێویش***

***لە بڵندایی ڕەوەزدا بوون بە هێما***(خاچ و مار و ڕۆژژمێری شاعیرێ: ١١١)

لەم پارچەشیعرەدا، هێماگەلێکی (نەتەوەی کورد) ئاماژەیان پێ دراوە، ئەوانیش (شاخ و میدییەکان و کاردۆخییەکان)ن، شاخ وەک هەمیشە هێما بۆ کورد دەکات، کە پاڵپشت و پارێزەریان بووە. (میدییەکان) بە هەمانشێوە وەک کۆنترین دەسەڵاتداری ئەم ناوچەیە، کە حەوسەت ساڵ پێش زاین حوکمدارییان کردووە و پاریزگارییان لەم ناوچەیە کردووە. (کاردۆخییەکان)یش وەک باوەگەورەی نەتەوەی کورد ئامادەییان هەبووە و (ئێگزینۆفۆن) لە کتێبی (ئاناباز) دا ئاماژەی پێ داون.

---

[٢٤] دەلال، دەلیل، ڕێنیشاندەر.

[٢٥] دێوێکی نێو چیرۆکانە، کە سواری ملی خەڵک دەبێت. درکەیە لە دەستهەڵنەگرتن و وازنەهێنان، وەک دەڵێن: وەک دۆڵپا سواری شانم بووە دەستم لێ بەر نادات.

[٢٦] ئەژدیها.

هێنانەوەی ئەم هێمایانە لای شێرکۆ بێکەسی شاعیر بە بەردەوامی، بۆ مەبەستی بەرچاوخستن و سەلماندنی بوونی نەتەوەی کوردە لە زێد و نیشتیمانی خۆی، ویستوویەتی و بەردەوامیش لە نەستیدا بووە، کە ببێتە وەڵامدەرەوەی ئەو سڕینەوە و جینۆسایدانەی، وا بەرانبەر نەتەوەی کورد کراون و دەکرێن.

شاعیر لە هێمایەکی ناوازە و هونەریی نەتەوەییدا لەبری (گەلی کورد)، (گەلی بەدران) دەهێنێتەوە، هێماکەی لە بەشەوە بۆ گشت هێناوەتەوە، بە خواستنی لە گوندی (گەلی بەدران)، کە دەکەوێتە ناحیەی سەنگەسەری ناوچەی پشدەری سەر بە پاریزگای سلێمانی، شێرکۆ بێکەس ئەمە لە دەقی والآی (سرووده بەرینەکان)دا باس دەکات، لە نێوان گەلی بەدران و گەلی بەردانندا، وشەئاراییەک دەکات. تیایدا دەڵێت گەلی بەدران جێی خۆحەشاردانی سرووده، (سروود) کە هێمای پێشمەرگەیە و (درۆ)ش کە هێمای دەستەڵاتە حوکمڕانەکانی چواردەوری کوردستانە و گەر سروودێکی دەست بکەوێت، بە قەمەکانی تاریکی سەریان دەبڕێت. بۆ هێما نەتەوەییەکەی کوردیش، بە دەوریدا تەنیایی و بەرد دەهێنیتەوە و لە پارچە شیعرەکەدا دەڵێت:

***گەلی بەدران: جێی خۆحەشاردانی سروود.***

***جێی خۆشاردنەوەی ڕاستییەکان.***

***وەختێ درۆ حوکمڕانە و گەر ئەوانی بەردەست کەوێ***

***یەکە یەکە بە قەمەکانی تاریکیی سەریان ئەبڕێ.***

***گەلی بەدران تەنیایی و بەرد و زاووزێی ئەو مەراقانەی***

***کە هەمیشە وەکوو ژنی شفتەژێن***[٢٧] ***و دوو دوو بێشکەی کوڕ و کچی***

***ئەم دەربەندی خولیایانەم ڕائەژەنن.***

***تەنیاییم سەیری بەرد ئەکا.***

***خوێندنەوەی بەرد خوێندنەوەی ژانە***

***ئەو وەختەی کە ئەمەیێ*** (سرووده بەردینەکان: ٦٤).

شێرکۆ بێکەس لەبارەی (پێشمەرگە)وە، کە هێمایەکی دیاری بەرخودان و بەرگریی نەتەوەی کوردە، دەنووسێت:

***برێ لە برینی نەسرەوت***

---

[٢٧] سکپڕبوونەوەی ژن لە کتێکدا کە منداڵی شیرەخۆرەی بەبەرەوەیە.

***بڕێ لە سروودی بەفر***

***هێندێ لەوانەی کە ڕۆحیان وەک پارچەنان و ئاوێنەیەک و نوقڵی شێعر و***

***ڕەسمی هاوسەر و منداڵیان، خستۆتە ناو هەگبەی پشت و***

***لەگەڵ سووتوو و خۆڵەمێشی بەجێماوی خەم و ئەوینی ئێمەدا ماونەتەوە***

***ئازاریان چۆڵ نەکردووە...***

***ماونەتەوە.***

***لەگەڵ هەتاوی بریندار***

***لەگەڵ تەنیایی سێبەردا***

***لەگەڵ نەمامی بێباوک***

***لەگەڵ بنچکی بێدایک.***

***لەتەک گۆمی حەپەساو و***

***لەتەک داری سەرسووڕماو ماونەتەوە.***

***لە ناو چرپەدا ئەیانوت:***

***لە هەندێ کەژ گوڵ لە مەرگا ڕواونەتەوە.***

***هەواڵی فیراریش ئەیوت:***

***هەندێ درەخت گڕیان لە خۆیان بەرداوە و***

***یەکەم مەفرەزەی مەشخەڵن و لە سنوورەوە بە دزیی دەیجوورەوە***

***بۆ زەڵم گەڕاونەتەوە*** (گۆڕستانی چراکان: ٧٠)

لێرەدا بێ ناوهێنانی وشەی (پێشمەرگە)، کە هێمایەکی نەتەوەیی دیاری کوردە، هێمای بەرخودان و گیانفیدایی و بەرگرییە لە مافی ڕەوای گەلێک لە سەردەمی نوێ و هاوچەرخدا، ئاماژە و هێما بۆ پێشمەرگە دەکات لە ڕێگەی ڕیزێک لە تایبەتمەندیی هونەرییەوە، کە بە سانایی دەناسرێنەوە وەک (برینی نەسرەوتن، سروودی بەفر، بوونی ڕەسمی هاوسەر و مناڵ لە هەگبەی پشتدا، ڕووانەوەی گوڵ لە کەژ و کێو، یەکەم مەفرەزەی مەشخەڵی سنوور).

هەر لەبارەی نەتەوەی کورد، وەک نەتەوەیەکی تاک و تەنیا، دەڵێت:

***کورد و خوا لێک ئەچن***

***هەردووکیان، بێ شەریک، بێ کەسن!***

***(ئەمەیش قسەی هەڵکۆڵراوی***

***سەر دیواری مزگەوتێ بوو)*** (دەربەندی پەپوولە: ٦١)

لەم پارچەشیعرەدا، لە هێنانەوەی چواندنی کورد و خوا بەیەکتری، هێمایەکی ئاشکرا و وتراوەی تایبەتمەندییەکی نەتەوەی کوردە، کە (تاکوتەنهایی و بێکەسی)یە، چون خوا. کورد وەک نەتەوەیەک، کە بە تەنها ماوەتەوە و ماخۆ و خاوەنی دەوڵەت نییە، هەڵبەت لێرەدا شێرکۆ بێکەس بە مەبەست تاکێتی خوا و کوردی هێناوەتەوە. لە ڕێگەی وتەیەکی هەڵکۆڵراوێکی مزگەوتەوە، پێمان دەڵێت کوردە تەنها خوا بێهاوتا و بێکەس نییە، ئەوەتا ئێوەش بێکەس و بێهاوتان لەم دنیایەدا و لەمە تێبگەن و خەیاڵێکیشتان لای نەتەوەکەتان بێت.

لەپارچە شیعرێکی دیکەدا، شێرکۆ بێکەس هێما نەتەوەییەکانی (چوارپارچەی کوردستان و مهاباد و شێخ سەعیدی پیران و دیاربەکر و دەرسیم و وان و دەربەندی بازیان) دەهێنێتەوە، کە لەدەنگی داپیرەیەوە بیستوونی، دەڵێت هەر لە منداڵیمەوە ئەم هەستە قووڵە نەتەوەییەم تیا ڕسکا. لەوکاتەوە لەهەوری ڕووخساری داپییرەمەوە برووسکەی بازیان لێیدام و ئازادی تەڕی کردم و ڕیشی (شێخ سەعید) ئاڵاوەتە خاچی لەشم و ناوی (دەرسیم) گوێی سمیم و (دیاربەکر) وەک نەریتی مەسیحییەکان بەقژ هەڵی گرتووم و لە ئاوی (وان)ی هەڵکێشام و لەوێوە چوارڕیانی خاچی-جگە لە چوارڕییان، خاچیش هێما بۆ چوار بەش دەکات، کە لێرەدا مەبەستی کوردستانە- نیشتمانم ناسی و تیایدا دەڵێت:

***من یەکەمجار لە هەوری ئەو ڕوخسارەوە***

***برووسکەی «بازیان» لێی دام.***

***من یەکەمجار لەو چاوەوە ئازادیی باری بەسەرما و تەڕی کردم و***

***وەک مەهاباد سوور هەڵگەڕام.***

***من یەکەمجار لە پەرژینی ئەو دەنگەوە***

***ڕیشی شێخ سەعید ئاڵایە خاچی لەشم و***

***من یەکەمجار لە بای تیژی ئەو دەنگەوە***

***ناوی دەرسیم گوێی سمیم و***

***دیاربەکر لە قژەوە هەڵیگرتم و***

***لە گۆمی وانی هەڵکێشام.***
***من یەکەمجار لەو زارەوە، حیلەی ئەسپەڕەشم بیست و***

***من یەکەمجار لەو دەنگەوە چوارڕیانی خاچی نیشتمانم ناسی*** (خاچ و مار و ڕۆژمێری شاعیرێ: ٣٧)

## چوارەم: هێمای سیاسی و ئایدۆلۆژی

شیعری سیاسی یەکێکە لە جۆرەکانی شیعر، ئەوەی لە جۆرەکانی دیکەی شیعر هەڵی دەبوێرێ، ئەوەیە کە دەربڕینی ئاڕاستەی سیاسی و بیروڕای تایبەتی سیاسی شاعیری تێدایە، وەک سەرکۆنەی داگیرکەر و دەسەڵاتە چەوسێنەرەکان و پشتگیری پارتێکی سیاسی یان کەسێتی سیاسی. شیعری سیاسی زۆر جار لە ڕێی بەکارهێنانی میتافۆر و خوازە و هێما و ئاماژەوە دەردەبڕدرێت، ئەمەش بەهۆی سانسۆر و زوڵموزۆرەوە بێت، یان شاعیر خۆی دەیەوێت بە ناڕاستەوخۆیی دەریببڕێت، کە لە پێناو هۆشیارکردنەوە و بانگەشە و پشتگیرییدایە.

یاخود تیایدا بە هێماوە ڕەخنە لە ئایدۆلۆژییە خواستراوەکان دەگرێت و بەر نەشتەریان دەدات، تا ئاوا دامانچڵەکێنێت و لە خەونی هەزار ساڵەمان ڕابێین.

لە شیعری شێرکۆ بێکەسدا، سیاسەت پانتاییەکی گەورەی هەیە، لە ڕێی شیعرەوە قسە لە سیاسەت و ڕەخنەش لە سیاسەتە ناجۆرەکانی دەوروبەری دەگرێت. ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ هۆشیاری شێرکۆ بێکەس خۆی لەمەڕ سیاسەت و هەمیش بوونی پێشینەی خانەوادەیی و کاریگەریی فایەق بێکەسی شاعیر لەسەری، لەم ڕووەوە (ئازاد بەرزنجی)ی نووسەر و وەرگێڕ لە پێشەکی کتێبی (زمانی زەین و ڕووداو)دا – سێ گفتوگۆی پانوپۆڕە، شاعیر و نووسەر(ئیدریس عەلی) لەگەڵ (شێرکۆ بێکەس)دا ئەنجامی داوە– دەڵێت: (نابێ ئەوەمان لە بیر بچێت، کە وێنەی باوکی سێبەری خەستی خۆی لەسەر ئەزموونی شێرکۆ بێکەس هەبووە، وەک ئاشکرایە فایەق بێکەسی باوکی یەکێک بووە لە شاعیرە نیشتیمانپەروەرەکان و لەزۆر بۆنەدا بەگژ دوژمنانی کورددا چووەتەوە و تا ئەو ڕادەیەی دەتوانین بڵێین شاعیرێکی سیاسی بووە. کاریگەریی بێکەسی باوک و بێکەسی شاعیر لەسەر شێرکۆ بێکەس کاریگەرییەکی بەرچاوە. شاعیر خۆیشی چ لە ژیاندا و چ لە یادەوەرییەکانیدا، نکوولّی لەو کاریگەرییە ناکات. بۆیە دەنگدانەوەی ڕووداوە سیاسییەکان لە شیعری شێرکۆ بێکەسدا، دەنگدانەوەیەکە بە ئاسانی گوێی خوێنەر پێی ئاشنا دەبێت. وەک چۆن فایەقی باوکی، لە بۆنە سیاسییەکاندا بەردەوام ئامادەگی هەبووە، لەم ڕووەوە بووە بە سیمبوولێک

له مێژووی شیعری کوردیدا، شێرکۆ بێکەسی کوڕیشی بەهەمان شێوە، ئەو ناسنامەیەی ون نەکردووە)(عەلی ٢٠٢٠: ٢٠).

بۆ نموونە لە پارچەشیعرێکی کورتی بەناوبانگیدا، هێمایەکی سیاسی دەهێنێتەوە و دەڵێت:

***ئەمە مێژووە من هەمە***

***یان حەماڵی هەزار ساڵەی خان و سوڵتان؟***

***ئەمە وڵاتە من هەمە***

***یان عەرەبانەی دەستگێڕی برین و ژان؟!*** (بۆننامە: ٤٨)

دەستەواژەی (حەماڵی خان و سوڵتان)، هێمای ڕەخنەیەکی سیاسیی دیرۆکدارە، کە بەردەوام ڕووبەڕووی مێژووی سیاسەتمان و سیاسییەکانمان دەبێتەوە، حەماڵی و ژێردەستەیی و ئیشکردن و دانەپاڵی هەرلایەکمان بۆ خان و سوڵتان، بۆ دەوڵەتی سەفەوی و عوسمانی، بۆ ئێران و تورکیا. مێژوویەکی سیاسی و وڵاتێک چون عارەبانەیەک، جگە لە برین و ژان، دەستگێڕەکەی کە خۆمانین، هیچی لەسەر نەبووە. هەر لەمڕووەوە پارچەشیعرێکی دیاری تری هەیە، کە کوردستان وەک کاروانسەرا و جێخانی دەستەڵاتە سیاسییەکانی نەتەوەکانی دەوربەر دەبینێت و تیایدا هێما بۆ داگیرکەرانی فارس و عەرەب و تورک دەکات و دەڵێت:

***بەم بنارەدا چی نەڕۆی***
***بەم بنارەدا چی نەهات.***
***لوورەلووری ئاگری پارس و***
***گڤەگڤی شمشێری ئەسحابەکان و***
***قیژەقیژی شەوەزەنگی ڕۆمەکان و***
***نێڵەنێڵی ڕمی عەجەم***
***بەم بنارەدا چی نەڕۆی***
***بەم بنارەدا چی نەهات*** (خاچ و مار و ڕۆژژمێری شاعیرێ: ٧٤)

لە شیعرێکی دیکەدا، شاعیر تووڕە و بە تەنز و لاقرتێیکەوە، هێماگەلێکی سیاسی و ئایدۆلۆجی بەرباس دەدات و پارچەپارچەبوون و هەرزانفرۆشیکردنمان لە پایتەختە (هێژاکان)ی دراوسێدا دەگێڕێتەوە. ئەو دەڵێت:

***ئێمە تەلی زەردی کارەبای دزراوین***

***بەڵام دوایی لە پایتەختە هێژاکانی دراوسێدا***

*دوای توانەوە و تێکەڵکردن ئەکرێین بە زێڕ (تێبینی: گوایە ئیتر چیتان ئەوێ!).*

*ئێمە بە قیست ڕیش ئەهێنین لەولا و*

*ئێمە بە کاش خیانەتی چاوڕەش ئەکڕین لەملا و*

*ئێمە بە گۆڕینەوەی گوێچکە و دۆلار*

*سۆپەرمارکێت، ڤیڤۆ، ئیڤا ئەکەینەوە لە ئەوروپا!*(بۆننامە: ٤٥)

دزینی تەلی کارەبا، لە نەستی نەوەی نەوەتەکاندا، هێمای بێباکی و هەرزانفرۆشکردن و بێئاگایی و ناهۆشیاری سیاسییە، دوای شتێک لە بەڕێوەبردنی خۆسەریانە، کەوتینە دزین و ئاودیوکردنی ئاسن و پلاستیک و فافۆن و ترۆمبێل و داروبەردی خاکەکەمان، هەناردەکردنی بۆ پایتەختانی دراوسێ. شاعیر هۆشیارانە و بە باکگراوندێکی سیاسییەوە، ئێمە بە تەلی کارەبا دەچوێنێت و دەڵێت: هەر ئەوکات خۆمان و هەموو شتێکمان ئاودیو کرا، لەوێوە بە هێمایەکی ئایدۆلۆژیی وەک (هاوردەکردنی ڕیش بە قیست)، کە هێمای ئایدۆلۆژیای خواستراوی ئیسلامی سیاسییە بۆ ئەم بەشەی کوردستان، هێنانی خیانەت بە کاش، لە کۆتایشدا دەڵێت، ئێمە هەموو شتێکی خۆمانمان لەم سەرزەمینە فرۆشت تا لە ئەوروپا سۆپەرمارکێت و کارخانەیەکی ئۆتۆمبێل بکەینەوە و پێی خەنی بین، لەبری گریانێکی قووڵ لە فەراغی نەبوونی هۆشیارییەکی سیاسی دوورمەودادا، کە هەموومان باجەکەیمان دا و دەشیدەین. بەم شێوەیە دەکرێت شێرکۆ بێکەس بە ویژدانی ئاگای زمان و شیعر و سیاسەتی کوردی بچوێنین لەو پەنجا ساڵەی ڕابردوودا.

لە شیعرێکی تردا گێڕەرەوە لە دەقی والای (گۆڕستانی چراکان)دا، ڕوو دەکاتە دایکی، کە کۆرپەکەی باوەش کردووە، هێما بۆ ئایدۆلۆجی دینی لە ڕێگەی (ئەوان ئاسمانیان لەگەڵە) دەکات، هێمایە بۆ دەسەڵاتێکی ئاینی، کە لە ڕێگەی (سوورەتی ئەنفال)ەوە ڕەوایەتییان بەو مەرگەساتە داوە. هاوکات تیایدا هێماش بۆ (جاش و مەستەشارە خۆفرۆشەکان و کوردفرۆشەکان) دەکات بە بەکاربردنی (پەنجەی و چاوی خۆمان و زمان و جامانە و جلی خۆمان)، کە ئەوکات ئەوان دەلیل و ڕێنیشاندەری تراجیدیای ئەنفال بوون و دەڵێت:

*بۆ کوێ دایە؟ بۆ کوێی ئەبەی؟*

*ئەوان زەمینیان لەگەڵە*

*ئەوان ئاسمانیان لەگەڵە*

*ئەوان لە پەنجەی خۆمان و*

*ئەوان لە چاوی خۆمان و*

***لەم زمانە و لەم جامانە و لەم جلانە و***

***لەم دەشتانە و***

***لەم شاخانەیان لەگەڵە!*** (گۆڕستانی چراکان: ٦١)

لە هێمایەکی دیکەی شەڕی براکوژی و خۆکوژیدا، کە شێرکۆ بەردەوام چووەتەوە سەری، دەڵێت ڕیشەیەکی مێژینەی هەیە و لە باوباپیرانمانەوە بۆمان ماوتەوە و دەڵێت:

***باپیرانمان شەقیان لە دوارۆژ هەڵئەدا و***

***کەوشەکانیان ئەکرد بە دەمی یەکتردا و***

***سەریان بێ زەنگ و بێ مۆم و***

***دڵیان مێش و گوێدرێژەکانیان لە کچ و ژنەکانیان***

***خۆشتر ئەویست*** (سروودە بەردینەکان: ١٦)

لێرەدا لە دەربڕاوی (کەوشکردن بەدەم یەکترداکردنی باوباپیرامان)، هێما بۆ ئەو ناکۆکی و شەڕی یەکترسڕینەوە و خۆخۆرییە دەکات. کە تاوەکو ئێستاش لە سیاسەتی حیزب و ئایدۆلۆژییە جیاوازە دینی و سیاسییەکاندا درێژەی هەیە. جگە لەوە هیماگەلێکی وەک بێزەنگ و بێمۆم، کە دەلالەت لە تاریکی و بیهەراوزەنایی ژیان دەکات و دڵیشیان وەک مێش وایە بەسەر پیسایی کولتووری یەکترقوبووڵنەکردنەوە نیشتووەتەوە، کە ئاماژەیە بۆ پەندێکی کوردی.

لە پارچەشیعرێکی دیکەدا، شاعیر لە ڕێگەی (هەولێر و بەغدا)وە، کە لە زمانی سیاسەتدا لە ئێستاشدا هێما و ئاماژە بۆ هەردوو (حکوومەتی هەرێمی کوردستان و حکوومەتی عێراق) دەکات، کە چۆن هیچ متمانە و باوەڕبەیەککردن لە نێوانیاندا نەبووە و بە ئێستاشەوە نییە و چەقۆ لەیەکتر دەسوون، لە ڕێی وێنەیەکی هونەری ناوازەوە دەڵێت، منی هەولێر گەر چوومەوە بۆ بەغداد، تەنانەت ئەگەر ئاویشیان بۆ هێنام، نایخۆمەوە، تاوەکوو بەغدا پێش من نەیخواتەوە و دەڵێت:

***منی هەولێر***

***لە ئیستەدا "گومان" بووە***

***بە سێبەرم***

***سێبەری "سەر"ێکی ترمە و***

***پێش ئەم سەرەی خۆم کەوتووە.***

***لە ئیستەدا گومان بووە***

***بە چاو و دەستی سێهەمم***

***بۆیە ئەڵێم منی هەولێر***

***گەر ئەمجارە چووم بۆ بەغدا***

***ئەو وەختەی ئاویان بۆ هێنام***

***وەری ناگرم، نایخۆمە و تا بەر لە من، بەغدا بۆ خۆی لەبەر چاوم***

***لە هەمان ئاو نەخواتەوە!*** (تەون: ٢٨).

## پێنجەم: هێمای ئاینی

ئەم هێمایە، هێمایەکی دیاری نێو جۆرەکانی هێمایە، لە هەمان کاتیشدا تێمایەکە لە هەموو ژانرەکانی ئەدەبدا ئامادەیی هەیە. ڕاستییەکەی مەبەست لە هێمای ئاینی ئەو هێمایانەیە کە لە کتێبە ئاسمانییەکانەوە سەرچاوەی گرتووە، وەک (قورئان و ئینجیل و تەورات) و هەروەها ئاڤێستا، زۆر جاریش سوود لە ژیانی پێغەمبەران و فەرموودەکانیان و هەموو ئاینزاکانی تر و شوێن و هەموو ئەوانەی پەیوەندیدارن بە ئاینەکانەوە، وەرگیراوە، بۆیە هەر لە کۆنەوە تا ئێستاش کەم شاعیر هەیە پەنای بۆ هێمای ئاینی نەبردبێت و لە بەرهەمانیدا ڕەنگی نەدابێتەوە (فەتاح ٢٠١٥: ٧٤). ((لەم ڕوانگەیەوە مەزراندنی هێمای ئاینی و سوودوەرگرتن لە پێکهاتەکانی ئاین، دەرگاکانی دەق بەرەو ڕووی دەقی تر دەکاتەوە، دەق ئامادەیی ئەوەی تێدا دەبێ کە لە ئەنجامی هەڵمژین و کاریگەربوون بە دەقی ئاینی لە چوارچێوەی دیمەنێکی تازەدا، بە بەر دەقی تازەدا دەکرێتەوە)) (خۆشناو٢٠١٠: ٣١٠).

ئاین و میراتی ئاینی سەرچاوەیەکی گرنگ و دەوڵەمەندی بەردەستی شاعیرانە، کە لە شیعری کۆن و هاوچەرخ و نوێدا لە تاقیکردنەوە شیعریەکانیاندا، سودیان لێبینراوە، لە ڕووی پێبەخشینی سیفەتی بەردەوامی و مانەوە و بەدەستهێنانی هێز و کاریگەری، ئەمەش بەهۆی ئەو ئامادەبوونە بەهێزەی ئاین هەیەتی لەلای کۆی خەڵکی و لەو هێزە کاریگەرییەی هەیەتی. سەرباری ئەوەی ئاین لەبەر دەوڵەمەندی، نموونەی ئەدەبی و وێنەی شیعری بە شاعیران دەبەخشێت، کە لەوانەیە لەسەرچاوەکانی ترەوە دەستیان نەکەوێت. هەر مرۆڤێک بەپێی شوێنی جوگرافی و ژینگە کۆمەڵایەتییەکەی لە ژێر کاریگەری ئاینێکدایە، ئیتر پەیڕەوکەری بنەماکانی ئەو ئاینە بێت یان نا، باوەڕدار بێت یان بە پێچەوانەوە، لە ژێر کاریگەری ئاینێکدایە، بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ بێت یان ناڕاستەوخۆ، بە ئاگاییەوە بێت یان نائاگایی، هەر کەسێکیش بە شێوەیەک لە لای ڕەنگ دەداتەوە.

لەناو کوردیشدا گەلێک ئاین هەن، وەک ئاینی (زەردەشتی، کاکەیی، مەسیحی، ئێزیدی، جوولەکە، ئیسلام بەهەردو مەزهەبی سوونە و شیعەوە، ئەمە جگە لە ڕێبازە ئاینیەکانی وەک قادری و نەقشەبەندی) لە نێو کورددا هەن، کە بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ هاتوونەتە نێو دەقەکانییەوە و بەپێی ئەزموونی شاعیرانەی لە شیعرەکانیدا دایمەزراندوون و ئەرکی پێبەخشیون (قادر ٢٠١٠: ١١٩-١٢٠).

شێرکۆ بێکەس، وەک شاعیرێک کە نەوەی ڕۆژهەڵاتە، بیروباوەڕی ڕۆژهەڵاتیش بارگاوییە بە سەرپاکی ئاینەکان، نەیتوانیوە دەستبەرداری بێت و لە بەرهەمەکانیدا بەردەوام ئامادەییان هەیە، سا وەک ئەوەی سوودی لێ بینیبێتن یاخود خستوونیەتییە بەر ڕەخنە و سەرنج و تێبینییەکانی خۆی لە کاتی بەرباسدانیاندا لەو ڕێگەیەوە(لە ڕێگەی شیعرەوە)دەرخستبێت. وەک خۆی لە بیرەوەرییەکانیدا و لە بەشی یەکەمی کتێبی (نووسین بە ئاوی خۆڵەمێش)دا دەڵێت: ((ئێمە هەمووومان و هەر یەکێکمان پەروەردەی ناو ئەو خێزان و کۆمەڵگەیە بووین، کە هەر لە منداڵییەوە خەتی حەرام و حەڵاڵیان بە دەوردا کێشاوین، یەکەمین هۆکاریش، هۆکاری ترس و هەژموونی (دین) و بە کۆیلەبوونی خورافات و داب و نەریتی چەقبەستووی کۆنینەی کۆمەڵ بووە، کە عەقڵی وێران کردووین، بەڵێ دین شمشێری هەمیشە ئامادەی سەر ملمان بووە... دین گەورەترین بەربەستی بەردەم گەشەکردن و هێزی پووکانەوەی مرۆڤی کورد و هەموو جوانییەکانی ڕۆژهەڵاتی ئیسلامی بووە... بەم جۆرە ترس لە دین و دابونەریتی کۆمەڵ، وات لێ ئەکات قەڵەمەکەت تووشی دڵەڕاوکێ و ترس و نائومێدی ببێ و بە ناچاری خۆت سانسۆر لە سەر خۆت دابنێیت)) (بێکەس ٢٠١٣: ١٢).

لە زۆرێک لە دەقە واڵاکانیدا ئەم جۆرە لە هێما بەرباس دەدات، وەک دەڵێت:

***تۆ کۆنترین ئاگردانی ئەم "زمان"ە و***

***بەردەنوێژی ڕوو لە خۆری ئەم مێژووەت لە بیر نییە.***

***تۆ جێ قوربانیی کیژانی ئاهورامزدات لە ئاتەشگەی بەرپێیەکانی زەردەشتا***

***بۆ خواوەندیی ڕووناکیی و ڕەز و گوڵەگەنم لە بیر نییە.***

***تۆ ئەو دەمە بەچکەشیعرێکی سێ ساڵ بووی***

***زەرنەقووتەی کونەشاخ و ویزەویزی هەنگێکی تازەباڵگرتووی***

***شانەکانی ناو کلۆری پیرەدار بووی.***

***تۆ خەون بووی لەناو خەونا*** (خاچ و مار و ڕۆژژمێری شاعیرێ: ٧)

لێرەدا لە سەرەتای دەقی والای (خاچ و مار و ڕۆژژمێری شاعیرێ)دا، شێرکۆ بێکەس ڕوو دەکاتە خۆی، ئەو کاتەی سێ ساڵان بووە، بە هێنانەوەی (ئاهورامازدا) وەک هێمای خوای چاکە و ئاتەشگە وەک هێمای کۆنترین پەرستگای ئاینی زەردەشتی، زەردەشتی یەکەمین پێغەمبەری کورد، ئەوە بەرباس دەدات کە تۆ خاوەن ئاینێکی لەمێژینەی، جا ئیتر بیری خۆی و کورد دەخاتەوە.

لە شیعرێکی دیکەدا و لە وەسفی (مەحوی)ی شاعیری ناوداری کلاسیکی کورددا، بە سرووشوەرگرتن لە پرسیار و بوون و هیچێتی ژیان و دڕدۆنگی و جەوەلانکردنی مەحوی لە نێوان گومان و یەقیندا. شێرکۆ بێکەس لەپاڵ مەحویدا ئەکەوێتە ئەو کەشە ئاینییەی مەحوییەوە و دەستەواژەی (نێوان بێشکە و گۆڕ) دەهێنێتەوە، کە دەستەواژەیەکی ئاینییە و هێمایە بۆ بەشێک لە فەرموودەیەکی پێغەمبەر(د.خ)، (أُطْلُبِ العِلْمَ مِنَ الْمَهْدِ إِلَى اللَّحْدِ)، کە مەبەست لێی تەواوی ژیانە، شێرکۆ بێکەس بە تراویلکەی دەچوێنێت و دەڵێت:

***(مەحوی) ئەمخاتە ناو دەنگی گومانەوە.***

***(مەحوی) ئەمخاتە ناو بۆنی گومانەوە.***

***(مەحوی) ناهێڵێ داسەکنێم لە مەنگیدا ئەمداتە دەست گەرداوی شێت***

***ئەمداتە دەست پرسیاری شێت***

***لە نێرینەی وروژانی قوڵاییدا! ئەمداتە دەست گێژەنەکان***

***نامداتە دەست گوڵ و لم و***

***بە چەقەنەی دانە بەرد و ناو تەڵزمی بووندا ئەمبا.***

***ئەو پڕوپووچیی ژیان و ئەو پڕوپووچیی مردن و***

***تراویلکەی ئەم سەفەرەی نێوان بێشکە و گۆڕەکەی خۆم نیشان ئەدا.***

***(مەحوی) ناهێڵێ داسەکنێم وەکوو (وەڵام).***

***(مەحوی) ناهێڵێ من هەرگیز سەقامگیر بم وەکوو (یەقین).***

***بۆیە ئەو منی کردووە بە هەڵچوون و بە داچوون و***

***بە زمانێکی دڕدۆنگ و بە شیعرێکی پڕ لە (بەڵام)!*** (بۆننامە: ٣٨)

لە دەقی (ئێستا کچێک نیشتمانمە)دا، لە زاری کارەکتەری پشیلەیەکەوە، لە ڕێگەی کۆمەڵێک هێمای ناو و شوێن و کەسێتییەوە، هێما بۆ ئاینی (مەسیحی) دەکات، ئەوانیش:

کڵێسا (پەرستگای ئاینی مەسیحی)، کەریمی ئەلەکە (کەسایەتی دیاری ئاینی مەسیحی و بازرگان و وەزیری دارایی حکوومەتەکەی شێخ مەحموود و پیاوێکی بەخشندە و دڵوالا و یارمەتیدەری هەژاران بووە بێ جیاوازی ئاینیان)، جۆرج (یەک لە باوترین ناوەکانی ئاینی مەسیحی)، هاوکات هێما بۆ ئەوە دەکات ئەم ئاینە لە مێژە لە شاری سلێمانیدا هەبووە و تیایدا لە شیعرەکەدا دەڵێت:

***ڕۆژتان باش!***

***من ناوم پشیلەیە.***

***بە نەتەوە کوردم و بە ئاین مەسیحی.***

***هەندێ کەس بە "جۆرج"یش بانگم ئەکەن .***

***ئیستە بێکارم. بەڵام ماوەیەک لەمەوبەر ساعوور[٢٨]ی تاقە کڵێساکەی ئەم شارە بووم.***

***منی پشیلە یان جۆرج، باپیرە هەرە گەورەم یەکێک بووە لە پشیلە دەوڵەمەند و***

***خێرخوازەکانی ناو ماڵی کەریمی ئەلەکە.***

***ئەو باپیرە پشیلەیە، ئەوەندە پشیلەچاک و بەخشندە بووە.***

***لە گرانییە گەورەکەدا، نەیهێشتووە یەک پشیلەی هەژار لەم شارەدا***

***لەبەر برسێتیی بمیاوێنێ و هەموویانی تێر کردووە.***

***جا پشیلەی مەسیحی بووبن یان موسڵمان*** (ئێستا کچێک نیشتیمانە: ٦١).

لەبارەی ئەوەش، کە شێرکۆ بێکەس هەمیشە ڕەخنە و سەرنجەکانی خۆی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ بەرامبەر ئاینەکان و بە تایبەتی ئاینی ئیسلام، دەربڕیوە، بەو هۆیەی لە کۆمەڵگەیەکدا بووە ئاینی ئیسلام زۆرینەیە، لە ڕێگەی ئەو ئاینەوە گەلێک ستەم، نەک لە نەتەوەی کورد کراوە و ڕۆڵەکانی بوونەتە قوربانی، بەڵکوو کۆی وڵاتانی عەرەبی و ناوچەکەش هەروەها. ئەوەتا بە هێماکردن بە (قورئان) لە ڕێگەی (کتێبی زەمانی پێغەمبەر)ەوە، لە مێزگردێکدا قورئان و کتێبێکی (کانت) و سەرمایەی (مارکس) لەبارەی دین و عەدالەتەوە دەدوێن. یەکەم کتێب، کە هاتووەتە گۆ قورئان بووە، کە بەکتێبێکی کەڵەگەتی ڕیشن و سەعاتێک لە دەستی ڕاستیدا بوو وەسفی دەکات و ڕاستەوخۆ ناوی ناهێنێت، دەڵێت وەختێ دواوە باسی خودا و پێغەمبەر و چوار خەلیفەکە و سوورەت و ئایەت و والی و ئەمیر و کڵاوەکەی سەخری جنی و فێستی قازی مێزەری شەریعەتی کردووە، بەڵام ئەوەی لەبارەیەوە نەدوا، سەرە بڕاوەکانی (ئاوایی حەمە) و کارەساتی (یەکی

[٢٨] ئەو کەسەی خزمەتی کەنیسە ئەکات.

شوبات) له هەولێر و دەستی قرتاوی (شەنگار) و قاچی پەڕیوی (کەرکووک) و لەشی بێ سەری سۆماڵ و سەری بێ لەشی ئێراق و جەستەی جەزایر بووە، دەڵێت:

***دوێنێ شەوێ هەندێ کتێب مێزگردێکیان لەسەر مێزەکەم درووست کرد***

***سێ کتێب بوون کتێبێکی زەمانی پێغەمبەر و کتێبێکی زەمانی "کانت" و کتێبێکی زەمانی "مارکس"***
***تەوەری باس لە سەر دین و عەدالەت بوو***

***یەکەم کتێب ڕیشنێکی کەڵەگەت بوو***

***سەعاتەکەی لە بری چەپ کردبووە دەستی ڕاستییەوە***

***وەختێ دوا خودا و پێغەمبەر و هەر چوار خەلیفەکەی خستە سەر مێز.***

***هەرچی سوورەت و ئایەتە خستییە سەر مێز.***

***مێزەری والی و ئەمیری خستە سەر مێز.***

***کڵاوەکەی سەخری جنی خستە سەر مێز.***

***فێستی قازی و چی مێزەری شەریعەتە خستییە سەر مێز.***

***بەڵام ئەوەی کە نەیخستە سەر مێز***

***سەرە بڕاوەکانی ئاوایی حەمە و***

***ئەوەی نەیهێنایە سەر مێز چاوەکانی یەکی شوباتی هەولێر و***

***دەستی قرتاوی شەنگار و قاچی پەڕیوی کەرکووک و***

***لەشی بێ سەری سۆماڵ و سەری بێ لەشی ئێراق و***

***مانگی جەستەی پارەپارەی جەزایر بووا*** (ئێستا کچێک نیشتیمانمە: ٢٥٩)

## شەشەم: هێمای مێژوویی

ئامادەبوونی مێژوو، وەک کەرەستەیەک لەنێو دەقدا، سیمایەکی دیکەی بەرەو داهێنانچوونی دەقە، لەو چوارچێوەیەی کە ڕۆڵی گرنگ دەبینێت لە پێکهاتەکەی دەقدا و مێژووش وەرچەرخانی کاتە و هێنانەوەیەتی بۆ ئێستا، لەم ڕووەوە زیندووڕاگرتنی مێژوو ڕۆحبەبەرداکردنی دەقە لە چەقبەستوویی ئێستاییدا، مەزراندنی مێژوو وەک کات، یان وەک کەسایەتی، ڕووداوە گرنگەکان دەق گەرمتر دەکەنەوە و کۆی پرۆسەکەش لە سازاندنی وێنەدا خۆی دەبینێتەوە، ئەم وێنانەش لەوەدا لە

چوارچێوەی هێمادا دێنەوە، کە وزەی مت بوو وەستاوی نێو مێژوو زیندوو دەکەنەوە و لە بەسەرچوون و لەکارکەوتنەوە بۆ کەرەستەیەکی بزێو و چالاکی دەبەن، هێما مێژووییەکان لە هێما خودییەکان زیاتر دەمامکدارترن، بەو پێیەی بەشێک لە هێمای ئاینی و هەروەها هێمای فۆلکلۆرییش لە چوارچێوەی مێژوودا دەگیرسێتەوە، لە هۆشی وەرگردا نیشانەیەک هەیە بۆ ناساندنەوەیان و گشتیترە (خۆشناو ٢٠١٠: ٣١٧). هێمای مێژوویی (ئەو هێمایانەن وا لە ڕووداوە مێژووییەکانەوە هەڵدەهێنجرێن، چ ناوی کەس بن یان ناوی شار و دێهات، یان ناوی ڕووداوێکی دیاریکراو وەک پەیماننامە سیاسییەکان)، پڕیەتی لە ڕووداو و کارەساتی هەمەجۆر، جا شاعیر پەنا دەباتە بەر هێمای مێژوویی، لەلایەک ئەزموونەکەی خۆی پێ دەوڵەمەند دەکا، لەلایەکی تر، کەسێتییە مێژووییەکان وەک دەمامک وەردەگرێ، بۆ ئەوەی گوزارشت لە هەڵوێستی شاعیر بکات. ڕابردوو لای شاعیران گرنگی خۆی هەبووە، وەکوو سەرچاوەکانی تر هەمیشە شاعیر سودی لێ بینیوە) (ئیبراهیم ٢٠١٥: ٧٥).

بەرجەستەکردنی هێمای مێژوویی لەنێو دەقدا، (لە چەمکی دەقئاوێزان بوون (التناص) نزیکمان دەکاتەوە، نەک بە ئاوێزانبوونی دەقێک بە دەقێکی تر، بەڵکوو ئاوێزانبوونی دەق بە ماهییەتی مێژوو، خواستی کەرەستەکانییەتی، پشتبەستنە بە گۆڕانکارییەکانی، ئەمەش لە چوارچێوەی کرۆک و مەبەستە تایبەتییەکانی نووسەر خۆی دەنوێنێ، بە واتایەکی تر هێمای مێژوویی دووبارەنووسینەوەی بەشێکی مێژوو نییە، ئەوەندەی بەکارهێنانی مۆتیڤی مێژووە و دەمامککردنییەتی بۆ نیشاندانی بینینی ئێستا، لەبەر ئەوە ئەو جۆرە تەمومژاوییە، مەودای نێوان وەرگر و نووسەر لەلایەک و وەرگر و دەق لەلایەکی تر گرژ دەکاتەوە و ڕاڤە و شیکاری تەواوی دەق و ئاشکراکردنی مەبەستەکان بۆ وەرگر دەگەڕێتەوە و جۆرە ئیستاتیکایەک بە پرۆسەی نێوان هەردووکیان دەدات) (خۆشناو ٢٠١٠: ٣١٧).

مێژوو کەڵەکەبوونی ئەزموونی مرۆڤایەتییە بەپێی سەردەمە جیاوازەکان و درێژبوونەوەی تێڕوانینە جیاوازەکانی مرۆڤایەتی و پوختەی بەرهەمی چالاکییەکان و بەسەرهات و ڕووداوەکان و کارەسات و داهێنانەکانییەتی و بابەتێکی ترە لەو بابەتانەی داهێنەر پەنای بۆ دەبات، ئەمەش لەبەرئەوە نا کە تەنها مێژووە و بەس، پێویستە بۆی بگەڕێتەوە، بەڵکو مێژوو ئەو سەرچاوەیەیە کە داهێنەر لە ڕێگەیەوە بیر و داهێنانەکانی دەخاتە ڕوو و دووبارە شتەکان درووست دەکاتەوە، بە شێوەیەک لەگەڵ سەردەم و بارودۆخ و ئەو بیرەدا بگونجێت، کە شاعیر مەبەستێتی و خزمەت بە بۆچونەکانی بگەیەنێت (قادر ٢٠١١: ١٤١).

مێژوو و هێما مێژووییەکان بوونەتە سەرچاوەیەکی گرنگی بەشێکی زۆری شیعرەکانی شێرکۆ بێکەس، لەناویشیاندا دەقە واڵاکانی، شاعیر بە شێوەی داهێنەرانە سوودی لێ بینیون و

مەزراندوونی، چەندین دەقی تژی بە هێما بۆ چێ کردووین، هەروەکوو خۆی دەڵێت: ((شیعری من زیاتر ئیشکردنە لە سەر مێژوو و یادەوەری)) (عیسی ۲۰۰۹: ۲۹۱)، وەک لە دەقی والای (سروودە بەردینەکان)دا دەڵێت:

***دوێنێ ئاناباز هات بۆ لام.***

***بە زرێپۆش و کڵاوی ئاسنین و ڕمی دەست و چەپکێ تیری بەرپشتێن و کەوانەوە.***

***ماندوو ماندوو.***

***وەختێ دانیشت. ئەشکەوتم پڕ بوو لە قیژە و لە هۆبەهۆی مەیدانی شەڕ.***

***لە تەپوتۆز. لە گرمژنی بەردی زل. لە دەنگی بەریەککەوتنی قەڵغان و شیر***

***لە ڕمبەی کەوتنی ئەسپ و لە حیلەحیلی خوێناوی و لە ناڵەناڵی سەربازی بریندار و***

***لە نێڵەنێڵی ئاگری سەر قوتکەکان.***

***دوێنێ ئاناباز هات بۆ لام***

***پەست و ژاکاو، ئەتوت ئاوێنەی خۆڵاوی و***

***تاشەبەردێکی شکاوە.***

***تێی گەیاندم. "بۆکریسکان" سەر لەشکری سوارەکانی***

***لەم دەربەندەدا کوژراوە*** (سروودە بەردینەکان: ٦٩).

ئاناباز یان ئاناباس (گەڕانەوە) anabasis ، کتێبە بەناوبانگەکەی (ئێگزینۆفۆن) فەیلەسووف و مێژوونووس و سەرلەشکری یۆنانی، دوای گەڕانەوەی لەشکرەکەی بە ڕۆژهەڵات و کوردستاندا، ئەم کتێبە وەک سەفەرنامەیەکی مێژوویی دەنووسێت، یەکەمین و کۆنترین پەڕتووکە باسی کاردۆخییەکان و نەژادی کوردی، کردبێت.

شێرکۆ بێکەس (ئاناباز) وەک هێمایەکی مێژوویی و دیرۆکی بەکار دەهێنێت و بەکەسی کردووە، تێیدا هێما بۆ ئەوە دەکات کە کورد لە مێژە خاوەنی ئەم شاخ و خاک و ئاوە بوونە، ئاگریان لەسەر لوتکەی شاخەکان کردووەتەوە، هاوکات هێما بۆ ئازایەتی ئەوکاتی کاردۆخییەکان دەکات، کە چۆن لەگەڵ ئەو لەشکرەدا پێکیان داوە، بە خلۆرکردنەوەی بەرد و تاوێری شاخەکان ئەو لەشکرەیان شپرز کردووە و ڕووبەڕوویان بوونەتەوە، ئەم بارە لێک دەداتەوە بە شپرزەیی و ماندوویێتی (چون ئاوێنەیەکی خۆڵاوی و تاشەبەردێکی شکاو) و کەساندنی دۆخی ناجێگیری ئاناباز بەهۆی کوژرانی

سەرلەشکرەکەی کە بۆکریسکان بووە لەلایەن کاردۆخییەکانەوە. جێی ئاماژەشە لە ئێستادا (بۆکریسکان) گوندێگی ناوچەی پشدەریشە.

لە پارچە شیعرێکدا لەم ڕووەوە، دەڵێت:

***تۆ پیاوانی "قەرەداغ"ی وەک "نەرام-سین" کەللەکەڵ و***

***وەکو هەرێز سنگتووکن و***

***وەکوو دەرەبەندی باسەرە***

***چاوقایمیت لەبیر نییە.***

***تۆ خەون بووی لەناو خەونا*** (خاچ و مار و ڕۆژژمێری شاعیرێ: ٩)

شێرکۆ بێکەس ڕوو دەکاتە خۆی و دەڵێت: تۆ پێویستە زۆر شت بە بیری خۆت بهێنیتەوە و لێی بکۆڵیتەوە، بۆ ئەمەش هێمایەکی دیاری مێژوویی دەهێنیتەوە، ئەویش (نەرام-سین)ە، وەک هێمای بوونی کورد لە سەردەمە دوورەکاندا، وردتر هێمای نیشتەجێبوونی کوردە لە کوردستاندا. (نەرامسینی پاشای ئەکەدییەکان، لە ٢٢٧٣ بۆ ٢٢١٩ پ.ز فەرمانڕەوایی کردووە، هێرشی کردووەتە سەر لۆلۆبیەکان لە سەر بەردێک سەرکەوتنەکەی تۆمار کردووە، کە ئێستا لە مۆزەخانەی لۆڤەرە لە پاریس، هەروەها لە دەربەندی گاوریش لە قەرەداخ لە سلێمانی، داتاشراوەیەکی تری بەجێ هێشتوە، کە تێیدا سەرکەوتووە بەسەر لۆلۆبیەکاندا) (قادر ٢٠١٨، westganews).

## حەوتەم: هێمای کۆمەڵایەتی

شاعیران هاوکات لەگەڵ ئەزموونی نووسینی شیعردا، خەمی هۆشیارکردنەوەی کۆمەڵ و هەوڵدان بۆ ڕۆشنبیربوون و بەئاگاهاتنەوەشیانی هەڵگرتووە. زۆرێک لە دیاردە ناجۆرە کۆمەڵایەتی و فەرهەنگییە دواکەوتووەکانی سەردەمەکەیان لە شیعردا بەرباس داوە و ڕەخنەیان لێ گرتوون، بە تایبەتیش ئەوانەی وا دەبنە ئاستەنگ لە بەردەم ئازادییەکانی تاکدا.

بۆ ئەمەش ئەو ڕەخنانەیان لە قاڵبی هونەری و شیعری کاریگەردا لە ڕێی هێماوە دەربڕیوە، بەهۆی کاریگەری هێزی شیعرەوە بێت یان هەندێجار بەهۆی سانسۆرە کۆمەڵایەتییەکانەوە بێت، پەنایان بردووەتە بەر هێما، لە ڕێگەی چیرۆکە شیعرەوە یان گفتوگۆی ئەدەبی لە زمانی گیانداران و باڵندەکانەوە، کە شێرکۆ بێکەس بەردەوام بەو دوو فۆرمە کاری لە سەر ناجۆری دیاردە کۆمەڵایەتییەکان کردووە.

شاعیر بەردەوام لە ململانێدا بووە لەگەڵ دیاردە باو و ناجۆرە کۆمەڵایەتییەکانی نێو کۆمەڵگەی کوردی ، ئەم جۆرە لە هێما ڕووبەرێکی بەرچاوی نێو شیعری شێرکۆیە، نەک هەر لە شیعرەکانیدا، بەڵکوو ئەمە لە هەڵوێستی کەسی و تایبەتیی لە ژیانیشدا دەبینرێت و ڕەنگی داوەتەوە. ئەم جۆرە لە هێما لە زمانی ملوانکەی کارەکتەری سەرەکی دەقی والای (ملوانکە) دەهێنێتەوە، کە دەقێکە تایبەتە بە دۆزی ژن و ئەو ئارێشانەی لە کۆمەڵدا ڕووبەڕووی ئافرەتان دەبنەوە، لە دەقێکی هاوشێوەی پەخشاندا لەو بارەیەوە دەڵێت:

***ئا لەو باڵکۆنەی بەرامبەر، بۆینباخێکی سوورفلی درێژ ئەژی، هەموو جارێ شووشەبەندی بەردەمی خۆی ئەکاتەوە و بە دەنگی بەرز، پیادەڕەوی سەر شەقامیش گوێیان لێیە، ئەکەوێتە تالیقلێدان، قسەکانی پیس و پۆخڵ، جگە لەوەش ناوبەناوێ هاوار ئەکا" مێ بۆ بێدەنگی و مووبەق و ناو پێخەف و هیچی تر نا" وای لێ کردووین، هەر ئەوە نییە لە داخا، خۆمان نەپچڕێنینەوە و دەنک دەنک سەر هەڵنەگرین*** (ملوانکە: ٢٥)

لێرەدا، شاعیر لە ڕێگەی (بۆینباخ)ەوە، کە هێمای نێرینە و پیاوە، وەک ڕەخنەیەک کە نوێنەرایەتی تالیقلێدان ئەکات لە کۆمەڵدا، کە نۆرم و نەریتێکی ناباو و بێزراوە و بەرانبەر ژنان ئەنجام دەدرێت، چەندە ئازارییان دەدات و بەدەستییەوە دەناڵێنن و تا ڕادەی سەرهەڵگرتن و پچڕانەوەی ملوانکە، کە هێمای ئافرەتە، دەڕوات. ئەمە جگە لەوەی تایبەتمەندی (دەنگی بەرز) دەداتە (بۆینباخ)، وەک هێمایەک بۆ بەئازادی و بەئاشکراقسەکردن، ئەوە دەداتە گوێی (مێ)دا کە ئەوان تەنها بۆ بێدەنگی و نێو مووبەق و ناو پێخەف خوڵقاون.

لە پارچەشیعرێکی تردا شاعیر ڕەخنەی دەربڕینێکی ناقۆڵاو بارگاوی بە دین و کولتوور و دابی کۆمەڵگە پاشکەوتووکان دەکات، کە (ئەقڵی نوقسان)ە، ئەمەش لەو کۆمەڵگایانەدا هێما بۆ ڕەگەزی مێینە دەکات، شاعیریش لە ڕێگەی بەراوردێکەوە ڕەتی ئەوە دەداتەوە و دەڵێت گەر وابێ ئەم هەموو شتە جوانانە لە ڕەگەزی مێن، وەک: (مانگەشەو و گوڵەباخ و ڕەنگی وەنەوشەیی و دەنگی کزەبا) ئەقڵیان نوقسانە و ئەوەی ئەقڵی ساغە و نێرە تەنها (دەنگ و ڕەنگ و بۆنی شمشێر و شیر و ڕم و مەنجەنیق و خوێن)ە. دەڵێت:

***لە ئاسماندا ئەقڵی نوقسانە مانگەشەو***

***چونکە مێیە!***

***لەسەر زەوی ئەقڵی نوقسانە گوڵەباخ***

***چونکە مێیە!***

***لە ڕەنگا ئەقڵی نوقسانە وەنەوشەیی***

***چونکە مێیە!***

***لە دەنگا ئەقڵی نوقسانە کزەبا***

***چونکە مێیە!***

***بەڵام لەناو دەنگ و ڕەنگ و بۆنی شمشێر و***

***شیر و ڕم و مەنجەنیق و خوێندا***

***هەر هەموویان ئەقڵیان ساغە و***

***تەواو تەواو***

***چونکە نێرن!*** (ملوانکە: ٨٤)

لە پارچەشیعرێکی تردا و لە دەقی والای (ملوانکە)، کە ئاماژەی پێدرا کۆی دەقەکەی بۆ دۆز و کێشە و بەربەستە کۆمەڵایەتی و دینی و کولتوورییەکانی ئافرەتان تەرخان کردووە، دەڵێت:

***ئەمڕۆ لەگەڵ خاتووندا***

***چووین بۆ شاییەک***

***لە گوندێکی نزیکی شار***

***لە فرسەتێکدا ملوانکە بووکەکەم دی***

***لێم پرسی چۆن شووت کردووە بەم بەرانە سمێڵڕەشە؟!***

***دوای دڵداری؟!***

***وتی نەخێر، هێشتا لەناو لانکەدا بووم***

***کە منیان کردبووە ملی!*** (کتێبی ملوانکە: ١٥٥)

لەم پارچەشیعرەدا شێرکۆ بێکەس هێما بۆ دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی دەکات، کە لە نێو کورددا بە (گەورەوبچووک) ناسراوە، لە ڕێگەی مارەبڕین لە ناو (لانکە)دا هێناویەتییەوە، وەک ئاماژەیەکیش کە ئەم دیاریدەیە هێشتا لە ناو گوندەکاندا ماوە، لە ڕێگەی ملوانکەوە هێما بۆ ژن و کۆتوبەندکراوی ژن دەکات و (بەرانی سمێڵڕەش)یش هێما بۆ ئەو جۆرە پیاوانە دەکات، ملوانکەکە دەڵێت هەر لە ناو بێشکەدا کراومەتە ملی و چارەنووسی پێوە بەستراوە، بێ هیچ ئارەزوویەک و بێ هیچ پەیوەندی و دلْدارییەک.

لە هێمایەکی دیکەی کۆمەڵایەتیدا، کە ململانێی و جیاوازی نەوەی کۆن و نوێ بەرباس دەدات، دەنووسێت:

***پاسارییەک بە باوکی وت: سەری من سەری تۆ نییە...***

***من فڕینێکی جیاوازم سەری من پڕ جریوەیە و سەری تۆ پڕ خۆڵەمێشە.***

***تۆ سەرت داوەتە دەستی (با)ی ڕابوردووی باپیرەم و***

***کونەبۆری ئەشکەوتەکان.***

***ئەوەندە کۆن و بەسەرچوون هێندە ڕەش و هێند نسرمن بۆنی گۆگردی مردن و***

***بیرچوونەوەیان گرتووە.***

***من لە سەرما ڕووباری ئاوێنە هەیە و***

***من لە دڵما ڕەنگ هەڵئەکا و***

***ڕەنگ هاژەی دێ و***

***تۆ فڕینت گرمۆڵەی ناو هێلانەیە و***

***من فڕینم بە چاوی باڵ قوڵایی ئاسمان ئەبینێ!***

***تۆ دەنگی باڵت نووساوە و***

***گەوجێتییت بۆتە یەقین***

***من شەقڤنم پڕ پرسیارە و گومان چاومە و***

***خۆشەویستیی لە دەنووکما***

***بۆ سبەی ڕۆژم ئەخوێنێ!*** (ئێستا کچێک نیشتمانمە: ٩٠)

لێرەدا لەڕێی پاسارییەکەوە، وەک هێمای نەوەی نوێ، کە خەون و خەیاڵ و فڕینی ناچێتەوە سەر باوکی، وەک هێمای نەوەی کۆن و پێشووتر. تیایدا پاسارییەکە ڕوو دەکاتە باوکی و دەڵێت:

سەری من هەمان و کۆپی سەری تۆ نییە و من فڕینم جیاوازە، سەری من جریوەی تیایە و هی تۆش خۆڵەمێش. تۆ هێشتاش لە ڕابردوودایت و من لە ئاوێنەی داهاتوو ئەڕوانم، تۆ هێشتا دڵت بە هێلانە خۆشە و من ئاسمان، تۆ لە یەقیندا وەستاویت و من باڵی پرسیار و گومان لێک ئەدەم. سەرەڕای هێماکردن بە ململانێی نەوەی کۆن و نوێ، هاوکات ئەو هێمایەشی تێدا دەبینین، کە شێرکۆ بێکەس لە ڕێی شیعرەوە، نەک لەمەڕ ئایدۆلۆجیا و بارگۆڕانە تازەکانی نێو سەری خۆی،

بەڵکوو دنیا و جیهانبینیی شیعری و زمانەکی خۆیشی نوێ دەکاتەوە و لە سەر هێلکەی کۆن و پیسی جیهانبینی شیعری ڕابردوو کڕ نانیشێت.

## هەشتەم: هێمای دەروونی

یەکێک لە کارامەیی و تێڕامانە جیاوازەکانی شاعیران، گەڕان و بەرباسدان و وێناکردنی ناخودئاگا و بارە دەروونییەکەیەتی لە شیعردا، ئەمەش لە ڕێگەی دۆزینەوەی پێوەندییە شاراوەکانی نێوان هێما و هێمابۆکراوەوە دەلوێت، ئەم هاوشێوەکردنەش فاکتەرێکی بەهێزە بۆ ئەو خاڵیبوونەوە دەروونییەی وا شاعیران بەردەوام لەسەر زاریانە، ئەمەش دەریچەیەکی بەهێزە بۆ ناسینی ئەزموونی دەروونی و سۆزداریی شاعیران لەلایەن ڕەخنەگر و توێژەر و خوێنەرانەوە. مەبەست لە ئەزموونی سۆزیش، هەر ئەزموونێکی سۆزدارییە کە شاعیران پێیدا تێپەڕیون و تیایدا گینگڵیان داوە و پێوەی تلاونەتەوە، وەک سۆزی خۆشەویستی و سۆزی نەتەوەیی و سۆز و خەمەکانی بۆ مرۆڤ و ژیانی دەورووبەر و جیهان و هاوکات دڕدۆنگییە وجوودییەکانیشی.

ئەم چەشنەی هێما، چەشنێکی وێنەدرووستکەرە، ئامادەییەکی دیاریان هەیە لە درووستکردنی وێنە شیعرییە دەروونییەکان، نیگەرانی و شڵەژانە دەروونییەکان باچڤەی وێنەی شیعریی دەکات و لە نێو هارمۆنییەکی زمانی و شیعریدا وەگەڕی دەخات.

شێرکۆ بێکەس وەک هەر شاعیرێکی دنیا، بارە دەروونییە خودی و بابەتییەکانی خۆی لە ڕووبەری شیعردا، جێکردووەتەوە. ناخودئاگا و مەیل و ئارەزووەکانی و یادگارییەکانی منداڵی و گەنجی و ئازارەکانی مرۆڤ و نەتەوەکەی و تراجیدیاکانی میللەتەکەی لە بەرگی شیعردا وێنا کردوون.

وەک لەم پارچە شیعرەدا وێنای باری دەروونی گەنجانی وڵاتەکەی لە دوای ڕاپەڕینەوە لە ڕێگەی هێماگەلێکەوە، دەکات و تیایدا دەڵێت:

***من لە گەڕەکی پاییزدا لەدایک بووم***

***تەنیایی مەلاشوومی هەڵداوەتەوە.***

***قوماتەکەم گەڵای وەریو بووە.***

***باوکم ناوی "بریندار"ە و دایکیشم ناوی "خەزان"ە***

***لەگەڵ ڕاپەڕین"ی چاو سەوزدا هەردووکمان لە ڕۆژێکدا چاومان هەڵهێناوە.***

***ئەو شیری دایکی منی خواردووە و منیش شیری دایکی ئەو.***

*من زۆر دەمێکە باوکم چۆتە لای گڵ*

*نیشتمانی پیرۆز بە دەستە پیرۆزەکانی خۆی بەر لە دە ساڵ لە بەیانییەکی تەماویداو*

*لە پێچی مێژوویەکی شوومدا*

*ئەو کاتەی وڵات بووبوو بە دەستاڕێکی گەورە گەورە و*

*براکانیش یەکترییان پێ ئەهاڕی!*

*لەو دەمەدا سێ فیشەکی گڕداریان لەسەریا چاند.*

*من لەگەڵ نان و ئاوی کوژراودا گەورە بووم* (ئێستا کچێک نیشتیمانمە: ٢٣٥)

بە خوێندنەوەی ئەم دەقە شیعریە، دەکەوینە نێو فەزایەکی خەمئاوەر و مۆتەکەدارەوە، شێرکۆ لە بەکاربردنی هێما و وێنەییە دەروونییەکاندا دەتوانین بڵێن (هێشووە هێما و هێشووەوێنە)ی درووست کردووە، ڕاستەوخۆ و خێراتر لەوانی تر دەنیشنە سەر هەست و نەستی خوێنەر. هێما دەروونییەکانی لە کێڵگەی واتایی و وشەکانی ئازار و نەخۆشی و بەرگەنەگرتن و مردن هێناوەتەوە، ئەوانیش (گەڕەکی پایز، هەڵدانەوەی مەلاشوو لە لایەن تەنیاییەوە، قوماتێ لە گەڵای وەریو، باوکی بریندار و دایکی خەزان، چوونە لای گڵ، پێچی مێژوویەکی شووم، دەستاڕی وڵات و هاڕینی براکان، چاندنی فیشەک لە سەردا، نان و ئاوی کوژراو)، ئەم هێما دەروونییانە ڕامبۆئاسا ئاشکراکردنی دەروونی پەنهانمان لە ڕێگەی توانای زمانەوە بۆ دەردەخات. گەڕەکی پاییزی ئەم وڵاتە زادگای شاعیرە و هەر لەدایکبوونییەوە وەرین و زەردبوون بووەتە چارەنووسی و هێما بۆ ئەو بارە دەروونییەی خۆی دەکات لە تەمەنێکی زووەوە. کەوتنی مەلاشوو و هەڵدانەوەی لە لایەن تەنیاییەوە هەر بە منداڵی چارنووسێکی ترە. هەر لەو فەزا پاییزییەدا لەبری قوماش گەڵای وەریویان لێ پێچاوە. باوکێکی بریندار بە خەمی نەتەوەکەی و دایکێکی خەزان کە بێ کەس و بێ هاوژین ماوەتەوە و مرۆڤە گەورەکانی دەورووبەری ڕۆژگار وەراندوونی. دەستاڕی وڵاتێ لە مێژوویەکی شەڕاوی و شوومدا بە دەست براکانەوە، هێمای وردوخاشکردن و پارچەپارچەکردنی جەستەی براکانە بە دەستی براکەی ترییەوە، تا لە کۆتاییدا هێما گەورەکەی مانەوەی مرۆڤ بەرباس دەدات کە نان و ئاوە، چ نان و ئاوێک، ئەوانیش کوژراو و شەلاڵبەخوێنن، ئیتر مرۆڤ لەم فەزایەدا چۆن دەتوانێت بژێت و چۆن خەم دەستبەرداری دەبێت.

لە پارچەشیعرێکی دیکەی ناوازەدا، لەم بارەیەوە دەنووسێت:

*-هەڵەبجەی حەللاجم چیت بینی؟!*

*-لەم بەری کەناری گیانمەوە:*

*بەهاری ڕمووزن[٢٩].*

*گوڵی دڕ.*

*خۆری کوێر.*

*بەفری ڕەش.*

*(با)ی خنکاو.*

*ڕووباری زۆر زبر.*

*بارانی وشک و ڕەق.*

*گڕی سارد.*

*خوێنی زەرد.*

*هاژەی کەڕ.*

*گرمەی لاڵ.*

*چیم بینی؟!*

*کۆتری ڕق.*

*غەدری هەق.*

*تاوانی فریشتە.*

*منارەی جەردە و دز.*

*-ئەی لەوبەر کەناری گیانتەوە؟*

*-بڵێسەی خۆڵەمێش.*

*شۆڕشی مردووەکان.*

*لافاوی وشکانی.*

*هاواری بێ دەنگی.*

*پرشنگی تاریکی.*

---

[٢٩] دێو، درنج. لێرەدا درکەیە لە شێواو و تێکچوو بەتایبەتی بۆ دەموچاو.

***هیوای نائومێدی.***

***سەوزایی تینویەتی.***

***تێریتی برسێتی و***

***فڕینی کێوانم من بینی!***

***-لەم دێرە بەو لاوە ئاوەڕۆی وشەکان***

***لە دەنگما ئەگۆرم.***

***لەم ڕەنگە بەولاوە باقلی ڕەنگەکان***

***لە چاوما ئەگۆڕم*** (دەربەندی پەپوولە: ٧)

بەکاربردنی دوالیزم و وشە دژوازەکان و یەکنەگرتووەکانی نێو ئەم پارچە شیعرە، هێما بۆ دەروونێکی دڕدۆنگ و پڕ ماخۆلان و چموچارکەر دەکات لە نەست و ناخودئاگای شاعیردا، لە تاو کۆستی گەورەی پێنج هەزار مرۆڤی هەڵەبجە، لێرەدا پرسیار لە هەڵەبجەی چون حەلاجی لە سێدارەدراو دەکات و پێی دەڵێ چیت بینی لە هەردوو کەناری گیانتەوە، هەڵەبجەش بەو هێما دەروونییە دژوازانە، کە تەعبیر لە کۆستی خۆی دەکات و فەرهەنگێکی نوێی لە لێکدانی وشە لێکدژەکان دەهێنێتەوە و دەڵێت ئەوەی تۆ نەتبینیوە، من بینیم، هەموو شتێکم بینی، لێ هیچی لە شوێنی خۆیدا نەماوە، ئیتر تۆش دەبێت بۆ من ئاوەڕۆی وشە لە دەنگتدا بگۆڕی باقڵ و ڕێژاوی ڕەنگەکانیش بگۆڕی، وەک چۆن منیان گۆڕی و هیچ شتێکم لە شوێنی خۆیدا نەما، تۆ بەو فەرهەنگەوە، کە هەتە، ناتوانی گوزارشت لە من بکەیت، ئەو هێما دەروونییانەش وەک (<u>بەهاری ڕمووزن</u>، <u>گوڵی دڕ</u>، <u>خۆری کوێر</u>، <u>بەفری ڕەش</u>، <u>(با)ی خنکاو</u>، <u>ڕووباری زۆر زبر</u>، <u>بارانی وشک و ڕەق</u>، <u>گڕی سارد</u>، <u>خوێنی زەرد</u>، <u>هاژەی کەڕ</u>، <u>گرمەی لاڵ</u>، <u>کۆتری ڕق</u>، <u>غەدری هەق</u>، <u>تاوانی فریشتە</u>، <u>منارەی جەردە و دز</u>، <u>بڵێسەی خۆڵەمێش</u>، <u>شۆڕشی مردووەکان</u>، <u>لافاوی وشکانی</u>، <u>هاواری بێدەنگی</u>، <u>پڕشنگی تاریکی</u>، <u>هیوای نائومێدی</u>، <u>سەوزایی تینوویەتی</u>، <u>تێریتی برسێتی</u> و <u>فڕینی کێوان)</u>، هەموو ئەمانە هێمان بۆ لاسەنگی و ترنجان و تێکدان و ئاخنین و لێکدانی بە ناحەق و بەزۆر، بەهار کە هەمیشە جوانە، بەهاری منی هەڵەبجە بووبە دەعەجان و ڕمووزن و ڕوومەتی سەوزاییان تێک داوم و بۆنی گوڵ و خاکیان شێواندووم. خۆر کە مۆتیڤی بینایییە، خۆری ئەو ڕۆژەی من کوێر و نابینا بوو، بەفرم ڕەش هەڵگەڕا، هاژە و گرمەی تۆپبارانم کەس نەیدەبیست، من تاوانی بەناو فریشتەکانی ئەوانم بینی، تەنانەت منارەکان بوونە جەردە و دز و گیانی منیان دزی، تا ئەوەی دەڵێت کێوەکان لە تاو ئازاری مندا و لە حەژمەتان فڕین، کەس لە جێی خۆی هەڵنەسا بۆ من و تەکوجمێکیان نەکرد.

لە پارچەشیعرێکی تردا، شاعیر دۆخێکی دەروونی خۆی بەرباس دەدات و لە ڕێگەی (بوون بە دووکەس)ەوە، هێما بۆ دووکەرتبوون و دوولەتی کەسێتی و دەروونی و خەیاڵەکانی خۆی دەکات، بە فۆرمێک کە یەکەمیان بینراوە و (ئیگۆ-ego)ی شاعیرە ئەوەی کە ڕۆژانە لە بازاڕ و فەرمانگەکان و سەر شەقامەکاندا دەبینرێت، دووەمیشیان (ئەو، ئید، Id)ی شاعیرە لە ناخودئاگای خۆیدایە و کەس نایبینێ و لە ژووری خەیاڵدایە و لە خەڵوەتێکی سپیدا، سەرقاڵی نووسینی شیعرە، دەڵێت:

***ئەگەرێک هەیە من بۆ خۆم ببم بە دوو کەس سبەینێ***

***کەسی یەکەمم ئەوە بێ***

***کە ڕۆژانە لەسەر جادە و لە فەرمانگە و***

***لە بازاڕدا ئەبینرێت و***

***کەسی دووەمیش ئەوە بێ***

***لە هیچ شوێنێ نەبینرێت و***

***هەر لەناو ژووری خەیاڵدا و***

***لە خەڵوەتێکی سپیدا خەریکی شیعرنووسین بێ!*** (تەون: ٥٩)

## نۆیەم: هێمای فۆلکلۆری

فۆلکلۆر بە هەموو ئەو سامان و کەلەپوورە پێشینانە دەوترێت، کە بە درێژایی مێژوو، دەستکرد و بەرهەمی بیری خەڵک بوون و ماونەتەوە، هەر لە پاشماوەکانی جل و بەرگی میللی کۆن و ئێستا، تا ڕایەخ و هۆی خواردەمەنی تیا خواردن (قاپوقاچاخ و کاسە و کەوچک) و نەقش و نیگار و جۆری خواردەمەنی و گەلێک شتی تر، کە شەقڵی تایبەتی کۆنی میللەتێک لە بەرهەمێکی دەستکرد یان بەرهەمی بیردا بهێڵێتەوە، بەڵام لە کۆڕی ئەدەبدا، فۆلکلۆر پڕاوپڕ بۆ ئەوە بەکار دەهێنرێ کە ئەدەبییاتناسانی هەندێ وڵات، بە بەرهەمی سەرزاریی خوڵقێنەرانەی گەلی ناو دەبەن، بەرهەمی سەرزاری خەڵکیش ئەو بەرهەمەیە وا بەسەر زارەوەیە، سنگاوسنگ و دەماودەم دێن و دەمێننەوە، لەبەر ئەمە ئەدەبی فۆلکلۆر بە بەرهەمی تاقەکەسێک دانانرێت، بەڵکوو دەدرێتە پاڵ هەموو میللەت، بەرهەمێکە کە هەموو گەل خوڵقاندوویەتی (ڕەسووڵ١٩٧٠: ٨). هەر بۆیە بە جۆرێک لە ئاگایی و کۆنەست و هەستی گەلێک ناوبردە دەکرێ لە بواری شێوەی ڕامان و ئاین و باری کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی و ڕوانینیان لە بوون و ژیان و سرووشت.

بەم پێیە فۆلکلۆر بریتییە لە هەموو شتە باش و گەشەدارەکانی پاشماوەی نەتەوەکان و مرۆڤایەتی، کە بۆمان ماوەتەوە و لایەنێکی گرنگی گەشەپێدانی ئەدەبە و نرخ و بەهای پێ دەبەخشێت، هەر بۆیە "(تیَ. سین. ئیلیۆت) (T.S.Eliot) دەڵێت: (("تێگەیشتن لە فۆلکلۆر پێویستی بە هۆشی مێژوویی هەیە، کە ناتوانرێت لێی لابدرێت، بۆ ئەو کەسەی دەیەوێت بە شاعیری بمێنێتەوە، تا دوای بیستوپێنج ساڵی، چونکە زەمانەتی زانین و هەستپێکردنی دەکات نەک بۆ ڕابردوو بە تەنیا، بەڵکوو بۆ ئێستاشی)) (قادر۲۰۱۰: ۱۳۰).

وێنەی ڕەمزی فۆلکلۆریش، هەموو ئەو کەرەستە کەلەپوورییانە دەگرێتەوە، وا ڕۆڵیان لە دروستکردنی ئەفسانە و هەقایەتە کۆنەکان و چەمکە میللییەکاندا هەیە و لە نێو دەقدا بۆ تەمومژکردن، یان شاردنەوەی مەبەست بەکار هاتوون. ئەدەبیاتی فۆلکلۆری کوردیش شوێنێکی بەرچاوی لە پێکهاتەی مێژوویی گەلی کورددا بەرجەستە کردووە، لەو سۆنگەیەوە تێکەڵی دەقە ئەدەبییەکانیش بووە. (وەنەبێت مەزراندنی ئەفسانە و فۆلکلۆر لە نێو دەقدا، تەنها کاری نووسەرە دێرینەکان بێت، یان سەردەم بۆ ئەفسانەکان تەنیا لە دێریندا بێ، بەڵکوو نووسەر پەنا بۆ ئەفسانە دەبات، تا بەشێک لە ڕوونی دەقەکە بشارێتەوە جۆرە تەمومژییەک بسازێنێ، ئەو تەمومژییەش کە دواتر ڕەمزی لێ درووست دەبێت بۆ چەند مەبەستێکە، لەوانە:

۱-لە ترسی دەسەڵات: ناتوانێ بە ڕوونی دەربڕینەکە ئاشکرا بکات.

۲- جۆرێک لە ئیحابەخشی لە خۆیدا هەڵگرتووە، چونکە دەقی پڕ ڕەمز و تەمومژاوی، خوێنەر دەباتە دۆخی بیرکردنەوە و خەیاڵ و تام و چێژێکی تایبەتی پێ دەبەخشێت.

۳-بۆ ڕەهەندی هونەری دەقەکە، تا دەقەکە جۆرە نوێخوازی و داهێنانی تێدابێت و لە قسە و ئاخاوتنی ئاسایی دوور کەوێتەوە، بەمەش خوێنەری نموونەیی (شارەزا)ی پێویستە، تا لە دەقەکە بگات، چونکە وشە و دەستەواژەی تازەی بۆ دەخوازێ.

٤-وادەبێ لە میانی هێنانەوی بیرۆکەیەکی فۆلکلۆری و ئەفسانەییدا، چارەسەرێک بۆ زۆر کێشەی هاوچەرخ دابنێت) (خۆشناو ۲۰۱۰: ۳۲۰).

شێرکۆ بێکەس وەک شاعیرێکی بەئاگا و هۆشیار بە فۆلکلۆر و کەلەپوور و بەرهەمە سەرزارەکییەکانی خەڵک و ئەدەبی میللی، لە دەقەوالاکانیدا، بە تایبەتی لە دەقی والای (دەربەندی پەپوولە)دا ئەم بابەتانەی لە ڕێی هێما و ئاماژەوە مەزراندووە، لە دیارترینی ئەوانەش (خەج و سیامەند و لاس و خەزال و برایمۆک و پەری خان و... هتد)ن.

ئەوەتا بە هێماکردن بە وەفاداری و پێکەوەمردنی (خەج و سیامەند)، کە هێمایەکی فۆلکلۆری دیاری کوردییە،هەردووکیان گفتیان بەیەک دابوو یان پێکەوەژیان یان پێکەوەمردن، لەو ڕێگەیەوە شەرحی حاڵەکانی وەک بوونی وەفا و هۆگربوون و دڵلابوون لای (نالی)ی بۆ نیشتمانە دوورەکەی، دەکات و دەڵێت:

***نیشتمان لە سەریا هەر بەردەمۆرەکەی***

***گیرفانی شوانێکی ئاشقی (خەجێ)یە.***

***نیشتمان لە دەنگیا خوێندنی کەوێک و تریقەی دوو کیژی***

***دیلانێی مابێنی دوو داری ناو دێیە.***

***نیشتمان لە گوێیدا زرنگەی پاوانەی جوانێکی ئەوێیە!***

***بە بەردە ئەستیە[30]کەی سەری خۆی هەموو شەو***

***لە هۆدەی گریاودا، یادێکی پەمەیی و شیعرێکی***

***زەردی خۆی پێکەوە هەڵئەکات.***

***ئاوی چاو وەک ئاوی شەربەکەی حیجازی***

***ژەک[31]ێکە هەموو ڕۆژ غەریبیی ئەینۆشێ.***

***ڕۆژانە لە حیجاز هەڵمێکە و***

***شەوانە لە وڵات گۆمێکە و ئەیبەستێ*** (دەربەندی پەپوولە: ٢٦)

هەروەها لە پارچەشیعرێکی تردا، کە شێرکۆ بێکەس بەشێوەی مۆنۆلۆگ دەیهێنێتەوە، هێما بۆ پەیوەندی نێوان حیکایەتی (خەج و سیامەند) و (شاخ) دەکات، دوای هەڵاتنیان پێکەوە بۆ چیا، شەڕی (سیامەند) لەگەڵ بزنەکێوییەکەدا و هەڵدێرانی لەشاخ، (خەج)یش بەدوایدا خۆی هەڵدەدێرێت، دەنووسێت:

***ئەتوانی .... وەک عەشقی سیامەند ڕابکەیت بۆ سەرشاخ؟!***
***ئەو شاخەی دراوسێی دێرینەی مەراقتە و***
***بەرانبەر ماڵتانە و***
***وا ئیستە هەموو ڕۆژ لەوێوە ئازادی***

---

[30] بەردە چەخماخ.
[31] شیری خەستی پاش زاین تا دوو سێ ژەم.

***ئاوێنە ئەگرێتە ڕوخسارت و***
***بەو شەوقە***
***چاوانت پڕ ئەکا لە باران؟!*** (خاچ و مار و ڕۆژژمێری شاعیرێ: ١٠٩)

لە پارچە شیعرێکی دیکەدا و هێمایەکی فۆلکلۆری و ئەدەبی سەرزاری خەڵک دەهێنێتەوە و هێما بۆ بەیتی (برایمۆک) دەکات، بە وەرگرتن و هێنانەوەی و ئەو تراجیدیا سپییە(مەرگی سپی)ی نێوان برایمۆک و پەری خان و خۆچواندنی خودی شاعیر بە هەمان هەستی تامەزرۆیی و چوون بە پیریی خۆشەویستەکەیەوە لە نێو فەزای سارد و کڕێوەداری بەفرانبار و سۆزی گەرمی خۆشەویستیدا، شێرکۆ بێکەس شیعرەکە وەسفدارتر و ڕوونتر و هێمادارتر دەکات، دیارە وەک هەمیشە بونیادگەرانە وشەکانی (بەفر و چیا و بەفرانبار و کڕێوە و سپێتی) دەهێنێتەوە و دەڵێت:

***کلووکلوو بەفر گوێ بۆ چیا ڕائەدێرێ و***

***وشەوشەیش هۆنراوەی من بۆ سۆزی تۆ***

***چ بەفرانبارێکی زەردە و***

***چ کڕێوەی حیکایەتێ بەم ناوەختە و***

***لە ئاویلکەی ئەم ڕۆژەدا***

***وەک ئەشقەکەی (برایمۆک)***

***پێدەشت پێدەشت و کۆ بە کۆ***

***بە ڕێگەی مەرگی سپیدا***

***ئەمخاتە ڕێ بەرەو لای تۆ*** (دەربەندی پەپوولە: ١٤)

لە پارچەشیعرێکی دیکەدا، لە فەزایەک کە بە تانوپۆی خەیاڵی شاعیر، نۆستالۆجیانە، لە ئەشکەوتی جاسەنەدا، پێشوازی لە شێخ مەحموودی نەمر دەکەن، بە خۆیان و ئەسپەکانیانەوە، پێک دەگەن، لەو کاتەدا بە هێنانەوەی هێمایەکی فۆلکلۆری کە (لاس و خەزاڵ)ە، کە هەردوولایان چون (لاس) بە پەرۆشن و بەدوای نیشتمانی چون گوڵی شۆرانی (خەزاڵ)دا دەگەڕێن. لێرەدا (گوڵی شۆران) هێمای عەوداڵی و سەردانانە لە پێناوی ئەوینێکدا، کە شاعیر لێرەدا مەبەستی ئەوینی نیشتمانە، تێیدا دەنووسێت:

***ئەسپەکان: ڕەنگاوڕەنگ سپی و ڕەش، بۆر سپی، قاوەیی***

***ئەسپێکیان باڵدار بوو ڕەنگی شین. گۆمێ بوو ئەیحیلان.***

*ئەم ئەسپە شینەیان، کە باڵی لێک ئەدا بە جارێ ڕەوەئەسپ کوڕژنیان ئەکرد و ڕەوەزیش ئەکەوتنە سمکۆڵان.*

*ئەو وەختەی باڵیشی جووت ئەکرد، زریانیش وەک شەختە ئەمەیی.*

*پێشوازیی لەشکری باوبۆران، پێشوازیی ئەم خێڵی ئاگر و کڵپەیە، تا درەنگ خایاندی نیوەشەو لە بەردەم ئەشکەوتی جاسەنە دابەزین.*

*جڵەوی شۆڕشمان لێ گرتن. ماچ، گوڵ و پەپوولە و گەنم بوون ئەبارین.*

*هەردوو لا وەک دوو چەم تێکەڵ بووین.*

*هەموومان هەر هەمان دەم و چاو.*

*هەموومان ناومان لاس*

*هەموومان هەر بە شوێن گوڵەکەی خەزاڵدا ئەگەڕاین* (دەربەندی پەپوولە: ٤٤).

## دەیەم: هێمای زمانی

هەر شاعیرێک خاوەن فەرهەنگ و زمانی تایبەتی خۆیەتی، کە ئایدیا و ویستەکانی خۆی تیایدا ئاشکرا دەکات، ژیانی شاعیر مامەڵەکردنە لەگەڵ زماندا و لەگەڵیشدا گەشە دەکات، شاعیر پێش هەموو شتێک دروستکەری وشەیە، بەو واتایەی ئەوەی یەکەمجار ئێمە بەری دەکەوین، زمانە. شاعیران توانا و وزەیەکی زۆر لە زماندا بەکار دەبەن، چون دواجار هۆشیارە و لە ڕێگەی زمانەوە خۆی مانیفێست دەکات، بیر و خەون و هەست و نەستی خۆی لە زماندا جێ دەکاتەوە. دەبینین ئەوەی جیهانی نادیار و دەرهەست دەگۆڕێت بۆ جیهانی بەرهەست و بینراو، زمانە. هەر لە ڕێگەی زمانەوە مەدلوولەکانی هزر و دەروونی خۆی دەگۆڕێت بۆ دالی وشە.

زۆر جار بۆ ئەم جۆرە لە هێما شاعیر پەنا دەباتە بەر ئیدیۆم و درکە و خوازە زمانییەکانی نێو خودی زمانەکەی خۆی، بۆ نموونە شێرکۆ بێکەس بۆ ئەم جۆرە وای کردووە، وەک لە ڕۆمانەشیعری (گۆڕستانی چراکان)دا دەڵێت:

*یەکەم شەو بوو*

*لەناو لمی عەرعەرەوە*

*دەستێک هاتبووە دەرەوە*

***هێشتا بازن لە مەچەکدا زرەی ئەهات.***

***هێشتا خەنە لەناو دەستا پێ ئەکەنی و***

***موستیلەیەک لە قامکدا ئەیجریوان.***

***یەکەم شەو بوو***

***لە لمەوە دەستێک هاتبووە دەرەوە***

***لەو شەوەدا***

***ناولەپی دەست***

***بووبوو بە دەم***

***ئەویش بۆ تەنها هاوارێ***

***کە هەر لە ڕێگە ئەمرد و***

***نەئەگەیشتە گوێچکەی سەرێ***

***خودایە بۆ؟!*** (گۆڕستانی چراکان: ٥٥)

لێرەدا و لە وەسفی مەچەک و دەست و پەنجەی قوربانییەک کە لە یەکەم شەوی کرانەژێرخۆڵەوە لەنێو لمی عەرعەرەوە هاتووەتە دەرەوە، لە ڕێی ڕستە و وەسفەکانی (هێشتا بازن لە مەچەکدا زرەی ئەهات. هێشتا خەنە لەناو دەستا پێ ئەکەنی و موستیلەیەک لە قامکدا ئەیجریوان)، هێما بۆ تازەیی و بەسەرچوونی کاتێکی کەم بە سەر کارەساتەکەدا دەکات، لە زرنگە و زرەی بازن و تەڕیی خەنەی نێو دەست و موستیلەیەک، کە وەک باڵندەیەک هێشتا جریوەی دێ، هێماکە کەوتووەتەوە. بە نزیکی ئەم هێما زمانییە تایبەتە، لای مەولەوی شاعیریش لە دێڕەشیعرێکدا کە هێما بۆ کەمی کاتی شەوڕەوی دەکات، کە لەرینەوەی هەڵقەی دەرگایە، هاتووە، دەڵێت:

***چوو، بوو، دی، بیستی، کریا، دریاوە***

***هاتەوە هەڵقە هەر ئەلەریاوە***

شاعیر لە دەقی والای (یادەوەری پاسکیلێکی کەرکووکی)دا و لە باسی هونەرمەندی ناسراو و گەورەی جیهان (لیۆناردۆ داڤینشی)دا، ئەو کاتەی سەرقاڵی کێشانی وێنەی (پاسکیل) بوو، لە وەسفی جوانی مانگدا لە ڕێی زمان و زمانی کوردییەوە، ڕستەی (لەسەرێ مانگ ئاوی نێو چاوی ئەبرد) دەهێنێتەوە، کە هێمای جوانییەکی زۆرە و لەنێو کورددا شتێک جوان بێت دەڵێین ئەوەندە جوانە ئاوی چاو دەبات، لە پارچەشیعرەکەدا دەڵێت:

***شەوێک بوو، مانگەشەو***

***پیاوێ بوو لە خوارێ.***

***بازنەی تریفەی، ئاوێتەی خەیاڵی خەیاڵی هونەرمەند لانکە بوو***

***"با"یش سووک سووک و دەستی بە نەرمی بیرۆکەی کۆرپەلەی ناو سەری ڕائەژەند...***

***لەسەرێ مانگ ئاوی نێو چاوی ئەبرد و***

***لە خوارێش لە ژوورێ سەعاتی لم لەسەر مێزێکی دارینی چوارگۆشە***

***چاوی "تەم" سەعاتی ئەو شەوەی ئەژمارد و ئەچووە ناو بلووری کاتەوە و سەرەوخوار***

***لەسەرخۆ، بێ چرکە بێ ئەوەی بتروکێ هەر لەسەر کاغەزێ لەنگەری گرتبوو***

***ئاسۆیی و شاقوڵی هەر هێڵی ئەکێشا و***

***بازنەی دائەنا و***

***نێوانی بازنەی ئەبەست و***

***لەناکاو یان بزە ئەیگرت و***

***یان تەواو پەست ئەبوو.*** (یادەوەری پاسکیلێکی کەرکووکی: ١٣)

لە دەقی (دەربەندی پەپوولە)شدا، لە پارچەشیعرێکدا، شاعیر هێما بۆ لە ناکاو و لەپڕ و لەچاوترووکانێک کیمیابارانکردنی هەڵەبجەدا و بە ئاماژەدان بە شاعیرە ناودارەکانی کورد و نیشتەجێ و لەدایکبووی ناوچەی هەڵەبجەی وەک (مەولەوی و نالی و گۆران)، لە ڕێگەی ڕستەکانی (ئاونەدانە دەست مەولەوی و کەوشدانەنان بۆ نالی و پێنەدانی کەوچکێک دەرمان بە گۆران)، دەیهێنێتەوە و دەڵێت:

***لەم سەری زامەوە هەتاکوو ئەو سەری.***

***لەم پەڕی کۆستەوە هەتاکوو ئەوپەڕی.***

***تۆ فریا نەکەوتی ئاوەکە بەیتە دەس مەولەوی.***

***تۆ فریا نەکەوتی کەوشەکان بۆ نالی دابنێی.***

***تۆ فریا نەکەوتی کەوچکێ دەرمان بەیت بە گۆران***

***تۆ فریا نەکەوتی و نەکەوتی و نەکەوتی.***

***لە جێی خۆت خەزان بووی، بێ ئەوەی هەڵوەریی.***

***لەجێی خۆت هەڵقرچای. بێ ئەوەی بشێوێی.***

***لە جێی خۆت بووی بە مۆم. بێ ئەوەی بسووتێی*** (دەربەندی پەپوولە: ٥٠)

لە پارچە شیعرێکی تردا و پاڵپشت بە باکگراوندی زمانیی خۆی، شاعیر لە ڕێگەی (ژیانی پەپوولەوە)، کە هێما بۆ تەمەنی کورت و کەمژیان دەکات، لە گۆڕستانی چراکاندا حیکایەتی مردنی ئەو هەموو مناڵانەمان، بە تایبەتی لە کەمپی دوبزدا بۆ دەگێڕێتەوە، کە لە نیوەشەوێکی پایزدا و دوور لە چاوی کوێر و گوێی کەڕ و بێویژدانی جیهان و دوور لە تەقویمی دنیا، ژنەخەزانێک لە ناو بەنگەڵە و بازنەی ژنەکانی تردا، دوای ئازارێکی کەمەرشکێن، کچێکی دەبێت و تەنانەت بە قەد پەپوولەیەک نەژیاوە و لە کۆتایی پارچەشیعرەدا دەڵێت:

***لە پاییزدا نیوەشەوێ***

***بەدەر لە ویژدانی دنیا***

***لە بەنگەڵەی فەنابووندا،***

***کچێکی بوو***

***بە قەد پەپوولەیەک نەژیا!*** (گۆڕستانی چراکان: ٣٠)

لەشیعرێکی دیکەدا لە وەسفی (برایم پاشای بابان)دا، هێمایەکی زمانی لە بەرگی درکەدا دەهێنێتەوە، کە (دەرزیی هەڵگر)ە، کە هێمای دەستڕاستی و پێکانی یەکەمجارە لە زمانی کوردیدا، ئەم هێمایە لە زمانی کوردیدا جگە لەوە (مووشکاف- موولەتکەر)یشی بۆ بەکار هاتووە لای شاعیرانی کلاسیکی کوردی. لە شیعرەکەدا دەڵێت:

***ئاسکێک کردی بە بارژن و ڕووە و دەشتایی داگەڕا***
***برایم پاشا و ئەسپسواری قەڵاچوالان***
***جڵەویان دایە دەس «با»یەک***
***بایەکی پەست، بایەکی گرژ: تیژ بردنی.***
***ئاسک لەسەر بەردێ وەستا***
***پیاوی پاشای دەرزیی هەڵگر***
***تیروکەوانی ڕاکێشا و***
***تیرێ وەکوو چاوی شەیتان***

***چاوی دۆزەخ، تیژ دەرپەڕی و فڕی و فڕی و***

***لەسەر دڵی ئاسک چەقی.***

## یازدەیەم: هێمای ئیستاتیکی

ئەو هێمایانەن وا تەنها لە پێناوی جوانیدا و لە زمان و شیعردا دەهێنرێنەوە و شاعیر توانای خۆی وەگەڕ دەخات تا لە ڕێگەوە خۆی لە دووبارەکردنەوەی ناونانەکانی تر دوور بخاتەوە و لە ڕێگەی هێمایەکی زمانی ئیستاتیکییەوە دەربڕاوی تر بەکار ببات و بیانناسێنێت:

وەک لەم نموونەیەدا دەڵێت:

***من لەو زنە بچووکەوە فوارەی وشەم***

***هەڵئەدەمە ناو زەریاکانی دنیاوە.***

***من ئەو وێرانە و کاولاشە ئەبەمە ناو***

***هەناو و جەستەی دنیاوە.***

***ئەو تیلەچاوە ئەبەمە ناو چاوەکانی دنیاوە.***

***ئەو ملوانکەی مێخەکبەندەیش***

***ئەکەمە گەردنی جیهان!*** (بۆننامە: ٦٨)

(زنەی بچووک) و (تیلەی چاو) و (ملوانکەی مێخەکبەند) هێمان بۆ ژانری شیعر، شیعری هەموو ژیانی شێرکۆ، شیعر بووە ڕۆچنە و ڕۆژنی کۆی دنیابینی و ئایدیا و خەم و جوانییەکانی شاعیر. بە شیعری کوردی (لە ڕێگەی مێخەکەوە کە هێمای کوردەوارییە) لێیەوە یادگاری خۆی و کورد و ئازاری کوردبوونی هەڵڕشتە نێو دەفتەری دنیاوە.

شاعیر ئیستاتیکییانە دیدی تایبەتی خۆی بۆ شیعر دەکات و وەک کانییەک و دەلاقەیەکی بچووک و ملوانکەیەکی بۆنخۆشی مێخەکرێژکراو دەبینێت. شاعیر شیعری وەک دەریچەیەک بینیوە تا هەم جوانی و هەم وێرانەیی خۆی بە دنیا بناسێنێت.

لە پارچە شیعرێکی دیکەدا و لە دەقی والای کورسیدا دەڵێت:

***منی ئاشق ئەبێ هەر بە ئەنگوستی هەناسەم***

***ئەم لۆکەی زمانە شی بکەمەوە***

***تا وشە هەڵفڕێ و دەستەواژەکان ببنە پەڕی دەم ئەو "با" سەرگەردان و***

***ئاوارانەی کە نەماڵیان هەیە و نە فەرهەنگ.***

***من هەلاجی ناو ئازارە سپییەکانم.***

***لە دەنگما جەستەی تاراوگەم هەڵگرتووە و***

***لە چاوما پرشنگە خوێناوییەکان و***

***لە تاڵە مووەکانی قژیشما پەلکە گیای نامۆیی*** (کورسی: ١٣٤)

(هەلاجی ناو ئازارە سپییەکان)، هێمایەکی ئیستاتیکیانەیە بۆ وەسفی خودی شاعیر خۆی، (هەلاج) هێمای ماندوونەبوون و کارکردنی ورد و بەدیقەتە. هەلاج کاری شیکردنەوە و پشکنینەوەی خوری و لۆکە و پەڕە کۆنینەکانە، تاوەکوو دۆشەک و لێفە و لەباد و سەرینی نوێی لێ درووست بکاتەوە. شێرکۆ خۆی وەک هەلاجێکی نێو زمانە لۆکەینییەکەی خۆی دەبینێ، وەک هەلاجێک سەروکاری لەگەڵ زمانێکدایە چون لۆکە سپی و بێگەرد. هەر ئەو بێگەردی و سپێتییەی زمانەکەی بوو، کە وای کرد خۆی واتەنی بەدرێژایی ژیانی لەناو هیچ زمانێکی تردا نەژێت، جگە لە زمانی کوردی.

لە هێنانەوەی ئەم هێما ئیستاتیکییەدا شێرکۆ بونیادگەرانە، وشەکانی (ئەنگوست و لۆکە و شیکردنەوە و پەڕ)ی بە دەوری (پیشەی هەلاجی)دا هێناوەتەوە، وشەکانی دەوروبەری خۆشی وەک (ئاشق و زمان و وشە و تاراوگە و نامۆیی) هێناونەتەوە.

لە دەقی والای (بۆننامەدا)شدا، هێماگەلێکی ئیستاتیکی دەهێنێتەوە و دەڵێت:

***گرە ئەڵێ: بۆنی هەڵقرچانی کسپە و بۆنی گەرمیان و بۆنی برین هەر یەک بۆنن.***

***کەپووت بووە بە کەپووی دەشت: لە شەواندا بۆنی لەتان[٣٢]ی چواردەور و***

***بۆنی تریفەی فێنک و تروسکایی گوڵ ئەستێرە و***

***بۆنی ناسۆر هەڵئەمژێ.***

***بە ڕۆژ بۆنی ئاخاوتنی زمانێکی قەندەهاری و***

***بۆنی سادەیی مرۆڤە دڵگەورەکان هەڵئەمژێ*** (بۆننامە: ٢٥)

---

[٣٢] بێدەنگی و ئارامبوونەوە

یەک لەو هێما ئیستاتیکییە دیارانەی دەمانەوێت لە سەری بوەستین، لەم پارچەشیعرەدا (بۆنی گەرمیان)ە، شاعیر کردوویەتییە هێمایەکی ئیستاتیکی دوولایەنە، جارێک (گەرمیان) وەک هێمای گڕە(بایەکی گەرمی بە تین و بەهاڵاوە) و هەڵقرچان و برین و ناسۆر، جارێکی دیش وەک هێمای تریفەی مانگ و گوڵەئاستێرە و سادەیی و دڵگەورەیی دەبینرێت، لە ڕێگەی هێمای بۆنی (گەرمیان)ەوە، لێرەدا پێناسەیەکی پڕاوپڕی گەرمیانی کردووە، مەگەر هەر خودی شێرکۆ بێکەس پەی بەمانە ببات. هاوکات (زمانی قەندەهاری) دەهێنێتەوە، کە هێمایە بۆ شێوەزاری گەرمیانی، وەک شێوەزارێکی بەپێز و بەبڕشت کە لە (قەندەهاری)دا کەوتووەتەوە، جۆرە گەنمێکی بەبڕشت و لە نانکردندا بە پێزە و ئەم جۆرە بەزۆری لە گەرمیاندا دەیچێنن.

گەرمیان وەک جێژانێکی گەورە لە شیعری شێرکۆ بێکەسدا، بەردەوام دێتەوە، ئەوەتا لە دەقی واڵای (چراکانی سەر هەڵەمووت)دا و لە شیعری (گەرمیان و دارژانی ڕۆح)دا لەوەسفی گەرمیان و پێوەندی خۆی و شیعری خۆی و گەرمیاندا، هێماگەلێکی وەک (قەسیدەی سووتاو)، کە هێما بەقەسیدەبوونی گەرمیانە و خۆی واتەنی دەبێت هەمیشە بیخوێنینەوە. (مێژووی هەڵقرچاو)، هێمای دیرۆکێک لە چرکەساتێکدا هەڵقرچاوە و لەدوورەوە دەناسرێتەوە. (کاروانی مەرگ)، یەک لەو هێمایانەی کە شێرکۆ وەک پێناسەی ئەنفال ناساندوویەتی، ڕیزە مەرگ و درێژی جەستەی مەرگی لێدەخوێنرێتەوە و لە پارچە شیعرەکەدا دەڵێت:

***ئەم پێدەشتە بە گڕەیە و ئەم ژیلەمۆی خۆڵە***

***پێستی کام قەسیدەی سووتاو و کام مێژووی هەڵقرچاوە؟!***

***ئەم بەرایی گەرمێنە چ کڵپەیەکی تیا زاوە***

***چ گێژەڵووکەیەک بە دەمی وەیشوومە و تەندوورەکانی خۆی، خوێنی ڕەشتاڵەی قوربانیەکانی تیا نووسیوەتەوە؟!***

***من و گەرمێن و ئێوە***

***سیانەی هەموو ئەو شیعرانەین کە بەردەوام لە داوێنی بەزریکەی ئەنفالەوە***

***لەگەڵ وردە برووسکەدا ئەکەونە خوارەوە!***

***ئێرە نیشتمانی ئەو مەرگە بووە کە بۆ خۆی کاروانە***

***خەون و یادگاریی هەزاران هەزاری جێهێشت و بۆ جیهانێکی بێ دڵیش چەمۆڵەیەکی بەردینیی نەفرەتین!*** (چراکانی سەر هەڵەمووت: ١٤٤)

## دوازدەیەم: هێمای ئیرۆتیکی

ئەدەبی ئیرۆتیکی زاراوەیەکی نوێیە بۆ ئەو جۆرەی ئەدەب بەکار دێت کە بە شێوەی خەیاڵی یان واقیعی و بە شێوەیەکی ئەدەبی لە هەستە سێکسییەکان دەدوێت و کاریگەری لە سەر خوێنەر دادەنێت. ((ئیرۆتیک لە (ئیرۆس)ی یۆنانیەوە وەرگیراوە، کە خوای خۆشەویستییە و کوڕی "ئەفرۆدێت"ی خواوەندی جوانییە، چەمکی (ئیرۆس) بە واتای وەسفی عاتیفە دێت لە ڕووی هەستکردن و حاڵەتی ڕۆحی پەیوەست بە ئاوێتەبوونی جەستەیی و سێکسی)) (خەلیل ٢٠١٢: ١٩). ئیرۆتیک فۆڕمێکی دەربڕینە لە ئەدەب بە شێوەیەکی هونەری باڵا تیشک دەخاتە سەر جەستە و ئەو لایەنانەی وا بە تابۆی کۆمەڵ دادەنرێن. بۆ یەکەم جار ئەم وشەیە لە ساڵی ١٧٩٤ لە لای نوسەری فەڕەنسی "ڕێتیف دی لابریتون" بە مانای ئارەزووی سێکسی بەکار هاتووە، هەر لەگەڵ پەیدابوونی مرۆڤ ئەم ئەدەبەش هاتووەتە کایەوە، بەڵام لەگەڵ نوسینەوەی مێژوو و ئەدەبیاتدا ئەم ئەدەبەش نووسراوەتەوە، لە ئەنجامی گۆڕان و فراوانبوونی ئەقڵی مرۆڤ ئەم ئەدەبە گۆڕانکاری زیاتری بە خۆوە بینیوە (عەبدوڵا و حەمەفەرەج ٢٠١٩: ٥٠). هاوکات بووتە ئەدەبێکی سەربەخۆ و ناسنامەی شاعیرگەلێکی جیهان و کورد.

وەک ئاماژەی پێ درا بەهۆی تابۆبوون و ناڕاستەوخۆ بەکارهێنان، شاعیران پەنایان بردووەتە بەر هێما بۆ دەربڕینی ئەو وێنە ئیرۆتیکییانە، شێرکۆ بێکەسیش وەک هەر شاعیرێکی تر وێنەگەلێکی ئیرۆتیکی لە دەقە والاکانیدا بەکار هێناوە و فۆرمێکی ئیرۆتیکیانەی کوردانەی هێناوەتەوە، وەک لە دەقی والای (سرووده بەردینەکان)دا دەڵێت:

***کچە دراوسێ هاوینان لە سەربانەوە شەمامە و حەزی خاڵ خاڵ و***

***جارجارەیش وردە زیخی تێ ئەگرتم!.***

***لە کەلێنی دوو قامیشی بڵاوەوە، لە چیغەوە، دەستی ئەهێنایە دەرێ و***

***بە درۆ بانگی ئەکردم.***

***زرەی بازن و خورپەی دڵ، ئاگری جەستەمیان خۆش ئەکرد.***

***ئاڵۆش بووم و هەڵئەگیرسام.***

***سپیی بووم و ئەبووم بە سوور.***

***درەنگانیش، لە ئاسماندا ئەستێرەیەکی خەیاتم ئەدۆزییەوەو بانگم ئەکرد***

***ورد ورد ئەهاتە خوارەوە***

***ناو چیغەکە و ئەستێرە ڕووت ڕووت ئەبۆوە و***

***منی ئەدروو بە خۆیەوە و جووت ئەبووین و***

***وەختێ هەڵئەوەشاینەوە***

***پێکەوە خەومان لێ ئەکەوت!*** (سرووده بەردینەکان: ٢٢)

لەم پارچەشیعرەدا شەمامەی بەکار هێناوە کە هێمای (مەمک)ە، ئەو دەربڕینە باوە کوردانەی بەکار هێناوە وا لە کوولتووری ئێمەدا هەیە و پێشینەی هەیە، بونیادگەرانە لە دەقەکەدا وشەکانی (ئاڵۆش و سووربوونەوە)ی بە دەوریدا هێناوە.

شاعیر کاتێک دەستی بە کچە دراوسێدا ڕاناگات، درەنگانێک بە خەیاڵ دەیچوێنێت بە ئەستێرەیەک و لە ناوچیغدا ئەستێرە ڕووت ڕووت دەبێتەوە و شاعیر دەدوورێت بە خۆیەوە، دوورینەوە هێمای ئامێزانبوون و گرتنەباوەشییەتی، شاعیر ئیتر ئەو وێنە باوە تێدەپەڕێنێت و واتای نوێ لە دوورینەوە بار دەکات، ئەویش لە ڕێی هێمای نوێوە.

لێرەدا شێرکۆ بێکەس یادەوەرییەکی دەگێڕێتەوە و نۆستالۆجیای دێتە سەرەوە، ئەوەی کە (هێنری بیرگسۆن) پێی وایە: (یادەوەری شانبەشانی هۆشیاری گرنگە، گەر کارەکتەر هۆشیاریشی نەبێت ناتوانێت یادەوری بنووسێتەوە و بیکاتە هونەر و شیعر، بینەر و خوێنەریش ناتوانن نۆستالۆجیای خۆیانیان تیا بدۆزنەوە. جوانی ئەمەش لەوەدا دەردەکەوێت کە هونەرمەند و نووسەریش شارەزایانە لە ڕێگەی تەکنیکی چنینی ڕەنگ و وشەوە ئەمانە دابڕێژنەوە) (محەمەد ٢٠٢١: ١٩٧)

لە دەقی والای (بۆننامە)شدا دەڵێت:

***بۆنی خاڵێکی بچووکی سینەت ئەکەم هەردوو چاوم ئەنووقێنم و***

***ئەگەمە بنار هەردێک و سەرم ئەکەم بەناو پەڵەیەک ڕێحانەی ڕەشدا.***

***بۆنی چەند تاڵێ لەو قژە زەردەت ئەکەم.***

***هەردوو چاوم ئەنووقێنم و ئەگەمە ناو سفتیکێک و لە بەرایی گوڵەزەردا ڕائەکشێم.***

***بۆنی فرمێسکێکت ئەکەم، هەردوو چاوم ئەنووقێنم و ئەگەمە خوار کارێزێک و***

***سەرم ئەکەم بە تەنکاوی ئەستێرکێکدا***

***بۆنی ئاخێک ئەکەم و هەردوو چاوم ئەنووقێن و ڕائەوەستم هەتاکوو بای بەفر دێت و***

***بەرەو زەنوێرێکم ئەبات.***

***بۆنی عەتری ناوت ئەکەم هەردوو چاوم ئەنووقێنم و***

***ئەگەمە ناو دیوانێکم و***

***ئیتر من چاوەڕێم هەتا***

***ئاوی شیعر زیاد ئەکات و لەناو خۆیدا غەرقم ئەکات.*** (بۆننامە: ١٦)

لەم پارچەشیعرەدا شێرکۆ بێکەس ئیرۆتیکییانە و ئیستاتیکیانە وەسفی جەستەیەک دەکات و وەک بەشێک لە مۆتیڤی زیادکردنی (ئاو)ی شیعری خۆی دایدەنێ، جوانبینی و ناسکی و خەیاڵە ورد و بەتەفرنجەکەی شاعیر هەر لە تێماکانی تردا کەمەنکێشمان ناکات، ئەوەتا لێرەشدا بە وێنەگەلێکی هێماداری ئیرۆتیکیانەش بە خۆیمان سەرسام دەکات، هێما ئیرۆتیکییەکانی وەک (بناری هەرد و پەڵەیەک ڕەیحانەی ڕەش و سفتیک(دۆڵ) و کارێز و ئەستێرک و زەنوێر) بەکار دەبات.

لە دەقی والای (ئێستا کچێک نیشتمانمە)دا و لە وەسف و جوانی (ڕۆزانا)دا، بە گوزارشتکردنێکی هێماگەرییانە لەو ڕووەوە دەنووسێت:

***بە ئەسپایی، دەستی ئەگرم وەکوو دەستی شەماڵ بێ.***

***کەمەرێکیش، نەرم و نیان، ئەڵێی کەمەری ئاوە.***

***لەمسەرەوە، وەختێ ئەمبا، نەورەسی سەر شەپۆلم***

***لەوسەرەوەیش، کە دێمەوە، قەترەم بەسەر گەڵاوە ...***

***بەر گەردنی، ئاوێنەیە و لەگەڵ مندا ئەسووڕێ***

***جارێک خۆم و جارێکی تر، هۆنراوەی تیا ئەبینم.***

***بەرەو خوارتر، لە درزێکدا، تەماشام عاسی ئەبێ بەر نابێ تا، دوو سێ پەنجەم***

***کۆترەکان هەڵئەفڕێنێ*** (ئێستا کچێک نیشتمانمە: ٢٧١)

دوای دەستگرتن و کەمەرگرتن و هەڵڕوانین لە گەردن و بەرەوە خوارتر گیربوونی تەماشای شاعیر لە درزێکدا، (لێرەدا لە ڕێگەی بەتەنکردنی تەماشاوە، وێنەیەکی ناوازەی چێ کردووە). (درز) کە هێمایەکی ئیرۆتیکییە و دەلالەت لە درزی نێوان هەردوو مەمک دەکات، بونیادگەرانە بە دەوریدا پەنجە و هەڵفڕینی کۆترەکان دەهێنێتەوە، ئەوەی وێنە ئیرۆتیکییەکەی جوانتر کردووە، چوونی شاعیرە وەک نەورەسێکی سەرشەپۆل، کە ئارام ناگرێت و هەڵوەدا و هاتوچۆیەتی و لەوسەریشەوە وەک قەترەیەکی سەر گەڵا دێتەوە و ئارام دەبێتەوە.

## سیازدەیەم: هێمای مرۆڤایەتی

بریتییە لەو جۆرە هێمایەی وا شاعیران و نووسەران بۆ گوزارشتکردنی بیر و بۆچوون و خەون و خەیاڵی مرۆڤبوونەوە و لە سنووری بیر و ئەندێشەیەکی تەسکی خود و تاک و چوارچێوەی تەنها گەل و نیشتمانێکەوە، بەرەو سنوری بیر و ئەندێشەیەکی فراوان و گشتگیری گەلان و وڵاتان و نێونەتەوەیی و مرۆڤایەتی پەڕیوەتەوە، لە ڕوانگەی مرۆڤبوون و پرسە مرۆڤایەتییەکانەوە بۆ دەوروبەر و ڕەهەندە جۆراوجۆرەکانی ژیانی ڕوانیوە، بەم شێوەیە دەبینین (شیعر تەنها پیشەیەک نییە، بەڵکوو هەستکردنێکی قووڵە بە جیهان، چوونە ناوەوەی ئەزموونێکی قووڵی مرۆڤایەتییە، کە شاعیر پەنا دەباتە بەر تەکنیکێکی هونەری بەرز بۆ گەیاندنی ئەزموونەکەی بە شێوەیەکی زۆر باش) (فەتاح ٢٠١٥: ٨٠).

شێرکۆ بێکەس وەک شاعیرێکی مرۆڤدۆست، هۆشیارییەکی قووڵی هەمبەر سیمبوولە مرۆڤایەتییە دیارەکان هەبووە، ئەو سیمبوولانەی لە دنیادا بڵاو بوونەتەوە، شیعری ئەمیش بێبەش نەبووە لە لالێکردنەوە لێیان، ئەوەتا سێ دیارترین سیمبوولی نێو دڵی جیهان دەهێنێتەوە، کە لە گەنجی ئاوەزی مرۆڤایەتیدا هەموو کات ئامادەییان هەیە، تێیدا شاعیر خۆیشی (سیمبوولی خۆشەویستی) دەهێنێتەوە و دەڵێت:

***لەناو نەختینەی دنیادا***

***لە شەرواڵی نەخشاو بە گوڵی مرواریی پادشاوە..***

***تا کراسی بە تاڵی ئاڵتوون چنراوی والی و سوڵتان...***

***بۆ پاپووچی بە زمرووتی شاژنەکان...***

***هیچیان نەبوون بە سومبولی خۆشەویستیی و***

***نەچوونە ناو مۆزەخانەی دڵی خەڵکی***

***وەک کاسکێتەکەی"گیڤارا"و***

***کراسی سادەی"ماندێلا"و***

***نەعلی"غاندی"!*** (تەون: ٧٩)

لێرەدا (چێ گیڤارا)ی ئەرجەنتینی هێمای دیارترین شۆڕشگێڕی جیهان و (نیلسۆن ماندێلا)ی ئەفریقایی هێمای ئاشتیخوازی و ئازادیخوازی و سەربەخۆیخوازی و (مەهاتما غاندی)ی سەرکردەی دیاری هیند، کە هێمای هزری ناتوندوتیژی و باوەڕبەخۆبوون و بەردەوامییە،

دەهێنێتەوە، لە کۆنتێکستێکدا کە ئاماژە بۆ نەک مانەوەی ناویان و ویردی سەر زمانی خەڵکی، بەڵکوو تەنانەت مانەوەی جلوبەرگ و کەرەستەکانیشیانە وەک کاسکێتەکەی گیڤارا و کراسە سادەکەی ماندێلا و نەعلەکەی غاندین. کە وەک نرخی مادی نرخێکی ئەوتۆیان نییە لە بەرانبەر کەرەستە گرانبەهاکانی وەک شەرواڵی نەخشاو–بە–گوڵی– مرواریی پادشاکان و کراسی بە–تاڵی ئاڵتوون–چنراوی والی و سوڵتانەکان و پاپووچی بە زمڕووتی شاژنەکان. کەچی ناوی هەموو ئەوانە لە ناواندا نییە و ئەوەی ماوەتەوە کراس و کاسکێت و نەعلی سیمبوولە مرۆڤایەتییەکانە.

لە پارچەشیعرێکی دیکەدا ئاوا دەنووسێت:

***نەورەسێکی قژزەرد پرسیی:***

***–بۆ کوێ غەریبی غەریبان؟!***

***کلووی نامۆ!، ئەی مانگەشەوی سەرگەردان***

***ئەچی بۆ کوێ؟! بۆ لای مێژوویەکی خنکاو، کە بە شێوە لە خۆم ئەچێ!***

***بۆ لای موسا سووتاوەکان.***

***بۆ لای ئەو دووکەڵکێشانەی لە هۆڵۆکۆستی جەستەوە ژێر ئاسمانیان قیرتاو کردو***

***بۆ لای ئەو ڕیزە کوورانەی فریشتەکانیان تیا برژان!*** (ئێوە بە خۆشەویستیم ئەسپێرن: ٤٨)

(هۆڵۆکۆست) شاهێماکەی جینۆسایدی جیهان، هۆڵۆکۆست کۆمەڵکوژی و قڕبووکردنی جووەکان لە سەر دەستی نازییەکان لە ئەوکاتی ئەڵمانیادا، هۆڵۆکۆست کارەسارەتەکەی مێژووی مرۆڤایەتی. لەم پڕۆسەیەدا میلۆنان مرۆڤ لەنێو فڕندا سوتێنران، کە بەتەنها یەک ملیۆنیان منداڵ بوون.

ماوەی پڕۆسەکە لەساڵی (١٩٤١)ەوە دەستی پێ کرد و لە ساڵی (١٩٤٥)دا کۆتایی پێ هات. هۆڵۆکۆست ناوێکی لێکدراوی یۆنانییە (holokauston) بە واتای (هەموو سووتاوەکان) دێت (Britannica ،٢٠٢١ The Editors).

لێرەدا شێرکۆ جینۆسایدی خۆی (ئەنفال و هەڵەبجە) وەک هۆڵۆکۆست دەبینێت و لە ڕێگەی پرسێکەوە کە لە قوربانیانی خۆی دەکات، کە وەڵامیان هەمان چارەنووسی قوربانیانی فریشتەئاسای هۆڵۆکۆستە، لە دەقەکەدا بونیادگەرانە مووسای سووتاو (پێغەمبەری جووەکان) و دووکەڵکێش و کوورە دەهێنێتەوە، دەربڕینێکی تر دەهێنێتەوە کە مەگەر هەر خەیاڵ و وێنای شێرکۆ ڕێ بە وێنەیەکی وا ببات، ئەویش (قیرتاوکردنی ئاسمان)ە، ئەویش هێمای زۆری سووتاندنی قوربانییەکانە، کە ئەوکات ئاسمانی ناوچەکە دۆرنج دەیگرێت و پاشان وەک سووتوو دادەبارێن.

لە پارچەشیعرێکی دیکەدا لەم بارەیەوە دەڵێت:

***من و "دارفور"***

***ئەو ڕۆژەی یەکتر ئەبینین***

***ئیتر هیچمان بیر نامێنێ***

***باسی بکەین***

***جگە لە شیر***

***جگە لە نان!*** (تەون: ٦٢)

(دارفوور) هێمای هەژاری و برسێتی و ڕەشەکوژی و جینۆسایدە، شێرکۆ بێکەس وەک هاوڕێ دەیبینێت و هاوخەم و هاوداواکارین، کە تەنها شیر و نانە و بژی و مەمر دەیگوزەرێنن.

هەموو نووسەرەکان خاوەنی ئەم بیرکردنەوە مرۆییە نین، ئەو نووسەر و بیرمەندانەی وا بۆ مرۆڤایەتیان نووسیوە و داهێنانەکانیان هێندە لە ئاستێکی باڵا بووە، دواتر بوون بە موڵکی مرۆڤایەتی و تاهەتاش لەنێو ژیاندا ماونەتەوە، مسۆگەر شێرکۆ بێکەس یەکێکە لەو شاعیر و نووسەرانە. وەک چۆن ئەنجلس لە نووسینێکدا ئەدەبی شکسپیر بە (منداڵێتی مرۆڤایەتی) ناو دەبات، بە مانای هەرچەند مرۆڤایەتی بەرەو تەمەن هەڵکشێت، ئەدەبەکەی شکسپیر وەک منداڵ بێگەرد و شیرینتر دەمێنێتەوە. شیعر و ئەدەبی شێرکۆ بێکەسیش هەروا. چونکە ژیان و مرۆڤایەتیی شیعرەکانی شێرکۆ بێکەس ڕۆژ لە دوای ڕۆژ باڵا دەکات و ئەم تابلۆیە ڕەنگەکانی جوانتر و ڕەنگینتر دەبێت، کە لە نێو شیعرەکانی شێرکۆ بێکەسدا ڕاکشاوە. لە نێو شیعرەکانی شێکۆ بێکەسدا، مرۆڤ و ژیان سەرچاوەی هەموو بەهاکانی جوانین (حەسەن ٢٠١٦: ٥١).

## چواردەیەم: هێمای گشتی

بریتییە لەو هێمایانەی لە سنوورێکی فراواندا و بە شێوەیەکی گشتگیر بەکار دەهێنرێت، یان ئەو هێمایانە دەگرێتەوە وا لە نێو زۆربەی میللەتاندا یەک واتا و مەبەست لە خۆ دەگرن، دیارە هەر هێمایەک لە جۆرەکانی هێما، بەها و پێگە و کاریگەری و سنووری خۆی هەیە، توانا و ئەزموونی شاعیر لە بەکارهێنانی ئەو هێمایانەدا لە لایەک و ئاستی ڕۆشنبیری خوێنەر و تێگەیشتنی بۆ هێماکان لە لایەکی ترەوە دەبێتە پێوانەیەک بەهێزی و لاوازی هێماکان، وێڕای بەها و قورسایی خودی هێماکە خۆی، کە هۆکارێکی ترە بۆ زیندووهێشتنەوەی هێماکان یان بە پێچەوانەوە. لە

ئەدەبییاتی گشتی و خۆماڵیشدا زۆر نموونەی بەرز و بەهێز و بێ سنوور هەیە بۆ هێمای گشتی، وەک: (کۆتر کە بە ڕەمزی ئاشتی دانراوە، چونکە هەواڵی کۆتایی هاتنی لافاوەکەی نوحی گەیاندووە، هەروەتر سندیباد هێمای گەشت و گەڕان بووە)، جگە لەمە هێمای گشتی لە گەلێک سەرچاوەوە هەڵدەقوڵێ و گەلێک شێوە و بواری هەیە. (زۆر لە هێما گشتییەکان لە سرووشت و جیهانی گیانلەبەرانەوە چێ بووە، چونکە هەر لە دێر زەمانەوە بیروباوەڕی زۆر لە نەتەوە سەرەتاییەکان وابووە، کە باڵندە گیانی مردووەکان بۆ جیهانی مردووەکان دەگوازێتەوە، لە ئەفسانەدا باڵندە بووەتە هێمای ڕۆح، فڕینی باڵندە ڕەمزە بۆ بەرزی و باڵایی و نیشتنەوەیان لە سەر زەوی تێکشکان و نائومێدی دەنوێنێ، هەر چۆنێک بێت لێکچوون و هاوبەشییەکی زۆر لە هێمای گشتیدا لە نێوان گەلاندا هەیە، بۆ نموونە لە لای زۆربەی میللەتان شێر بە هێمای ئازایەتی و ڕێوی بە هێمای فێڵبازی و گورگیش بە هێمای دڕەندەیی هاتووە. هێمای گشتی توانای بەکارهێنانی لە گەلێک بواردا هەیە و گەلێک هۆکاری جۆراوجۆریش کاریگەری دەخەنە سەر هێما و دەلالەتەکانی هێما لە شیعر و ڕەگەزە جۆراوجۆرەکانی ئەدەبیدا) (فەتاح ٢٠١٥: ١٢).

شێرکۆ بێکەس لەم ڕووەوە دەنووسێت:

***لەم ئاستەدا، ئەوە ئەژدیهای دۆزەخە و***

***پەلاماری شێرێک ئەدا و***

***شێریش چووەتە سەر کلکان و لە هەڵمەتی چەپۆکانە.***

***ئەوە خۆرە تازە تازە هەڵهاتووە و پیاوێک کرنووشی بۆ ئەبا و***

***چڵێ زەیتوون بەمدەستییەوە و***

***کۆترێکیش لەسەر شانی نیشتۆتەوە و***

***ڕەنگی شەفەق وا لە بەریا و***

***مەزدەیەکی جاویدانە*** (سرووده بەردینەکان: ٦٧)

دەبینین شاعیر دیارترین و بەربڵاوترین هێمای گشتیی جیهانی هێناوەتەوە، ئەویش (کۆتر و چڵە زەیتوون)ە، کە هێمای ئاشتین.

لەم پارچەشیعرەشی خوارەوەشدا دوو هێمای گشتی گیانداران دەهێنێتەوە، کە (گورگ و ڕێوی)ن و دەڵێت:

***ڕێویەکی قۆشمەش وتی:***

***بزنێک ڕیشی هێشتبووە و نەیئەتاشی***

***وتیان ئەوە بۆ نایتاشی؟***

***وتی هەتا لەم دۆڵەدا***

***گورگێ مابێ***

***بەڵێنم داوە نەیتاشم!***

***دە مەیتاشە کوڕی باوکم***

***بەخوا گورگ لەم دۆڵدا***

***هەر ئەمێنێ و***

***ڕیشی جەنابی عالیشت***

***هەر لێرەوە درێژ درێژ ئەبێتەوە***

***تا ئەگاتە (بانی مەقان)*** (ئەسپێک لە پەڕەی گوڵاڵە: ٢١٦)

ڕێوی لە ڕامانی مەسیحیدا هێمای شەیتانە، نیشانەی چەپەڵیتی و خراپەکارییە، لێ لە ڕامانی چینیی و ژاپۆنیدا ڕێوی نهێنییەکانی سرووشت دەزانێت، هەروەها وەک بەدیهێنەری سامان دەپەرسترا. هاوکات توانای کراسگۆڕکێی هەیە و خۆی دەگۆڕێ بۆ ژن (راونا و شفرد ١٣٩٨: ١٨٨). لە کوردەواریشدا دەڵێن (ڕێوی بە پیرییەوە هاتووە)، یان ڕێوی بە پێش کارواندا بڕوات، هێمای خێرهاتنە ڕێیە و کارەکەی مەیسەر دەبێت.

ڕێوی بەگشتی (هێمای فێڵ، زیانگەیەن، مامۆستا، خراپەکار، زیتەڵ، تەنیایی، چاوچنۆکی، خۆپەرستی، خۆهەڵکێش، دزی و کینەلەدڵییە) (جابز، ١٣٩٧، ٤٣)، گورگیش هێمای تاریکی، ترس، ژیری، چاپووکی، چاوچنۆک، پارێزەر، خوێنمژ، دز، ستەمکار، تالانکار، گەندەڵ، برسێتی، وێرانی، کوشتار، ئاژەڵی پیرۆزی ئاپۆلۆ و نیشانەی تاریکی زستانە (سەرچاوەی پێشوو: ٧١).

شێرکۆ بێکەسیش بە سوود وەرگرتن لەو هێما گشتییە باوانەی ئەو دوو گیاندارە، بنیاتی شیعرەکەی خۆی ڕۆ ناوە، لە ڕێی هێمای ئەو دوو گیاندارەوە و بە تایبەتی گورگ، واقیعی سەردەمەکەی خۆی پیشان دەدات و بە تەنزێکەوە دەڵێت: لەم دۆڵەدا هەرگیز گورگ و خراپەکاران و ستەمکاران نابڕێت و ڕیشی بزنیش درێژدرێژ ئەبێتەوە تا بانی مەقان، کە دەلالەت لە نەبڕانەوەی ستەمکاران ئەکات.

## پازدەیەم: هێمای خودی

ئەو هێمایەیە، کە داهێنانی تایبەتی نووسەرە و خوازراو نییە، لەبەر ئەوە ئەم جۆرە سیمایەکی نوێ و شیعرییانە بە دەق دەبەخشێ، چونکە هەڵگری توانای هونەری و هەست و سۆزی تایبەتییە و سوان و ڕووشانی پێوە دیار نییە، هەرچەنێک لەنێو دەقدا بگیرسێتەوە، شێوازێکی تایبەتی و نوێکاری دەقەکە دەسەلمێنێ و گەرموگوڕی بە وشەکەوە دیارە، لەبەر بەکارنەهاتنی پێشتری، لەم ڕووەوە (هەڵوێستی کەسی ڕۆڵی بارگاویی بوونی هێماکە بە دەلالەتی نوێ دەبینێ و بەهۆیەوە هەستە تایبەتییەکە، دەورووژێت) ئەمەش کاریگەریی لەسەر هەڵچوونی وەرگر دەبێت، بە مەرجێک وەرگرەکە لە ئاستێکی بەرزی ڕۆشنبیریدا بێت، ئەم بەرزبوونەوەیەی ئاستی ڕۆشنبیری خوێنەر، کلیلەکانی کۆدی دەق و هێما خودییە تایبەتییە کەسییەکان دەکاتەوە و بەو هۆیەوە شیعرییەتی وەرگر پەرە دەسێنێت، پەرەسەندنی شیعرییەتی وەرگریش بەرزبوونی شیعرییەتی دەق دەسەلمێنێت. (خۆشناو ٢٠١٠: ٣٠٥)

وێنە هێماییە خودییەکان لە وێنە بابەتییەکان شاردراوەترن، چونکە (پێشتر کۆمەڵگە لە سەر مەدلوولی ڕەمزەکە ڕێک نەکەوتووە و هەستێکی تایبەتی و مەبەستێکی ئامانجداری نووسەری لە پشتە و لە ئەنجامی تێگەیشتن لە دەوروبەری دەق و پێکهاتەی ناوەوەی دەقدا ئاشکرا دەبێت، لەبەر ئەوە لە ڕووی شیعرییەتەوە لە هێما بابەتییەکان زیاتر نەبێت، کەمتر نییە. هێما خودییەکان زیاتر دەربڕینی شیعریین، چونکە دەمامکێکی گەورەتریان بە سەردا داپۆشراوە، بۆیە چیرۆکنوسانی کورد لە دەیەی هەشتاکان بە سەرەوە لە بارودۆخی سیاسی ئەوسا، پتر بەهۆی نزیکێتیی لە دەربڕینی شیعریی و لەنێویشیدا وێنەی دروستکراو لە ڕەمزی خودی، پانتاییەکی دەقییان داپۆشیوە و هەست و مەبەستەکانی ناخیان لەو چوارچێوەیەدا دەربڕیوە) (سەرچاوەی پێشوو: ٣٠٦). وێنەی هێمایی خودی و (هونەریبوونی ئەم وێنە شیعرییانە لەوەدایە، کە وێنەکان خودین و ئەنجامی ئەزموونی ئەدەبی شاعیر نیشان دەدەن، بەهۆی ئەو تێڕوانینە بینراوانەی وا بۆ دەوروبەر و ژینگەکەی هەیەتی، پاش مانەوەی لە خەیاڵدا، بۆ ئەوەی پەیوەندییەکی گونجاو بدۆزێتەوە تاوەکوو لە ڕێگای هێماوە وێنەیەکی هونەری درووست بکات، کە لە داهێنانی تایبەتی خودی خۆی بێت و وێنەیەکی درووستکراوی خوازراو نییە، بەڵکوو وێنەی داهێنراوە، بێگومان توانا و ئەزموون و ئاستی ڕۆشنبیری شاعیر ڕۆڵێکی گرینگ و سەرەکی دەبینێت لە هێنانەکایەوە و داهێنانی هێمای خودیدا و زیندوو هێشتنەوەو بەردەوامیدان بەم هێمایە) (فەتاح ٢٠١٥: ١٠).

هێمای کەسێتی لە داهێنانی خودی شاعیرە، یان لە ڕێگەی زۆر بەکارهێنانییەوە لە وێنەیەکی گشتی دەبێت بە هێما. ئەم جۆرە هەمان ئەو هێما تایبەتانەن کە خودی شاعیر لە ڕێگەی خۆیەوە داهێنانی بۆ کردووە لە واقیعی ژیانی خۆیەوە وەری گرتووە، ئەمەش لە شاعیریکەوە بۆ شاعیرێکی

تر جیاوازە. ئامانجی هێما خودییەکان (دەربڕینی دۆخی سۆزداری و هەڵچوونی تاکەکەس خۆیەتی. هەموو شاعیرێک بەپێی ژیان و ئەزموونی و تاقیکردنەوە تایبەتییەکانی خۆی و بەپێی ئاستی ڕۆشنفکری و زانست و زانیاری و دونیابینینی خۆی کۆمەڵێک هێما درووست دەکات و بەکاریان دێنێت لە شیعرەکانیدا، ئاستێکی جوان دەدەنە بەرهەمەکەی(ئیبراهیم ٢٠١٥: ٧٢). هێمای کەسیش ئەو هێمایانەن، کە بیری شاعیری داهێنەر دەیانخوڵقێنێت، بەبێ ئەوەی پێشتر نموونەیان هەبێت ئەم هێمایانە شاعیر درووستیان دەکات و گیان دەکاتە بەریان و تەواو خودین)(سەرچاوەی پێشوو: هەمان لاپەڕە).

ئەم جۆرە هێمایە تایبەتە بە شاعیر، واتە شاعیر خۆی دایدەهێنت، پەیوەندی بە ژیانی تایبەتی شاعیرەوە هەیەوە یان ((دەستکاری هێمایەکی کۆن دەکات و بە واتایەکی تر بەکاریی دەهێنێت، ئاستی داهێنانی بەرزترە لە هێمای گشتی) ئەگەر چاوێک بە دیوانە شیعرییەکانی شاعیردا بگێڕین پڕاوپڕن لە ناو هێنانی وشوێن و ڕووداو... هتد، کە بوون بە یادگاری لە زیهنی شاعیردا هەمیشە سەرچاوەیەکی گرنگی هێمای خودی بوون بۆ شاعیر (محەمەد ٢٠١٦: ١٢٨)، بۆ نموونە شاعیر دەڵێت:

***تۆ لە گەڕەکی گاوراندا***

***بووی بە تۆو و لە دایک بووی.***

***ژنە دیانێکی هاوسێ***

***مرێمێکی گوڵەهێرۆی ڕواو لە ناو تاریکیدا***

***گەنمرەنگێ وەک گوێژە***

***ناوکی بڕیت.*** (خاچ و مار و ڕۆژژمێری شاعیرێ: ٢٧٩)

لێرەدا شاعیر لە ڕێگەی مۆنۆلۆگەوە گوزارشت لە ساتە وەختی لە دایکبوونی دەکات، لەو وێنە هێماییەدا لە گەڕەک و زادگا بچکۆلانەکەی خۆی دەدوێت، کە (گەڕەکی گاوران) گەڕەکێکە لە شاری سلێمانی، شاعیر لە و گەڕەکەدا لەدایک بووە، (گەڕەکی گاوران) بۆ شێرکۆ بێکەس هێمایەکی خودی و کەسی و تایبەتییە و بەردەوام دەهێنێتەوە، هێما بۆ منداڵی و پشکووتنی خەونەکانی و ئارەزووەکانی و یادگارییەکانی ئەوکاتی دەکات و ناتوانێت دەستبەرداری بێت. ئەم هێمایە ئەوەندەی لای شێرکۆ بێکەس دەبینرێت و وەک سێبەرێک بە ڕاسەریەوەیەتی، لای هیچ شاعیرێکی تر ئاوا زۆر ئامادەیی نییە.

جگە لە (گەڕەکی گاوران)، دوو گەڕەکی تر، کە شوێنی منداڵی شاعیرن، بوونەتە دوو هێمای خودی لای شاعیر، ئەوانیش گەڕەکەکانی (مەڵکەندی و کانێسکانن)، ئەم دوو گەڕەکە بەردەوام لە یادگەی شاعیردا سەوزن و لەگەڵ ناوهێنانیاندا باسی هاوڕێکانی و ماڵەدراوسێی و باسی گەنجی خۆی و دڵداری و سەرکێشییەکانی دەکات.

ئەوەتا کە کاتێ باسی نالیی شاعیریش دەکات ئەم دوو گەڕەکە دێنەوە ناو باس و دەڵێت:

***ئای عەشقی ئاو و گڵ***

***وای عەشقی گژوگیا و لق و چڵ!***

***ڕۆژ نییە ئەو نەبێ بە کانیی یادێک و***

***وڵاتیش بە قاسپەی کازیوەی نێو دەنگی.***

***ئای عەشقی مەڵکەندی، وای عەشقی کانێسکان***

***شەو نییە ئەو نەبێ بە چیغی سەربانێ و***

***شارەکەی بە «مانگ»ی وەریوی هاوینی خەیاڵی*** (دەربەندی پەپوولە: ١١٨)

لە سەر هێمای خودی گەڕەکی (مەڵکەندی) و لە وەسفی نەوجەوانی و کوڕێژەگەیی خۆیدا وەک بەرووولەیەک خۆی دەناسێنێت و دەڵێت بێخەم بووم و بە خاکەوە نووسابووم و بۆ خۆڵی گەڕەک پێدەکەنیم و لە پڕێکدا گەردەلوولێک دێت و دەمخاتە ناو خەمی پرسوێی ژیان و کوردبوون و دووکەڵی ئازارەوە و دەڵێت:

***لە سێبەری بێستانێکی (مەڵکەندی)دا***

***تۆ خەیاڵی بچکۆلانەی بەڕووولە بوویت***

***بە خاکەوە قرسا بوویت و لەگەڵ گڵدا پێ ئەکەنیت***

***بەڵام ڕۆژێ بابلیسک[٣٣]ێ لە بنجەوە هەڵی کەنیت.***

***کەچی ڕۆژێ لە پڕێکدا، لە بەرزایی جریوەوە،***

***لە بەرزایی تریقەوە***

***خل بویتەوە و کەوتیتە ناو خۆڵەمێشی دۆڵێکەوە و***

---

[٣٣] گەردەلوول، دێوڵکە.

***لە چاو ون بوویت*** (بۆننامە: ١١)

هێمایەکی خودی دیاری تر، کە لە ئەزموونی تایبەتی و کەسی شێرکۆ بێکەسدا بەردەوام دەبینرێت، (بسفۆر)ە، (دەربەند تەنگی بسفۆر ئەو دەربەندەیە وا دەریای ڕەش و دەریای مەڕمەڕە پێکەوە دەبەستێت)، لای شێرکۆ بووەتە هێمایەکی خودی بەو هۆیەی لە ئەستەمبووڵ چەند جارێک بینیویەتی و خەیاڵئاوەر بووە لای، شەوگارگەلێکی لە کەناری ئەو دەربەندەدا گوزەراندوو. لەم دوو پارچە شیعرە و زۆر نموونەی تردا هێناویەتییەوە، یەکەمیان بە دەوری نالیدا هێناویەتییەوە، کە سەردەمانێک و لە کۆتایی ژیانیدا لە ئەستەمبووڵ ژیاوە، دووەمیش ئەو وەختەی پاسکیلەکە کەرکووکیەکە لە ئەورووپاوە بە ئەستەمبووڵدا دەیهێننەوە بۆ کەرکووک، بە دەوری بسفۆردا وشەکانی (شەو و تەم) دەهێنێتەوە، ئەمەش دەلالەت غەمگینی و غەریبی دەکات لە نەست و یادگەی شێرکۆدا و دەڵێت:

***ئەوەیان: فەنەری گەردنی نالییە***

***لە شەوی بسفۆردا ئەسووتێ و جەستەی ئاو ئاڵ ئەکات.***

***بە باڵای قەسیدە قوڵایی ئەپێوێ و***

***لە بنی گێژاودا چارۆگەی خەیاڵی هەڵئەدا.***

***لە سامی گێژەندا و لەوێدا بۆ ساتێ پەیتووک[٣٤]ەی گومانی ئەسرەوێ.***

***لەوێدا ئەم گەرای ڕەنگاڵە بۆ ماسیی باڵداری شیعری خۆی دائەنێ.***

***لەوێدا ئەم خەونی زەرد و سوور بە چاوی خاکەوە ئەبینێ.***

***ئەخنکێ و ناخنکێ و***

***لەوێدا دەست ئەبا و مرواریی دڵی خوا دەردێنێ*** (دەربەندی پەپوولە: ٢١)

لە دووەمیشیاندا و لە دەقی والای (یادەوەری پاسکیلێکی کەرکووکی)یشدا، دەڵێت:

***بۆ یەکەمجار کە ناوی کوردم گوێ لێ بوو***

***گەیشتبوومە "ئەستەمبوڵ" پاپۆڕەکە لە بەندەرێکی "بسفۆڕ"ی تەماویدا لەنگەری گرت***

***ئێمە پێنج پێنج پێکەوە بەسترابووینەوە ئەبوو ئیتر داگیرێین...***

***کرێکار و حەماڵەکان هاتنە سەرێ کردیانە هاژەهاژ و ژاوەژاو...***

[٣٤] باڵندەیەکی خێرا و چوست و چالاکە.

***ڕوویان کردە خانەی ئێمە***

***لە ناو یەکدا بە زمانێکی زۆر غەریب ئەدوان***

***نە بولگاری بوو نە تورکی نە گریکی...***

***بە پاسکیلەسوورەی تەنیشتی خۆم وت: ئەم زمانە ئەبێ چی بێت؟!***

***تۆ پێشتر ئەمەت بیستووە؟***

***پاسکیلە سوورەکە وتی: لەناو کارگەی ئێمەدا لە بەشی "زین" چاککردندا***

***دوو سێ کرێکاری لێ بوو هەر بەم زمانە بوو ئەدوان***

***ئەمانە پێیان ئەڵێن کورد*** (یادەوەری پاسکیلێکی کەرکووکی: ٢٤)

## شازدەیەم: هێمای سرووشتی

بەریەککەوتنی هونەری شیعر و سرووشت، بەرکەوتنێکی نوێ نییە، چون شاعیران کوڕی ژینگە و ئەو سرووشتەن وا تێیدان، سرووشت کاریگەری بەردەوامی لە سەر شاعیران هەبووە، هێند هەیە بەرکەوتنی شاعیر و سرووشت لە زەمەنێکەوە بۆ زەمەنێکی تر گۆڕاوە، لە شیعری هاوچەرخدا شاعیران مامەڵەی نوێ لەگەڵ سرووشتدا دەکەن و تەنها تەسویرێکی ڕووت نییە، سرووشت لە شیعری هاوچەرخدا بە هێما دەکرێت و لە ڕێیەوە هەستە و جوودی و نەتەوەییەکانی تێکەڵ دەکرێت، لە لایەکی ترەوە وەک مرۆڤ لێی دەڕوانرێت، یادەوەری هەیە، دەمرێت، ئازار دەچێژێت و... هتد.

(پۆزەتیفیزم و ڕیالیزم گەرەکیان بوو خەون و خەیاڵ لە ئەدەبییات وەدەرنێن، لێ لەگەڵ ڕسکانی سیمبوڵیزم دیسانەوە سەری دەرهێنایەوە. سیمبوڵیستەکان پێیان وابوو سرووشت خەیاڵی جووڵاوی ئێمەیە، شتەکان بوونەوەری نەگۆڕ نین. بەڵکوو ئەو شتانە کە ئێمە لە ڕێی هەستەکانمانەوە واتایان پێ دەدەین، ئەو شتانە وان لە دەروونمانا، خودی خۆمانن... لەم گۆشەنیگایەوە ڕامانی سیمبوڵیستەکان لە عیرفان نزیک دەبێتەوە. چون سیمبوڵیستەکان پێیان وایە سرووشت گوزارشتە لە ژیانی ڕۆحانیمان، ئەوە ڕۆحی ئێمەیە لە شتەکاندا پەرچ دەبێتەوە، ئاوا نهێنی ڕۆحی خۆمان ئاشکار دەکەین) (ثروت،١٣٨٥: ١٨٥). ئایا هەر لەم ڕوانگەوە نییە سرووشتگەرایی و بە زمانهێنانی تێکڕای یەکەکانی سرووشتی کوردستان لای شێرکۆ دەبینیێتەوە؟ هەر لە بەردەوە تا شاخ و ئەشکەوت و ئاسمان و چەم و درەخت و گەڵا و گوڵ و مێروو و پڵنگ و ئاسک.

ئەمە ڕوانگە و گۆشەنیگای شێرکۆمان وەک کەسێکی کورد بۆ ڕوون دەکاتەوە، کە لە کۆمەڵگەیەکی پلەداریی و زانستگەرایی و شار و پۆزەتیڤیسمدا نەژیاوە و هێندەی لە ژیانێکی کۆمیناڵی سرووشتیدا ژیاوە. سرووشت پاڵهێز و کاریگەر بووە پێی، نەک داهێنراوەکانی ئەقڵانییەت و کۆمەڵی پلەداری، شێرکۆ گەواهییە بۆ کۆنەستی سرووشتی و دوور لە پلەداریی کورد.

لای ئەو ئەرکی شیعر ڕێکخستنی ماناکان نییە، بەڵکو تێکدانی ئەو ڕێکخستنەیە، بێ ئەوەی شێواندن بێت. واتە ڕوخاندنی ئەو سیستەمە زەمەنییەیە، کە ماناکان بە دوای یەکدا ڕێک دەخات، بەو مەبەستەی لە ئاستێکی تر و بە شێوازی دیکە دایبمەزرێنێتەوە. وەک دەبینین شیعری ئەو ڕوونە، نەک شێواو، وەک چۆن سادەیش نییە. وێنەی شیعری لای ئەو نەک هەر تێپەڕینە لە زەمەنی ئێستا، بەڵکوو دامەزراندنەوەی زەمەنی دیکەیشە، کە وەک شاعیرێکی داهێنەر تەنیا لە ڕێی ئەو زەمەنەوە توانیویەتی بجووڵێت. ئەوەی لە شەستەکانەوە تاکوو ئەمڕۆ ئەوی وەک شاعیرێکی ئامادە دەرخستووە، ئەو شەڕە مێتافیزیکییەیەتی لەگەڵ زەمەندا. ئەو شەڕە نەیهێشتووە ساتێک لەگەڵ (ئێستا)دا ئاشت ببێتەوە، پێچەوانەی بەشێکی زۆری ڕۆشنبیرانی ئەم دوو دەیەی دواییمان، کە دەیانەوێت لەگەڵ ئەو (ئێستا)یەدا خۆیان بگونجێنن. بە مانایەکی تر وێنەی شیعری لای ئەو بریتییە لە گۆڕینی دۆخی شت لە ئاستی فیزیکییەوە، ڕاستتر لە ئاستی وەستاوەوە بۆ ئاستی جووڵە، کە لەوێ زەمەن دەتوانێت زیاتر لە ئاراستەیەک بگرێت. (کاکەسوور ٢٠١٣، dengekan)

ئەم جۆرە لە هێما ئەوانە دەگرێتەوە، کە لە ئامێزی سرووشتەوە سەری هەڵداوە و ڕەگەزە جۆراوجۆرەکانی سرووشت بوونەتە هەوێنی دروستبوونی وێنەی هێمایی و خودی هێما خۆی، وەک شاخ، ئەشکەوت، دەریا، ڕووبار، کانی، ئەستێرە، باران، پایز، بەهار، شەو و ڕۆژ و... هتد.

ئەوەتا شێرکۆ بێکەس لەبارەی (شاخ)ەوە دەڵێت:

***-ئەی «شاخ»م!***

***ئەی پەندی بەردینی پێشینان!***

***ئەی ملی پڵنگی بە خوێنم خەت خەت و بە عیشقم داگیرساو!***

***داستانی سرووشتی هەموو کات بەرانبەر ژوورەکەم خرۆشاو.***

***لێرەم و ئەمەوێ وەک ڕکت تێکەڵی بناری مێژووت و***

***ناو هەستی جۆشخواردووی بەندەن و بەردت بم.***

***لێرەم و ئەمەوێ وەکوو «با»ی یاخی بووت***

***بمخەیتە سەرشانی ڕەوەز*** [35] ***ت و***

***وەک پەلکی درەختی هیوایشت بمدەیتە دەست هەتاو!***

***قوتابیی ئاسۆتم هەمیشە خوێندنەوەی فەرهەنگی گژوگیای سینەی تۆم***

***کردووە بە ڕێگا بۆ چاوم. ئەشکەوتت بە ژووری خوێندنی کێویم و***

***لووتکەیشت بە وانە و مامۆستام.*** (دەربەندی پەپوولە: ٣٨)

پێوەندی شاخ و مێژوو لە شیعری شێرکۆ بێکەسدا، لە چەند ڕەهەندی جیاوازەوە دەبینرێت: لە کەسێتیی مێژووییدا، بە خەباتگێڕ و گیانفیدا تا نووسەر و شاعیرەکان، لە شوێنە دێرین و مێژووییەکاندا، یان ڕووداو و کارەساتە مێژوویەکاندا، لە کۆتایشدا شاخەکان شوناسی کورد و مێژووی کوردستان بونیاد دەنێن. کاتێک شیعر شاخەکان لە ئامێز دەگرێت، کورد و خەباتی کوردیش لە شاخەکانە، ئەوا شاخەکان دەبنە جێگەی مێژووسازی و شیعر و شاعیریش دەبنە گێڕانەوەیەکی مێژوویی بە شیعر(عوسمان ١٣٩٩: ٢٠٠).

لێرەدا شێرکۆ بێکەس (شاخ)ی هێناوەتەوە، شاخ لە دیرۆکی کۆن و نوێی کورددا، هێمای بەرگری و پشتیوانی و نیشتەجێبوونە، نیشتەجێبوونی کورد بەشاخەوە. شاخ و هێماجیاوازەکانی شاخ لە شیعری شێرکۆدا ئامادەیی گەورەی هەیە، ناکۆتا وێنەی لێ درووستکردووە، دواندوویەتی، بەکەسی کردووە، ئەفسانەی داوەتە پاڵی و بە سەرچاوەیەکی عیشقی خۆی زانیوە بۆ خۆشویستنی کوردستان و ئاوێزانبوونی.

لە دەستپێکی ئەم دەقەدا کە دەڵێت(ئەی شاخم)، ئەم دەستەواژەیە هێما بۆ ئەوە دەکات، کە وەک کەسی نزیک و ئاشنای خۆی لێی ڕوانیوە و موڵکداری دەکات، وەک پەندێکی بەردینی دیرۆکدار لێی دەڕوانێت. قوربانی بۆ داوە، لاپاڵە خەتخەتیی و پڵنگییەکەی بە خوێنی ئەم درووست بووە و بە عیشقی ئەم دەگرێت و دەبریسکێتەوە.

شێرکۆ لێرەدا شاخ وەک داستانێکی سرووشتکرد و مامۆستایەکی خۆی دەبینێت، دەیەوێت تایبەتمەندیی و سیفاتەکانی شاخ بۆ خۆی بگوێزێتەوە، لەوانیش: هەستی جۆشخواردووی بەندەن و بەردی، یاخیبوونی «با»ی، فەرهەنگی گژوگیای، ئەشکەوتی چوون مەکتەب و لوتکەی چون مامۆستای.

ئەشکەوتیش کە هێمایەکی دیاری سرووشتە، شێرکۆ بێکەس هەمووکات لای لێ کردووەتەوە و وەک تێمایەکی گرنگ لێی ڕوانیوە و دەنووسێت:

---

[35] بەردی چین چینی شاخ.

***ئەم ئەشکەوتە برینێکی سارێژنەبووی زەمانیشە***

***من گوێم لێیە کە بەردەوام ئازار گۆرانیی تیا ئەڵێ.***

***ئەم ئەشکەوتە هەتا ئیستەیش دەنگدانەوەی حیلەی ئەسپ و***

***سوارەکانی "گەزنەفۆن"ی تیا ئەبیسترێ.***

***بە دیوارە تەڕەکانیا قومقومۆکەی گیانی پاشایەکی کوژراو***

***یان پەلکەگیای ئەشقی کچێکی لێرە سەربڕدراو هەڵئەگەڕێن.***

***لە دیوارە تەڕەکانیا هەتا ئیستەیش فرمێسکی ئاوارە ئەڕوێن.*** (خاچ و مار و ڕۆژژمێری شاعیرێ: ١١٥)

ئەشکەوت هێمای داڵدەدان و پەناگە و نیشتەجێبوون و مانەوەیە، هێمای لەکۆچکەوتنی مرۆڤە و سەرەتای کشتوکاڵکردن و گونددرووستکردنە، هێمای سەرەتای شارستانییەت و مرۆڤ قۆناغێکی نوێ دەبڕێت. هاوکات ئەشکەوت هێمای شاردنەوەی یادەوریی و خەون و شتە نهێنیی و دەستبۆنەبراوەکانە لە دەروونناسیدا. هاوکات ئەشکەوت هێمای نەست و و ڕۆچووونی عیرفانی و گەڕانەوەیە بۆ منداڵدان و زێ و دەڵەمەی گەرم و ئاوی سەرەتایی و دایک.

لێرەدا شێرکۆ بیکەس وەک هێمای برینی لەمێژینەی کورد لێی ڕوانیوە، لە نێوان برینی دەمکراوەی کورد و ئەشکەوت وەک برینی شاخدا لەتافەت و وێنەیەکی ناسک هەیە. لای شێرکۆ ئەشکەوت مۆمیای ئازار و گۆرانی و دەنگدانەوەی حیلەی ئەسپەکانی (گەزنەفۆن) و لاشەی پاشا هێرشکەرەکان و حیکایەتی عیشقە ناکامەکان و فرمێسک و ئاوارەیی، کردووە.

ڕاستە ئەشکەوت وێنای سرووشتێکی ڕووت دەکات، شێرکۆ وەک هەمیشە مرۆڤانە لە سرووشتی ڕوانیوە، تایبەتمەندیی تری داوەتە پاڵ و وەک قاسەیەکی سرووشتی تەماشای دەکات.

## حەڤدەیەم: هێمای کەسێتییە ئەدەبی و هونەرییەکانی جیهان و کورد

بەو هۆیەی لە شیعری شێرکۆدا هێمای کەسێتی و هێمای ئەدەبی دانەبڕاون، بۆیە پێکڕا بەرباس دەدەین.

هێمای کەسێتی، بریتییە لە هێنانی کەسایەتییەکان (ئەدەبی، مێژوویی و هونەری)، لە ڕێگەی ناوهێنانییەوە یان ناوهێنانی ناوبانگ و تایبەتمەندییەکانی بە شێوەیەکی ڕاشکاوانە، پێویستە ئەو کەسایەتییانە لە سیاقی شیعرەکەدا وەک سیمای کەسی یان گشتی، بەکار بێن، چونکە ئەگەر لە

دەقەکەدا نەبن وەک ناو، ئەوا ئەو دەقە توانستی کۆدی و هێمابوونی و کاریگەری شیعری لەدەست دەدات، (شاعیر یان داهێنەر بەناوهێنانی کەسایەتییەک پاڵپشتی تێڕوانینەکەی دەکات، یان ڕۆشنبیریی و ئاگایی خۆی بەرانبەر ئەو کەسایەتییانە پیشان ئەدات، کە لە نێوان ئەو و بابەتەکەیدا لێکچوون و نزیکی دەدۆزێتەوە، بە واتایەکی تر ئەو بانگکردنە لەوانەیە بە ئاگاییەوە بێت لەلایەن داهێنەرەوە، داهێنەر پێشتر خۆی بۆ ئەوە ئامادە ناکات کە ئەو کەسایەتییە بێنێتە نێو دەقەکەیەوە، بەڵام کاتێک لەگەڵ بیری دەقەکەیدا ڕووبەڕوو دەبێتەوە، ئەوا دەیخاتە نێو دەقەکەی و ئامادەی دەکات بۆ پاڵپشتیکردنی دەقەکەی بە تێڕوانینێکی تر، هەروەها لەجیاتی درێژەپێدانی بابەتەکە ئەوا بە هێمایەک ئاماژەی پێ دەکات) (قادر ٢٠١١: ١٣٧).

هێمای ئەدەبییش ئەوەیە کە داخراو و چەقبەستوو نییە و واتاییەکی فراوانی هەیە، زیاتر لە ئیحایەک دەبەخشێت و زیاتر بە مەبەستی ئیستاتیکییەتی شیعری و ئەدەبی بەکار دەهێنرێت، بە پێچەوانەوە هێمای زمانی، هێمای زمانی هێمایەکی ئاسایی و داخراوە و تەنها بۆ نیشانە و واتا و مەبەستێک بەکار دەهێنرێت، دیارە هەر یەکێک لەم جۆرە هێمایانە نرخ و بەهای خۆی هەیە و تایبەتە بە بوارێک، بەڵام ئەوەی ئێمە مەبەستمانە هێمای ئەدەبییە کە ئاست و پلەوپایەکانی و کاریگەری لە شیعر و ئەدەبییاتدایە، بە تایبەتی لە شیعری هاوچەرخی کوردیدا. ڕاستییەکەی هێمای ئەدەبی ئەوەیە کە (لە ئەزموونی شیعریدا تواوەتەوە و بەردەوام بووە لە گوزارشتکردنی ئەم هێمایە، هەر ئەویش بووەتە دەنگ و ویژدانی سەردەمەکەی خۆی، چونکە هێمای ئەدەبی کاتی و وەستاو نییە لە ئاقاری یەک کات و شوێندا نامێنێتەوە، بەڵکوو بەردەوام لە فراوانبووندایە، ئەمەش وادەکات لە ئاماژە و ئیشارەتی جیا بکاتەوە) (فەتاح ٢٠١٥: ١٤)، وەک لەم نموونەیەدا نموونە شاعیر دەڵێت:

***بەڵێنە هەر ئەمشەو درەنگان***

***دوو قۆڵی لە کەنار ئەو گۆمە غەمگینەی نیشتمان:***

***من و مەلا خدری ئەحمەدی شاوەیسی میکایلی پێک بگەین...***

***پێی ئەڵێم: بێگومان... سەروەرم...! بێگومان وشەی تۆ قووڵترە***

***حەرفی تۆ گەشترە دەنگی تۆ پڕترە...***

***بێ دەعوام، پەتکیش نیم.***

***پێی ئەڵێم: گەورەی من!***

***پێم ناڵێی ئەو هەودا[٣٦]ی گزنگی چاوانەت***

***چۆن ئەکەیت بە دەرزیی حەرفەوە***

***بۆ ئەوەی خەم بدروویت بە باڵای حەبیبە و عیشقەوە؟!*** (دەربەندی پەپوولە: ١١١– ١١٢)

هێماکردن بۆ (نالی) لای شێرکۆ بێکەس لە زۆر شیعردا هاتووەتەوە، (نالی) وەک ڕابەر و ئەندازیاری زمان و شیعری کلاسیکی کرمانجی خواروو، وەک وشەچن و واتای پڕتەرز و بوژێنەرەوەی ئەدەبی دیالێکتێک و بنیاتنانی زمانی کوردی تا نزیککردنەوەی لە بەستانداردکردنی زمانی کوردی، دەبینرێت.

لەم پارچە شیعرەدا شاعیر وەک هێمای غەریبێک و وەک هێمای ئاشقێک و شاعیرێکی بەدیققەت، (نالی) دەهێنێتەوە، کە دەزووی گزنگی چاوەکانی، ئەوەی کە بە چاوی سەر و بە چاوی دڵ و خەیاڵ دەیبینێت، ئەیکاتە دەرزی وشەوە تا بەرگەشیعرێک پڕ بە باڵای ئەشق و حەبیبە، بدوورێت.

شێرکۆ بێکەس لێرەدا (نالی) وەک ئارکیتایپێکی شیعری کوردی دەبینێت و بە سەروەر و گەورەی خۆی دادەنێت، پێی دەڵێت بێگومان وشەی تۆ قووڵترە، حەرفی تۆ گەشترە، هەرچەندە ناتوانین دەعوا و بەربەرەکانی وشە و حەرفی تۆ بکەین، لێ ئێمە پەتکی خەڵقی نین و ئێمە هەر خۆتین و درێژکراوەی شیعر و وشەی کوردین، کە ئاماژەت پێ داوە :

***شیعری خەڵقی کەی دەگاتە شیعری من بۆ نازکی***

***کەی لە دیققەتدا پەتک دەعوا لەگەڵ هەودا دەکا*** (دیوانی نالی: ١٠٧ )

لێرەدا شێرکۆ بێکەس شانازی و غرووری شاعیرێتی خۆی پیشان ئەدات لە بینین و چاوبەیەککەوتنی لەگەڵ (نالی)دا.

لە پارچەشیعرێکدا شاعیر هێما بۆ ڕیفۆرمیستێکی ئاینی و کەسێتییەکی سۆفی و ئەدیب و گەڕیدەیەکی مەعریفی و تینوویەکی گڕی خوا دەکات، کە (مەولانا خالیدی نەقشبەندی)یە، لە پەسنێکدا کە شیاوی ئەم پیاوە غەمگین و غەریب و ئاوارەبوو و ئاوارەکراوە بێت، پەسنێک، کە تێیدا ئەیچوێنێ بە هەتاوی نیوەڕۆی شەوان، هەتاوێک لە شەویشدا نوور دەبەخشێتەوە، شەلالێکی بێهاژەی دڵی خوا و کۆڵکێشی گریانە. وەرزەکان هەمان وەرزی دەرەوە نین، لە چاو و ڕۆحی ئەمدان، لە هاوینی ئێرەدا بارانی چاوی لە یادی شێخی هیندستاندا وەک بارانەکەی ئەوێیە و لە زستانی ئەوێشدا ڕۆحی غەریبی بۆ شارەزوور نێڵەی دێت. لە شیعرەکەشدا دەڵێت:

---

[٣٦] تاڵ، داو.

***ئەوەیشیان: مەولانەی هەتاوی نیوەڕۆی شەوانە.***

***تاڤگەی بێدەنگیی دڵی خوا و کۆڵکێشی گریانە.***

***بە هاوین بارانی هیندستان لە چاویا دائەکا و***

***بە زستان لە ڕۆحیا قرچەقرچ «شارەزوور» سووتانە.*** (دەربەندی پەپوولە: ٢٥)

یەکێکی تر لەو شاعیر و کەسێتییە دیارانە، کە شێرکۆ بێکەس پێی سەرسام بووە و بەردەوام دەیهێنێتەوە، (مەحوی)ی شاعیرە. لێرەدا شاعیر (مەحوی) وەک سیمبوولی پرسیاری نەبڕاوە دادەنێت، پرسیارێکی سپی، کە هێمای پرسیارێکە لە پاکێتی و مرۆڤبوون و دڕدۆنگی لە ژیانەوە هاتووە، لەبارەیەوە دەنووسێت:

***نەتئەزانی لەبەرچی لەناو سپیاتی تەماشاتا (مەحوی) دێتەوە پێش چاوت؟!***

***ئەتبینییەوە: هەردوو دەستی لقەزیو بوون***

***ڕوانینەکانی پەموو بوون.***

***چاوەکانی گوڵەهەرمێی بەیانیان و هەورێکی خاو کاکۆڵی بوون.***

***نەتئەزانی ئەم خەیاڵە سپییەی تۆ بۆچی بەردەوام پرسیاری سپیی ئەگرێ؟***

(بۆننامە: ٣٦).

لە پارچەشیعرێکی تردا، دیارترین هێما ئەدەبی و شیعرییەکانی نێو ئەدەبییاتی کلاسیکی کوردی دەهێنێتەوە، کە (نالی و سالم و کوردی و مەحوی و شێخ ڕەزا و شوکری فەزڵی)ن، شێرکۆ بێکەس لە وەسفیاندا ئاگایی خۆی پیشان دەدات و باس لە کۆنتێکستی ژیان و شیعری هەریەکەیان دەکات، کە سەرسامی ڕەنگاوڕەنگێتی و شەبەنگی شیعری هەریەکەیانە، تێیدا هێما بۆ تێمای شیعری ئەو شاعیرانە دەکات، وەک (غەریبی و خەڵوەت و سووتان و ئیرۆتیکی)، دەنووسێت:

***گوێت لە ڕاچڵەکینی پیت و لە وێرگوڵە شەیتانۆکە و***

***گوێت لە دەنگی وەستانی پێی نوختە ئەگرت.***

***لە بنەوە سەیری قژی ڕەنگاوڕەنگی دارەبەنی شیعری نالی و***

***خەڵوەتەکەی "مەحوی"ت ئەکرد.***

***لە بنەوە، سەیری یاڵ[٣٧]ی شەپۆلەکانی سالم و***

***سەیری سووتانی گەردنی "کوردی"ت ئەکرد.***

***لە بنەوە سەیری مەمکی چوارچشتەکی و***

***لە بنەوە سەیری خوار ناوکی هەندێ قەسیدەی شێخ ڕەزا و شوکریت ئەکرد.***

**پێ ئەکەنیت** (خاچ و مار و ڕۆژژمێری شاعیرێ: ٦٤).

لە بارەی (حاجی قادری کۆیی)شەوە، کە ڕەمزێکی دیاری نێو شاعیرە نەتەوەییەکانی کوردە، لەپاڵ ئەحمەدی خانی و فایەق بێکەسدا. (حاجی) هەمیشە لای شێرکۆ بێکەس جێی سەرنج و جێهێڵەری جێکەوتە نەتەوەییەکە بووە، هاوکاتیش شاعیرێکی ئاوارە و تاراوگەنشینی وەک ئەم بۆ شێرکۆ، کە خۆشی بە هەمان هەستی غەریبیدا تێپەڕیوە، گرنگ بووە و بەردەوام لە خەیاڵدانیدا بووە، لە شیعرەکەدا هەم نیشتمان و هەم خەیاڵی حاجی بۆ نیشتمان و زادگای پەسن دەکات و لە دەربڕینێکی ناوازەدا لەبارەی حاجییەوە دەنووسێت:

***ئەوەیشیان: حاجییەکەی درەختی زەنگ بە دەست.***

***شمشاڵی لالێوی مێژووی شاخ.***

***شەو و ڕۆژ بە گوڵەحاجیلەی دیدەی خۆی***

***گڵۆنکەی کوڵوانەی یادێکی نارنجی بۆ کۆیە ئەچنێ و***

***بارِژنی کاژۆڵەی مووڕەشی خەمیشی هەر لەلای «کەکۆن» و***

***لە دەوری ڕەشماڵە.***

***ئەم، شیعری کردووە بە هەتوان.***

***بە کلیل. بە خەنجەر.***

***هونەری کردووە، بە دەغڵ و بە بانگدان.***

***ئەم، وشە و گوڵاو و هاوار و گزنگی ئاوێتەی یەکتری کردووە.***

***کردوونی بە شتێ نەبینراو. نەبیستراو. بۆن نەکراو.***

***ئەم، شیعری کردۆتە پڵنگ و لەم بێشەی ترسەدا***

---

[٣٧] مووی درێژی پشتسەری ئەسپ.

***بە چڕنووک لە قەدی تاریکی ئەنووسێ.***

***ئەوەتا نیشتمان لە چاویا***

***بریسکەی دڵۆپی ئەلفوبێی بێئەنوا و بێماڵە*** (دەربەندی پەپوولە: ٢٦).

لە پارچەشیعرێکیشدا شاعیر هێما بۆ کەسێتییەکی هونەری جیهانی، کە (لیوناردۆ داڤنشی١٤٥٢-١٥١٩)یە، دەکات و دەنووسێت:

***داڤینشی***

***ئەمجارە خەیاڵی "داڤینشی" بۆ بزەی ئافرەتێ ناگەڕێ***

***وەکوو "مۆنالیزا.." بزەیەک وێنەکەی بکێشێ.***

***جوانییەک لە سینە و ڕووخساری ژنێکدا هەناسەی شەیدابوون..***

***هەناسەی عەشق و سۆز بەو خەڵکەی فلۆرنس هەڵکێشن***

***نا، نا، نا، ئەمجارە "داڤینشی" ڕێڕەوی بیرۆکەی ناو عەقڵ و خەیاڵی هەر تەواو ئەگۆڕێ.***

***ئەمجارە ئەو زەینە لە ئاسمان دێتە خوارەوە بۆ سەر ئەرز***

***ئەیەوێ هونەرێ بەرجەستە بخاتە سەر ڕێگا...***

***ئەیەوێ "شتێکیش" داهێنێ پێشینەی نەبووبێ ئەیەوێ ئەمجارە ئەیەوێ "ئەسپێکێ" دوو پێچکە لە تەختە دروستکا، ئەسپێکی دارینە تا مرۆڤ بتوانێ سواری بێ و کوێی بوێ بۆی بچێ و بگەڕێ. ئەمجارە "داڤینشی" خەیاڵی "دووپێچکە" لە سەریا گێژاوی تازەیە و هەر خولی تیا ئەخوا و ئەسووڕێ و ئەسووڕێ بازنە و بازنە و هیچی تر.***

***ئەوەتا ئەمشەویش لە شێوەی "مانگ"یشدا هەر پێچکە ئەبینێ و لە خەویا دوو پێچکە ئەئاژووێ.. بەرەو ژوور... سەرەوخوار بە ڕاست و بە چەپدا***

***دوو پێچکە لێ ئەخوڕێ بە کوچە و شەقامی سەرسامدا ئەگەڕێ و نایشکەوێ...*** (یادەوەری پاسکیلێکی کەرکووکی: ١٤)

وەک هەمیشە هێنانەوەی هێماکان لای شێرکۆ بێکەس لە پێناو تێما و خەیاڵەکانی خۆیدا بووە، لێرەدا هێماکردن بۆ (لیوناردۆ داڤینشی) وێنەکێش و بیرکاریزان و ئەندازیار و پەیکەرتاش و مۆسیقاری ناوداری جیهان و ئیتاڵیایی، سەرەڕای ئاماژەدان و پەسنی گەورەی بۆ تابلۆ هونەری و ناوازەکەی (مۆنالیزا)، شاعیر هۆشیاری ئەوەی هەبووە کە هەر ئەم کەسێتییە هونەرییە یەکەم کەس بووە وێنەی پاسکیلی کێشاوە، کە شێرکۆ بێکەس بە ئەسپێکی دووپێچکەی دارینە ناوی دەبات و لە خزمەتی دەقی والای (یادەوەی پاسکیلێکی کەرکووکیدا) بەرباسی دەدا. لە وەسفێکی تێکەڵ بە خەیاڵ

و وێنەی هونەری، کە مرۆڤ دەیەوێ لە ڕێگەی ئەم دووپێچکەیەوە بۆ کوێ ئارەزوو بکات، بڕوات. تێیدا چواندنی پێچکە بە مانگ و سوورڕانەوە و بەردەوامبوون و نەکەوتن لە نێو شاری شەقامە سەرسامەکانی فلۆرەنسدا، دەبینرێت.

لە پارچە شیعرێکی تردا شاعیر هۆشیارانە، هێما بۆ چەند کەسێتییەکی دیاری ئەدەبی ڕۆژهەڵات (بەتایبەتی عەرەب) و ڕۆژئاوا (بە تایبەتی ئەورووپا) دەکات، هاوکات هێماش بۆ ئەوە دەکات کە لە ڕێی زمانی عەرەبییەوە، زۆرێک لە شاعیران و نووسەرانی ڕۆژئاوای ناسیوە و ئەمان داویانەتە دەست شاعیرانی ڕۆژئاوا و هەریەکەیان لە سیاقی خۆیاندا و پاڵپشت بەو پاشخانەی کە هەی بووە، هێناونییەتەوە و دەڵێت:

***تۆ لە ڕووباری کتێبدای، هەموو ڕۆژێ شەپۆلی تازەی کتێبێ***

***گەرداوی شیعر و چیرۆکێ تۆ ئەبات و ئەتدا بە دەم جیهانەوە.***

***تۆ ئیستاکە بەو زمانەی (حەللاج) تیایدا ئەتوایەوە و***

***(موتەنەبی) تیایدا ئەفڕیی و (سەیاب) لەناویا ئەگریا: کەوتوویتە سەوڵ لێدان و***

***سەرت بووە بە فەنەر[38]ی ڕێگەوبانی.***

***(حەللاج) ئەتبا بۆ لای (لۆسەر).***

***(موتەنەبی) ئەتبا بۆ لای (شکسپیر) و (سەیاب) ئەتبا بۆ لای (ئەلیوت).***

***ئا بەو جۆرە تۆ ئەتوانی، لە زەماوەندی خوێناویی (گارسیا لۆرکا)دا دەست بگری و***

***لە ساڵۆنی ژێر زەریادا لەگەڵ (ڕامبۆ) بخۆیتەوە و***

***گوڵێکی ڕەشیش لە(بۆدلێر) وەربگریت و***

***بیدەی لە قژی یارەکەت.*** (خاچ و مار و ڕۆژژمێری شاعیرێ: ١٣٦)

(حەلاج و موتەنەبی و سەیاب)، وەک هێمای دیاری شاعیرانی عەرەب و (شکسپیر و ئەلیوت و لۆسەر و لۆرکا و ڕامبۆ و بۆدلێر) وەک هێمای دیاری نوێنەرانی ڕیفۆرمیستان و شاعیرانی ڕۆژئاوا. تیایدا بە هێما کردی بە توانەوەی حەلاج لە عیشقی خودایی و زمانی تەسەوفدا و فڕینی موتەنەبی (زۆری چەمکی فڕین لە شیعرەکانیدا) و گریانی سەیاب (انشودە المطر) بەرباسیان دەدات. لە هێنانەوەی شاعیرانی ئەورووپاش ئاماژە بە جوانەمەرگی و گوللەبارانکردنی شاعیری ئیسپانی

[38] چرا، فانۆس.

(فیدریکۆ گارسیا لۆرکا) و ڕامبۆی شاعیری سیمبوڵیستی فەرەنسی(شیعری بەلەمی سەرخۆش) و بۆدلێری شاعیری فەرەنسی (گوڵی خراپە)، دەکات.

جیی باسە، شێرکۆ بێکەس زۆر بەئاگایانە شاعیران و ئەدەبیان بەرامبەر یەک دادەنێت، بۆ نموونە(موتەنەبی و شکسپیر) وەک دوو شاعیری دیاری عەرەب و ئینگلیز لە توانایان لە زمان و ئەدەبیاتدا و هاوکات هەردوو نەتەوە بە باشترین ئەدیبی خۆیانیان دادەنێن، بە جۆرێک بە موتەنەبی دەڵێن (شکسپیری عەرەب) و بە شکسپیر دەڵێن (موتەنەبی غەرب). هەروەها (ئەلیوت و سەیاب)، کە دەوترێت بەدر شاکر سەیاب قەسیدەی (انشوده المطر)ی لە ژێر کاریگەری (وێرانە خاک)ی تی.سین. ئەلیوتدا نووسیوە.

## هەژدەیەم: هێمای باڵندە

باڵندە، نەک هەر بەشێکی گرنگە لە سرووشتدا، بەڵکوو بەشی چالاک و زیندووە و بزوێنەری سرووشتیشە، کە سەرباری شێوە، دەنگ و ئاواز و ڕۆڵیان لە ژیانی مرۆڤدا، ڕۆڵیشی کاریگەرە لە دابینکردنی ئاسوودەیی و بەخشینی حەسانەوە بە بیر و دەروونی مرۆڤ. (بیروباوەڕی زۆر لە گەلە سەرەتاییەکان وا بووە، کە باڵندەکان گیانی مرۆڤەکان بۆ جیهانی مردووەکان دەگوازنەوە، لە ئەفسانەدا باڵندە بووەتە هێمای ڕۆح، فڕینی باڵندە هێمایە بۆ بەرزی و باڵایی و نیشتنەوەشیان لەسەر زەوی تێکشکان و نائومێدی دەنوێنێت. باڵندە ئیلهامبەخشی شاعیرانە و پانتاییەکی فراوانیان لە بەرهەمەکانیاندا بۆ تەرخان کردووە، ئیتر پۆزەتیڤ بێت یان نێگەتیڤ بەپێی تایبەتمەندییە گشتی و تایبەتییەکانیان) (سابیر ٢٠١٠: ٥٧).

بە گشتیی باڵندە، ((هێمای ئاوات و ئازادیی و ئاسمان و هەور و سرووش(ئیلهام) و با و پێشبینیی و پەیک و پیتوفەڕ و دۆنادۆن و ڕۆح و نەمری و خۆر و زات و خوا و ڕۆحی ژیان و ڕۆحی کەش و خێرایی و هەڵمەت و منداڵ و هەواڵی خۆشە. وتیاری نهێنی خوایان، پارێزەری درەختی زانین و درەختی ژیانە، لای هەندێ لە میللەتان وێنای ڕۆحە لە بەهەشتدا، هێمای باران و هەورەبڵاچە و هەورەتریشقەیە، ئوسترالییەکان پێیان وایە کە خواکان سەرەتا باڵندە بوون. لای سۆمەرییانیش مردووان بەو بیچمە دەژێن)) (جابز ١٣٩٧: ٢٨).

پێوەندی نێوان مرۆڤ و باڵندەکان، پێوەندییەکی مێژینە و دوانەهاتووە، وەک وترا ڕەنگ و دەنگ و شێوە و دەلالەتی باڵندەکان هەمیشە جێسەرنجی مرۆڤ بوون، مرۆڤ باڵی باڵندەکانی خواستووە بۆ فڕینی خەیاڵەکانی خۆی و ئازادی تێدا بینیوەتەوە، باڵندەی وەک نزیکترین و تاکبوونەوەر بینیوە لە ئاسماندا. لە ئاینەکان و چیرۆک و ئەفسانە کۆنەکان و کولتووری گەلان و درووشم و نزیکەی

زۆربەی بوارەکانی تر، باڵندەکان ئامادەگیی تایبەتی و فراوانیان هەبووە، باڵندە داڵدەدەر و ڕزگارکەر و پەیکبەری خێرا بووە بۆ مرۆڤ. هەڵبەت ئەدەبییاتیش وەک کۆی ئەو بوارانە بەدەر نەبووە لەلالێکردنەوە لە باڵندەکان وەک تیما و هێمای شیعر. هەر باڵندەو هێما و دەلالەتی تایبەتی دراوەتە پاڵ، ئەمەش زیاتر لە ڕێگەی تایبەتمەندی و ڕەنگەکانیانەوە بووە. شاعیران بەرچاوتر و بەدیقەتتر باڵندەیان هێناوەتە نێو فەزای شیعرەوە، بەکاربردنی چ وەک ئەو هێمایانەی وا باو بوون، یانیش هێمای نوێتریان بۆ بار کردوون، بەکاربردنەکەش پەیوەستە بەو نزیکایەتییەی لە هەست و نەستی شاعیردا هەیە.

یاوەکو شاعیران زۆرێک لە ئەرک و مەهامەکانی خۆیانیان وەک ئەرکی باڵندە بینیوە، وەک لای شێرکۆ بێکەس ئەمە زۆر دەبینرێت و پانتاییەکی گەورەی هەیە، شێرکۆ تەنانەت بایەخدانی بە باڵندە هەر لە ناوەڕۆکی دەقەکانیدا ڕەنگی نەداوەتەوە، بەڵکوو کردووشنی بە ناونیشانی چەند بەرهەمێکی دیاری، بۆ نموونە (داستانی هەڵۆی سوور، دەربەندی پەپوولە، خۆم ئەو وەختەی باڵندەم، کوکوختییە بزێوەکە و... هتد)، هەڵبەت لە زۆرێکیش لە ناونیشانی شیعرەکان بەسەربەخۆیی لە نێو کۆی بەرهەمەکانیشدا، بەرچاو دەکەون.

هێمای باڵندەکان وەک هێماکانی تر گەلێک زۆرن لە دەقە والاکانیدا، بەڵام ئێمە لێرەدا هێمای چەند باڵندەیەک بەرباس دەدەین و وەک وتمان شێرکۆ بێکەس سیفات و تایبەتمەندی و ڕەنگ و شێوەیان بە مەبەست دەهێنێتەوە، وەک دەڵێت:

***من ڕوانینم لەسەر ماهی[٣٩] و لە قڵیشە بەردا چاند و***

***لە دواییدا بووم بە ڕێگەی تەلیسماوی و داستانی "با".***

***من عەشقی خۆم کرد بە تەم و مژی گومان.***

***لە دواییدا بووم بە پرسیار، بووم بە خولیای دارکونکەرەی***

***گەردوون و خوا*** (خاچ و مار و ڕۆژژمێری شاعیرێ: ١٢)

باڵندەی (دارکونکەرە) هێمای کۆششی بەردەوام و نەسرەوتن و دۆزینەوە و کۆڵنەدانە، دارکونکەرە (لای هندییە سوورەکان نیشانەی هەورەبلاچە و گرمە و بارانە، لە سرووتی ئاریس/مارس (خواوەندی جەنگ) و زیۆس/ ژۆپیتێر(خواوەندی ئاسمان) پیرۆز بووە، لای برایانی (ڕۆمولوس و ڕۆموس)ی بنیاتنەرانی ڕۆم دابینکەری خۆراکە، نیشانەی هێزیشە) (راونا و شفرد ١٣٨٩: ٢١٠).

---

٣٩ شاخی بەرز و سەخت.

لێرەدا شاعیر خولیا و ئارەزووەکانی خۆی وەک خولیا و گەڕانی بەردەوامی دارکونکەرە دەبینێت، بە دوای پرسیارەکانی چییەتی و گەردوون و خوداوەیە، ڕوانینەکانی خۆی لە سەر دوندی شاخ و قڵیشە و درزی بەرددا چاندووە، عەشقی خۆی لە نێو غوباری گوماندا حەشارداوە. ئەمانەشی لە ڕێگەی باڵندەی دارکونکەرەوە هێناوەتەوە و ڕەوایەتی بە کاری دارکونکەرە داوە و خۆی پێچواندووە و کارەکانی خۆی وەک هیی ئەو دەبینێت.

هەر لەم ڕووەوە و لە هێمای باڵندەدا، (پەڕەسێلکە) دەهێنێتەوە و دەڵێت:

***کە دایکە باریکەلەکەم کراسی ڕەشی ئەپۆشی و***

***سەرپۆشی سپی و بێگەردی ئەکردە مل***

***چمکێکی بەر ئەدایەوە هەتا سەرسنگ***

***ئیتر یەکسەر ئەبوو بە پەڕەسێلکەی هەیوان و حەوشە و***

***تا ئێوارە بە دەوری سەری گەڕەکدا دەوری ئەکرد!*** (تەون: ٣٦)

بە گشتی پەڕەسێلکە، پلیسیرک: لە ڕۆمی دێرین و چین و ژاپۆن پەڕەسێلکە پەیکی نامەهێنە، پەیکی بەهار. لە ئەورووپای ئێستادا ئەم ڕامانە هەر ماوەتەوە. کاتێک دێنە بن گوێسەوانەی خانوو، ڕۆمیان ئەمەیان بە هێمای خێزان زانیوە. کاتێک بەهاران دێن خۆشی دێنن. کاتێک پاییزان دەچن، دەبن بە سەدەفی ڕەش. لە ڕامانی کۆنی میسریشدا پیرۆز بووە. مردووان ئاواتیان بوو ببن بە پەڕەسێلکە (راونا و شفرد ١٣٨٩: ٢١٠).

بە نزیکەی هەموو ئەو هێمایانە لای شێرکۆ بێکەس هاتوونەتەوە لە باسی پەڕەسێلکەدا، وەک پیرۆزی دایک و دایک وەک کۆڵەکەی خیزان و چاودێری و پەروەردەکەر و خەمهەڵگر و نەهامەتیچێژ لە پێناو منداڵەکانیاندایە.

لە پارچە شیعرێکی دیکەدا، شاعیر لە وەسفی (کۆشکی بەغداد)ی سەردەمی حیزبی بەعسی شۆڤێنیدا، ئەم کۆشکە پێشی دەوترا (قصر النهاية)، لە فۆرمی سەرسووڕماندا ناوێکی زۆر ڕیز دەکات، کە چوونە ئەو کۆشکەوە و نەهاتنەوە، لە لەپاڵ زۆرێک لەو ناوانەدا، باڵندەگەلێک ئامادەیی هەیە و لەپشتیانەوە هێماگەلێک خۆیان دەبیننیەوە، لەو باڵندانەش (پەڕەسێلکە و کڵاوکوڕە و پەپووسلێمانکە و تاوس و شینەشاهۆ و تاقتاقکەرە)، کە هەریەکەیان لە سیاقی خۆیاندا دەلالەت لە باسێک دەکەن و تیایدا دەڵێت:

***ئەم کۆشکە دایەنی زۆڵێکی مێژووە!***

***چەند هەوری سکپڕیان گرت و بردیاننە ناو ئەم کۆشکەوە و نەهاتنەوە!***

***چەند شنەبای گەنجیان گرت و بردیاننە ناو ئەم کۆشکەوە و نەهاتنەوە! ...***

***چەند دارتەلی کرێکار و چەند منارەی ڕیشدرێژ و چەند کڵاوکوڕەی قازییان گرت و بردیاننە ناو ئەم کۆشکەوە و نەهاتنەوە!***

***چەند پەپووسلێمانکەی ئاخوون و چەند ئەستێرەی ئاشوربانیپاڵ و***

***چەند هیلالی تورکمان و چەند تاوسی یەزیدییان و چەند شینەشاهۆی سەرخۆش و***

***چەند تاقتاقەکەرەی زۆربلێ و چەند پڵنگی شۆڕشگێڕ ... بردیاننە ناو ئەم کۆشکەوە و نەهاتنەوە!***
(خاچ و مار و ڕۆژژمێری شاعیرێ: ١٤١)

لێرەدا شاعیر باڵندەی (کڵاوکوڕە-فشەکڵاونە- پشەکڵاونە)ی لەگەڵ (قازی)دا هێناوەتەوە، کە هێمای (بێگوناهی)یە، شاعیر ئاماژە بەوە دەکات کە مرۆگەلێکی بێگوناهی زۆر لەو کۆشکەی حیزبی بەعسدا سەرنگووم کراون. هەروەها لەگەڵ ئاخووندا (پەپووسلێمانکە) دەهێنێتەوە، بەو هۆیەی هێمایەکی دیاری نێو شیعر و شانامەکانی ئەدەبیاتی کلاسیکی فارسییە و باڵندەیەکی پیرۆزە و لە قورئانی پیرۆزدا ناوی هاتووە، هێمای فەڕ و چاکە و ژیرییە. لەگەڵ ناوی (ئێزیدی)یشدا، باڵندەی (تاوس) هاتووە، کە بەپێی بیروڕای ئاینی یەزیدی، ئەم باڵندەیە (مەلەکتاوس) لە تیشکی خواوە پەیدا بووە، هەر ئەوەشە وای کردووە کە هێمایە بۆ خۆر و ڕووناکی و جوانی و ئەزەلێتی و ڕەسەنێتی لای یەزیدییەکان. هاوکات باڵندەی (شینەشاهۆ)ی هێناوەتەوە، کە هێمای پاکێتی و سەربەخۆبوونیەتی لەسرووشتدا، بەوەی کە دەستی مرۆڤی پێنەگەیشتووە، تەنانەت ئەویش لەو کۆشکی غەدرەدا کوژراوە. لە کۆتاییشدا باڵندەی (تاقتاقکەرە) دەبینرێت، تایبەتمەندی زۆربلێی دەداتە پاڵ و بەو ئاماژەیەی کە لەشەواندا دەخوێنێت، هێمای بێزارییە کە بەردەوام ئەو دەنگە دەردەبڕێت.

لە شیعرێکی دیکەدا هێمای باڵندەی (هەڵۆ) دەهێنێتەوە، کە لای شاعیر هەمیشە ئامادەیی هەیە، بەگشتی (هەڵۆ) هێمای بەهێزی و ئازادی و نەمری دەدات. لێرەدا (هەڵۆی سوور) ئاماژە پێدەدات، کە هێمایە بۆ ڕێکخراوی (هەڵۆی سوور) ئەو دەستە پێشمەرگە بوون کە زۆربەیان کوردی فەیلی بوون، لەناو دڵی ڕژێمی بەعس و لە لوتکەی بەهێزی بەعسدا لە بەغدا، گورزی کوشندەیان لە بەعس وەشاند. لەگەڵ هەڵگیرسانی شۆڕشی نوێی گەلی کوردستان، لەساڵی (١٩٧٦)دا کۆمەڵێک گەنجی خوێن گەرم و تێکۆشەری کورد لەشاری بەغدای پایتەختی عیراق ئەم ڕێکخراوەیان (هەڵۆی سور)یان دامەزراند، کە شەهید ملازم (جوامێر سایەمیر فتح الله مەندەلاوی) سەرپەرشتی ئەو ڕێکخراوەی دەکرد و لە باسیاندا دەڵێت:

***یەکەمین چرای خوێنیان هەڵکرد..***

***یەکەمین سێدارەیان خستە گریان و***

***لە «قەندیل»ی بەستەڵەک و دیرۆکی سەهۆڵبەنداندا***

***ڕسکان و بوون بەیەکەم***

***ئەستێرەی ناو بەفر و***

***یەکەم تروسکەی شۆڕشی نوێ.***

***بوون بەیەکەم چەخماخەی دەستڕێژی***

***ئەو هەڵۆ سورانەی لە پایەختی ئەژدیهادا***

***بۆ یەکەم جار مێردەزمەی ترسی بەعسیانیان***

***کوشت و بۆ یەکەم جار***

***گوڵی خوێنی خۆیان دا لە بەرۆکی شارەکانی***

***سلێمانی و کەرکووک و هەولێر و***

***زنەی هیوایان لە گیانی وشک بووی***

***ئەم خەڵکەدا هەڵقوڵانەوە و***

***بوون بە قیبلەنما.*** (چراکانی سەر هەڵەمووت: ٥٢).

## نۆزدەیەم: هێمای گیاندارانی دی

پەیوەندی گیانداران لەگەڵ مرۆڤدا و ئامادەیی گیانداران لە نێو کۆی ژانرەکانی ئەدەبدا بەتایبەتی شیعر و چیرۆک و ڕۆمان، ڕیشەیەکی دیرۆکی و کاریگەری هەیە. گیانداران بوونەتە ناونیشانی گەلێک بەرهەمی ئەدەبی دیار، ئەم ڕیشەیەش بە زۆری وەک هێما خۆی نواندووە، نووسەران بە ئەنقەست گیانداران و ئاژەڵان بەکار دەبەن. لە ڕێگەیەوە تێما و بیرۆکەکانیان پیشان ئەدەن، ڕێگەیەکی ئاوەڵاشە بۆ تێگەیشتنی خوێنەر، هەڵبەت کردنەوەی کود و هێماکانی گیانداران پەیوەستە بە کولتووری تایبەتی میللەتانەوە، بۆیە کۆنتێکستی شوێن و کات کۆمەکی کردنەوەی هێمای گیانداران دەکات لەلایەن خوێنەرەوە.

لای شێرکۆ بێکەسیش وەک مرۆڤێک و وەک هەر شاعیرێکی کورد و دنیا، گیانداران لە نێو دەقەکانیدا بەردەوام بوونیان هەبووە و جێی بایەخی بووە، تا ئەوەی چەند بەرهەمێکیشی ناوی گیاندارانی تێدایە، وەک (ئاسک، خاچ و مار و ڕۆژژمێری شاعیرێ، ئەسپێک لە پەڕەی گوڵاڵە).

لە دەقی والای ملوانکەدا، ئاسک ئەهێنێتەوە و دەنووسێت:

***بەیانیان، ئاسکەکان کە ئەچنە سەر ئاوی خەواڵوو ئەترسن نەبادا لە پەنابەردێکدا، تاپڕێ لە توخمی نێرینەی لوولە ڕەش، لەوێ بێ لە پڕێ ئاگرێ هەڵبکا و پریشێ بگرێتە جەستەیان!***

***ئێواران ئاسکەکان، کە ئەچنە ناو مێرگی خەونەوە ئەترسن، نەبادا، چەقەڵێ لە جۆری پیاوان وڵاتی ئافرەتکوژ لەوێ بێ و بە خەون و مێرگەوە بیانخوات.***

***ئاسکەکان بڕوایان بە دەشتێ نەماوە پەلکەگیای لەشی خۆی هەڵکێشێ و کانیی خۆی لیخن کات.***

***ئاسکەکان، ئەترسن، دڕدۆنگن. ئاسکەکان بڕوایان بەو لوتکەی شاخانەیش نەماوە گابەردیان، تلاوتل ئەبەن و تا بیدەن بە سەری نزار و گردۆلکەی بناری خۆیاندا!***

***ئاسکەکان شەوانە هەر نانوون، ئەترسن نەبادا نێرینەی سەر خێڵی بێشەکان، لەناکاو، خۆی بکا بە لانە و کەوێڵدا دوور دوور بیانبات. ئاسکەکان، بێکەسن.***

***زۆر تەنیا و غەمگین، نە ماڵی خواوەند و نە ماڵی قانوون و نە ماڵی حزبەکان، هیچ کامیان نە داڵدەی حەرام و گوناهی جەستەیان ئەدەن و نە داڵدەی هاواریان!*** (ملوانکە: ٧٦)

بە گشتی (ئاسک لە ئەدەبیاتدا، هێمایە بۆ بەئامانج گرتن و ڕاوکرن) (Ferber١٩٩٩: ٥٦ ). لای میسرییە کۆنەکان ئاژەڵێکی پیرۆز بووە، خەڵکی میسر هەڵسانی ئاوی نیلیان بە ڕاکردنی ڕەوەئاسک بە لاکەشی ئەم ئاوەدا زانیوە. لای عیبریان هێمای پاکیزەیی و جوانی و شەرمۆکی و لای سامییان خوای جەنگ بە سەرێکی شێوەئاسک وێنا کێشراوە (جابز ١٣٩٧: ٢١-٢٢). هەروەها (لە ئەفسانەی هندیدا خێرا و جوان و ئارام و هاوکات بەستەزمانە، چینییەکان پێیان وایە ئاسک تەمەن زۆر دەکات. بۆیە بە هێمای تەمەندرێژیی ناوبردە دەکرێ. لای ژاپۆنییەکان هێمای خوای چیایە. لە ئەمریکای لاتین هێنەری خۆراک و جل و پێویستییەکانی ترە) (راونا و شفرد ١٣٨٩: ١٨٩).

لای شێرکۆ بێکەس و لەم پارچە شیعرەدا (ئاسکەکان) هێمان بۆ ژنان و ئافرەتانی ئەم وڵاتە، شاعیر زۆر هونەرییانە لە ڕێگەی هێمای ئاسکەوە، بارودۆخ و ژیانی پڕ ترس و لیخن و دڕدۆنگی و چەرمەسەری ئافرەتانی ئەم وڵاتی ژنکوژە، وێنا دەکات. ترسێک بە درێژایی ڕۆژ بەیانی تا ئێوارە، لە خەیاڵی ئاسکەکانی ئەم میلەتەدایە، پیاوانی خوا و قانوون و حیزب نەک داڵدەیان نادەن، بەڵکوو بەردەوام لە ڕێی ئەحکام و پێڕەوەکانیانەوە قەرەوڵیان لێ گرتوون.

هێمایەکی دیکەی گیانداران، کە شێرکۆ بێکەسی شاعیر بەرباسی داوە، گورگە و بە تایبەتی لە مەبەستێکی سیاسیدا کە (گورگەبۆرەکان)ن، دەیهێنێتەوە و دەڵێت:

***ئێوە ئەتوانن ئازارمان لە پێکەنینی خۆتاندا بتوێننەوە!***

***ئەتوانن و ئەتوانن و ئەوتوانن و...***

***بەڵام ئەوەی لە خەونی گورگەبۆرەکەی یەکەمەوە، نەهاتە دی و نایشیەتە دی***

***ئەوەی هەرگیز پێتان ناکرێ: سڕینەوەی ئازادییە لە ڕۆحماندا.***

***کوشتنی عەشقی ئەبەدیی داروبەردە لە دڵماندا و***

***ڕاماڵینی خۆشەویستیی ئەم گەلەیە لە ناخماندا و***

***ئەوەی هەرگیز بۆتان ناکرێ: گواستنەوەی "قەندیل"ەکانە و***

***شاردنەوەی باڵای شەهیدە و***

***کوژاندنەوەی ئایندەیە لە چاوی یەکبەیەکماندا.*** (تەون: ٥١)

شێرکۆ بێکەس لێرەدا لە ڕێگەی هێمای (گورگەبۆرەکان)ەوە ئاماژە بە دەسەڵات و حوکومەتی تورکیا دەکات، شاعیر لە ڕێگەی هێمای ئەو گیاندارەوە ڕوو دەکاتە دەسەڵاتدارانی تورکیا و دەڵێت: ئێوە ئەتوانن ئازارمان لە پێکەنینی خۆتاندا نوقم بکەن و بتوێننەوە، بەڵام ئەوەی هەرگیز لە خەونی گورگەبۆری یەکەمەوە، نەهاتە دی و ناشیەتە دی، کوژاندنەوەی مەشخەڵی ئازادی و خۆشەویستی و کوشتنی داروبەردی ئەم وڵاتەیە لە دڵ و ڕۆح و ناخی ئێمەی کورددا. ئەوەشی نابێت خەونیشی پێوە ببینن، گواستنەوەی ئەو هەموو (قەندیل)ەیە. گەر دڵتان بە شەهیدکردنی ڕۆڵەکانمان خۆشە و لە خاکدا دەنێژرێن، هەڵەن یەکبەیەکی ئەو شەهیدانە لە چاوی ئێستا و ئایندەی هەر کوردێکدایە و بۆ هەمیشە زیندوون.

هەر لەم بارەیەوە، کە هێمای گیاندارانە، (کەروێشک و ئاسک) وەک دوو هێمای دیار دەهێنێتەوە و دەنووسێت:

***خەو نەبوون، هەرگیز خەو نەبوون...***

***ئەی بە چاوی خۆت نەتبینی***

***گوڵەکان چۆن لە ترساندا ڕایان ئەکرد...***

***بنچکەکان هەڵ ئەهاتن...***

***ئەی بە چاوی خۆت نەتبینی***

*کەروێشک خۆی ئەکرد بە پەیکەر!*

*هەتاو خۆی ئەکرد بە سێبەر!*

*ئەی بە گوێی خۆت گوێت لی نەبوو*

*لەو ئێوارە بەسامەدا*

*سەگەکەمان کەوتە قسە و*

*بەڵام مەرد بوو*

*وتی چی ئەکەن با بیکەن*

***بەڵام من نابم بە بەعسی*** (گۆڕستانی چراکان: ١٠٨)

(کەروێشک) هەمیشە هێمایە بۆ خۆشگوزەرانی و زۆری و بەختێکی باش و بەپیتی، بە پێچەوانەی زۆرێک لە ئاژەڵەکانی ترەوە، کە لەکولتووورە جیاوازەکاندا واتای جیاوازیان هەیە، لە ئەمریکا کەروێشک هێمای زیرەکی و دڵسۆزی و خۆچاککردن و خۆگونجاندن و خۆشبەختبوونە( Carter ،٢٠٢١ Rabbitcaretips )

لێرەدا (کەروێشک) کە دەبێتە پەیکەر، لەپاڵ ڕاکردنی گوڵ و بەسێبەربوونی هەتاو لە حەژمەتی ئەم کارەسات و ماڵوێرانی و ڕاگوێزان و گەورەیی قەبارەی قوربانییەکانی ئەنفال، هەموو خۆشییەکان لە ڕێگەی هێمای (کەروێشک)ەوە وشک دەبن و دەگۆڕێن بۆ ناخۆشی، وەک پەیکەرێکی ساردوسڕیان لێ دێت. هاوکات هێمای ئەو خۆگونجاندن و خۆگۆڕینەشی تێدایە، کە لە ژینگە و کاتە جیاوازەکاندا ڕوو دەدەن، بە هەردوو باری باش و خراپدا.

هەر لەوپارچە شیعرەدا ئاژەڵی (سەگ) دەبینرێت، کە هێمای وەفا و دڵسۆزی و لەبیرنەکردن و جێنەهێشتن و وابەستەبوونی خاوەنەکەیەتی گەر لە سەرەمەرگ و لە دوای مردنیشی بێت. شاعیر وەک ڕەخنەیەک لە جاش و موستەشارە کوردییەکان، کە هێندەی سەگێک وەفایان بۆ نەتەوە و خاک و گوندەکەیان نەبووە، سیفەتی مەردبوون و قسەکردن و ئاگادارکردنەوە لەو بارودۆخە ناهەموارە (سەگ وەک هێمای ئاگادارکردنەوە لە بوونی ترس و خراپەکار(COLLINS ١٩١٣ : ٢٦)) دەداتە پاڵ سەگ و دەڵێت چی دەکەن با بیکەن و با کولانەکەشیم تێکدەن و نانی چەوریشم نەدەنێ، بەڵام هەرگیز نابم بەعسی.

لە دوو پارچەشیعری دیکەدا شێرکۆ بێکەس باڵندەی (سەمەندەر) دەهێنێتەوە و دەڵێت:

*هەڵبەجەیە و "سەمەندەر"ە و*

***دیسانەوە لە خۆڵەمێشی خۆیەوە دێتە دەرێ و***

***باڵ ئەگرێت و ئەفڕێتەوە***

***"خۆم و شیعرەکانی خۆیشم هەروا!"***

***ئەوا ئیستەیش: لەگەڵ پێنج هەزار دەریاچە و***

***لەگەڵ پێنج هەزار چلچرا و***

***پێنج هەزار پیانۆ و کەمانچەی ناو دنیادا نزیک و دوور***

***هەڵەبجەمان لە پێشەوە و "عومەری خاوەر"***

***بە سواری ئەسپێکی سوور لە غاردایە و***

***ساواکەیشی وەکوو مانگێکی بچکۆلە لە باوەشیا و***

***هەر هەموویشمان بەیەکەوە هاتووینەوە***

***بۆ لای چاوەکانی "زەڵم" و***

***بۆ ناو باوەشی "شارەزوور"!*** (تەون: ٥٦)

لێرەدا هەڵەبجە و خۆی و شیعرەکانیشی بە (سەمەندەر) چواندووە، کە لە خۆڵەمێشی خۆیدا زیندوو دەبێتەوە و هێمای نەمری و نەسووتان و زیندووبوونەوەیە، (سەمەندەر، دەچێتە نێو ئاگر و بەهۆی گوڕ و گەرمیی و تینی گەرمای بەشی خوارەوەی جەستەیەوە گڕی ئاگرەکە دادەمرکێنێت، ئەم باڵندەیە بەرگەی گوڕی گەرما زۆر دەگرێت، پارێزەر لە ئاگر و ئاگرخۆر) (جابز ١٣٩٧: ٤٨)، یۆنانییەکان پێیان وابوو سەمەندەر ملەجەڕە لەگەڵ ئاگردا دەکات، لە کورەی ئاگر وەجاخ و زارکی بورکاندا دەژێت، ڕاستییەکەی ئەو ئاگر هەڵدەلووشێ و تەنانەت دەتوانێ هەر بە ڕۆشتن بەسەر ئاگریشدا، بیکوژێنێتەوە. سەمەندەر بە ڕۆحی سەرەتایی ئاگر ناوبردە دەکرێت (راونا و شفرد ١٣٨٩: ٢٣٥).

شێرکۆ لێرەدا بە چواندنی هەڵەبجە و قوربانییەکانی بە سەمەندەر، دەڵێت: ئاگری بڵێسەداری کیمیاباران ناتوانێت پێنج هەزار قوربانی و عومەری خاوەر و ساواکەی باوەشی بسووتێنێت و ئەمان لە گڕ بەهێزترن، گەر پێشووتر ئینسانی ئاسایی بن، دەمێننەوە و دۆناودۆن دەکەن و دەبنە پێنج هەزار دەریاچە و پێنج هەزار چلچرا و پێنج هەزار پیانۆ و کەمانچە و منداڵەکەش وەک مانگ لە باوەشی باوکی و باوەشی دڵی ئێمە و شیعرەکانماندایە و نامرن.

له شیعرێکی تردا (مەولانا خالیدی نەقشبەندی)ی بە (سەمەندەر) دەچوێنێت و وەک عاشقێکی ناو ئاگر چون (سەمەندەر)ێک دەبینێت و بەردەوام بە ژێی گڕ تاری ئەوین دەژەنێت و دەڵێت:

***مەولانەی سەمەندەر***

***ئەو قورەی لە مشکیی لەشی خۆی***

***بەردەوام ئەیشێلێ***

***هەموو ڕۆژ ئەیکاتە گوڵدانێ***

***بۆ گوڵی عەشقی خوا و***

***لە تاقی پرشنگی ژوورسەردا دای ئەنێ.***

...

***عاشقێ خرایە ئاگرەوە***

***بەڵام تا***

***گیانی پاک گەیشتە ئاسمان و دڵی خوا***

***ئەو بە ژێی بڵێسە بەردەوام***

***هەر «تار»ی ئەوینی لێئەدا...!*** (دەربەندی پەپوولە: ٢٥)

## بیستەم: هێمای بێگیانەکان (شتەکان)

هێما لە کاری ئەدەبیدا سنووردار نییە، هێماکان لە هەموو سووچێکی ژیانی ڕۆژانەماندا هەن، مرۆڤ هێمای بۆ زۆرێک لە شتەکانی دەورووبەری داناوە، شتەکانی دەورووبەرمان لە شیعردا و لە ڕێگەی هێماوە دێنە جووڵە بەکەس دەکرێن و لە واتای باوی خۆیان تێدەپەڕێنن و ڕاڤەکردنیشیان لەلایەن خوێنەرەوە چێژ دەبەخشێت و بۆ تێگەیشتن لە بنیاتی دەقەکە کەڵکی لێ وەردەگیرێت. شێرکۆ بێکەسیش وەک مرۆڤێک و شاعیرێکی بە سەرنج و بە تەفرنجە (زمانی دڵ و کامێرای چاو و بیرکردنەوەی مێشک و مەعریفەی ئەقڵی، یەک میکانیزم و دینەمۆ هەڵی سووڕاندوە، ئەویش بیری کوردایەتیی بووە، زەمینەی ئەم هزر و جیهانبینییە، ماکی لەدایکبوون و ڕسکانی بەشی هەرە زۆری بەرهەم و شاکارەکانی شێرکۆ بێکەسە. بەهرە و سەلیقەی شاعیرانەی مەزن بوو، چاوی کامێرای زیت بوو. ورد ورد سەرنجی لە شتەکان و ڕووداو و پێشهاتەکان دەگرت و تێیان ڕادەما) (بەرزنجەیی ٢٠١٤: ٢١).

وەک لەم نموونەیەدا، شاعیر کامیرا دەهێنێتەوە، کە هێمای مۆمیاکردنی یادگەی ڕابردووە، گەڕێنەرەوەی نۆستالۆجیایە، شاعیر لەم پارچەشیعرەی خوارەوەدا بە ئیلهاموەرگرتن لە ڕۆڵی کامیرا لە گرتنی وێنەی تراجیدیا و جینیۆسایدی کورددا و ناساندنی ئازارەکانی بە دنیا، لە گرنگی و بایەخی کامێرا ئەدوێت و دەنووسێت:

***کامێرا... کامێرا... کامێرا.***

***گەر چاوی هاودەمی کامێرا نەبووایە، کێ بەژنی باران و غوربەتی ئەم کۆچەی ئەبینیم؟!***

***گەر چاوی ئێشکچی کامێرا نەبووایە، کێ ڕەنگی پەڕیوی ئێوارەی ئەم کۆستەی ئەبینیم؟!***

***گەر زار و گەر گەرووی کامێرا نەبووایە، کێ ناڵەی ئەشکەوت و کێ دەنگی داربەڕوو کێ نووزەی پەلکەگیای ئەبیستم؟!***

***گەر دەستی تەلیسمی کامێرا نەبووایە، ئازادیم بەو هەموو خوێنەوە چۆن ئەچووە ماڵانی دنیاوە؟! گەر پەنجەی ڕووناکی کامێرا نەبووایە، ئەم کۆچە چۆن ئەبوو بەم مانگە و***

***ئەم خاچە چۆن ئەبوو بەم پردە؟!*** (خاچ و مار و ڕۆژمێری شاعیرێ: ٢٤٥)

لە هێمایەکی گرنگی دیکەدا، کە هێمای (کورسی)یە دەنووسێت:

***مەرحەبا... گیانە... مەرحەبا!***

***من ناوم کورسییە کەس نەیزانێ من ئەیزانم***

***ئەم هەموو چەقۆی غەدرانە***

***ئەم هەموو جۆگەی خوێنانە***

***ئەم هەموو ماسکی دزییانە***

***ئەم هەموو ڕەژووی ڕقانە***

***لەسەر منە!***

***لەسەر دانیشتنی سەر من ئەکرێن!***

***بەڵام ناڵێن کەسیان ناڵێن لەسەر منە! هەموو ئەڵێن لەبەر چاو و باڵای جوانی ئازادییە!***

***لەسەر شیری ساوایانە***

***لەبەر ئاوە... لەسەر نانە***

***لەسەر گوڵە و... لەبەر هێلانەی چۆلەکە و***

*لەسەر شاڵاوی ناوەختی گەڵەگورکی دەوروبەرە...*

*بەڵام ناڵێن کەسیان ناڵێن*

*لەسەر منە و*

*لەبەر منە!* (ئێستا کچێک نیشتمانمە: ٤٨)

(کورسی) هێمای هێز و دەسەڵات و پاوانخوازییە. لە ڕۆژهەڵاتدا (کورسی) هەمیشە هێمایەکی نەرێنی لە ناخودئاگای مرۆدا هەیە، هێمای داگیرکردن و چوونە سەر دەسەڵاتە بەزۆر و جێنەهێشتن و مانەوەیەتی بۆ پشتاوپشت و نەوە دوای نەوەی کورسیویستان و کورسیخوازان، شێرکۆ بێکەسیش لێرەدا بە هەمان هێمای نەرێنی مەزراندوویەتی، کە کۆی شەڕ و کوشتار و ئاژاوەکان، کۆی ئەم چەقۆی غەدر و جۆگەی خوێن و دزیی و ڕقانە کە هەن، لە پێناو کورسیدایە.

یەکێکی تر لەو هێمای شتانە کە زەمەنێکی درێژ لەگەڵ شێرکۆ بێکەسدا هاوڕێ بووە، (جگەرە)یە. باوترین هێمای جگەرەش خەمە، کە شاعیر لەم پارچەشیعرەیدا پاساوێکی وجوودی و شیعری و مرۆڤانە و ڕەخنەی سیاسیانەی بۆ کێشانی سێ پاکەت جگەرەی لە ڕۆژێکدا هێناوەتەوە و دەڵێت:

*سنگم ڕۆژانە سێ پاکەت هەڵئەمژێ*

*دە جگەرەیان بۆ خەمی تەنیاییەکەی ژووری خۆمە و*

*دە جگەرەی تریان لەبەر ئەو شیعرانەن خۆیان نادەن بەدەستەوە و*

*دەکەی تریان لەبەر بیرکردنی دایکمە و*

*دەی تریشیان لە داخی درۆی ڕۆژانەی حکومەتە و!*

*یەک پاکەتی تەواویشیان لە داخی گیرۆدەبوونی مامزەکەی شاری کەرکووکە!* (تەون: ٧٧)

## بیست و یەکەم: هێمای شوێن

شوێنەکان پەیوەندییەکی گرێدراوی قووڵیان بە مرۆڤەوە هەیە، شاعیریش وەک مرۆڤ بەدەر نەبووە لە لاکردنەوە لە شوێن، شوێن نزیکەی هەموو کات شوێنی یۆتۆپی و ڕازێنراوە، شانۆی ڕووداوەکانە، لە یادەوەری شاعیردا بایەخپێدراو و بوونەتە چەقی کارکردن و بەرباسدان، یادەورییە تاڵ و شیرینەکانی شاعیر بەشێکیان پەیوەستن بە شوێنەوە.

له ئەدەبییاتی گێڕانەوەشدا جۆر و هێما و ڕەهەند و ئاستەکانی شوێن جێی گرنگیپێدانن و له ڕێگەیانەوە ئاسۆی کارکردنی ڕەخنەگران و توێژەران و ڕوونتر دەکاتەوە. (شوێن له منداڵدانی دایکەوە دەست پێ دەکات و بە کوچەکانی منداڵیدا تێدەپەڕێت و گەورە دەبێت و دەبێتە زادگا و دواتریش نیشتیمان و سەرزەمینی مرۆڤایەتی و گەردوون، له کۆتایشدا گۆڕ که زۆرێک له شاعیران پێش مردنیان وەسیەت دەکەن له کوێدا بنێژرێن) (ابوالعمرین ٢٠١٤: ١)، وەک لای شێرکۆ بێکەس بینیمان و لەو بارەیەوە وەسێتێکی نووسی و دواشوێن و دوامەنزڵگەی خۆی دیاری کرد.

له پارچە شیعرێکدا شاعیر لەم ڕووەوە دەڵێت:

***من هاووڵاتی "خەم لاند"م***

***خەم لاند له "کیشوەری زوڵم"دایە و***

***ئەکەوێتە باشووری خۆرئاوای "هەژاری"یەوە***

***پایتەختەکەی ناوی "تەمتوومان"ەو***

***له چوارلاوە ڕەشەبا دەوری داوە.*** (ئێستا کچێک نیشتیمانمە: ٢٣٥)

بێ کردنەوەی هێما شوێنییەکان ناتوانین بەر جەستە ناسکەکەی ئەم دەقە بکەوین، شێرکۆ بێکەس وەک جوگرافیناسێک زادگای خۆی و هاونەتەوەکانی لەم پارچەیەدا دیاری دەکات، نەخشەی جوگرافیایەکی پڕ له خەم و زوڵم و و هەژاری و باگژە، دەکێشێت. سەرزەمینێکی لێڵ و تەماویی و تژی له شەڕوشۆڕی بەردەوام بەرباس دەدات، که قەدەرێکی سەپێنراوە بەسەر هەمووماندا.

(خەملاند)، هێمای کوردستانە و تیایدا کوردی بە خەم چواندووە و پاشگری (land)یشی لەبری (ستان) داناوە، که هاوواتای یەکترین. باشووری خۆرئاوای (هەژاری)، هێمایە بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، که کۆی میللەتەکانی گیرۆدەی هەژارییەکی نەبڕاوەن. (پایتەختی تەمتوومان)یش، هێمای پایتەختێکە که تەماوی و بەرچاوناڕوون و ڕاگوزەر و مۆلەقە. چواردەوری ئەم وڵاتی (خەملاند)ەش بە ڕەشەبا تۆمارە دراوە، ئەم چوار لایە هێمای هەرچوار وڵاتی (ئێراق و تورکیا و ئێران و سووریا)یە، که بەردەوام و له هەر چرکەساتێکدا هەرکەی بیانەوێ هاشاوڵ دێنن.

له دەقی والای (گۆڕستانی چراکان)یشدا، لەم بارەیەوە شاعیر دەڵێت:

***له خوار کفری***

***ژنێک هەیە له چاوانیا و له بینینیا***

***سێ ڕەهەندی تیا نەماوە***

***نە ڕۆژهەڵات نە خۆرئاوا و نە لای باکوور***

***لەوساکەوە چاوەڕوانە هەموو ڕۆژێ دێتە دەرێ و***

***لەبەر دەرگا دائەنیشێ و***

***چاو ئەبڕێتە ئاسۆی دووری تەنها ڕەهەند***

***دەشتی باشوور!*** (گۆڕستانی چراکان: ٤٥)

(دەشتی باشوور)، هێمایە بۆ باشووری عێراق، بۆ کەمپەکانی تۆپزا و دوبز و نوگرەسەلمانی دەشتی عەرعەر، دەشتێک، کە کۆی قوربانییەکانی ئەنفالی بۆ ڕاگوێزران و زیندەبەچاڵ کران. تاکە ڕەهەندێکی شوێن، جارێک بێزاروە چون ئازیزمان لەوێن، جارێکی تر سۆراخێکە کە تاکە ئاسۆیە کەسەکانمانی لێوە دەرکەون.

شێرکۆ بێکەس لێرەدا لە ڕێی ژنێکی خەڵکی کفرییەوە، ژنێک، کە ئومێدی تەنها شوێنێکە، ڕەهەندەکانی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا و باکوور لە چاوانیدا و لە بینینیدا، کوێر بوونەتەوە، خەمی چاوەڕوانی و چاوڕوانی هەمیشەیی ئەنفالمان لە ڕێی ئەدەبییاتەوە بۆ دەگێڕێتەوە، ئەم جۆرە وێناکردن و مۆمیاکردنەی کارەسات، بەم وردیی و تەفرنجەییەوە، مەگەر تەنها شێرکۆ دەرەقەتی بێت، هێندەی ئێمە ئاگاداری بین لە هیچ ئەدەبییاتێکی تردا باندەستی نییە.

## بیست و دووەم: هێمای کات

کات و هێماکانی کات نەک ڕەگەزێکی ئەدەبە، بەڵکوو ڕەگەزێکی وجوودی مرۆڤیشە، ژیان و ژیانکردن یان لە شوێندایە یان لە کاتدا، ڕووداوەکان کە لە زیهنی مرۆڤدا دەمێننەوە بەشێکی پەیوەستە بە کاتەوە، بە ناوهێنانی کات، ڕووداوەکانیشمان بیر دەکەونەوە.

کات لە چیرۆک و ڕۆماندا تەکنیکێکی بەربڵاو بەکارهێنراو و بەهونەریکراوە، کاتەکان لە ئەدەبدا توانستی کردنەوەی کۆد و هێماکانی ئەو ژانرانەمان پێ دەبەخشێت.

شێرکۆ بێکەس وەک شاعیری ئەدەبیاتی کارەسات و مەرگەسات، هەڵەبجە و ئازارەکانی هەرگیز لێی دانەبڕان، بۆیە زۆرجاران بە هێما و ئاماژە بۆ مانگی (مارت) وەک مانگی کۆژانی هەڵەبجە و ڕۆژی (شازدەی سێ)ی وەک ڕۆژی خنکانی هەڵەبجە، لەبری تراجیدیای هەڵەبجە دەهێنێتەوە، ئەوەتا لەم پارچەشیعرانەدا هەردوو هێمای ڕۆژ و مانگی ژەهربارانکردنەکەی هەڵەبجە بەرباس دەدات و دەڵێت:

***هەمدیسان وا مارتە و ئێوارەی بارانە و***

***غەریبیم تەپ و نم ئەبارێ.***

***هەمدیسان وا مارتە و تاو تاوی ڕێژنەی زامانە***

***و سەفەری درێژی بارێزەی گریانە و غەریبیم شەست ئەکات.***

***هەمدیسان ئێوارەی بارانە و***

***من ئێستە لە گۆشەی تەریک و شینباوی گازینۆی غەریبان دانیشتووم.***

***ئەوەندەی کوردستان تەنیام و***

***ئەوەندەی شاخ و داخ ماندووم و***

***ئەوەندەی دووکەڵی جگەرەم پەرتم و***

***ئەوەندەی دواچۆڕی ڕووباری ئەم شیعرە لێڵم و***

***ڕۆحیشم کوولەکەی تەمێکە و***

***خەریکە تەق ئەکات*** (خاچ و مار و ڕۆژژمێری شاعیرێ: ٢٦٠)

هەروەها دەڵێت:

***هەموو ساڵێ لە شانزەی سێدا من ئەمرم!***

***هەتا ئێستا بیست جار مردووم!***

***بیرەوەریم بیست جار منی لەم دۆزەخی یادانەدا***

***لەگەڵ زریکەی باخان و پرچی باران و ژناندا سووتاندووە!***

***بیست ساڵیشە ئەم شارەم داوە بە کۆڵی ئەسپە ڕەشێکی داستاندا و***

***لەگەڵ هەوای ژەهراویدا و لەگەڵ منداڵ و باڵندەی مۆمیادا و لەگەڵ هەتاوی کوژراودا***

***وەکوو قەسیدەی خنکاوم بە دنیادا ئەیانگێڕم!***

(تەون: ٥٤)

لە کۆتایشدا دەڵێت:

***لە تاقە ڕاستەشەقامی ئەم لەشە ساردوسڕەدا***

***چاوی زەقم بڕیبووە پاسدارێکی ڕیشنوورانی***

***بەسەر منی هەڵەبجەوە ئەگریا و***

***کەچی خێرا خێرایش دەستی ئەکرد بە گیرفانیدا و***

***لە دەنکە مێوژی گلێنەکانی سنە و سابڵاخی ئەخوارد***

***ئەمە حیکایەتی ١٦ی مارت بوو***

***ئەمە هاواری خنکاوی ئەم سنگەم بوو...*** (دەربەندی پەپوولە: ٦٩)

لە پارچەشیعرێکی تردا هێما بۆ زەمەنی (شۆڕشی ئەیلوول) دەکات و دەڵێت:

***لە زەمانی ئەو ئەشکەوتە پیرۆزەدا***

***ئێمە بیست حیلەی ئەیلوول بووین***

***یاڵمان هەوری ئەرخەوانیی سەر زۆزک و***

***ناوچەوانمان تاشەبەردی هەرە بەرزی***

***هەندرێن بوو*** (تەون: ١٤)

لێرەدا (ئەیلوول) هێمای کاتە و هێمایە بۆ شۆڕشی ئەیلوولی ساڵی (هەزار و نۆسەت و شەست و یەک) دەکات، بە ڕێبەری (مەلا مستەفای بارزان)، تاوەکوو ساڵی (هەزار و نۆسەت و حەفتاوپێنج) و ڕێکەوتنامەی جەزائیر بەردەوام بوو. شێرکۆ بێکەسیش خۆی پێشمەرگەی ئەم شۆڕشە بووە و لە ئێزگە و ڕادیۆدی شۆڕشدا بووە لە ئەشکەوتی (سەردێمان) لەگەڵ هاوڕێکانیدا. کە لە پاش و پێشی ئەو پارچەشیعرەدا ناویان دەهێنێت و لێرەدا خۆی و هاوڕێکانی بە ئەسپ دەچوێنێت، کە هێمای هێز و توانا و ماندوونەبوونە. دەڵێت بیست حیلەی ئەیلوول و یاڵمان هەوری ڕەنگئەرخەوانیی پڕ لە ئومێد و ناوچەوانیشمان وەک تاشە بەردەکانی شاخی هندرێن سەخت و بەرز بووە، هەمیشە و بەئومێدی ڕزگاربوونی کوردستان بەپێوە بووین و ماندوو نەبووینە.

## بیست و سێیەم: هێمای ژمارە

لە دێرزەمانەوە مرۆڤ هەردوو هەستی خۆشەویستی و ڕقی بەرانبەر ژمارەکان هەبووە، خودی مرۆڤ خۆی ژمارەکانی هێمایاندووە، هەندێکی خۆشویستووە و پێی وابووە فەڕ و بەرەکەت دەهێنێت و هەندێکیشی بێزاندووە، باوەڕی وابووە نەحس و شوومە و خراپەهێنە.

یۆنانییەکان و بەتایبەتی فیساگۆرس، یەکەمین کەس بوون کە لە سەر ژمارە و هێمای ژمارەکان وەستاون. فەلسەفەی فیساگۆرسەکان لە سەر ژمارە بەندە، ژمارە لای فیساگۆرس و شاگردانی، بنەمای هەموو بوونێکە، هەموو شتێک لەم گەردوونە مەزنەدا پەیوەندییەکی ژمارەیی لەخۆ دەگرێت. ئەگەر ژمارە لایەنێکی فراوانی فەلسەفەی فیساگۆرسەکان درووست بکات، ئەوا بێ هیچ گومانێک لە ئاینەکەشدا ڕۆڵێکی مەزن دەبینێت. گرنگی ژمارە گەیشتۆتە پلەی پەرستن. ئەندامانی نوێ بۆ چوونە نێو خوێندنگەی فیساگۆرسەوە، پێویست بوو بە ژمارە سوێند بخۆن. هەر ئەمەش هۆکارێک بووە بۆ گەڕان لە دووی خاسییەتەکانی ژمارە و پەیوەندیی ژمارە بە دونیا و دینەوە. جگە لەمەش گەڕان و ئالوودەبوون لە دووی پەیوەندییە ژمارەییەکان دەروازەیەکە بۆ تێگەشتن و گەیشتن بە پەنهانییە ڕۆحییەکانی گەردوون و سرووشت. لای فیساگۆرس تەفسیری ژمارەیی، مۆرکێکی ئەفسانەییش لەخۆ دەگرێت، بۆ نموونە هەر یەکێک لە ژمارەکانی یەک تا دە، هێمایەکە بۆ دیاردەیەک یان پەیوەندییەک. هەرچەندە پێش ئەمان بابلییەکان ژمارە (یەک)یان وەک هێمایەک بۆ خوداوەند، بزوێنەری تاک و تەنهای گەردوون بەکار هێناوە. یاخود بۆ هەر هەسارەیەک ژمارەیەکی دیاریکراویان داناوە، وەک ژمارە (پازدە) بۆ هەسارەی زوحەل، ژمارە (سی) بۆ هەسارەی مانگ (قادر xwendga.٢٠١٦)، لای میللەتانی کۆنی نێوان دوو ڕووباریش، (ژمارەکانی (حەوت، دوانزە) واتای تایبەتییان هەبووە، لە ڕۆشنبیری عیبرییە کۆنەکانیش هەر ژمارە و ڕەمزی واتایەک بووە، یەک ڕەمزی تاجی پاشایەتی بووە، دوو ڕەمزی دانایی بووە... هتد) (ئەحمەد ٢٠١٠: ١٣٦).

بارکردنی ژمارە بە هێما بەردەوام گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە و ((ئەمەش لە ئاکامی ڕووداو و کارەسات یا هەر هۆکارێکی تر بێ، پانتاییەک لە بێئاگایی کۆیی دەگرن و باڵاتر خۆیان دەنوێنن و لە چوارچێوەی ژمارە ئاساییەکان دێنە دەرەوە)) (حەمەد ٢٠١٢: ٤٠٦)، مسۆگەر ئەدەبییاتیش وەک ڕەنگدانەوەی ئەو پانتاییە ئاگا و نائاگاییە، هێمای ژمارەکانی تێدا بەرجەستە کراوە.

نەستی شێرکۆ بێکەسیش نەک خاڵی نەبووە لەو ڕەنگدانەوەیە، بە تایبەتی ڕەنگدانەوەی کارەسات، بەڵکوو پڕە لە هێمانەوەی ئەو ژمارانەی وا هێمای کارەساتەکانن، بۆ نموونە لەم شیعرەدا دەڵێت :

***پێنج هەزار ژێی دەنگم پچڕان***

***وتم ئیتر ئەبێ بچمە سەر قەبرانی مێژووی دەنگم!***

***پێنج هەزار باڵم لێ بڕوە***

***وتم ئیتر ئەبێ بچمە سەر قەبرانی هەڵفڕینم.***

***قەت وا نەبوو، لە پچڕانەوە بەستنەوە درووستبۆوە و***

***لەسەر قەبرانی فڕین و لە گۆڕستانی باڵەوە، جارێکی دی ئاسمانی نوێ***

***بۆ فڕینی تازەترم دروستبۆوە*** (ئێوە بە خۆشەویستیم ئەسپێرن: ٥٥)

بە ناوهێنانی ژمارەی (پێنج هەزار)، هیچ کوردێک نییە موچڕکە بە لەشیدا نەیەت و داناچڵەکێ و غەمگین نەبێت، ئەم ژمارەیە هێمای پێنج هەزار مرۆڤی بەگازخنکێنراوی بێتاوانی کوردە، هێمای هەڵەبجەیە، کە لە چێشتەنگاوێکی بەهاریدا، پێنج هەزار مرۆڤ زەرد بوون و هەڵوەرین.

شێرکۆ بێکەس لێرەدا قوربانیانی بە دەنگ و باڵی خۆی دەچوێنێت، دەنگێک نەک نەچووە مێژووەوە و نێژرا، بەڵکوو بوو بە قریشکە و هاوارێکی گەورە و لەم ڕێگەوە کورد ناسێنرا، باڵگەلێک کە لێ بوونەوە و بچڕان، نەبوونە هۆی نیشتنەوە، بەڵکوو شاعیر ئەم ئازارەی وەرگێڕاوە سەر ئەدەب و تیایدا بوونە ئاسمانی نوێ و شەقڵی نوێی شیعر و چیرۆکەشیعر و ڕۆمانەشیعر و شانۆنامەشیعر.

لە پارچەشیعرێکی تردا شاعیر لە دەقی واڵای گۆڕستانی چراکاندا، ژمارە (هەشتاوهەشت) دەهێنێتەوە، هێمایە بۆ ساڵێکی پڕ ئازار، ساڵێک کە دوو دیارترین مەرگەسات و کۆژانی گەلی کوردی تێدا کۆ بووەتەوە، نەحسترین ساڵی نەتەوەی کوردە لەم بەشەی کوردستان، شێرکۆ بە جۆرێک وێنای کردووە، مەگەر هەر خودی خۆی وێنای بکات و مەگەریش هەر لە دەربڕینێکی شیعری وادا جێی بێتەوە. بەوەی شەوێک ئەسیار و ئێشکگر دەبێت بە دیار ڕۆژژمێری ئەم ساڵەوە و هەناسەساردەکانییەوە، لە گفتۆیەکدا ویستوویەتی ژمارەی گۆڕیچە و هەنسک و فرمێسکەکانی بژمێرێت، تا ئەو کاتەی بە دۆشدامان و کەسەرێکەوە خودی ڕۆژژمێر بە ئاهێکەوە دێتە گۆ و دەڵێت، من ناتوانم و یارای ژماردنی مەرگەسات و ئازارەکانتانم نییە، تۆ چۆن دەست دەیەتە کارێکی وا و تیایدا دەڵێت:

***شەوێک ئەسیار[٤٠]ی هەناسەی***

***ڕۆژژمێری هەشتاوهەشت بووم***

***ئەمویست گۆڕیچەی بژمێرم***

***ئەمویست هەنسکی بژمێرم***

***ئەمویست فرمێسکی بژمێرم***

***هەتا خودی ژمارەی خۆی***

***هاتە جواب و وتی: چێکەی؟!***

***منی ڕۆژژمێر ناوێرم***

---

[٤٠] ئێشکگر.

***مەرگەساتی تۆ بژمێرم!*** (گۆڕستانی چراکان: ٤٠)

لە پارچەشیعرێکی دیکەدا و لە دەقی والای (ئێوە بە خۆشەویستیم ئەسپێرن)دا، دەڵێت:

***هەر خۆتان نین پەنجەکانی دەستتان ئێمەین با مەچەکیش هیی خۆتان بێ.***

***ڕەنگتان ئێمەین با وێنەکەیش هیی خۆتان بێ!***

***سەروملتان هی خۆتانە و بەڵام سینە و خورپەی دڵ و بە تایبەتی برینەکانتان هیی ئێمەن!"***

***چوار گوێچکیلەین و یەک دڵین.***

***چوار پەنجەرەین و یەکماڵین.***

***چوار کارێزین و یەک باخچە و چوار هەنگاوین و یەک ڕێگا!***

***هەر خۆتان نین. تەماشاکەن: درەختێکتان لێ ئەکوژن***

***من لێرەوە، بەژنی سپی درەختەکەم خوێنی لێ دێ.***

***کڵپەیەکتان لێ ئەگیرێ. من لێرەوە هەناسەی ژوورم تەنگ ئەبێ.***

***لەلای ئێوە کانییەکی بچووک بگری من لێرەوە منداڵێکم تینووی ئەبێ.***

***تەماشاکەن: باڵی تەیرێک ئەکەن لەوێ من لێرەوە وشەم نافڕێ!*** (ئێوە بە خۆشەویستیم ئەسپێرن: ٩٣)

لێرەدا ژمارە (چوار)، هێمای هەر چوارپارچەی کوردستانە، (ئەم دابەشکارییە ڕیشەیەکی مێژوویی هەیە. هەر لە سەردەمی ڕۆم و ساسانییەوە بۆ شەڕی چاڵدیران(١٥١٤ز) دواتریش پەیماننامەی ئەماسییە (١٥٥٥) و دواتریش بۆ پەیماننامەی زەهاوی ڕێکخستنی سنوور(١٦٣٩ز) و لە کۆتاییشدا ڕێکەوتننامەی سایکس بیکۆ(١٩١٦ز) کە چوارپارچەکەی لێ کەوتەوە) (عەزیز ٢٠٢٠، awene).

هێماکەش لە چوار گوێچکەلەی یەک دڵ و چوارپەنجەرەی یەک ماڵدا کەوتووەتەوە، شاعیر وەک هەمیشە خەمە نەتەوەییەکەی جێی نەهێشتووە و ئەو هۆشیارییە قووڵەی هەیە، کە داگیرکەرەکان و ئیمپریالیستەکان لێکیان هەڵبواردووین و ئەوان بێئاگان کە ئێمە چوارپەلی یەک جەستەین. بە کوشتنی تاقە درەختێک و گریانی هەر کانییەک و لێکردنەوەی باڵی تەیرێکی هەر پارچەیەک، ئۆکسجینی هەمووومان کەم دەکات و پێکڕا تینوومان دەبێت و وشەمان نافڕێت.

لە هێمایەکی تری ژمارەییدا جیا لەو ژمارە نەتەوەیی و کۆژانانەی پێشوو، شاعیر خۆی لە خەمە سیاسییەکەش نەبان ناکات و لە ڕێی بەکاربردنی هێمای ژمارە (سەت و چل)ەوە، (هێما بۆ ئەو مادە دەکات، لە دەستووری ئێراقدا لە ساڵی دووهەزار و پێنج، جێگیر کرا، سەبارەت بە (ناوچە

دابڕێنراوەکان))، بە سووپەری شیعر جلی بێئاگایی سیاسییەکانی خۆمان دەدڕێت و بە دەربڕینێکی تیژ و خەمئاوەرەوە دەڵێت: ئەوە ئێمە بووین (دایک)مان، کە هێمای خاک و نیشتیمانە، خستە دەنگدانەوە و پێشیانمان وت وەرن دەنگ لە سەر (باوکم) بدەین، بزانین کە ئایا باوکم باوکمە، کەرکووکی شێخ ڕەزاش هەروا. تیایدا دەڵێت:

***من ئەو پیاوەم، ڕازیی بووم و بە پەنجەگەورەی دەستی چەپ مۆریشم کرد...***

***دایکم بخەمە پێشبڕکێی دەنگدانەوە، تا دەرکەوێ: دایکم دایکمە؟!***

***من ئەو پیاوەم، قایلبووم و "سەدوچڵ" جار واژۆیشم کرد***

***باوکم بخەمە سنووقی دەنگدانەوە، تا دەرکەوێ: باوکم، باوکمە؟!***

***من ئەو پیاوەم، ڕازیی بووم قایل بووم و ملیشم دا***

***سەر و چاو و دڵ و دەست و پەنجەکانی "شێخ ڕەزا"یشم***

***تێکڕا دەنگیان لە سەر بدرێ!*** (تەون: ٦٥)

## ئەنجام:

توێژینەوەکە گەیشتووەتە ئەم ئەنجامانەی لای خوارەوە:

١- هێما، زاراوە و چەمکێکی گشتگیر و چالاک و دێرین و هەنووکەیی نێو زانستە مرۆییەکانە، بە تایبەتتر زانستەکانی ئەدەب و زمان و دەروونناسیی. بەدرێژایی سەردەم، مرۆڤایەتی بۆ دەربڕینە ناڕاستەوخۆ و پەیپێنەبراوەکان پەنای بۆ بردووە، ئەو دەربڕینانەی وا ویستوویانە بیشارنەوە و خۆیانی لێ لابدەن، ئەوانەشی وا نەیانتوانیوە گوزارشتی لێ بکەن، لە فۆرمی هێمادا دەقی پێ گرتوون و بەرجەستەی کردوون. لە سەرووی هەموویانەوە شاعیران، کنەیان لە هەست و نەستی خۆیان کردووە بۆ نێو دەروونیان داگەڕاون، بۆ ئەمەش باشترین ئامرازێک کە پاچڤەی بکەنە سەری، هێما بووە. سەرەکیترین تایبەتمەندییەکانی هێما، تایبەتمەندیی شیعریشە، کە کورتی و چڕی و ناڕاستەوخۆیین.

٢-ئەو گرنگی و دانەبڕانەی هێما لە ژیانی مرۆڤدا، وای لە ئەدیبان و شاعیران و ڕەخنەگران کرد، بنیاتی ڕێبازێکی ئەدەبی پتەو چێ بکەن، کە خۆی لە ڕێبازی (هێماگەری-سیمبولێزم)دا دیتەوە لە فەرەنسا و بۆ ماوەی سەدەونیوێک و تا ئێستاش بە سەر ئەدەب و بە تایبەتیش شیعردا باڵکێش بێت. بە جۆرێک تێڕوانینی هێماگەرەکان بۆ شیعر، نزیکەی هەموو ئەو ناساندنانەیە وا ئێستا شیعری پێ دەناسینەوە. وەک زمانی هەست و هەستگۆڕکێ و لادان لە کێش و سەروا، هەروەها چڕکردنەوە و فرە-مەدلوولی وێنەی شیعری و تەمومژ و لێڵی و دەمامکداری و درەبڕینی دڕدۆنگییە دەروونییەکان و بایەخدان بە ڕیتم و مۆسیقا و هتد...

٣- بەکاربردنی هێما لە هەر سەردەم و قۆناغێکدا بۆ چەند مەبەست و نیازێکی دیاریکراو بووە، کە ڕیزێک هۆکار لە پشتییەوە بوون، بەپێی فەزای سەردەمەکە بووە، دیارترین ئەو هۆکار و مەبەستانەش دوانەیەکی دانەبڕاون لێکتر، دیارترینیشیان، هۆکار و مەبەستی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئاینی و کولتووری ڕۆشنبیری و ئیستاتیکی و دەروونین. ئەمانە وایان کردووە ئەدیبان و شاعیران هانا وەبەر هێما ببەن.

٤- هێما لە دەقدا چەند ئەرکێکی زمانی و ئەدەبی لە خۆیدا ناونشین کردووەتەوە، ناڕاستەوخۆگۆیی و کورتبڕی و چڕنووسی و پوختبێژی و خێراگەیاندن و بارکردنی واتای نوێیە بۆ وشەکان، هاوکات لەجێدانان و گۆڕینەوەی واتایە لە نێوان فەرهەنگی وشە واتایی و مادییەکاندا، ئەمە سەرەڕای ئەرکە بنچینەییەکەی خۆی، کە خۆلادانە لە واتای درووستی.

٥- هێما، پەیوەندییەکی پتەو و تێکەڵی لەگەڵ چەمک و زاراوە ئەدەبی و زمانی و ڕەخنەییەکانی کۆن و نوێدا هەیە و سوودیان لەیەکتر وەرگرتووە و لە زۆر شوێندا لەیەکتری نزیک دەبنەوە، وەک

هونەرەکانی ڕەوانبێژی (خواستن و چواندن و درکە) و وێنەی شیعری و نیشانە و ئاماژە(ئیندێکس) و ئایکۆن و سیمۆلۆژی و هتد... نزیکترین پەیوەندی نێوان ئەو زاراوانە و هێماش، بوونی ئەو دوو جەمسەرەیە وا لە هەردوولایاندا هەن.

٦- هێما بەو پێیەی زاراوە و چەمکێکی کۆن و نوێی ئەدەبییاتی جیهانە، هەردوو ئەدەبیاتی ڕۆژئاوا و ڕۆژهەڵات، بە چڕی سوودیان لێ بینیوەوە، وەک چۆن پێش سەرهەڵدانی ڕێبازی هێماگەری لە ئەورووپا، هێما هەبووە، لە ئەدەبییاتی ڕۆژهەڵاتیشدا، هێما پێشینەی خۆی هەبووە و دوای دەرکەوتنی ڕێبازی سیمبولێزم، کاریگەری گەورەی هەبووە، بە تایبەتیش ئەو پەڕینەوە گەورەیەی هێما لە شتە ماددییەکانەوە بۆ نێو زمان و دەروون لە ئەدەبدا، بە تایبەتی ئەدەبی عەرەبی و کوردی، لە ئەدەبیاتی کۆنیاندا پتر لە غەزەل و بابەتە سۆفیگەرییەکاندا هێما هەبووە. لە ئەدەبی نوێشدا بەهۆی بارگۆڕانە سیاسی و کۆمەڵایەتی و کولتوورییەکانیانەوە، هێما قاڵبی نوێی وەرگرت. لە ئەدەبی هاوچەرخیشیاندا بە کاریگەری شاعیرانی سیمبولێستی فەرەنسی و ئەورووپی، هێما زیاتر بووە هیما دەروونی و زمانی و ئیستاتیکییەکان، تاوەکوو وەڵامدەرەوەی دڕدۆنگییە وجوودی و دەروونییەکانی شاعیران بێت.

٧- لە ئەدەبییاتی کوردیدا و بەتایبەتی ئەدەبییاتی هاوچەرخ، شێرکۆ بێکەسی شاعیر بەهۆی زۆری ژمارەی بەرهەمی شیعرییەوە، شاعیرێکە هێما پانتاییەکی گەورەی لە دەقەکانیدا و بە تایبەتیتر دەقەوالاکانی، داگیر کردووە. ئەمەش بەهۆی ئەو زەمەنە درێژ و پڕ هەڵبەزودابەزە نەتەوەیی و سیاسی و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری و ئەدەبییەی وا لە سەردەمی ژیانی ئەودا گوزەراوە، هاوکات ئەو تیاژیان و ئامادەییە گەورە و ئاگاداربوونەی شێرکۆ بێکەس لە بەشێکی دیاری شیعر و ئەدەبیاتی ڕۆژئاوا (بۆدلێر و مالارمێ و پۆل ڤێرلین) و ڕۆژهەڵات، وای کردووە زۆرترین تەکنیکە هێماییەکان و وێنەی هێمایی ناوازە و ناونیشانە هێماداەرکان و پەیوەندی هێما بە واقیعی سەردەم و هێمای زمانی و زۆرترین مەبەستەکان و جۆرەکانی هێما، لە دەقەوالاکانیدا ببینرێت.

٨- وێنەی شیعری لە شیعرەکانی شێرکۆ بێکەسدا ئامادەگییەکی گەورەی هەیە، یەکێک لەو توانست و سەلیقە جەوهەری و دیارانەی لای شێرکۆ بێکەس دەبینرێت، توانستی کارکردنییەتی لە نێو وێنەدا. دیارترین و شیعریترین ئەو بنیاتە وێنەییەی، کە شێرکۆ بێکەس درووستی کردوون، ئەو وێنە شیعرییانەن کە بە کۆمەکی هێما درووستی کردوون، خوێنەر گەر خاوەنی پاشخانی ئەو هێمایانە نەبێت، لە ئیستاتیکییەتی وێنەکە تێناگات، بۆ نموونە درووستکردنی وێنەی شیعری لە ڕێگەی هێماکانی (گوڵی سپی و گوڵەهێرۆ، سیزیف و ڤینۆس، سەمەندەر و سیمورخ، بۆکاسا و حەجاج، خەج و سیامەند و برایمۆک و زۆر هێمای تر).

٩- شێرکۆ بێکەس جیاواز لە شاعیرانی تر، لە هەڵبژاردنی ناونیشانی دەقدا ورد و بەسەرنج بووە، بە تایبەتتر ناونیشانی دەقەواڵاکانی بە هێما بارگاوی کردوون، کە ڕاستەوخۆ دەلاقەیەکی گەورەن بۆ پێش و پاش خوێندنەوەی شیعرەکانی، بۆ نموونە، گۆڕستانی چراکان، هێمای قوربانییە و بە تایبەت قوربانیانی کۆستی ئەنفالە، خاچ و مار هێمای ژیانێکی ترسناک و پڕ فێڵ و تەڵەکە و مردنێکی ئازاراوییە، ملوانکە هێمای ئافرەتە، دەربەندی پەپوولە هێمای قەتیسبوون و خنکانی قوربانیانی بێتاوان و پاکی هەڵەبجەیە لە نێو دەربەندی ژەهردا، ئێستا کچێک نیشتمانمە هێمای ڕەتکردنەوە و تووڕەییە لە نیشتمانی ڕەسەنی خۆی و هتد...

١٠- یەکێکی تر لەو ئەنجامانەی توێژینەوەکە پێی گەیشتووە، بەکاربردنی ڕەمزییەتی زمانە لای شێرکۆ بێکەس، شاعیر لە ڕێگەی زمانەوە هێماگەلێک دەئافرێنێت، کە هەر تایبەتن بە خۆی، بۆ نموونە: بەهێماکردنی ئەو وەختەی زمان دەرەقەتی دەربڕینی ئازار و خەمەکانی کورد نایەت و تەتەڵە دەکات و دەوەستێت و دەتوێتەوە، کاتێک لە برینی هەڵەبجە و ئەنفال دەدوێت، لە بێکەسی کورد و خۆخۆری و براکوژی دەدوێت، لە ئاست ناوهێنانی پێشەوا قازیی محەمەددا پەرت و پچڕپچڕ دەبێت، کاتێک ناوی سەروەت سەوز ئەهێنی فەرهەنگی ڕەنگ پانتایی دەقەکە داگیر دەکات و ... هتد.

١٢- شێرکۆ بێکەس، وەک شاعیرێکی هۆشیار بە سەردەمەکەی خۆی، بە هۆی ئەو پاشخانە ئەدەبی و زمانی و کۆزانیارییەی هەی بووە. بۆ بارودۆخێکی واقیعیی هەر سەردەمێک، بەهۆی سانسۆرە سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئاینی و کولتوورییەکانەوە، پەنای بردووەتە بەر هێما، بۆ ئەمەش یان هێما پێشینەکانی بەکار بردووە، یانیش خۆی هێمای نوێی سازاندووە و ڕەخنەی لە بابەتە ناجۆر و کرێتییەکانی سەردەمەکەی خۆی گرتووە.

١٣- شێرکۆ بێکەس، لەچاو شاعیرانی پێشووتر و هاوسەردەمەکەی خۆشیدا، لە ڕووی ژمارەوە زۆرترین جۆری هێمای لە دەقەواڵاکانیدا بەکار بردووە، ئەوانەش بریتین لە هێماکانی (ئەفسانەیی، داستانی، نەتەوەیی، سیاسی و ئایدۆلۆجی، ئاینی، مێژوویی، کۆمەڵایەتی، دەروونی، فۆلکلۆری، زمانی، ئیستاتیکی، ئیرۆتیکی، مرۆڤایەتی، گشتی، خودی، سرووشتی، کەسێتییە ئەدەبی و هونەرییەکان، باڵندە، گیانداران، بێگیانەکان (شتەکان)، شوێن، کات، ژمارە و ڕەنگ و هتد...).

لە سێ ئاستدا ئەم جۆرانەی لە هێما بەکاربردووە، بۆ خستنەخزمەتی دەقە شیعرییەکانی:

هێما زمانی و دەروونی و ئیستاتیکی و هونەری و ڕەنگ و ژمارە و ئەدەبییەکان، پێدەری شیعرییەت و جوانی دەقن لە ئاستی فۆرمدا.

هێما ئەفسانەیی و نەتەوەیی و سیاسی و داستانی و مێژوویی و سرووشتی و کات و شوێن و فۆلکلۆرییەکان، لە ئاستی ناوەڕۆکدا کۆمەکی بیرە نەتەوەییەکانی شاعیری کردووە.

لە ڕێگەی هێما کۆمەڵایەتی و ئاینیەکانیشەوە ڕەخنەکانی خۆی ئاڕاستەی کۆمەڵ کردووە.

# سەرچاوەکان

## یەکەم: کتێب

### ١-کوردییەکان:


١-ئەحمەد، پەخشان عەلی(٢٠٠٩)، شێوازی شیعری گۆران، سلێمانی، مەڵبەندی کوردۆلۆجی.

٢-ئەحمەد، صافیە محەمەد(٢٠١٠)، لادان لەشیعری هاوچەرخی کوردیدا، هەولێر، چاپخانەی حاجی هاشم.

٣-ئەحمەدی، بابەک(٢٠٠٧)، هەقیقەت و جوانی، وەرگێڕانی: مەسعوود بابائی، چاپی یەکەم، هەولێر، دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی.

٤-ئەسوەد، د. نەوزاد ئەحمەد(٢٠١٥)، فەرهەنگی زاراوەکانی ئەدەب و زانستە مرۆڤایەتییەکان، چاپی یەکەم، سلێمانی، ناوەندی غەزەلنووس بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە.

٥-الاصفر، عبدالله(٢٠٠٨)، ڕێبازە ئەدەبییەکان، چاپی یەکەم، وەرگێڕانی: د.ئازاد عبدوالواحید کەریم، کەرکووک، چاپخانەی ئارابخا.

٦-ئیبراهیم، محمد عبدالکریم(٢٠١٢)، پێکهاتەی زمانی شیعری لە ڕوانگەی ڕەخنەی نوێوە (ئەزموونی شاعیرانی هەشتاییەکانی هەولێر بەنموونە)، چاپی یەکەم، هەولێر، دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی.

٧- بێکەس، شێرکۆ(٢٠١٢)، ئەسپێک لە پەڕەی گوڵاڵە، چاپی یەکەم، سلێمانی، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم.

٨-بێکەس، شێرکۆ(١٣٩٤)، ئێستا کچێک نیشتیمانمە، چاپی یەکەم، سنە، ناوەندی بڵاوکردنەوەی نیشتمان.

٩-بێکەس، شێرکۆ(٢٠٠٤)، ئێوە بە خۆشەویستیم ئەسپێرن، چاپی یەکەم، سلێمانی، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم.

١٠-بێکەس، شێرکۆ(١٣٩٤)، بۆننامە، چاپی یەکەم، سنە، ناوەندی بڵاوکردنەوەی نیشتمان.

١١-بێکەس، شێرکۆ(٢٠٠٩)، تەون، چاپی یەکەم، سلێمانی، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم.

١٢-بێکەس، شێرکۆ (١٣٩٤)، چراکانی سەر هەڵەموت، سنە، ناوەندی بڵاوکردنەوەی نیشتمان.

١٣-بێکەس، شێرکۆ(٢٠١٦)، خاچ و مار و ڕۆژژمێری شاعیرێ، چاپی سێیەم، سلێمانی، ناوەندی ڕۆشنبیری و هونەری ئەندێشە.

١٤-بێکەس، شێرکۆ(٢٠١٦)، دەربەندی پەپوولە، چاپی سێیەم، سلێمانی، ناوەندی ڕۆشنبیری و هونەریی ئەندێشە.

١٥-بێکەس، شێرکۆ(٢٠٠٥)، سرووده بەردینەکان، چاپی یەکەم، سلێمانی، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم.

١٦-بێکەس، شێرکۆ(٢٠٠٧)، کتێبی ملوانکە، چاپی یەکەم، سلێمانی، چاپخانەی ڕەنج.

١٧-بێکەس، شێرکۆ(٢٠٠٥)، کورسی، چاپی یەکەم، سلێمانی، چاپ و بڵاوکردنەوەی نەوا.

١٨-بێکەس، شێرکۆ(١٣٩٤)، گۆڕستانی چراکان، چاپی یەکەم، سنە، ناوەندی بڵاوکردنەوەی نیشتمان.

١٩-بێکەس، شێرکۆ(٢٠٠١)، ڕەنگدان، سلێمانی، ناوەندی چاپەمەنی و ڕاگەیاندنی خاک.

٢٠-بێکەس، شێرکۆ(٢٠١٣)، نووسین بە ئاوی خۆڵەمێش(ژیاننامە و بیرەوەری)، بەرگی یەکەم، سلێمانی، ناوەندی غەزەلنووس بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە.

٢١-بێکەس، شێرکۆ و بێکەس، هەڵۆ شێرکۆ(٢٠١٦)، یادەوەری پاسکیلێکی کەرکووکی(دەقی والا)، چاپی یەکەم، سلێمانی، ناوەندی ڕۆشنبیری و هونەریی ئەندێشە.

٢٢-بەسیر، د.کامل حەسەن(٢٠١٥)، مێژووی ڕەخنەسازی، چاپی یەکەم، سلێمانی، ناوەندی غەزەلنووس بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە .

٢٣-پیربال، فەرهاد(٢٠٠٩)، ڕێبازە ئەدەبییەکان، چاپی سێیەم، سلێمانی، ئەندێشە بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە.

٢٤-جامی، نیهاد(٢٠١١)، نووسەر و نووسینەوەی زمان، چاپی یەکەم، کەرکووک، بڵاوکراوەکانی یەکێتی نووسەرانی کورد- لقی کەرکووک.

٢٥-حسێن، جەبار ئەحمەد (٢٠٠٨)، ئیستاتیکای دەقی شیعریی کوردی (کوردستانی عێراق ١٩٥٠-١٩٧٠)، چاپی یەکەم، سلێمانی، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم.

٢٦-حسەینی، ڕەزا سەید(٢٠١٨)، قوتابخانە ئەدەبییەکان، و: حەمە کەریم عارف، چاپی دووەم، سلێمانی، ناوەندی ڕۆشنبیریی سارا.

٢٧-حەسەن، د.مەولوود ئیبراهیم(٢٠٠٧)، پێکهاتەی ئەفسانەی کوردی، چاپی یەکەم، سلێمانی، چاپخانەی ڕەنج.

٢٨-حەسەن، ناڵە(٢٠١٦)، ڕووبەڕوو لەگەڵ شیعر، چاپی یەکەم، هەولێر، خانەی موکریانی بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە .

٢٩-حەسەن، ناڵە(٢٠٢٠)، گەیشتن بە ڕووبەری شیعر(لێکۆڵینەوەیەکە لەبارەی ئەزموونی شیعری فەرید زامدار)، چاپی یەکەم، شوێنی چاپی نییە.

٣٠-حەمەد، د.پەخشان سابیر(٢٠١٢)، ڕەمز لە شیعری هاوچەرخی کوردیدا (کرمانجی خواروو ١٩٧٠-١٩٩١)، هەولێر، لە بڵاوکراوەکانی ئەکادیمیای کوردی، چاپخانەی هاشم.

٣١-حەمەکەریم، حەمە سەعید (١٩٨٦)(ئامادەکردن و پێشەکینووسین)، دیداری شیعری کلاسیکی کوردی، بەغداد، دەزگای ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی.

٣٢-خۆشناو، نەریمان عەبدوڵا(٢٠١٥)، ڕەمز و مەغزا لە چیرۆکەکانی (فەرهاد پیرباڵ)دا، چاپی یەکەم، هەولێر.

٣٣-خۆشناو، هێمن عومەر(٢٠١٠)، شیعرییەتی دەقی چیرۆکی کوردی، هەولێر، بەڕێوەبەرێتیی چاپ و بڵاوکردنەوەی هەولێر.

٣٤-خۆشناو، سەرباز مەجید(٢٠١٩)، سیمۆلۆژیای ناونیشان لە شیعرەکانی (نەوزاد ڕەفعەت)دا، چاپی یەکەم، هەولێر، نوسینگەی تەفسیر بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە.

٣٥-خەلیل، زانا(٢٠١٢)، ئیرۆتیک لە شعری (نالی) دا، چاپی یەکەم، هەولێر، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس.

٣٦-دزەیی، د.عبدالواحد مشیر(٢٠١٥)، زانستی سیمانتیک، چاپی یەکەم، هەولێر، ناوەندی ئاوێر بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە.

٣٧-دیوانی بێخود(١٣٨٤)، کۆکردنەوە و ڕێکخستن و لەسەرنووسینی: محەمەدی ملا کەریم، چاپی دووەم، سنە، انتشارات کردستان.

٣٨-دیوانی سالم(٢٠١٥)، (بەرگی یەکەم)، ساغکردنەوە و لێکدانەوەی مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس، فاتیح مەلا عەبدولکەریم، محەمەدی مەلا کەریم، سلێمانی، بنکەی ژین.

٣٩-دیوانی ناری(کاکە حەمەی بێلوو)(٢٠١٤)، چاپی دووەم، کۆکردنەوە و لێکدانەوەو لێکۆڵینەوە: عوسمان عارف ناری زادە، سلێمانی، چاپخانەی چوارچرا.

٤٠-دیوانی نالی(١٣٧٩)، لێکۆڵینەوە و لێکدانەوەی (مەلا عبدالکریمی مدرس و فاتح عبدالکریم)، چاپی دووەم، سنندج، انتشارات کردستان.

٤١-دیوانی وەفایی(١٣٨٠)، لێکۆڵینەوەی (محەمەد عەلی قەرەداخی)، چاپی دووەم، سنندج، انتشارات کردستان.

٤٢-دەروێشان، عەلی ئەشرەف (٢٠٠٢)، ئەفسانە و ڕازی کوردی، وەرگێڕانی: عەزیز گەردی، سلێمانی، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم.

٤٣-ڕەئوف، د.لوقمان(٢٠١٧)، شوناسی شیعریی (شێرکۆ بێکەس)، چاپی یەکەم، سلێمانی، چاپخانەی کارۆ، بەڕێوەبەرێتی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی.

٤٤-ڕەئوف، د.لوقمان(٢٠١٦)، دەقی شیعری کوردی لە ڕوانگەی سیمۆلۆژییەوە (١٩٥٠-١٩٧٥) کرمانجی خواروو، سلێمانی، بڵاوکراوەکانی دەزگای ئایدیا.

٤٥-ڕەزا، ئەحمەد(٢٠٠٧)، هونەری شیعرنووسین(بەرگی یەکەم)، سلێمانی، دەزگای ناوەندی ڕاگەیاندن.

٤٦-ڕەسووڵ، د.عیززەدین مستەفا (١٩٧٠)، ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی(لێکۆڵینەوە)، بەغدا، چاپخانەی (دار الجاحظ).

٤٧-زامدار، مەحموود (١٩٨١)، لە بانیژەی شیعرەوە، بەغداد، کۆمەڵەی ڕۆشنبیری کوردی، مطبعة جريدة العراق.

٤٨-سەجادی، عەلادین (١٣٩٦)، نرخشناسی، سنندج، انتشارات کردستان.

٤٩-شارەزا، کەریم(٢٠٠٥)، ئەفسانە لە شیعری هاوچەرخی کوردیدا، هەولێر، بەڕێوەبەرایەتیی چاپخانەی ڕۆشنبیری.

٥٠-شەمیسا، د.سیروس (٢٠١٨)، ڕێبازە ئەدەبییەکان، و: هیمداد حسین و سەنگەر نازم، هەولێر، ئاوێر بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە.

٥١-شێخ حسێن، کازم(٢٠١٨)، جوانیناسی عیرفانی لە شیعرەکانی (شێخ نوورەددینی بریفکانی)دا، چاپی یەکەم، سلێمانی، خانەی چاپ و پەخشی ڕێنما.

٥٢-صبری، المقدس(٢٠١٥)، هێما ئاینی و ڕۆشنبیرییەکان، وەرگێڕانی: دلال صليوا عيسا، هەولێر، چاپخانەی شەهاب.

٥٣-عارف، د.محەمەد نووری(٢٠٠٩)، فەرهەنگی دیوانی شاعیران(نالی، سالم، کوردی)، چاپی دووەم، هەولێر، بڵاوکراوەی ئاراس.

٥٤-عەبدوڵا، پێشڕەو(٢٠١٣)، دەروونشیکاریی شیعر، چاپی یەکەم، هەولێر، ئەکادیمیای کوردی، چاپخانەی هاشم.

٥٥-عەلی، ئیدریس(٢٠٢٠)، زمانی زەین و ڕووداو (وتوویژ لەگەڵ شێرکۆ بێکەس)، چاپی یەکەم، شوێن و ناوی چاپخانەی نییە.

٥٦-عەلی، بەختیار(٢٠١٥)، نەرسیسی کوژراو، چاپی یەکەم، سلێمانی، ناوەندی ڕۆشنبیری و هونەریی ئەندێشە.

٥٧-عەلی، د.دڵشاد (١٩٩٨)، بنیاتی هەڵبەست لە هۆنراوەی کوردیدا، سلێمانی، چاپخانەی ڕەنج.

٥٨-عیزەدین، سامان(٢٠٠٩)، بنیاتی هونەری لە شیعری (لەتیف هەڵمەت)دا، سلێمانی، بەڕێوەبەرایەتیی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی.

٥٩-عیسا، هاوژین سڵیوه(٢٠٠٩)، بنیاتی وێنەی هونەری لە شیعری (شێرکۆ بێکەس)دا، چاپی یەکەم، سلێمانی، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم.

٦٠-فتاح، پ.د.محمد معروف(٢٠١١)، لێکۆڵینەوە زمانەوانییەکان، کۆکردنەوە و ئامادەکردنەوەی: شێروان حسێن خۆشناو و شێروان میرزا قادر، هەولێر، دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی.

٦١-فتاح، د.محمد معروف(٢٠١١)، زمانەوانی، چاپی سێیەم، هەولێر، بڵاوکراوەی ئەکادیمیای کوردی.

٦٢-قانع، مەریوان وریا(٢٠١٥)، دڵڕەقی و بێماڵی، چاپی یەکەم، سلێمانی، ناوەندی چاپ و بڵاوکردنەوەی ئەندێشە.

٦٣-قطوس، د.بەسام (٢٠١١)، دەروازەیەک بۆ میتۆدەکانی ڕەخنەی هاوچەرخ، وەرگێڕانی: د.محەمەد تاتانی، چاپی یەکەم، سلێمانی، بەڕێوەبەرێتی خانەی وەرگێڕان، چاپخانەی شڤان.

٦٤-کاکی، حەمەنووری عومەر(٢٠٠٨)، شێواز لە شیعری کلاسیکی کوردیدا، چاپی یەکەم، سلێمانی، مەڵبەندی کوردۆلۆجی.

٦٥-کرمانی. د. فەرهاد نازرزادە(٢٠٠٠)، هێماگەرایی لە ئەدەبیاتی شانۆییدا، و: پێشڕەو حسین صالح، سلێمانی، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم.

٦٦-کەریم، د. ئازاد، (٢٠١٥)، شیعرییەتی دەق (مەودایەک بۆ سازاندنی زمان)، چاپی یەکەم، کەرکووک.

٦٧-کۆهین، جان(٢٠٠٨)، بنیاتی زمانی شیعری، چاپی یەکەم، وەرگێڕانی: د.ئازاد عبدولواحێد و عەلی بەرزنجی، کەرکووک، یەکێتی نووسەرانی کورد.

٦٨-گەردی، د. سەردار ئەحمەد حەسەن(٢٠٠٤)، بنیاتی وێنەی هونەری لە شیعری کوردیدا (١٩٧٠-١٩٩١)، چاپی یەکەم، سلێمانی، دەزگای چاپ و پەخش سەردەم.

٦٩-گەردی، عەزیز(١٩٧٢)، ڕەوانبێژی لە ئەدەبی کوردیدا، بەرگی یەکەم، بەغداد، المکتبە الوطنیە.

٧٠-لۆتمان، ی.م(٢٠١٩)، شیکاری دەقی شیعری(بونیادی شیعر)، وەرگێڕانی لە ڕووسییەوە: ئەنوەر قادر محەمەد، چاپی یەکەم، ناوەندی غەزەلنووس بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە.

٧١-محمد، د.عبدالقادر حمەامین(٢٠٠٨) بنیاتی کارنامەیی لە دەقی نوێی کوردیدا، چاپی یەکەم، سلێمانی، مەڵبەندی کوردۆلۆجی، چاپخانەی تیشک.

٧٢-محەمەد، د.عەبدولقادر حەمەئەمین(٢٠١١)، ئەدەب و ڕێبازەکانی(ئەوروپی- کوردی)، چاپی یەکەم، سلێمانی، چاپخانەی پەیوەند.

٧٣-محەمەد، سمكۆ(٢٠٢١)، ئیستاتیكا (دیالیكتیكی ئەخلاق و زانست)، چاپی یەكەم، هەولێر، ناوەندی ڕۆشنبیریی مەم و زین.

٧٤-مستەفا، ئاسۆ عومەر(٢٠٠٩)، بەها ئیستاتیكییەكانی شیعر لای (پیرەمێرد، شێخ نووری شێخ سالح، گۆران)، چاپی یەكەم، دهۆك، دەزگای توێژینەوە و بڵاوكردنەوەی موكریانی

٧٥-مشەختی، كامەران(٢٠١١)، سیمۆلۆژیای زمانی سۆفیگەری لە شیعرەكانی (مەلای جەزیری)دا، چاپی یەكەم، دهۆك،خانەی سپیریز بۆ چاپ و بڵاوكردنەوە.

٧٦-مەتەر، د.ئەمیرە حیلمی(٢٠١٩)، ئێستاتیكا (فەلسەفەی جوانی)، چاپی یەكەم، وەرگێڕانی: ڕەمەزان حەمەدەمین، كۆیە، كتێبخانەی سۆفیا.

٧٧-مەحموود، د.فازڵ مەجید(٢٠٠٧)، سرووشت لە شیعری (گۆران)دا، سلێمانی، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم.

٧٨-مەحموود، د.ئازاد ئەحمەد(٢٠١٢)، بونیاتی زمان لە شیعری هاوچەرخی كوردیدا، چاپی دووەم، هەولێر، بڵاوكراوەی ئەكادیمیای كوردی.

٧٩-مەحموود، ئازاد (٢٠٠٩)، بونیاتی زمان لە شیعری هاوچەرخی كوردیدا، هەولێر، چاپخانەی هاشم.

٨٠-مەحویی، د.محەمەد (٢٠٠٩)، زانستی هێما، هێما، واتا و واتالێكدانەوە، سلێمانی.

٨١- مەلازادە، د.ڕێبوار محەمەد(٢٠٢١)، زانستی دەق لە ئەدەبیاتدا، چاپی یەكەم، هەولێر، ناوەندی ئاوێر بۆ چاپ و بڵاوكردنەوە.

٨٢-مەنتك، حەمە(٢٠١٨)، میتۆدەكانی ڕەخنەی ئەدەبی(ڕەخنەی ئەدەبی لە ڕووی تیۆرییەوە)، چاپی یەكەم، هەولێر، نوسینگەی تەفسیر بۆ چاپ و بڵاوكردنەوە

٨٣-مەنتك، د.حەمە(٢٠١٩)، سیمۆلۆژیای گێڕانەوە(هەقایەتی ئەفسانەی فۆلكلۆری كوردی بەنموونە)، چاپی یەكەم، سلێمانی، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم.

٨٤-هالبێرگ و دانەرانی تر، پیتەر(٢٠١٠)، ئامادەكردن و وەرگیرانی: ئەنوەر قادر محەمەد، سلێمانی، مەڵبەندی كوردۆلۆجی.

٨٥-یۆنگ، كارل گۆستاف(٢٠١٩)، مرۆڤ و هێماكانی، و: ڕوقیە سەییدی، چاپی یەكەم، هەولێر، ناوەندی ڕۆشنبیریی ئاوێر.

**٢- عەرەبییەكان:**

٨٦-احمد، د.محمد فتوح(١٩٧٧)، الرمز والرمزية فی الشعر المعاصر، القاهرة، دار المعارف بمصر .

٨٧-ادونيس، على احمد(١٩٧٠)، مقدمة للشعر العربى، الطبعة الثالثة، بيروت، دار العود.

٨٨-اسماعيل، د.عزالدين(١٩٨٤)، التفسير النفسى للادب، الطبعة الرابعة، القاهرة، دار الغريب للطباعة.

٨٩-الاصفر، عبدالرزاق(١٩٩٩)، المذاهب الادبيه لدى الغرب، منشورات التحاد الكتاب العرب.

٩٠-الافريقى، ابن منظور(١٩٩٧)، لسان العرب، المجلد الخامس، بيروت، دار الصادر.

٩١-بارث، رولان(١٩٨٧)، مبادئ في العلم الادلة، ترجمة والتقديم: محمد البكري، الطبعة الثانية، الاذقية، دار الحوار للنشر والتوزيع.

٩٢-تاوريريت، بشير(٢٠٠٨)، الشعرية والحداثة بين أفق النقد الادبى و أفق النظرية الشيعرية، طبعة الاولى، دمشق، النشر دار رسلان.

٩٣-تودوروف، تزيفتان(٢٠١٢)، نظريات فى الرمز، ترجمة: محمد الزكراوى، الطبعة الاولى، بيروت، المنظمة العربية للترجمة.

٩٤-التونجى، الدكتور محمد(١٩٩٩)، المعجم المفصل فى الادب، جزء الاول، الطبعة الثانى، بيروت، دار الكتب العلمية.

٩٥-حمدان، امية(١٩٨١)، الرمزية والرومانتيكية في الشعر اللبناني الحديث، بغداد، منشورات وزارة الثقافة والإعلام .

٩٦-ذياب، محمد علي(٢٠٠٣)،الصورة الفنية في شعر الشماخ، عمان، مكتبة وزارة الثقافة.

٩٧-رومية، د.وهب احمد(١٩٩٦)، شعرنا القديم و النقد الجديد، الكويت، المجلس الوطنى للثقافة والفنون والاداب.

٩٨-زايد، د. علي عشر(٢٠٠٢)، عن بناء القصيدة العربية الحديثة، الطبعة الرابعة، القاهرة، مكتبة ابن سينا للطباعة والنشر والتوزيع و التصدير.

٩٩-السعدني، مصطفى(١٩٩٨)، البنيات الاسلوبية في لغة الشعر العربي المعاصر، القاهرة، دار المعارف.

١٠٠-سلطانى، الدكتور محمد على(٢٠٠٨)، المختار من علوم البلاغة والعروض، الطبعه الاولى، دمشق، دار العصماء.

١٠١-صليبا، د.جميل(١٩٨٢)، المعجم الفلسفي (بالافاظ العربية والفرنسية والنكليزية واللاتينية)، الجزء الاول، بيروت، دار الكتاب البنانى.

١٠٢-عاتى، حسن كريم(٢٠١٥)، الرمز فى الخطاب الادبي (دراسه النقدية)، الطبعة الاولى، بغداد، الرسوم للصحافة والنشر والتوزيع.

١٠٣-عبدالنور، الجبور(١٩٨٤)، المعجم الادبي، طبعة الثانية، بيروت، دار العالم للملايين.

١٠٤-عصفور، جابر(١٩٧٣)، الصورة الفنية في التراث النقدي والبلاغي عند العرب، القاهرة، دار المعارف.

١٠٥-عفيغى، رفعت زكى محمود(١٩٩٢)، المدارس الادبية الاوروبية واثرها فى الادب العربي، الطبعة الاولى، القاهرة، دار الطباعة المحمدية.

١٠٦-عوض، د.ريتا(١٩٩٢)، بنية القصيدة الجاهلية: الصورة الشعرية لدى (امرؤ القيس)، بيروت، دار الاداب للنشر والتوزيع.

١٠٧-كرم، انطوان غطاس(١٩٤٩)، الرمزية والادب العربي الحديث، بيروت، دار الكشاف للنشر والطباعة والتوزيع.

١٠٨-مطر، اميره حلمى(٢٠١٣)، مدخل الى علم الجمال و فلسفه الفن، الطبعه الرابعة، مصر، دار التنوير للطباعه والنشر.

١٠٩-المطلوب، د.احمد و البصير، د.كامل حسن(١٩٨٢)، البلاغه والتطبيق بغداد، الطبعه الاولى وزارة التعليم العالى واابحث العلمي.

١١٠-مطلوب، د.احمد(١٩٨٩)، معجم النقد العربى القديم، الجزء الثانى(ر-ى)، طبعة الاولى، بغداد، دار الشؤون الثقافة العامة.

١١١-مندور، د.محمد(١٩٧٤)، الادب والمذاهبه، نهظه مصر للطباعة والنشر والتوزيع.

١١٢-نصر، د.عاطف جوده(١٩٨٧)، الرمز الشعري عند الصوفية، الطبعة الاولى، بيروت، دار الاندلس - دار الكندى للطباعة والنشر والتوزيع.

١١٣-هاوزر،ارنولد(٢٠٠٥)، الفن والمجتمع عبر التاريخ، الجزء الثانى، ترجمه دكتور فؤاد زكريا، الاسكندرية، دار الوفاء لدنيا الطباعة والنشر.

١١٤-وهبه، مجدى(١٩٧٤)، معجم المصطلحات الادب، بيروت، مكتبة لبنان.

١١٥-اليافي، د.نعيم(٢٠٠٨)، تطور الصورة الفنية في الشعر العربي الحديث، الطبعة الاولى، دمشق، صفحات للدراسات والنشر.

**٣- فارسييەكان:**

١١٦-الياده، ميرچا (١٣٩٨) اسطوره و واقعيت، چاپ سوم ترجمه: مانى صالحى علامه، تهران، كتاب پارسه.

١١٧-ثروت، د.منصور(١٣٨٥)، اشنايى با مكتبهاى ادبى، چاپ اول، تهران، انتشارات سخن.

١١٨-جابز، گرترود (١٣٩٧)، فرهنگ سمبلها، اساطير و فولكلور، مترجم: محمدرزا بقاپور، چاپ دوم، تهران، نشر دختران.

١١٩-حسينى، مريم(١٣٩٨)، مكتبهاى ادبى جهان، چاپ دوم، تهران، انتشارات فاتمى.

١٢٠-دهخدا، على اكبر(١٣٤٢)، لغتنامه دهخدا، حرف (ر)، تهران، سازمان مديريت برنامه ريزى كشور.

١٢١-راونا و شفرد(راپرت)(١٣٩٨)، ١٠٠٠ نماد، مترجم: ازاده بيدار بخت و نسترن لواسانى، چاپ پنجم، تهران، نشر نى.

١٢٢-سرمد، زهره(١٣٨٧)، صور خيال در غزليات (شهريار)، نوبت چاپ: اول، رشت، انتشارات بلور.

١٢٣-كزازى، مير جلال الدين(١٣٩١)، زيباشناسى سخن پارسى (بيان) چاپ دەهم، تهران، نيكاچاپ.

١٢٤-كوتنابی، نظام الدين نوری(١٣٨٣)، مکاتب ادبی جهان از مکتب هنر برای مکتب هنر تا سمبوليسم، چاپ اول، مازندران، نشر ساری.

١٢٥-گوستاو، يونگ(١٣٩٨)، انسان و سمبولهايش، چاپ دوازدهم، ترجمه: دکتور محمود السلطانی، تهران، انتشارات جامی.

### ٤- ئينگليزييەكان:

١٢٦-Chadwick، Charles (٢٠١٨) , Symbolism, New York, Rutledge.

١٢٧-CIRLOT، J. E. (١٩٧١), A dictionary of symbols, Second edition, London, British Library Catalogue.

١٢٨-Cuddon، J.A (١٩٩٩) , Dictionary of literary terms and literary theory ,fourth edition, USA, penguin books.

١٢٩-Collins, Aryhur H (١٩١٣), Symbolism of animals and birds, Newyork, McBride, Nast & company.

١٣٠-Ferber, Michael (١٩٩٩), ADictionary of Literary Symbols, First edition, New York, Cambridge University Press.

١٣١-Peyre, Henri (١٩٨٠), What is symbolism, Alabama, The University of Alabama Press.

١٣٢-Symon, Arthur(١٩١٩), The symbolist movement in literature, Newyork, E. P. Dutton & company.

١٣٣-Wilson, Edmund (١٩٥٩) , Axel's castle, New York Charles Scribner's sons,.

## دووەم: نامەی ئەكاديمی

١-كوردييەكان

١٣٤-ئيبراهيم، دلاوەر(٢٠١٥)، شيعرييەت لە دەقەكانی (ئەنوەر قادر محەمەد)دا، نامەی ئەكاديمی، زانكۆی سلێمانی .

١٣٥-ئەبوبەكر، هەڤاڵ(٢٠٠١)، چەشنە ئەدەبیو ڕۆژنامەنوسييەكانو ڕەنگدانەوەيان لە "ژيان و ژين" ١٩٣٢-١٩٥٠)، نامەی ماستەر، زانكۆی سلێمانی.

١٣٦-عەبدولڕەحمان، عەبدولسەلام سالار(٢٠٠٠)، هونەری ڕەوانبێژی لە شيعری (نالی)دا، نامەی ماستەر، زانكۆی سلێمانی.

١٣٧-عەبدوڕەحمان، عەبدولسەلام سالار(٢٠٠٦)، وێنەی هونەری لە شیعری (شێخ نووری شێخ سالّح)دا، تێزی دکتۆرا، زانکۆی سلێمانی.

١٣٨-قادر، ئاوارە فەرەیدوون(٢٠١٠)، دەقئاوێزان لە شیعرەکانی (ئەنوەر قادر محەمەد)دا، نامەی ماستەر، زانکۆی سلێمانی.

١٣٩-کەریم، فەرهاد قادر(٢٠٠٩)، بنیاتی وێنە لە شیعرەکانی (حەمدی)دا، تێزی دکتۆرا، زانکۆی سلێمانی.

١٤٠-گەرمیانی، عادل محمد(٢٠٠٠)، وێنەی بابەتی لە هۆنراوەکانی (گۆران و سەیاب)دا، تێزی دکتورا، کۆلێجی پەروەردە(ئیبن ڕوشد) زانکۆی بغداد.

١٤١-محەمەد، شەیدا ڕەشید (٢٠١٦)، شێواز لە شیعرەکانی (شێرکۆ بێکەس)دا (قۆناغی دوای بزووتنەوەی ڕوانگە)، نامەی ماستەر، زانکۆی سلێمانی.

٢-عەرەبییەکان:

١٤٢-ابوالعمرين، جيهان(٢٠١٤)، جماليات المكان فى شعر تميم البرغوثى، رسالة الماجستير، جامعة قطر، كلية الاداب و العلوم.

١٤٣-بن سليمان، حياة و دليله، بالصحراوى(٢٠١٧)، ((توظيف الرمز فى الشعر الجزائرى المعاصر، ديوانا(ما فى الجبة غير البحر والكتابه على الشجر) لفاتح علاق، انموذجين))، رسالة الماجستر، جامعة حمه لخظر الوادى، الجزائر .

١٤٤-حسن، بيساران(٢٠١٠)، الاشكال الرمزية فى االوحة التشكيلية المعاصرة فى كوردستان العراق، رسالة ماجستير، جامعة السليمانية.

١٤٥-خاقاني، حسن عبد عبدة حميدي(٢٠٠٦)، الترميز في شعر عبدالوهاب البياتي، اطروحة دكتوراه، جامعة الكوفة.

١٤٦-سوهيله، يوسفى(٢٠١٨)، الرمز ودلالة فى القصيدة العربية المعاصرة- قراءه فى الشكل- خليل حاوى انموذجا، اطروحة الدكتوراه، جامعة الجيلالى اليابس- سيدى بلعباس، الجزائر.

١٤٧-گردى، سوزان مشير حمد (٢٠٠٨)، الرمز في شعر أمل دنقل، رسالة ماجستير، جامعة صلاح الدين.

٣- فارسییەکان:

١٤٨-ئیبراهیم، سوورێن (١٣٩٩)، مار در اساطير كوردى، كارشناسى ارشد، دانگشاه رازى.

١٤٩-مرادى، دلبر (١٣٩٣)، بررسى تطبيقى مضامين ادبيات پايدارى در اشعار محمود درويش و شيركو بيكس، كارشناسى ارشد ، دانشگاه كردستان.

## سێیەم: گۆڤار

١-گۆڤاری ئەکادیمی(بە زمانی کوردی)

١٥٠-حسەین(٢٠١٤)، شیلان عومەر، زمان و پەرەپێدانی مرۆیی، گۆڤاری زانکۆی سلێمانی- بەشی B، ژمارە (٤٤).

١٥١-حەمە، ئەڤین ئاسۆس و ئەحمەد، سافیە محەمەد(١٣٩٨)، شێوازی شیعری (چنار نامیق) لە ڕوانگەی شێوازناسیی ئەرکییەوە، پژوهشنامە ادبیات کردی، دورە پنجم، شمارە (٨).

١٥٢- ڕەئووف، د.لوقمان (٢٠١٧)، سیمۆلۆژیای ڕەنگ لە شیعری (شێرکۆ بێکەس)دا- دیوانی ڕەنگدان بە نموونە، گۆڤاری زانکۆی گەشەپێدانی مرۆیی، بەرگی سێ، ژمارە (٣).

١٥٣-سالار، عبدالسلام(٢٠٠١)، هێماگەرایی و ڕەنگدانەوەی لە شیعری (گۆران)دا، گۆڤاری زانکۆی سلێمانی- بەشی B، ژمارە (١٠).

١٥٤-صابر، ئارام قادر(٢٠١٦)، تیۆری هێما لەلای (چارلس پێرس)، گۆڤاری زانکۆی ڕاپەڕین، ژمارە ٦.

١٥٥-صالح، تارا(٢٠١٩)، پەیوەندی نێوان زمان و هێما لەگەڵ واتا و وێنە، گۆڤاری زانکۆی گەرمیان، ژمارەی تایبەت، پێنجەمین کۆنفرانسی زمان و زانستە مرۆڤایەتییەکان.

١٥٦-عبداللە، د.محمد، عبدالکریم، هاوکار(٢٠١٩)، چەند دیاردەیەکی شێوازی لە شیعرەکانی (صابری)دا، گۆڤاری توێژەر، بەرگی دوو، ژمارە (٣).

١٥٧-عوسمان، هەرێم (١٣٩٩)، شاخ لە شیعری (شێرکۆ بێکەس)دا: واتا و هێما، پژوهشنامە ادبیات کردی- دانشگاه کردستان- سنندج، سال ٦، شمارە(١)، پیاپی ٩.

١٥٨-عەبدوڵا، د. عەباس ساڵەح (٢٠١٥)، هێماگەریی و ڕەنگدانەوەی لە شیعری چەند شاعیرێکی ناو گۆڤاری (نووسەری کورد)دا، گۆڤاری زانکۆی سلێمانی، بەشیB ، ژمارە (٤٦).

١٥٩-عەبدوڵا، کانیاو بەکر و حەمەفەرەج، دیلان سەلام(٢٠١٩)، وێنەی ئیرۆتیکی لە شیعرەکانی (قوبادی جەلی زادە)دا، گۆڤاری زانستی زانکۆی هەڵەبجە، ژمارە (٧).

١٦٠-عەلی، د. لوقمان ڕەوف و عەلی، سامان محەمەد(٢٠١٥)، کارنامەی ناونیشان لە دەقە واڵاکانی (شێرکۆ بێکەس)دا، گۆڤاری زانکۆی کەرکووک، بەرگی ١٠، ژمارە (٣).

١٦١-فەتاح، ڕزگار عومەر(٢٠١٥)، بەهای ڕەمز لە شیعرەکانی (لەتیف هەڵمەت)دا، گۆڤاری زانکۆی کۆیە(زانستە مرۆڤایەتییەکان)، ژمارە (٣٦).

١٦٢-معروف، د.کەمال(٢٠٠٤)، ڕەمز لە شیعرەکانی (شێرکۆ بێکەس)دا، گۆڤاری زانکۆی سلێمانی، بەشیB ، ژمارە (١٤).

ب- (گۆڤار)

١٦٣-بەرزنجەیی، هەڵۆ(٢٠١٤)، هەڵبژاردن...، گۆڤاری قەقنەس، ناوەندی ئاڤێستا لە کەرکووک، ژمارە (١).

١٦٤-دەوڵەت، مەریوان عومەر (٢٠٠٠)، میتۆلۆژیا و بەشێک لە خواوەندەکانی یۆنان و جیهانی کۆن، گۆڤاری هەڵوێستی نیشتمانی، ژمارە (٥).

١٦٥-سابیر، پەخشان(٢٠١٠)، ڕەمز لە نێو سرووشتد(باڵندە)، گۆڤاری ڕامان، ژمارە (١٥٨)، ٢٠١٠/٧/٥.

١٦٦-عەبدوڵڵا، عەبدولموتەلیب (٢٠٠٧)، زمانی ڕەمزئامێز و زمانی هەڵچوونئامێز، گۆڤاری ڕامان، ژمارە (١٢٠).

١٦٧-قەرەداخی، ئەکرەم(٢٠٠٧)، سیمبوڵیسزم لە ئەدەب و هونەردا، گۆڤاری ئایندە، ژمارە (٧٠).

١٦٨-محەمەدپوور، کاوان(٢٠٢١)، ئایا دەکرێت لەدوای کارەسات، شیعر بهۆنینەوە؟، گۆڤاری گەلاوێژی نوێ، بنکەی ڕووناکبیری گەلاوێژ، ژمارە (٦٥).

٢- گۆڤاری ئەکادیمی (بە زمانی عەرەبی)

١٦٩-الدبسی، د. اشرف محمد حسن و المقریف، انتصار عمران(٢٠١٦)، الجذور التاریخیة للرمزیة في الشعر العربي: بين الأسباب والأهداف، مجلة جامعة المدينة العالمية، العدد (١٦).

٣- گۆڤاری ئەکادیمی (بە زمانی فارسی)

١٧٠-مهرابادی، ساغر سلمانینژاد و شکری، رشید(١٣٩٩)،جایگاه کهنالگوی اصل مادینه در اشعار شیرکو بیکس، پژوهشنامه ادبیات کردی- دانشگاه کردستان- سنندج، سال ٦، شماره (٢)، پیاپی ١٠.

## چوارەم: ڕۆژنامە

١٧١-مەحموود، بەختیار ئەحمەد(٢٠٢٠)، ڕەمز لە شیعری هاوچەرخی کوردیدا (داربەڕووی (بێخەو) بەنموونە)، ڕۆژنامەی هەولێر، ژمارە(٣٣٨٨)، ٢٠٢٠/١٢/١٤.

## پێنجەم: ئینتەرنێت

١٧٢-بێکەس، شێرکۆ (٢٠١٥)، (شێرکۆ بێکەس) باس لە دەقی والای (ئێستا کچێک نیشتیمانمە) دەکات.

http://malmokurd.com/News-٤٣٤٧-٢

١٧٣-جەمال، هۆشیار،(٢٠١٦) نیشتمان لە خەیاڵی (شێرکۆ بیکەس)دا.

http://chawigal.com/?p=١٢٥٦٠

١٧٤-ڕەشید، یوسف (٢٠٢١)، فەرهەنگی ئەلیکترۆنیی ئاناهیتا.

https://ferheng.info/alfba/%D٨%A٦%D٨%A٧%D٩%٨٦%D٨%A٧%D٩%٨٧%DB%
٨%D٨%C%D٨%AA%A٧/

١٧٥-عەزیز، د. حوسین محەمەد(٢٠٢٠)، (٧) سەدە لەمەوبەر، چی ڕوویدا؟

https://www.awene.com/article?no=١٢٤٠٩&auther=١٤٤٣

١٧٦-قادر، ڕزگار(٢٠٠٨)،یەکێک لە کۆنترین هەڵکۆڵراوەکانی دنیا لە کوردستانە.

https://www.westganews.net/style/dreja.aspx?=hewal&jmara= ١٦٤٤٥&Jor=٢

١٧٧-قادر، شێرکۆ ڕەشید(٢٠١٦)، سەرهەڵدانی ماتماتیک لە یۆنان.

http://www.xwendga.com/٢٠١٦/٠٨/blog-post_٧٠٦.html

١٧٨-کاکەسوور، کاروان(٢٠١٣)، (شێرکۆ بێکەس) و شەڕی میتافیزیکیانەی لەگەڵ کاتدا. http://dengekan.ca

١٧٩-مەحموود، خەسرەو (٢٠٢١)،سەرەتایەک دەربارەی چەمکی ڕەمز
https://chawder.org/detailnews.aspx?jimare=٣٤٧٤٧&cor=٢١&related=٢

١٨٠-The Editors, (٢٠٢١)، What Is the Origin of the Term Holocaust?

https://www.britannica.com/story/what-is-the-origin-of-the-term-holocaust.

١٨١-Carter، lou(٢٠٢١), What Do Rabbits Symbolize? Rabbit Symbolism Meaning .https://www.rabbitcaretips.com/what-do-rabbits-symbolize.

## الملخص

للرمز جذور عميقة في العلوم الطبيعية والإنسانية، والأدب كأحد الفروع الرائعة للعلوم الإنسانية، الذي لا يكتفي بوجود الرمز كعنصر بسيط، بل جعله عاملا وراء إعادة تشكيل وإعادة صياغة الحدود الأدبية، فضلا عن الدافع لخلق صور فنية أكثر تساميا، وتعزيز الشعرية وتوسيع اللغة. وقد تحول أساس وسمات الرمزية إلى مبادئ أساسية لمصدر تشكيل البناء الشعري والفني. كثير من التعاريف المدرسة الرمزية تلبي تلك الصفات نفسها التي يوصف الشعر، مثل: اللغة الشعرية وتراسل الحواس، والانزياح في القافية، والصور الشعرية، والغموض، والتعبير عن القلق، فضلا عن التركيز على الإيقاع والموسيقى ...الخ.

الأطروحة الموسومة (الرمزية في النصوص المتنوعة لشيركو بيكس) تتناول الرمزية وأنواعها وتقنياتها، فضلا عن مبادئها، من خلال المنهج الوصفي التحليلي والمنهج البنيوي.

تتكون الأطروحة، إلى جانب المقدمة، من ثلاثة فصول:

الفصل الأول، وهو الفصل النظري، بعنوان (مفاهيم الرمز والرمزية)، و يتكون من أربعة مباحث:

في المبحث الأول، يتم تقديم مصطلح ومفهوم الرمز في الأدب واللغة وعلم النفس.

يتناول المبحث الثاني المدرسة الرمزية وخصائصها ورمزيتها في الشعر العربي ورمزيتها في الشعر الكوردي الكلاسيكي والحديث.

أما المبحث الثالث فيحدد دوافع واسباب استخدام الرمز في الشعر، أي الدوافع والأسباب السياسية والاجتماعية والفكرية والنفسية والاستطيقية ، ويعرض هذا المبحث أيضا عملية الترميز في الشعر.

المبحث الرابع والأخير من الفصل من الجوانب المختلفة من الاستخدامات الرمزية للغة، مثل: دور الصور الرمزية واللغة الرمزية في الإبداع الشعري، والرمز كأسلوب أدبي وأخيرا الصلات والتناقضات بين الرمز و الفنون البلاغية.

أما الفصل الثاني، وهو فصل عملي، بعنوان (تقنيات و مقاصد الرمز، وكذلك الرمز والواقع في النصوص المتنوعة لشيركو بيكس)، يتكون هذا الفصل من ثلاثة مباحث:

يسلط المبحث الأول الضوء على تقنيات الرمز في نصوصه المتنوعة. يضم هذا المبحث هذه العناوين: الصور الرمزية، رمزية اللغة، رمز العنوان في نصوص المتنوعة لشاعر.

يضم المبحث الثاني، العلاقة بين الرمز والواقع في نصوص شيركو بيكس المتنوعة.

بينما يشمل المبحث الثالث الغرض من لجوء الشاعر الى الرمز، التي تشمل نصوص بيكس المتنوعة، تليها أمثلة من نصوصه إلى جانب تحليلها.

أما الفصل الثالث، وهو فصل عملي كذلك، بعنوان (أنواع الرمز في نصوص شيركو بيكس المتنوعة). في هذا الفصل، يتم تعيين أنواع الرمز في قصائده وتحليل كل نوع بأمثلة من قصائده. وهذه تشمل أنواع مختلفة من الرموز مثل (الأسطورية، الملحمية، الوطنية، السياسية والأيديولوجية، الدينية، التاريخية، الاجتماعية والنفسية، التراثية، اللغوية، الاستطيقية، الايروطيقية، الإنسانية، العامة، الذاتية، الطبيعية، الشخصية الأدبية والفنية، الطيور و الحيوانات، الجماد (الأشياء)، المكانية والزمنية والعددية).

وتلي الفصول خاتمة تضم الاستنتاجات، وتليها قائمة المصادر الكوردية والعربية والفارسية والانجليزية ومواقع الإنترنت، ثم ملخص الأطروحة باللغتين العربية والإنجليزية.

# Abstract

Symbols are deeply rooted in natural sciences and humanities, and as one of the remarkable branches of humanities, literature suffices not solely with having symbols as an element, but rather making them a factor behind reshaping and reframing literary boundaries, as well as a motive for creating a more sublime artistic imagery, enhancing poeticality and widening language to ultimate possibilities. The basis and traits of Symbolism have turned into essential principles for the source of forming poetic and artistic structures in a text. Almost all of the available definitions meet those same traits with which poetry is described such as the language and correspondence of the senses, profusion and variety of connotations in poetic imagery, opaqueness and obscurity of expressing anxieties as well as concentrating on rhythm, music, etc…

This thesis, which is entitled (***Symbolism in the Hybrid Poems of Sherko Bekas***), tackles symbolism, its types and techniques, as well as its principles, through descriptive, analytic and constructivist approaches.

**Elements of the Thesis**

The thesis, apart from the introduction, consists of three chapters:

The first chapter, which is the theoretical part of the thesis, is entitled (The Concepts of Symbols and Symbolism), and it is made up of four sections:

In the first section, the concept of symbol is presented in literature, linguistics and psychology.

The second section tackles the School of Symbolism, its characteristics, symbolism in Arabic poetry and symbolism in classical and modern Kurdish poetry.

The third section is specified to depicting the motivations behind using symbols in poetry, namely aesthetic, political, and social, intellectual and psychological motives. This section also presents the process of symbolification in poetry.

The Fourth and final section of the first chapter comprises various aspects of symbolic uses of language such as the role of symbolic imagery and symbolic language in poetic creation, symbolism as a literary style and finally the connections and contrasts between symbols and figurative devices.

The second chapter, which is a practical one, is entitled (Techniques and Purposes of Symbolism "Symbols and Reality" in the Hybrid Poems of Sherko Bekas), this chapter consists of three sections:

The first section sheds light on the symbolic technique in his hybrid poems; this section encompasses these titles symbolic imagery, symbolism of language, the symbol of title in the poet's hybrid poems.

In the second section, the connection between symbols and reality in Sherko Bekas' hybrid poems is discussed.

The third section covers the purposes of symbols and symbolism, which includes ideological and political, aesthetic, social and communal, intellectual and encyclopedic and also psychological purposes in Shekro Bekas' hybrid poems, followed by examples from his texts along with their analysis.

The third and last chapter of the thesis, which is also a practical chapter, is entitled (Types of Symbols in Sherko Bekas' Hybrid Poems). In this chapter, the types of symbols in his hybrid poems are being designated and they have been analysed with examples from his poems; and these comprise various types of symbols such as (mythological, epical, national, political and ideological, religious, historical, social and psychological, traditional, lingual, aesthetical, erotic, human, common, subjective and natural, literary and artistic personae and birds and animals, inanimate (things), spatial, temporal and numeral).

In the end come the conclusions of the thesis, followed by the list of Kurdish, Arabic, Persian and English bibliography and internet websites, along with the abstract of the thesis in both Arabic and English languages.